# فەلسەفەی مێگەل

# و

# مێگەلە فەیلەسوف



**شەماڵ محمد** **٢٠٢٢**

ناوی کتێب : فەلسەفەی مێگەل و مێگەلە فەیلەسوف

ناوی نوسەر : شەماڵ محمد

بابەت : فەلسەفە

نۆبەتی چاپ : یەکەم

چاپخانە : پی دی ئێف

تیراژ : بێ پایان

ژمارەی سپاردن : نییە

بەناوی خودای میهرەبان

* شێوازی بیرکردنەوەت شێوازی ژیانت دیاری دەکات .

* ئەوانەی ئومێدیان بە خەون هەیە ، چارەنوسیان لە دەست فاڵچییە ، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان بە کردار هەیە چارەنوسیان لە دەستی خۆیانە .

* ئاڕاستە گرنگترە لە خێرایی ، هەندێک کەس هەن زۆر خێران بەڵام بە ئاڕاستەیەکی هەڵە .

* مرۆڤ بە نەزانی لەدایک دەبێ نەک گەمژەیی ، دواتر پەروەردە گەمژەی دەکات .

(بێرتراند ڕاسڵ)

## پێشکەشە بە ...

* ڕۆحی باوکم ، دایکی ئازیزم

* مرۆڤە ئازاکان ، ئەوانەی دەستەمۆ نابن

* ئەوانەی لە تاقیکردنەوەی شتی نوێ ناترسن

* ئەوانەی عەودالّی پێشکەوتن و گۆڕانکارین

# پێشەکی

ڕەنگە ناونیشانی ئەم پەرتوکەم جێی سەرنج و تاڕادەیەکیش نامۆ بێت ، ئاخر مێگەل فەلسەفەی لەکوێ بو ! ئەی مێگەلی فەیلەسوف کەی پەیدابوە ؟

ئاشکرایە مرۆڤ و ئاژەڵ دو بونەوەری لێک جیان بەڵام لەبیریشمان نەچێت لەزۆر ڕوەوە لێکچون ، گرنگترین جیاوازیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دیارە کە تواناکانی هزرە ، بە واتایەکی تر مرۆڤ توانای پەیداکردنی مەعریفەی هەیە بەڵام ئاژەڵ نییەتی ، بەم پێیە دەبێ ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە هی ئاژەڵ نەچن ، ئەی ئەگەر مرۆڤەکان وەک ئاژەڵ ڕەفتاریان کرد ئەوکاتە چی بکەین ؟

پەرتوک و لێکۆڵینەوەی زۆر نوسراون لەسەر دەرونی مرۆڤ و بابەتەکانی کۆمەڵناسی و فەلسەفە و ... هتد ، بەڵام لەسەر ڕەفتارە ئاژەلییەکانی مرۆڤ بە دەگمەن بابەت و سەرچاوە لە کتێبخانەی کوردی دەست دەکەون ، ڕەنگە بابەتی هاوشێوە هەبن بەڵام وەرگێڕراو ، دیارە کە وەرگێڕانیش ورد نییە چونکە وەرگێڕان تەنها زمانێکی نامۆت بۆ دەکاتە زمانێکی ئاشنا بەڵام وەک ناوەرۆک هەر هەمان ناوەرۆکە ، پەرتوکی نوسەرێکی ئەمریکی یا ئەوروپی ڕەنگە زۆر بەوردی نەتوانێ وێنەیەکی دروستت پێشکەش بکات چونکە کەلتور و ئاین و مێژو و ئاستی هۆشیاری و شێوازی بیرکردنەوەی ئەوان زۆر لە هی ئێمە جیاوازە .

نـزیکەی ٢٠ سـاڵە کـاری وەرگێـڕان دەکەم و دەتـوانم بڵـێم نەتەوە نەماوە لەسەر ڕوی زەوی کارم لەگەڵ نەکردبێ ، هەمیشە زۆر بە وردی تێبینیـی گوفتـار و هەڵسـوکەوتی خەڵـك دەکەم ، کاتێـک لەگەڵ کەسێکی ئەوروپی یا ڕۆژهەڵاتـی ئاسیا کـاردەکەم هەست بەوە دەکەم کە بەڕاسـتی لەگەڵ مرۆڤێـک کـاردەکەم ، بەڵام زۆر بەداخەوە کاتێـــک لەگەڵ تاکەکـــانی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت کـاردەکەم دەرونـم زۆر مانـدو دەبێـت ، جـگەلەوەی زۆرجـار وەک مێگەل دێنەبەرچاو .

ڕەنگە لات سـەیر بێ کە مـرۆڤ وەک ئـاژەڵ بێتەبەرچـاو ، بەڵام زۆر بەڕاستگۆیی و ڕاشکاوی ئەم قسەیە دەکەم ، زۆرجار کوچە و کۆڵانەکانم وەک تەویلەیەکی گەورە دێتەبەرچاو کە پڕە لە ئاژەڵی جۆراوجۆر . تاکی ڕۆژهەڵاتی وەک ئاژەڵ هەڵسوکەوت دەکات و وەک مرۆڤ داوای ماف دەکات ، کاتێک دەچمە فەرمانگەیەک و خەڵـک دەبیـنم نـازانێ نۆرەبگرێ و پشێوی و قەرەباڵغی دروست دەکات ڕاستەوخۆ لەبەرچاوم وەک مێگەل دێنەبەرچاو .

کاتێک لە شەقامەکان ئۆتۆمبێل لەبری ڕۆیشتن لە خەتی خۆیـان وەک شـەپۆڵ دێـن و دەچـن هەمـان دیـمەن دێتەبەرچـاوم ، کاتێـک خەڵـک هەمـوی بێدەنگە لەسـەر نـادادی و دنیـایەک کەموکـوڕی بەڵام لەســەر یەک قســەی نـاو سۆشـیال میـدیا ئامـادەیە خەڵـک بکوژێ دیسانەوە دیمەنی مێگەل دێتەوە بەرچاوم .

کاتێک گەنجانی وڵاتەکەم بێکار و بێ دوارِۆژ بێهودە دێن و دەچن ، سەراپا نوقمی نەهامەتی و دەردن بێ ئەوەی نارِەزایی دەرببرِن یا داوای سەرەتاییترین مافی خۆیان بکەن بەڵام ئامادەن لەسەر تۆپانێ یەکتر بدەنە بەرچەقۆ ، بەدەست خۆم نییە دیمەنی مێگەل دوبارە دەبێتەوە .

کاتێک واعیز و بازرگانانی ئاین دەبینم لەسەر سەرەتاییترین مافی خەڵک هەڵوێستیان نییە بەڵام کاتێک لەوپەرِی دنیا کەسێک رِەخنە لە ئاین دەگرێ گرِدەگرن و بە وتارە ئاگرینەکانیان دنیا دەهەژێنن و حوکمی کوشتن و وێرانکاری دەردەکەن و دنیاپرِدەکەن لە نزای ترسناک و هەرِەشە ، دیسانەوە مێگەلێک دێتەبەرچاوم گوێدرێژێک پێشەوایەتییان دەکات .

مرۆڤە ناهۆشیارەکان زۆرجار لە ئاژەڵیش نزمتر هەڵسوکەوت دەکەن لەکاتێکدا خوای گەورە هێندە رِێزی مرۆڤی گرتوە فریشتەکان کرِنوشیان بۆ بردوە ،ئایا شەرمەزاری نییە وەک ئاژەڵ بژین ؟

شەماڵ محمد

٢٠٢٢ هەولێر

# بەشی یەکەم

# فەلسەفەی مێگەل

## مێگەل چییە ؟ [1]

مێگەل بریتییە لە کۆمەڵێک ئاژەڵی لێکچو کە لەبنەڕەتدا کێوین بەڵام لەلایەن مرۆڤەوە ماڵی و دەستەمۆ کراون (نزیکەی ١٢ هەزار ساڵ لەمەوبەر)[2] و خاوەنداری دەکرێن بۆ مەبەستی وەدەست خستنی سودی ئابوری وەک مێگەلە مەڕ ، مێگەلە بزن ...هتد

هەندێک جۆری ئاژەڵی کێوی هەن بە کۆمەڵ دەژین بەڵام بۆ ئاژەڵی کێوی زیاتر ( ڕەوە ، گەلە ، ڕان ) بەکاردێت ، وەک ڕەوە بەراز ، گەلە گورگ ....هتد . بەگشتی ئاژەڵی دەستەمۆ نابن مەگەر بە دەگمەن .

ئاژەڵی کێوی وەک ئازا و بەهێزن وەک مرۆڤی سەربەخۆن ، دەستەمۆ نابن ، قبوڵ ناکەن لە پێناوی خۆراک ماڵی بکرێن ، ئەگەرچی هەندێکیان وەک ئاژەڵی ماڵی بە مێگەل دەژین بەڵام بۆ پاراستنی خۆیان ئەم کارە دەکەن و لەپێناو مانەوەی خۆیان کۆمەڵەیەکی بەهێز دروست دەکەن و هەمیشە ئەندامێک یا چەند ئەندامێک سەرکردایەتیی کۆمەڵەکەی خۆیان دەکەن .

ئەگەر سەرنجی مێژوی شارستانیەت بدەین دەبینین کە مرۆڤیش بەر لە پەیدابونی شارستانیەت وەک ئاژەڵ ژیاوە ، واتە بەکۆمەڵ و لەژێر سایەی کەسێکی شارەزای وەک سەرۆک هۆز ، نەنگیی

---

[1] مێگەل : مێیەل: ڕەوە : گەلە : پیلەک : ڕان : القطیع : Herd , Pack

[2] Sapiens: A Brief History of Humankind by Yuval Noah Harari

تێدانییە مرۆڤەکان بە کۆمەڵ بژین و کەسێکیش ببێتە پێشەوایان ، بەڵام نەنگییە کە لە سەدەی بیست و یەک مرۆڤ ڕێگە بەخۆی بدات وەک مێگەلێکی دەستەمۆ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت .

گروپێک زانا تاقیکردنەوەیەکیان کرد لەسەر ئەقڵیەتی مێگەل ، بریتی بو لە ریزکردنی ١٠ کەس کە ٩ لەوان سەر بە دامەزراوەکە بون و تەنها یەک بەشداربو ئاگاداری تاقیکردنەوەکە نەبو ، پرسیارەکە بریتی بو لە دو تەختە ، یەکێکیان پیتەکانی (A,B,C) لەسەر کێشرابو کە لەسەر هەریەکێکیان هێڵیکی ستونی کێشرابو ، درێژیی هێڵەکان جیاواز بون .

لەسەر تەختەی دوەم تەنها یەک هێڵی ستونی کێشرابو بەڵام هیچ پیتی لەژێر نەنوسرابو ، دەبو بەشداربوان بزانن ئەم هێڵە ستونییە بە قەد هێڵی کام پیت درێژە لە تەختەی یەکەم . هەر ٩ بەشداربوی خۆیان بە مەبەست وەڵامی هەڵەیان هەڵبژارد ، بەشداربوی دەیەمیش بە پشت بەستن بە زانیاریی ئەوان وەڵامە هەڵەکەی هەڵبژارد .

دوای تاقیکردنەوە لەسەر چەند کەسێکی نوێ زۆربەیان وەڵامی هەڵەیان هەڵبژارد و لاسایی گروپەکەیان کردەوە ، پاشان پرسیاریان لە بەشداربوان کرد ، لە وەڵامدا دەیانگوت " **دەمزانی وەڵامەکە هەڵەیە بەڵام نەمویست لەو هەمو خەڵکە جیاواز بم** "

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە کە بەشێک هەیە لە مێشک پێی دەگوترێ Anterior Cingulate Cortex ، ئاماژەی هەڵە بە مێشک دەدات کاتێک مرۆڤ ڕای جیاواز پیشان دەدات لەنێو کۆمەڵێک ، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتە بەسودەکانی زیندەوران لەپێناوی مانەوەیان ، واتە گەردەتەوێ سەلامەت بیت لەگەڵ کۆمەڵ بمێنەوە .

لەجیهانی ئاژەڵ ئەم خەسڵەتە زۆر گرنگە ، لە جیهانی مرۆڤە سەرەتاییەکانیش ڕۆڵی گرنگی هەبوە و ڕەنگە هۆکارێکیش بوبێت بۆ مانەوەی مرۆڤایەتی چونکە بەر لە دروست بونی شارستانییەت ژیانکردن زۆر سەخت بوە .

ڕەنگە لات سەیربێت کە مرۆڤ و ئاژەڵ بەراوردبکرێن بەیەکەوە ، ڕاستە مرۆڤ و ئاژەڵ لە دو جیهانی تەواو لەیەک جیاواز دەژین و ئاژەڵ لە پلەیەکی نزمە و لە بنەڕەتدا بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ بەدی هێنراوە ، بەڵام جاری وا هەیە مرۆڤەکان وەک ئاژەڵ بگرە لە ئاژەڵیش نزمتر دێنە بەرچاو .

ئەگەر سەرنجی بونەوەر بدەین دەبینین (فریشتە و مرۆڤ و ئاژەڵ)ی تێدایە ، ڕەنگە بە تێروانینی زۆربەمان فریشتە لە مرۆڤ باڵاتر بێ بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە ، لە تەرازوی خودا مرۆڤ لە فریشتە بەرزترە لە بەڵام هەندێجار لە ئاژەڵ نزمترە ، چونکە فریشتە ئارەزوی نییە تەنها ئەقڵی هەیە و بێ فرمانی خوداش ناکا

چونکە ئیرادەی ئازادی نیە ، لە بەرامبەردا ئاژەڵ ئەقڵی نییە بەڵام ئـارەزوی هەیە ، مـرۆڤ لەم نێـوانەدایە چـونکە هەم ئەقڵـی هەیە و هەم ئارەزو ، بەڵام چونکە ئازادە ، ئەگەر ئەقڵی بخاتەپێش ئـارەزوی ئەوا بەرزدەبێـتەوە بـۆ جیهـانی فریشـتە بەڵکـو سـەروتریش ، بەڵام ئەگەر ئارەزوەکـانی بخـاتەپێش ئەقڵـی ئەوا دادەبەزێ بـۆ جیهـانی ئاژەڵ بگرە نزمتریش .

جا خۆت ئازادی ببیت بە فریشتە یا ئـاژەڵ، هەر لەبەر ئەوەشـە کە فریشـتەکان بە فەرمـانی خـودا کرنوشـیان بـۆ ئـادەم بـرد ، وەک لە قورئاندا هاتوە:

" وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ " البقرة(٣٤)

**" کاتێـك بەفریشـتەکانمان وت: کرنوشـی رێـز ببـەن بـۆ ئـادەم ، کرنۆشـیان بـرد، جگـە ئیبلـیس کـە سـەرپێچی کـردو خـۆی بـە گەورە زانی و خۆی خستە ڕیزی کافرەکانەوە"**

ئـێمە ئەو ئـادەمیزادەین کە لە فریشـتە بەرزتـرین ، جـونکە ئـێمە بە ویسـتی خۆمـان خـراپە نـاکەین ،بەڵام فریشـتە نـاتوانێ خراپەبکـات چونکە لە گوێڕایەڵی زیاتر بژاردەی تری نییە.

بـۆیە دەبینـین کـاتێ خـودا ویسـتی ئـادەم دروسـت بکـا فریشـتەکان گوتیان خودایە مرۆڤ دروست مەکە چونکە گەندەڵی بڵاودەکاتەوە و خوێن دەڕێژێ ، دیارە پێش ئادەم مـرۆڤ هەبون و وێرانکـاری و

خوێنرێژییان کردوه بۆیه فریشتەکان وایان گوت، هەروەک له قورئاندا به ڕونی دەردەکەوێت کاتێ دەفەرموێ:

" وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ البقرة

**" کاتێک خودا به فریشتەکانی ڕاگەیاند که بەنیازە جێنشینێک لەسەر زەوەی دابنێ، فریشتەکان گوتیان خودایه هەرکەس دابنێی گەندەڵی بڵاودەکاتەوە و خوێن دەرێژێ لەکاتێکدا ئێمه تەسبیحات و ستایشت دەکەین و قەدری تۆ چاك دەزانین و بەدوورت دەگرین لەو شتانەی شایستەی تۆ نین، (لەوەڵامیاندا) خوا فەرموی: بێگومان ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم[1]"**

هەرچەندە مرۆڤ زۆر له ئاژەڵ جیاوازە بەڵام نابێ ئەوە لەبیربکەین هەندێجار مرۆڤەکان وەک ئاژەڵ بیردەکەنەوە و ڕەفتار دەکەن ، بۆ نمونه لەکاتی ترس و کارەسات ، له حاڵەتی نائاسایی وەک ترس له کارەسات و مردن ئاساییه کاردانەوەکان ورد و لۆجیکی و دیراسەنەکراو بن بەڵام ئەگەر ئەم شێوازەی کاردانەوە بو به ڕەفتار ئەوا شتێکی ترسناکه و پێی دەگوترێ ئەقڵیەتی مێگەل .

[1] خەونی پێشکەوتن و شەڕی چەمکەکان . شەماڵ محمد

# ئەقڵیەتی مێگەل [١]

"(پانۆرج) لە گەشتێکی دەریایی لەسەر پشتی کەشتییەکی گەورە بو ، لەسەر هەمان کەشتی بازرگانێکی مەڕومالاتیش هەبو بەناوی (دینگدۆنگ) کە مێگەلە مەڕێکی دەگواستەوە بە نیازی فرۆشتنەوەیان ، دینگدۆنگ کەسێکی زۆر چاوچنۆک بو هیچ مانای بەزەیی نەدەزانی ، بە پێناسەی ئەو سەردەمە ترۆپکی نامرۆڤایەتی بو .

وا ڕێکەوت پانۆرج و دینگدۆنگ بو بە شەڕیان ، پانۆرج بڕیاری دا بەهەرشێوەیەک بێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە ، بۆیە بڕیاری دا هەمو مەڕەکانی لێ بکڕێت بە نرخێکی گران ، دینگدۆنگ زۆر دڵشاد بو ، بەڵام لەناکاو پانۆرج شاخی بەرانێکی گرت و بەرەو قەراغی کەشتتەکە بردی و هەڵیدایە ناو دەریا ، هێندەی نەبرد مەڕەکانی تریش ڕیزیان بەست بۆ ئەوەی خۆیان هەڵدەنە ناو دەریا ، سەرەنجام هەمو مەڕەکان خۆیان هەڵدا نێو دەریا .

دینگدۆنگ لەداخا شێت بو ، زۆر هەوڵی مەڕەکان ڕزگاربکات بەڵام بێهودە بو ، باوەڕی مەڕەکان بە پێشەواکەیان لە هەوڵەکانی ئەو بەهێزتر بو . دینگدۆنگ هەوڵی دا مەڕی کۆتایی ڕزگار

---

[١] ئەقڵیەتی مێگەل : عقلية القطيع : Pack Mentality : Herd Mentality
واتە ڕاهاتنی تاک لەسەر گوێڕایەڵیی کوێرانە بۆ دەوروبەری خۆی بەبێ بیرکردنەوە لە ژێر دروشمی (لەگەڵ عامیێ بچۆ شامێ) یان (ئەگەر چویتە شاری کوێران دەست بە چاوەکانتەوە بگرە)

بکات بۆیە بە توندی گرتی بەڵام مەڕەکە سوربو لەسەر بەجێ هێنانی ئەرکی خۆی ، سەرەنجام هەردوکیان پێکەوە نقوم بون."[1]

لەم چیرۆکەوە دەستەواژەی mountons de panurge بو بە زاراوەیەکی باو لە زمانی فەرەنسی بە واتای شوێنکەوتنی کوێرانەی کۆمەڵ بەبێ قوڵبونەوە و بیرکردنەوە لە سەرەنجامەکان .

ئاساییە کاردانەوەکانی مرۆڤ جارجارە لە هی ئاژەڵ بچن ، چونکە هەمو زیندەوەران کۆمەڵێک کاردانەوەی جۆراوجۆریان هەیە کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان نییە ، بەڵکو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕودەدەن و پێیان دەگوترێ پەرچەکردار، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتە بایۆلۆجیە گرنگەکانی زیندەوەران بۆ پاراستنیان لە مەترسی و مانەوەیان .

بۆ نمونە هەمو زیندەوەران لە ئاگر کەوتنەوە و دەنگی تەقینەوە و شەڕ و کارەسات دەترسن و لێی ڕادەکەن ، بۆیە کاردانەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ لە حاڵەتی ترس و دڵەڕاوکێ زۆرجار چون یەکن ، ئەمەش شتێکی ئاساییە بەڵام کاتێک کاردانەوەکان دەبنە ڕەفتار ، ئەوا مرۆڤ و ئاژەڵ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نامێنێت ، ئەوکات مرۆڤ ئەگەر ورد نەبێتەوە لەخۆی بێ ئەوەی هەست بکات دەبێتە ئەندامێک لە مێگەلێکی گوێڕایەڵ .

---

[1] Gargantua and Pantagruel , Book iv by Francois Rabelais

## هۆکارەکانی دروستبونی مێگەل

### یەکەم : هۆکاری کۆمەڵایەتی

وەک ئاشکرایە کۆمەڵگە لە کۆمەڵێک تاک پێک دێت ، لەبەر ئەوەی کەسیش ناتوانێت بە تەنها بژی دەبینین تاکەکانی کۆمەڵگە زۆر بە توندی گرێدراون بە کەلتور و پەروەردەی کۆمەڵگەکەی خۆیان و ناتوانن دەسبەرداریان ببن .

زۆر جار تاک بڕیارێک یا دیاردەیەکی هەڵە بەدی دەکات لەناو کۆمەڵگەکەی خۆی ، بەڵام چونکە ئەم دیاردەیە گشتییە و بۆتە بەشێک لە کەلتور ، ئەم تاکە ناتوانێ دژی بوەستێتەوە ، تەنانەت زۆرجار ئازایەتیی ئەوەی نابێت کە باسیشی بکات ، کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست زۆر گرنگی بە کۆمەڵ دەدەن ، تا دەگاتە ڕادەی پشتگوێخستنی تاک و نەهێشتنەوەی هیچ بەهایەک بۆی .

دەتوانم بڵێم زۆربەی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم پێشکەوتنی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەم شێوازەیە لە بیرکردنەوەیە .

لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست چونکە تاک ناتوانێ ئازادانە بیربکاتەوە ناچارە بچێتە ناو ئەو قاڵبەی کە کەلتور بۆی داناوە ، قاڵبێکی تەسکی دیاریکراو کە زادەی بیرکردنەوەی زیاتر لە چەندین سەدەیە، بێگومان تاکی ئاسایی ناتوانێ یا نایەوێ لەم قاڵبە بێتەدەر

هەرچەندە پێی نارەحەتە ، ڕەنگە زۆر جاریش حەزبکا لەم قاڵبە بێتە دەر بەلام نایەوێ توشی کێشە ببێ لەگەڵ کۆمەڵگە .

تاک بەناچاری دەبێ ڕویەکی هەبێت پیشانی کۆمەڵگەی بدات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی کۆمەڵایەتی ، ڕوێکی تریشی هەبێت کە زۆر جار نهێنییە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودی خۆی ، بەمەش بە دەستی خۆمان تاکێکی دوڕو دروست دەکەین ، ئەوانەی کە لەم جۆرە بیرکردنەوە تەسکەش دێنەدەر و حەزدەکەن ئازاد بژین توشی کێشە و گرفتی زۆر دەبن ، چونکە ئەوان حەزدەکەن بەرەو پێش بچن لە کاتێکدا کۆمەڵگە ڕوی لە دواوەیە و خەون بە (سەردەمی زێڕین) دەبینێ و ئاوات دەخوازێ کە بگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمە ، بۆیە تاکی ئازاد توشی کێشە و بەیەکدادان دەبێت لەگەڵ کۆمەڵگە.

ئەگەر تەماشای مێژوی مرۆڤایەتی بکەین دەبینین هەمو گۆڕانکارییە گرنگ و چارەنوسسازەکانی مێژو لەسەر دەستی تاک بون . هەرگیز ڕوی نەداوە کۆمەڵ گۆڕانکاری و داهێنانی کردبێت ، هەر لە فەلسەفەو لۆجیکەوە تا بیرکاری و کیمیا و فیزیا و دەرونناسی و کۆمەڵناسی و مێژو ...هتد.

تەنانەت پەیامبەرانیش هەمیشە تاک بون کەچی گۆڕانکاریی یەکجار گەورەیان دروست کردوە.

له مێژوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەک هەر نرخی تاک نەزانراوە، بەڵکو هەر تاکێک وەک ئەوان بیری نەکردبێتەوە ئەوا جێگەی لەناویان نەبۆتەوە و بە شێت، کافر، زەندیق ، یا خەواریج ناوبراوە و توشی ڕاوەدونان و ئەشکەنجە و سزا بۆتەوە .

له کەلتوری عەرەب لە سەردەمانی زو هەرکەسێک خاوەنی بیرێکی نوێ بوایە پێیان دەگوت (عبقری). هەر لە کۆنەوە لە ناو عەرەب سەرچاوەی زانیاریی و بلیمەتی جنۆکە بوە نەک مرۆڤ ، واتە ئەگەر کەسێک بیرۆکەیەکی نوێ و جوانی هەبوایە ڕاستەوخۆ تاوانباریان دەکرد بەوەی کە ئەو کەسە جنۆکەیە ، یا جنۆکە دەستی لێ وەشاندوە یان چۆتە (دۆڵێ عەبقەر)[1]، کە دۆڵێکە لەیەمەن بە بڕوای ئەوان پڕ بوە لە جنۆکە، یا وردتر بڵێین وڵاتی جنۆکەکان بوە، کەس نەیوێراوە بچێتە ئەم ناوچەیە ، بە بڕوای ئەوان زانیاریی نوێ و بیرۆکەی بلیمەتانە و شیعر تایبەت بوە بە جنۆکە نەک مرۆڤ، هەر بۆیەش ئەگەر کەسێک زانیاریی نوێ یا بیرۆکەیەکی باشی هەبوایە بە عەبقەری ناوزەدیان دەکرد .

عەرەبەکان بڕوایان وا بوە ئەگەر کەسێک شەوێک بە تەنها بتوانێ لەوێ بمێنێتەوە ئەوا دەبێتە شاعیرێکی بلیمەت ، شاعیرانیش هاوڕێی جنۆکەیان هەبوە بە بڕوای ئەوان .

[1] جمهرة أشعار العرب . أبو زيد القرشي

تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیش وشەی بلیمەت هەمان بنەچەی هەیە ، لە زمـــانی ئینگلیـــزی بە بلـــیمەت دەڵـــێن (Genius)، لە (Gignere)ی لاتینـی هـاتوە واتە ئامـادەبونی رۆح، یـا شـتێکی نەبینـراو ، ئەم دەسـتەواژەیە لە سـەدەی ١٦ هـاتۆتە نـاو زمـانی ئینگلیـزی، واتە لە زمـانی عەرەبییـان وەرگرتـوە و ماناکەشـی زۆر نزیکە لە (جن) کە مانای (شتی نەبینراو)ە .

دیـارە ئەوروپییەکـانیش سـەرەتا بەهەمـان شـێوە بیریـان کـردۆتەوە بەڵام ئەوان زو لەم خەوە بە ئاگا هاتن و گرنگییـان دا بە تـاک و گوێیـان لە بلیمەتەکـان گـرت و بە قسـەیان کـردن ، سـەرەنجام بلیمەتەکـانی ئەوان دنیایـان گـۆڕی و بلیمەتەکـانی ئێمەش شـێت بـون یـا کەوتـنە خەڵوەتگەی پیری.

تۆوی پاک لە خاکی پیس ناڕوێت ، سـەدان بەڵکـو هەزاران تـاکی رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە لەوڵاتانی خۆیان کەس گوێی لێ نەگرتن ئێسـتا لە ئەوروپـا و وڵاتـانی ڕۆژئـاوا پرۆفیسـۆرن و خزمەتـی ئەوان دەکەن .

تـا ئێسـتا چەنـدین هـاووڵاتی عێراقـی لە ئەوروپـا بـونەتە وەزیـر و پەرلەمانتار ، وەک دەشزانین بون بە وەزیر یا پەرلەمانتـار لە ئەوروپـا ئەوپەڕی زیرەکی و لێهاتویی دەوێت ، بەڵام سەیر ئەوەیە ئەم وەزیر و پەرلەمانتـارانە لە ولاتەکەی خۆیـان لە ترسـی کوشـتن یـا برسـیەتی هەڵاتون .

کـۆمەڵگەیەک بلیمەتەکـانی بکوژێـت و جەللادەکـانی بکـاتە سەرۆک و سەردار چاوەڕێی چیی لێ دەکرێت ؟

**دوەم : هۆکاری ئاینی**

کاتێ باسی ئاین دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست هەمـو پێوانە و ستانداردەکان لەکار دەکەون ، چونکە ئاین زۆر پیرۆزە و هیچ یاسا و کەلتـور و دەسـتورێک ناتوانێـت ڕوبەڕوی ئـاین بوەسـتێتەوە و ڕەخنەی لـێ بگرێت . کاتێـک باسـی گرفتەکـان و کۆسپەکانی بەردەم پێشـکەوتن و خۆشـبەختی دەکـرێن زۆر جـار باسـی ئـاین دێتەپـێش ، ئـاین لای هەنـدێکمان هۆکـاری پێشـکەوتن و لای هەندێکیش هۆکاری دواکەوتن و بەمێگەلکردنی کۆمەڵگەیە .

بە تێڕوانینی دیندارەکان ئێمە لە ئاین دورین بۆیە دواکەوتوین .

بە تێڕوانینی بێ دینەکانیش ئاین سەرچاوەی هەمو کێشەکانە .

لە ڕاستیدا هەردولا ڕاسـتن ،بەڵام باسـەکە زۆر لەوە ئـاڵۆزترە کە وا بە سانایی وەڵام بدرێتەوە .

دینـدارەکان ڕاسـتن کە دەڵـێن خەڵکـی لەئـاین دورن بـۆیە کێشـەمان زۆرە و پێش ناکەوین .

بەڵێ ڕاستە ، ئێمە زۆرلە ئاین دورین چونکە ئـاین بەو شێوەیە نییە کە زۆربەمان لێێ تێگەیشتوین .

بێ دینەکانیش ڕاستن کە دەڵێن  ئاین سەرچاوەی هەمو کێشەکانە.

بەڵێ، ئەو جۆرە ئاینەی زۆرێک خەڵکی پەیڕەوی دەکەن سەرچاوەی زۆربەی کێشەکانە و تەگەرەی بەردەم پێشکەوتنی شارستانیەتە .زانا و بیرەمەندانیش دەربارەی ئاین ڕای زۆر جیاواز و دژیەکیان هەیە .

کارل مارکس دەڵێ : **" ئاین تلیاکی گەلانە"**[1]

فرێدریک نیچە دەڵێ  :  **" ئاین شۆرشی ژێردەستەکانە "**[2]

عەلی وەردی دەڵێ:

**" ئاین هەم تلیاکە و هەم شۆڕش ، لای خواپێداوان و دونیاپەرستان تلیاکە ، لای پەیامبەرانیش شۆرش. هەمو ئاینێکیش شۆڕشێکە لەسەر دەستی پەیامبەرێک بەرپا دەکرێت بەڵام دوایی دونیاپەرستەکان دەستی بەسەردادەگرن و دەیکەن بە تلیاک ، ئەوسا پەیامبەرێکی تر دێت و هەمان کار دوبارەدەکاتەوە.**

**پەیامبەرانیش ڕێگای جیاوازیان گرتۆتەبەر لە بەرپاکردنی شۆڕشەکانیان ، هەیانە ڕێگەی بەرەنگاربونەوەی گرتۆتەبەر وەک حەزرەتی موسا، هەشیانە ڕێگەی ئاشتیانە و ئامۆژگاریی گرتۆتەبەر وەک حەزرەتی عیسا، وە هەیانە هەردو شێوازی تێکەڵ**

---

[1] مهزلة العقل البشری  للدکتور علی الوردی

[2] سەرچاوەی پێشو

**کردوە وەک موحەممەد(سەلامی خوا لە هەمویان)، ئامرازەکانیان جیاوازن بەڵام هەمان ئامانجیان هەبو، کە بریتی بو لە دژایەتیکردن و لەناوبردنی بەرژەوەندپەرستان و ستەمکاران ، وە بانگکردنی خەڵکی بۆ بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری.**

**دونیاپەرستەکان هەوڵدەدەن کۆمەڵگە بەرەو دواوە ببەن و پەیامبەرانیش دەیانەوێ بەرەوپێشی ببەن . بەهۆی ئەم تەنگژەو پێک هەلپژانەش شارستانیەت دروست دەبێ و کۆمەڵگە بەرەوپێش دەچێ".[1]**

به بۆچونی منیش :

**" ئاین تلیاکە ئەگەر بە هەست و سۆز مامەڵەی لەگەڵ بکەین ، وە شۆڕشێکی پیرۆز و پەیامێکی جوانیشە ئەگەر بە عەقڵ و لۆجیک مامەڵەی لەگەڵ بکەین"[2] .**

ئاین لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە هاتوە مرۆڤەکان ئاڕاستە بکات بەرەو پەروەردەی جوان و ژیانی ئاسودە وسەربەرزی ، ئاین زۆر هەوڵ دەدات کۆمەڵگەکان لە مێگەلەوە بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەی سەرفراز و بەختەوەر ، بەڵام ئەگەر سەرنج بدین هەمیشە هەوڵ هەبوە بۆ بە مێگەل کردنی کۆمەڵگە لەلایەن هەندێک گروپ و لایەن .

---

١ مهزلة العقل البشری للدکتور علی الوردی.

[2]خەونی پێشکەوتن و شەڕی چەمکەکان . شەماڵ محمد

ئەگەر سەرنجی پەیامە ئاسمانییەکان بدەین ، تێبینی دەکەین کە تاک زۆر گرنگیی پێدراوە ، بەڵام کاتێک سەرنجی مێژو و سەرچاوە مێژوییەکان دەدەین تەواو پێچەوانەکەی بەدی دەکەین . خودا لە قورئانی پیرۆز لە سەدان جێگە داوا لە مرۆڤ دەکات (کاربکات ، بیربکاتەوە ، ئەقڵ بەکاربێنێت ، دانایی بەکاربێنێت ، سەرنجی مێژوی گەلانی تر بدات ، بەدوای زانستدا بگەڕێت ...)

هەمو ئاماژەکانی قورئان بەرەو ئاراستەی بنیاتنانی تاکی ئازا و بوێر و ڕاستگۆن ، بەڵام ئەگەر سەیری مێژوی زانایانی ئیسلام بکەین دەبینین دەیان بەڵکو سەدان زانا توشی سزادان و ئەشکەنجە و بەندکردن و تەنانەت کوشتنیش بونەتەوە لەسەر ئەوەی بە ئەقڵیەتی مێگەل کاریان نەکردوە و شتی نوێیان داهێناوە .

ئەم زانایانەی خوارەوە دیارتری قوربانییەکانی دەستی ئەقڵیەتی مێگەلن .

### ١- جابر بن حیان بن عبد الله الازدی، ناسراو بە ابن حیان.[١]

لە ساڵی( ١٠١تا ١٩٥ )ی کۆچی ژیاوە، زانایەکی زۆر بلیمەت بوە لە بوارەکانی فەلسەفە و فەلەکناسی و ئەندازە و پزیشکی و

[١] جابر بن حيان للدكتور زكي نجيب محمود .

دەرمانسازی و کیمیا ،بە یەکەم کەس دادەنرێ لەمێژو کە کیمیای بەشێوەی کرداری بەکارهێنابێ،بە باوکی کیمیا دەناسرێ [1]

ابن تیمیة دەلێ :

**"ابن حیان کە خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی بەناوبانگە لە کیمیا، کەسێکی نادیارە، نەناسراوە و لە نێو زانایان و ئەهلی دین ناوی نییە ، وە ئەگەر بشناسرێ ئەوا وەک ساحیرێک لە ساحیرە گەورەکانی ئوممەت دەناسرێ ،کاری لە بواری کیمیا و سیحر و تەلیسم کردوە .... "[2]**

**٢- ابو نصر محمد بن محمد بن طرخان الفارابی، ناسراو بە فارابی[3]**

لە ساڵی (٢٦٠تا ٣٣٩)ی کۆچی ژیاوە، لە گەورەترین فەیلەسوفانی ئیسلامە و بە مامۆستای دوەم دادەنرێ دوای ئەرەستۆ،لەکازاخستان لەدایکبوە.

ابن العماد لە (شذرات الذهب) دەڵێ:

**" زانایان کۆکن لەسەر کوفر و زەندەقەی فارابی"[4]**

---

[1] Julian, Franklyn, Dictionary of the Occult, Kessinger Publishing, ٢٠٠٣

[2] مجموع الفتاوى لابن تيمية .

[3] الموسوعة الموجزة في التاريخ الإسلامي لمجموعة من المؤلفين.

[4] شذرات الذهب في أخبار من ذهب لابن العماد.

**٣- أبو علي الحسين بن علي بن عبد الله بن الحسن بن علي بن سينا،ناسراو به ابن سينا**

له ساڵی ( ٣٧٠ تا ٤٢٧ ) ی كۆچی ژیاوه ، بەناوبانگترین زانا و دكتۆر و فەیلەسوفی جیهانی ئیسلامییە و بە باوكی زانستی پزیشكی ناسراوه.

**ابن القیم لەبارەی ابن سینا دەڵێ:**

**" مولحیدە،بەڵكو سەرۆكی هەمو مولحیدەكانە"** [١] **.**

**"ئیمامی مولحیدانە ئەوانەی باوەڕیان نییە بە خودا و فریشتەكان و كتێبەكان و پەیامبەران و رۆژی دوایی"**[٢]

ابو حامد الغزالی بە هەمان شێوە ابن سینای كافر كردوه [٣].

بەڵام كشمیری بە "**مولحیدی زەندیق** " ناوی بردوه.[٤]

**٤- أبو یوسف یعقوب بن إسحاق بن الصباح الكندي**

له ساڵی ( ١٨٥تا ٢٥٦) ی كۆچی ژیاوه ، زانایەكی زۆر بلیمەت بوه لە بواری فەلسەفە و لۆجیك و بیركاری و فەلەكناسی و زۆر بابەتی زانستی تر، لەهەمو زانستەكان شارەزایی هەبوە و خاوەنی

---

[١] الصواعق المرسلة لابن القيم الجوزية .

[٢] إغاثة اللهفان لابن القيم الجوزية .

[٣] المنقذ من الضلال لابو حامد الغزالی .

[٤] فيض الباري لمحمد أنور شاه بن معظم شاه الكشميري .

٢٦٥ نوسراوه له بواره جیاجیاکانی زانست , فەیلەسوفی گەورەی ئینگلیز (Roger bacon) زۆر سەرسام بوە بە کندی بە تایبەت لە بابەتێک کە لەسەر روناکی نوسیویەتی (الضوء - البصريات)[١].

الحافظ الذهبی دەربارەی الکندی دەڵێ :

**" پێی گوتراوە فەیلەسوفی عەرەب ، بێدین بوە (یا تاوانبار بوە) ، رەزیل بوە ، هەروەها ناپیاو بوە "** [٢].

**٥- أبو الوليد محمد بن أحمد بن محمد بن أحمد بن أحمد بن رشد**[٣]

لە ساڵی ( ٥٢٠ تا ٥٩٥ )ی کۆچی ژیاوە ، فەیلەسوف و دادوەر و دکتۆری بەناوبانگی مێژوی ئیسلام ، کاریگەرترین ئەقلە لەسەر فەلسەفەی ئیسلام و مسولمانان . یەکەم کەس بوە فەرمانەکانی تۆڕی چاوی دۆزیوەتەوە . دو کتێبی هەن کە زۆر بەناوبانگن :

یەکەمیان **(تهافت التهافت)** ،کە وەک وەلامدانەوەیەک نوسراوە بۆ کتێبی **(تهافت الفلاسفة)**ی ابو حامد الغزالی.

دوەمیان**( فصل المقال)**ە کە تیایدا بیرکردنەوەی شیکاری وەک مەرجێک دادەنێ بۆ تەفسیری قورئان ،تەواو پێچەوانەی ئاڕاستەی باوی تەفسیرکردنی قورئان لەسەربنەمای گێرانەوە .

---

[١] ویل دیورانت . قصة الحضارة

[٢] الحافظ الذهبي . سير أعلام النبلاء

[٣] ویل دیورانت . قصة الحضارة

ابن تیمیة دەربارەی ابن رشد دەڵێ:

**" ابن رشد فەیلەسوفێکی گومڕای مولحیدە..."[1]**

**٦- أبو علي الحسن بن الحسن بن الهیثم[2]**

لە ساڵی ( ٣٥٤ تا ٤٣٠ ) ی کۆچی ژیاوە ، زانایەکی زۆر بلیمەت بوە لە ئەندازە و بیرکاری و فەلسەفە ، بەناوبانگترین بەرهەمی کتێبی (المناظر)ە کە تیایدا باسی زۆر بابەتی گرنگ دەکات لە بوارەکای دەرون و بیرکاری و فیزیا ، کارەکانی ئەو زانایە لەسەر روناکی و تیشک ئەوەندە گرنگن زانا ئەوروپیەکانی وەک (Roger Bacon) دوای ٣٠٠ساڵ پشتیان بە داتاکانی بەستوە لە هەوڵەکانیان بۆ داهێنانی مایکرۆسۆپ و زۆر شتی تر.

ابن تیمیة دەربارەی ابن رشد دەڵێ:

**" ئەویش لەو مولحیدانەیە کە لە ئیسلام دەرچون وەک ابن سینا و هتد ..."[3]**

نامەوێ بەرگری یا گلەیی لە هیچ زانایەک بکەم یا هەندێکیان تاوانبار بکەم و لایەنگریی هەندێکیان بکەم چونکە هەمو فەیلەسوفان و زانایان و ئەهلی هزر لەهەمو سەردەمەکان ڕای باش

---

[1] ابن تیمیة. درء تعارض العقل والنقل

[2] ویل دیورانت . قصة الحضارة

[3] ابن تیمیة. درء تعارض العقل والنقل

و خراپیان هەبوە و کەسیان فریشتە نەبون . ئێمە دەتوانین سود لە زانستی زاناکان وەربگرین بەبێ ئەوەی کافریان بکەین و خەڵکی لە زانست دوربخەینەوە ، ئەوروپیەکان سودیان لە زانستی هەمو زاناکان وەرگرت ، بە تایبەت ئەو زانا مسوڵمانانەی لە سەرەوە ناومان بردن ، ئەوان نەیانگوت فلان زانا کافرە با بۆچونەکانی وەرنەگرین ، خۆ ئەگەر بەم پێوەرانە بێ هەمو مسوڵمانان بە ئاینی ئەوان کافرن و بەم پێیە بێ نابێ ئەوان زانستی زانا مسوڵمانەکان وەربگرن ، بەڵام لای ئەوان زانست گرنگترە لە بیروبۆچونی تاکەکان.

زانا لەسەر هەر ئاینێک بێت زانستەکەی سودی هەیە ،من سود لەزانستی ستیڤین هۆکینگ و ئەنیشتاین و نیوتن و داروین و هەمو زاناکان وەردەگرم با مسوڵمانیش نەبن .

خاڵی ترسناک لێرەدا ئەوەیە کە ئەقڵیەتی مێگەل بە دەقی پیرۆز لەناو هزر و بیرکردنەوەی خەڵکی ڕەگی داکوتاوە ، واتە ئەقڵیەتی مێگەل پیرۆز کراوە ، وەک لە فەرمودەی خوارەوە :

- ما من ثلاثةٍ في قريةٍ ولا بَدوٍ لا تقامُ فيهِمُ الصلاةُ إلا قد استحوذَ عليْهِمُ الشيطانُ ، عليكَ بالجماعةِ فإنَّما يأكلُ الذئبُ منَ الغنمِ القاصيةَ .

الراوي : أبو الدرداء / المحدث : النووي / المصدر : تحقيق رياض الصالحين / الصفحة أو الرقم ٣٧٩ : خلاصة حكم المحدث : إسناده حسن

التخريج : أخرجه أبو داود (٥٤٧)، والنسائي (٨٤٧)، وأحمد (٢١٧١٠) باختلاف يسير.

" هەر سێ کەسێک لە لادێ بن یا دەوارنشین ئەگەر نوێژی بەکۆمەڵ نەکەن ئەوا شەیتان دەستیان بەسەردادەگرێت ، هەردەم کۆمەڵ بن چونکە گورگ مەڕی دورەپەرێز دەخوات "

ئەگەر سەرنجی ئەم فەرمودەیەی سەرەوە بدەین دەبینین تەنها جەخت کردنەوەیە لەسەر نوێژی بەکۆمەڵ ، نەک گوێڕایەڵی بۆ کۆمەڵ لە هەمو شتێک ، ئەم فەرمودەیە جگەلەوەی بەلاڕێدابراوە و بۆ مەبەستی بە مێگەلکردنی خەڵک بەکارهێنراوە ، تەواو وەک مێگەلێکی گوێڕایەڵ وێنای کۆمەڵگە دەکات ، دیارە کە مەبەستیش لە برەودان بەم قسانە هەر بە مێگەلکردنی کۆمەڵگە بوە.

ئەوەی جێی داخە زۆر جار لەنێو خۆشمان ئەم قسانە دەبیسترێن و بە شێوەیەکی کاریگەریش کاری کردۆتە سەر بیرکردنەوەی خەڵک ، دیارە کە دەرەنجامی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش بەڕونی لە واقیعی تاڵی ژیانمان ڕەنگی داوەتەوە ، بۆیە بە دەگمەن داهێنەر بەدی دەکرێن ، ئەگەر هەشبن پشت گوێ دەخرێن .

جیاوازیی نێوان کۆمەڵگەی هۆشیار و نوستو تەنها جیاوازییە لە شێوازی بیرکردنەوە ، لەهەر کۆمەڵگەیەک بەهای تاک بەرز بو ، ئەوا پێشکەوتن و خۆشبەختی بەخۆوە دەبینێ ، بە پێچەوانەوەش لەهەر کۆمەڵگەیەک ئەقڵیەتی مێگەل زاڵ بو ، تاک بەهای نابێت و ڕەوڕەوەی پێشکەوتنیش هەردەم بەرەو دواوە خول دەخواتەوە .

ئەگ ئەگەر سەرنجی پەیامی ئیسلام بدەین دەبینین بریتییە لە شۆڕشێکی هەمەلایەن ، پەیامبەر (د.خ)کاتێک ویستی ئیسلام بڵاوبکاتەوە چاک دەیزانی کە ئەو خەریکە شۆڕشێکی زۆر گەورە بەرپا دەکات کە رەنگە سەری تیابچێ ، بەڵام ئەو سور بو لەسەر بڵاوکردنەوەی پەیامەکە ، چونکە ئەو بەراستی لەپەیامەکە گەیشتبو.

ئەو لەپێناو گەیاندنی پەیامەکە توشی گەورەترین ئازار بو لەلایەن نزیکترین خزمەکانی خۆیەوە ، لە شەو و رۆژێکدا ناوبانگی لەنێو کۆمەلگەدا گۆڕا ، لەپیاوێکی بەرێز و دەست پاک و بەرەوشت بو بە ساحیر ، شێت ، درۆزن ، و چەندین ناو و ناتۆرەی ناشرینتری درایە پاڵ ، هەمو ئەمانە لەپای چی ؟

ئەو ڕازی نەبو وەک مێگەل بیربکاتەوە ، ئەو دەیزانی کە کۆمەڵ هەمیشە هەڵەیە ، بۆیە هەمیشە زانا و فەیلەسوف و شۆرشگێر و ئازاکان تاکن نەک کۆمەڵ هەربۆیە بە تەنها شۆرشێکی گەورەی بەرپاکرد. دیارە کە هەمیشە شۆڕشیش زیان بەوانە دەگەیەنێ کە حاڵ و گوزەرانیان خۆشە ، هەمیشە ئەوانەی دەوڵەمەندن و جێگەیان گەرمە ئاواتی ئەوە دەخوازن کە دنیا هەروابێ و نەگۆڕێ .

ئەوانە لەقورئاندا بە (المترفون – ئەوانەی لە خۆشگوزەرانیدان) ناوبراون ، دیارە کە خۆشیی ژیان شتێکە لەناخی هەمومواندا هەیە

بەڵام کاتێک ئەو خۆشییە لەسەر مافی خەڵکی تر بو ئەوا بە تاوان ئەژمار دەکرێ .

کاتێک کەسێک دەولەمەندە و خاوەن کارێکی جێگیرە حەزناکا بارودۆخ بگۆڕێ نەوەک پارووە چەورەکەی لەدەست بدات ، خۆ ڕەنگە بە باشتربونی بارودۆخ کارەکەی باشتریش بێت .

شۆڕش پێویستیی بە کاری سەخت و قوربانیدان و ماندوبون و شەونخونی هەیە، پەیامبەرانیش هەمو ئەو کارانەیان کردوە.

ئەگەر شۆڕش و پەیامبەری هەر قسەکردن و وتاردان بوایە ئەوا قورەیشیەکانی خزمی پەیامبەر باشترین پۆست و خۆشترین ژیانیان بۆ فەراهەم دەکرد. ئەوان لە گۆرانکاری دەترسان ، ئەوان لەدادپەروەری دەترسان ، ئەوان لەوە دەترسان پلەوپۆست و پاروی چەوریان لە دەست بچێ، مێژوش هەمیشە خۆی دوبارە دەکاتەوە بەڵام لە بەرگێکی نوێ.

بە سەرنجێکی ورد لەم فەرمودەی سەرەوە و بەراوردکردنی بە مێژوی ژیانی پەیامبەر ، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەقڵیەتی مێگەل چەند ترسناکە ، ئەو شێوازەش لە بیرکردنەوە کە لە خزمەت بە مێگەلکردنی کۆمەڵگە کاردەکات پلانێکی دنیاپەرستان و دیکتاتۆرانە بۆ ژێردەستەکردن و دەستەمۆکردنی گەلان و قایمکردنی پێگەی خۆیان لە پێناو فەراهەمکردنی ژیانێکی خۆش و پاشایانە لەژێرناوی خودا و پەیامە پیرۆزەکەی .

## سێیەم : هۆکاری مەعریفی

بەر لە ٢٤ سەدە ، گەورە فەیلەسوفی گریک (ئەفلاتون) گریمانەی ئەوەی کرد کە مرۆڤ ڕەنگدانەوەی شتەکان دەبینێت نەک خودی شتەکان ، نمونەی بە سێ کەس هێنایەوە کە لە منداڵییەوە لە ئەشکەوتێک بەندکرابون و دەرەوەیان نەبینیبو ، ئەم سێ کەسە بە شێوەیەک کۆت کرابون پشتیان لە دەرگای ئەشکەوتەکە بو ، تەنها سێبەری شتەکانیان دەبینی کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە دەردەکەوتن بەهۆی ئەو ئاگرەی کە لە نێوان ئەوان و دەرگای ئەشکەوتەکە دەکرایەوە .

لای بەندکراوەکان سێبەری شتەکان کەسەر دیوارەکە بریتی بو لە خودی شتەکان ، چونکە ئەوان لەوە زیارتیان نەبینیبو . تا ڕۆژێکیان یەکێک لە بەندکراوەکان ئازاد بو ، چوە دەرەوە و سەرنجی دا هەموشتەکان نامۆن ، تیشکی ڕۆژ ئازاری چاوەکان دەدا ، باوەڕی نەدەکرد کە شتەکان لەڕاستیدا بەرجەستەن و جۆرێکی ترن و ئەوەی ئەو چەندین ساڵە بینیویەتی تەنها سێبەری شتەکان بوە.

لای ئەو سێبەرەکان ڕونتر بون لە خودی شتەکان ، بەڵام بە تێپەڕینی کات چاوی ڕاهات لەسەر بینینی شتەکان ، ڕۆژێک بڕیاری دا سەردانی ئەشکەوتەکە بکات ، کاتێک گەیشت ڕوانینی تەواو گۆڕابو ، نەتدەتوانی چیتر سێبەرەکان ببینێ ،

هاورێ زیندانیەکانی وای بۆ دەچون کە هاورێکەیان ئەقڵی لەدەستداوە لەوەتەی ئازادبوە ، بۆیە باوەڕیان پێی نەکرد و هەمو هەوڵێکی ئازادبونیان ڕەتکردەوە.

ئەفلاتون بەم چیرۆکە کێشەی فەیلەسوفەکان ڕوندەکاتەوە کاتێک دەیانەوێ خەڵکی هۆشیاربکەنەوە ، زۆرێک لەخەڵکی نەک هەر ڕاهاتون و خۆشحاڵن بە نەزانین بەڵکو بەتوندی ڕوبەڕوی هەرکەسێک دەبنەوە کە باسی نەزانییەکەیان بکات . ڕەنگە بەسەرهاتی (ئەرەستۆ، گەورە فەیلەسوفی گریک و مامۆستای ئەفلاتون ) باشترین نمونە بێت لەسەر ئەم دیاردەیە . ئەرەستۆ سزای کوشتنی بەسەرداسەپێنرا چونکە هەوڵی دەدا خەڵکی هۆشیاربکاتەوە ، ئەو بە تاوانی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە تاوانبارکراو و ژەهریان دەرخواد دا و کوشتیان .

ئەفلاتون لەژێر کاریگەریی ئەم بەسەرهاتانەی سەرەوە دژی دیموکراسیەت دەوەستێتەوە ، چونکە دیارە دیموکراسیەت واتە حوکمی زۆرینە ، زۆرینەش زۆربەی کات نەزانە ، بۆیە لای ئەفلاتون دەبێ فەیلەسوفان ببنە پاشا ، یا پاشاکان فەیلەسوف بن ، بەبڕوای ئەفلاتون زۆرینە کەلـلەڕەق و نەزانن و ناتوانن حوکمی خۆیان بکەن .

یەکێک لە هۆکارەکانی بەمێگەل بونی کۆمەڵگە نزمیی ئاستی هۆشیارییە ، میللەتی ناهۆشیار سێبەری شتەکان دەبینن ، ئەو

سێبەرانە دەبینن کە میدیا و دەسەڵات و کۆمەڵگە و کەلتو ر و ئاین بۆی دەکێشن ، ئەوان هەرگیز ڕاستیی شتەکان نابینن ، هەر بۆیەشە دیکتاتۆران هەمیشە کار لەسەر ئەوە دەکەن خەڵک نقومی نەزانی بێت چونکە تا خەڵک ناهۆشیار بن ئەوان تەمەنیان درێژتر دەبێت .

تاک بە ئازادی لە دایک دەبێت ، بەڵام کاتێک گەورە دەبێت چاوبەستە دەکرێت لەلایەن دەوروبەرەکەی ، سەرنجی ئەو ئەسپانە بدە کە گالیسکە ڕادەکێشن ، چاوەکانیان لەهەردولاوە بە پارچە چەرمێک دادەپۆشرێن تاوەکو تەنها پێش خۆیان ببینن و دیمەنی ئەملاوئەولا سەرقاڵیان نەکەن . تاک لە کۆمەڵگەی ناهۆشیار وێنەی ئەسپی گالیسکە دێنەبەرچاو ، پەروەردەی کۆمەلگە بەشێوەیەک چاوبەستەیان دەکات تەنها ئەوشتانە ببینێت کە کۆمەڵگەکەی قبوڵی دەکەن .

کۆمەڵگە هۆشیارەکان بە پێچەوانەوە ، هەمیشە لە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی تاکی خۆیانن ، سەرنج بدە وڵاتە پێشکەوتوەکان چەند بوجە تەرخان دەکەن بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و بەراوردیان بکە لەگەڵ بڕی بوجەی تەرخانکراو بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لە وڵاتەکەی خۆت ، ئەوکات تێدەگەیت بۆچی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نقومی نەزانین و وڵاتانی ڕۆژئاواش لەوپەڕی خۆشبەختی وپێشکەوتن ژیان دەکەن .

له وڵاتانی ڕۆژهەڵات خوێندن و زانست هێند بێ بەهایە بە دەگمەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانستی بەدی دەکرێن ، ئەگەر هەشبن بوجەیان بۆ تەرخان ناکرێت لە کاتێکدا بوجەی خەیاڵی و بێشومار بۆ ئاهەنگ و سەفەری بێسود و چالاکیی بێ ناوەرۆک و میدیای بێکەڵک تەرخان دەکرێت ، بێگومان کارەکە بە بەرنامە دەکرێت ، چونکە ئاشکرایە کە نە میدیا و نە ئاهەنگ و گۆرانی وڵات پێش ناخەن بەڵکو کاردەکەن لەسەر بەنجکردنی کۆمەڵگە و گۆڕینی بۆ مێگەلێکی گوێڕایەڵ .

" سیستەمی پەروەردە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتی سەیر بەرهەم دێنێت ، ئەو قوتابیانەی بە پلەی یەکەم زیرەکن دەچنە کۆلێجی پزیشکی و ئەندازیاری .

ئەوانەی بە پلەی دوەم دێن دەچنە کۆلێژەکانی بەڕیوەبردن و ئابوری، بەمەش دەبن بە بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرایەتیی پلە یەکەمەکان دەکەن.

ئەوانەی بە پلەی سێیەم دێن لە زیرەکی دەچنە بەشی سیاسەت و دەبنە سیاسەتمەدار وحوکمی ئەوانە دەکەن کە لە پلەی یەکەم و دوەمن .

ئەوانەی کە زیرەک نین و نمرەیان باش نیە دەچنە ریزی پۆلیس یا سوپا، بەمەش کۆنترۆلی سیاسەت دەکەن و بە ئارەزوی خۆیان خەلک دادەنێن و لایدەبەن و ئەگەر پێویست بو ئەوا دەشیانکوژن .

بەڵام ئەوەی زۆر سەیرە، نەخوێندەوارەکان ، ئەوانەی هەر ناچنە بەر خوێندن دەبن بە شێخ و دەمڕاستی خەڵک و سەرۆکایەتی هەمو ئەوانەی پێشو دەکەن [1].

دیارە کە سیستەمی خوێندن و پەروەردە لە بنەڕەتەوە بۆ ئەوە دانەنراوە تاکی داهێنەر و ئازاد و ئازا بەرهەم بێنێت ، هەر بۆیەشە خەڵکی ئومێدی بە خوێندن نییە بۆ دابینکردنی پاشەڕۆژێکی پڕشنگدار ، ئاخر قوتابی چۆن باوەڕبکات کە زانست و پەروەردەی باش سەرچاوەی خۆشبەختی و پێشکەوتنن کاتێک دەبینێت دەوروبەری پڕە لە نەخوێندەوار و دزی دەوڵەمەند و خوێندەواری هەژار ؟

د.مصطفى محمود دەڵێت :

**" گەورەترین دەسکەوتی وڵاتە دواکەوتوەکان ئەوەیە کە توانیان قەناعەت بە میللەتانی خۆیان بێنن کە پاڵاوتنی تیپی وڵاتەکەیان بۆ جامی جیهانی لە تۆپانێ دەسکەوتێکی زۆر گەورەیە ، بەڵام تێکچونی پەروەردە و خراپیی کەرتی تەندروستی شتێکی ئاساییە"**

کارەسات لەوێوە دەست پێ دەکات کە (پێیەکان بەنرختر بن لە مێشکەکان).

---

[1] بەپێی هەندێک سەرچاوە ئەم قسانە هی (جین ماریۆت)ە ، کە لە سالانی ٢٠١٣ تا ٢٠١٥ نوێنەری نوسینگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی بەریتانیا بوە لە ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەراست ، بەڵام لە چەند سەرچاوەیەکی تر ئاماژە هەیە کە قسەکان هی ماریۆت نین.

ئەم کارەساتە زۆر بەڕونی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەدی دەکرێت ، تاک لەم ناوچەیە لەسەر تۆپانێ شەڕ دەکا، ئامادەیە خەڵک بکوژێ ، من بە چاوی خۆم بینیومە لەسەر تۆپانێ گەنجێک برای خۆی دا بەرچەقۆ !

هەر ئەو میللەتەی کە لەسەر تۆپانێ ئامادەیە چیا لە بن بێنێ بەڵام لەسەر خراپیی باری ژیان و نەبونی سەرەتایی ترین مافەکانی ژیان ئامادەنیە دەنگ هەڵبڕێ و داوای مافی خۆی بکات. هۆکارەکەش دیارە کە نزمیی ئاستی هۆشیارییە ، سەرنجیش بدە تۆپانێ و گۆرانی و هەمو ئەوشتانەی خەڵکی خەریک دەکەن و دوریان دەخەنەوە لە زانست و مەعریفە زۆر ئاسان دەست دەکەون و گرنگییان پێ دەدرێت ، ئامانجیش تەنها بە مێگەلکردنی کۆمەڵگەیە .

## پیشەنگەکانی مێگەل

### یەکەم : شوان

شوان بەو کەسە دەگوترێ کە بەرپرسە لە سەلامەتی و پاراستن و تێرکردنی مێگەلە ئاژەڵیکی دیاریکراو ، پیشەی شوان بە یەکێک لە کۆنترین و گرنگترین پیشە مێژووییەکان دادەنرێ چونکە شوانێتی بەرپرسیارێتیەکی قورس و ئەرکێکی هەستیارە ، پاراستنی کۆمەڵێک ئاژەڵ لە کۆمەڵێک مەترسیی جۆراوجۆر لە دەشت و دەر کارێکی ئاسان نییە ، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە هەمو پەیامبەرانی خودا شوانێتییان کردوە تاوەکو فێری بەرپرسییەت و خەمخۆری بن .

لە جیهانی مرۆڤەکان سەرۆک و بەرپرسان ڕۆڵی شوان دەبینن ، ئەوان گرنگترین ڕۆڵ دەبینن لە پاراستن و ئاڕاستەکردن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە ، شوانی باش کۆمەڵگە بەرەو خۆشبەختی و کامەرانی دەبات ، شوانی بێکەڵکیش کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر و لەناوچون دەبات .

### گرنگترین ئەرکەکانی شوان

#### ١- تێرکردنی مێگەل

شوان بەرپرسە لە پەیداکردنی لەوەڕگەی سەلامەت و خۆراک و ئاوی پێویست بۆ مێگەلەکەی ، گرنگ نییە چەند ماندو دەبێت

گرنــگ ئەوەیە مــێگەلەکەی تێربکــات چــونکە ئەوە یەکــێکە لە بەرپرســیارێتییەکانی . ئەگەر شــوان نەیتــوانی لەوەڕگەی بــاش وسەلامەت بۆ مێگەلەکەی پەیدا بکات ئەوا شیاوی بەرپرسیارێتی نییە و نابێت ببێتە شوان .

لە جیهــانی مرۆڤەکانــدا ، شــوان واتە ســەرۆک ، ئەو بەرپرســە لە دابینکردنی ژیانێکی شایستە و شەرەفمەندانە بۆ هەمـو هاوولاتیـان بەبــێ جیــاوازی ، لەهەر ولاتێــک برســیەتی و هەژاری هەبــو بە دڵنیاییەوە کەمتەرخەمی لە سەرۆک و بەرپرسە گەورەکانە .

ڕەنگە زۆرێکمـان چیرۆکـی ئەو ژنەمـان بیسـتبێ کە ئـاوی لەسـەر ئـاگر دانـابو بەو ئومێدەی منـداڵەکانی بە هیـوای خـواردن چاویـان بچێتە خەو چونکە هیچیان نەبو بیخۆن.

ئیمــامی عــومەر کاتێــک ئەو ژنەی بینــی، وە بیســتی لە دورەوە ژنەکە دەڵێ:

**" ئەوە عــومەر کــرا بە پێشــەوای مســوڵمانان بەڵام ئەو ئاگــای لە حالی فەقیر نیە، خۆی تێرە و دیارە ژیانی فەقیرانیش لای ئەو گرنگ نییە"**

کاتێ ئیمامی عومەر ئەو قسانەی بیست ئاگر لە ناخی بەربو، هەر خێـرا گەڕاوە و هەنـدێک ئـاردو چەوریـی ئـاژەلی(دوگ یـا ڕۆنـی سروشـتی) هێنـاو بە پشـتی خۆی بـردی ، (اسـلم )ئەو پیاوەی کە

لەگەڵی بو پێی گوت **"ئەی پێشەوای مسولمانان با من بارەکە هەڵبگرم"**

بەڵام ئەو تورە بو ، پێی گوت "

**" تۆ لە رۆژی قیامەت گوناهی من هەڵدەگری ؟"**

دوای ئەوەی خواردنیشی بۆ ئامادەکردن ، خۆی پەنادا و نەرۆیشت،پاشان هاورێکەی گوت :

**"بەخوا نارۆم تا نەبینم کە منداڵەکان پێدەکەنن ، چونکە ئەوان لە برسا دەگریان"**[1]

ئەگەر سەرنجی جیهان بدەین ئەمرۆ هەژارترین دەوڵەتانی جیهان مسوڵمانەکانن ، دیارە کە سەرۆک و دەسەڵاتداران هەمیشە بەناوی پیرۆزییەکان خەڵکیان چاوساندۆتەوە لەپێناو خۆشگوزەرانیی خۆیان .

**٢- پاراستنی مێگەل لە مەترسی**

پاراستنی مێگەل ئەرکێکی تری شوانە ، کارێکی سەخت و هەستیارە چونکە مێگەل بە بەردەوامی ڕوبەڕوی مەترسیی جۆراوجۆری وەک هێرشی ئاژەڵە درندەکان و سەرما و گەرما و هەڵدێران لەشاخ و کەوتنە ناو ئاو ... هتد.

---

[1] تاریخ دمشق لابن عساکر

شوان لەپێناو پاراستنی مێگەلەکەی دەبێت هەمو هەوڵێک بدات ، دەبێ ئامادەبێ لەگەڵ گورگ شەڕبکات ، ڕەنگە هەندێجار شوان لەپێناوی مێگەلەکەی بمرێت ، شوانی دڵسۆز ئامادەیە ڕوبەڕوی هەمو مەترسییەک بێتەوە لەپێناو پاراستنی سەلامەتیی گیانی مێگەل تەنانەت ئەگەر گیانی خۆیشی بکاتە قوربانی .

لە جیهانی مرۆڤەکاندا ، سەرۆک و بەرپرسان لەسەریان پێویستە بە چاکترین شێوە تاک بە تاکی ئەندامانی کۆمەڵگە بپارێزن و نەهێڵن تەنانەت کۆترێک یا پشیلەیەکیش ئازاری پێ بگات ، لە هەر وڵاتێک ئاسایش و هێمنی بەرقەرار بو نیشانەی ئەوەیە کە بەرپرسانی خەمخۆر و دڵسۆزن ، ئەگەر بە پێچەوانەش بو ئەوا دیارە کە بەرپرسان دڵسۆز نین و شایانی پۆستەکانیان نین .

## ٣- گرنگیدان بە تەندروستیی مێگەل

شوان پێویستە زۆر ئاگاداری تەندروستیی مێگەلەکەی بێت ، پێویستە مێگەلەکەی بەدور بگرێت لە خۆراکی ترسناک ، وەک هەندێک جۆری ڕوەکی ژەهراوی ، واتە شوان دەبێ زۆر شارەزا بێت لە سروشتی لەوەرگەکان و ڕوەکە زیانبەخشەکان بناسێت .

هەروەها پێویستە لەسەر شوان بە زوترین کات چارەسەری ئاژەڵی نەخۆش بکات ، زۆر ئاگاداری ئاژەڵی لاواز یا بچوک و بێ هێز بێت و لە باوەشیان بکات کاتێک ناتوانن لەگەڵ مێگەل ڕێ بکەن.

له جیهـانی مرۆڤه‌كـان ، به‌رپرسـان ده‌بـێ زۆر گرنگـی بـده‌ن به‌ ته‌ندروستیی كۆمه‌ڵگه‌ و باشترین نه‌خۆشخانه‌ و ده‌رمـان و چاره‌سـه‌ر بـۆ هه‌مـو خه‌ڵـك به‌بـێ جیـاوازی دابـین بـكه‌ن . گرنگیـدان به‌ ته‌ندروسـتی به‌ڵگه‌یه‌كـی به‌هێـزه‌ له‌سـه‌ر دڵسـۆزی و خه‌مخـۆری به‌رپرســـان و كه‌مته‌رخه‌مـــیش به‌ڵـــگه‌یه‌ له‌ســـه‌ر گه‌نـــده‌ڵی و نابه‌رپرسیارێتی .

**دوه‌م : سه‌گ**

سه‌گ له‌ جیهانی مێگه‌ل ڕۆڵێكی زۆر گرنـگ ده‌گێڕێت ، سـه‌گ به‌رپرســـی ئاسایشـــی مـــێگه‌له‌ ، هه‌میشـــه‌ به‌ ده‌وری مێگه‌لـــدا ده‌سوڕێته‌وه‌ و ناهێڵێ مێگه‌ل په‌رته‌وازه‌ ببێت یا ئه‌ندامێك له‌ مێگه‌ل ده‌ربچێت . سـه‌گ به‌ته‌واوه‌تـی گـوێڕایه‌ڵی شـوانه‌ ، به‌ پێچه‌وانه‌ی مـێگه‌ل و كه‌ر و مریـاع ، گـوێڕایه‌ڵیی كـوێرانه‌ی نیـیه‌ و خـۆی یه‌كلایی كردۆته‌وه‌ بۆ خزمه‌تكردنـی شـوان و مـێگه‌له‌كه‌ی ، هێنده‌ دڵسۆزیشـه‌ ئامـاده‌یه‌ له‌پێنـاو پاراسـتنی شـوان و مـێگه‌له‌كه‌ گیـانی خۆی بكـاته‌ قوربـانی . یه‌كێـك له‌ جیاكه‌ره‌وه‌كـانی سـه‌گ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ هه‌ر به‌ سروشـت ئامـاده‌یی تێـدایه‌ بـۆ دڵسـۆزی و قوربانیـدان ، ته‌نهـا پێویســتیی به‌ خـاوه‌نێكه‌ ، گه‌ر ده‌ســتی كه‌وت ئه‌وا ده‌بێــته‌ خزمه‌تكـاری ئه‌گه‌ر ده‌ستیشـی نه‌كه‌وت ئه‌وا هه‌ر خزمه‌تـی خـۆی ده‌كات و پاسه‌وانیی كه‌سیش ناكـات . ئه‌وه‌ی سـه‌یره‌ سـه‌گ ئه‌گه‌ر خاوه‌نی نه‌بێت ده‌توانێ نانی خۆی په‌یدابكات به‌ڵام هه‌ر كه‌ خاوه‌نی

بـۆ پەیـدابو ئیتـر تەواو پشـتی پـێ دەبەسـتێت و بە تێڕوانینـی ئەو ئەگەر خـاوەنەکەی نەبێت ئەو لە برسا دەمـرێ ، بـۆیە ئامـادەیە لە پێناو خاوەنەکەی گیانی خۆی بەخت بکات .

سەگ نمونەی دڵسۆزی و وەفـایە ، باوەڕناکەم هیچ بونەوەرێک هەبێـت بەقەد سـەگ بەوەفـا و دڵسـۆز ، بەداخەوە کە لە وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت سـەگ ناوبـانگێکی خراپی هەیە و بە پـیس (گڵاو) نـاوزەد دەکرێت ، گـوایە سـەک زۆر پیسـە و نـابێ دەسـتی لــێ بــدرێت ، ســەرچاوەی ئەم تێگەیشــتنەش بۆچــونی خــاوەن مەزهەبەکانە کە سەگیان بە پیس داناوە .

سەگ تەنها لە مەزهەبی شافیعی و حەنبەلی بە تەواوەتـی بە پـیس دانراوە ، لە مەزهەبی حەنەفی تەنها لیک و ئارەقە و میزی پیسە ! جـا تخـوا لیـک و ئـارەقە و میـزی مـرۆڤیش پـیس نیـیە ؟ ئەوەش لەبیـرنەکەین کە سەگ ئـارەقەی نییە و پێستی کـونی تێدانییە ، بۆیە لەڕیگەی دەمی خۆی فێنـک دەکـاتەوە و ئەگەرسەرنج بدەی هەمیشە دەمی کراوەیە تا خۆی فێنک بکاتەوە .

لە مەزهەبی مالیکیش سەگ بەهیچ شێوەیەک پیس نییە ، واتە دەتوانین بڵیین سەگ پیس نییە ، چونکە لەڕاستیدا هیچ ئاژەڵێک تەنـانەت مرۆڤیـک ئـارەقە و لیـک و میـزی خـاوێن نیـیە . بەڵام کێشەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە ناخوێنێتەوە و هەر

بڕیارێکیش وشەی فەرمودە یا قسەی زانا و فەقیهانی لەگەڵ بو ئەوا بە موقەدەسات و موسەللەمات ئەژمار دەکرێت .

لە جیهانی مرۆڤەکان هێزە چەکدارەکان بە هەمو لقەکانیەوە بەرپرسن لە سەلامەتی و پاراستنی سەر و ماڵی خەڵک و سنورەکانی وڵات و پاراستنی کۆمەڵگە لە هەمو مەترسییەکی ناوخۆ یا دەرەکی . لەو وڵاتانەی کە مرۆڤەکان نرخیان هەیە ، سوپا و هێزی چەکدار لە خزمەتی خەڵکدان و لەوپەڕی دڵسۆزیدان.

لەکاتی بومەلەرزە و لافاو و هەر کارەساتێکی سروشتی سوپاو هێزەکانی تر باشترین ڕۆڵ دەگێڕن لە یارمەتیدانی خەڵک و پاراستنی وڵات ، بەڵام لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکان ، سوپاو هێزی چەکدار ڕۆڵی سەگی شوان دەبینن و تەنها بەرپرسان دەپارێزن و گوێڕایەڵی ئەوانن ، گرنگ نییە ڕاستن یا هەڵە ، ئەوان فەرمانبەردار و گوێڕایەڵن چونکە لە دیدی ئەوان نان و بژێوییان بەدەستی بەرپرسەکانە . بۆیە دەبینین زۆرجار هێزەکان لە دژی میللەتی خۆیان بەکاردەهێنرێن بەتایبەتی لەکاتی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵک .

گرنگە بزانین کێ خزمەتکار و دڵسۆزە و کێش سەگی پاراستنی شوانە بێ ویژدانەکانە . هەر هێزێکیش نەتوانێت کۆمەڵگەکەی خۆی بپارێزێت لەڕوی ئاسایش و بەرقەرارکردنی ئارامی ، ئەوا شایانی ڕێزگرتن نییە و سەرەنجامی باش نابێت .

### سێیەم: کەر (گوێ درێژ)

کەر ، ئەندامێکی زۆر گرنگی مێگەلە ، بەرپرسە لە هەلگرتنی خۆراک و ئاو و پێداویستییەکانی شوان و هەمیشە لە پێشەوەی مێگەل دەڕوات ، لە جیهانی مێگەل ئەرکێکی زۆر گرنگ بە کەر سپێرراوە ، کە بریتیە لە پێشەواییکردنی مێگەل ، ڕاستە شوان بەرپرسی مێگەلە بەڵام شوان هەمیشە ناتوانێ لە پێشەوەی مێگەل بڕوات چونکە ناتوانێ چاودێریی جوڵەی ئاژەڵەکان بکات ، مەگەر زیاتر لە شوانێک هەبێت .

بۆیە سەرکردایەتیی مێگەل بە کەر دەسپێررێت و شوان وەک چاودێر و سەگیش وەک بەرپرسی ئاسایش و سەلامەتی ڕۆڵ دەبینن .

### چوارەم : المریاع Judas Goat

المریاع وشەیەکی عەرەبییە ،بریتییە لە جیاکردنەوەی بەرخێک یان کاریلەیەکی نێرینە و پەروەردەکردنی لەلای ماکەرێک، ئەم بەرخ یا کاریلەیە شیری ماکەرەکە دەخوات و لەگەڵ ماکەرەکە ڕادێت و تا وای لێ دێت بەرخەکە هەست دەکات کە ماکەرەکە دایکیەتی، مریاع خۆراکی زۆر و گرنگیی تایبەتی پێ دەرێ تا قەڵەو و بەهێز بێت ، خورییەکەشی نابڕنەوە بۆ ئەوەی و گەورەتر و بەهێزتر دەرکەوێت لەنێو ئاژەڵەکانی تر.

کاتێک مریاع پێدەگات و دەبێتە ئاژەڵێکی پێگەشتو، دەیخەسێنن تاوەکو جوت نەبێت لەگەڵ مێینەکان چونکە جوتبون هەم لە کارە سەرەکییەکەی دوری دەخاتەوە و هەم لاواز و بێهێزی دەکات . پاشان زەنگوڵێکی لە مل دەکەن و لەناو مێگەل گەورە و بەهێز و تایبەت دەردەکەوێت ، مێگەلیش بەچاوی ڕێز لێی دەڕوانن و بە پێشەوای خۆیانی دەزانن بۆیە دوای دەکەون .

مریاع هەیە هۆگری شوان دەکرێت و هەشە هۆگری کەری پێش مێگەل .

مریاع بەبێ ویستی خۆی دوای شوان یا ماکەر دەکەوێت ، بەمەش مێگەل لەژێر فەرمانی مریاعە ، کە پێشەوایەکی ساختەیە ، مریاعیش لە ژێر فەرمانی شوان یا ماکەرە . واتە مێگەل هەمیشە وادەزانێ مریاع پێشەوایە.

لە جیهانی مرۆڤەکان بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا مریاعی زۆر دەبینرێن ، خەڵکێکی بودەڵە و هیچ لەبارادانەبو بە پۆست و ناوی گەورە و هێزی سەربازیی زۆر و قافڵەی ئۆتۆمبێلی گرانبەها گەورە دەکرێن ، لەڕاستیدا دیکتاتۆرەکان گەربزانن چەند ناشرینن هەرگیز لە ماڵ نایەنەدەر و لە میدیاکانیش دەرناکەون ، ئەوان وەک مریاع قەبە دەردەکەون بەڵام لە ڕاستیدا بچوکن ، ئەوان دەزانن بچوکن بۆیە هەوڵ دەدەن بەزۆر خۆیان گەورە نیشان بدەن .

ئەگەر مریاعەکان بزانن سادەیی و خاکیبون چەند گەورەیان دەکات هەرگیز قبوڵیان نەدەکرد یەک پاسەوان و شۆفێر و چەکدار بە دەوریانەوە بێت کاتێک دێنە ناو خەڵکی ، کاتێک تۆ خۆت لە خەڵکی جیادەکەیتەوە خەڵکیش لێت جیادەبێتەوە ، دیکتاتۆران زۆر نەزانن ، ئەوان هەر بە خەیاڵی سەدەی نۆزدە و بیست نوستون ، نازانن خەڵکی هۆشیارە و جیهان زۆر گۆڕاوە .

## جۆرەكانی مریاع

كۆمەڵگە هەمیشە پێویستیی بە پێشەوا هەیە ، ئەگەر سەرنجیش بدەین لە كۆمەڵگەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشەواكان دو جۆرن ، یا كەسایەتیی نەتەوەیین یا كەسایەتیی ئاینی ، جاری واش هەیە هەردو خەسڵەت لە پێشەوایەكدا كۆدەبنەوە . بە دەگمەن ڕێك دەكەوێت لە وڵاتانی دواكەوتو بیرمەند و فەیلەسوف و زانا ببن بە پێشەوا و چاوساغ چونكە لەم دەڤەرە مەعریفە نرخی نییە ، خەڵكی وا ڕاهێنراون بەدەوری كەسێكدا كۆببنەوە ، ئەوەی كۆیان دەكاتەوە زیاتر تیرە و هۆز و عەشیرەت و پارتە یان بیروباوەڕێكی پیرۆزە .

## گرنگترین جۆرەکانی مریاع

### یەکەم : مریاعی ناشیۆنالیست

ئەگەر سەرنجی مێژو بدەین دەبینین شارستانیەتەکان هەمیشە لەسەر شانی هەژاران بنیات نراون ، سەرنجی هەرەمەکانی میسر بدە ، کۆشکەکانی بابل و ئاشور ، شورە مەزنەکەی چین ... هتد . بێنە بەرچاوت لە سەردەمێک کە هیچ ئامێرێک نەبوە تۆ بڵێی چەند هەزار کرێکاری خەریکی کار بوبن ؟

کرێکاری داماو لە ناوەڕاستی بیابان چەندین ساڵ لەژێر ڕەحمی تاشەبەرد و تیشکی خۆر و قامچیی پاسەوانان ژیانی بەڕێکردوە ، زۆرێک لەوان هەمو تەمەنیان لەکارکردن بەسەربردوە و سەرەنجامیش هەر لەوێ گیانیان سپاردوە .

سوپا زەبەلاحەکانی وەک جەنگیزخان و ئەسکەندەر و ناپلیۆن چۆن توانییان هەمو دنیا داگیربکەن کاتێک نە ئۆتۆمبێل و نە تەیارە و نە چەکێکی ئەوتۆیان هەبو ؟ بێنەبەرچاوت سەربازێکی لە سوپایەکی سەدهەزاری و لە ناوەڕاستی چینەوە بێیت شەڕ لەگەڵ سوپایەکی تر بکەیت کە هەزاران کیلۆمەتر لەخۆت دورە ، بێنەبەرچاوت چەند مانگ بە پێ بڕۆیت ، لەژێر ڕەحمی سەرما و گەرما ونەخۆشی ومەترسیی کوشتن و جێ هێشتنی خزم و کەسوکار ، تۆ بڵێ چ پاڵنەرێک هەبێت وا لە مرۆڤەکان بکات ئەم هەمو قوربانییە بدەن ؟

هەر لەکۆنەوە تا ڕۆژگاری پەیدابونی هەستی ناشیۆنالیزم لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە ، سەرکردەکان چەند شێوازێکیان بەکارهێناوە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بەرەو مەرگ ، یەکێک لە بەهێزترین پاڵنەرەکان بریتی بون لە هەستی ، تیرە ، هۆز ، عەشیرەت ... هتد

" مرۆڤی سەرەتایی ڕاوچی و کۆکەرەوە بوە و لە شێوەی کۆمەڵەی زۆر بچوک بون و بەردەوام بەدوای خۆراکدا گەڕاون ، بەڵام دوای پەیدابونی کشتوکاڵ و ماڵیکردنی ئاژەڵ و فێربونی ئاگرکردنەوە ناچاربون نیشتەجێ ببن و چاوەڕێی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ بکەن ، ئەم قۆناغە نزیکەی ١٢ هەزارساڵ پێش زاینە ، ئیتر پێویستیی بە هەرەوەز و کاری بەکۆمەڵ بو چونکە کشتوکاڵ و ڕاوکردن و دروستکردنی جێگەی حەوانەوە بە تەنها خێزانێک ناکرێت "[١] .

" مرۆڤ دوای ماوەیەکی زۆر لە نیشتەجێبون (٧ هەزار ساڵ) ئینجا توانی یەکەمین شانشینەکان دروست بکات ، پاشان نوسینی داهێنا و پارەی دروستکرد ، هەر لەم قۆناغەشدا ئاینە فرەخواییەکان دەرکەوتن ، ئەمانە هەموی لە ٥ هەزار ساڵ بەر لە زاین دەرکەوتن"[٢] .

---

[١] Sapiens: A Brief History of Humankind By Yuval Noah Harari

[٢] Sapiens: A Brief History of Humankind By Yuval Noah Harari

ئەوەی خەڵکیی لەم قۆناغە کۆکردۆتەوە زیاتر خزمایەتی و هاوخوێنی و بەرژەوەندی بوە ، دیارە کە پەیوەندیی هۆز و تیرە و ناوچەگەری یەکێک بوە لە بەهێزترین پاڵنەرەکان بۆ کۆبونەوەی خەڵکی لەژێر چەتری یەکەیەکی گەورەتری وەک دەوڵەتی سەرەتایی ، میرنشین ....هتد

" دەتوانین بڵێین هۆز لە جێگای دەوڵەت بوە بۆ کۆچەرەکان ، تاک لەناو هۆز سەلامەتی و چاودێری و پشتگیریی دەست دەکەوێت ، هەرکەسێک ئەندام نەبێت لە هۆزێکی بەهێز لە بیابان ئەوا ڕەنگە بە هیلاک بچێت هەرچەندە بەهێز و ئازاش بێت " [1]

" تاکی کۆچەر پشت بە هێز و ئازایەتیی خۆی دەبەستێ ، بەڵام جاەی وا هەیە ئەوەندە بەس نییە ، جاری وا هەیە توشی مەترسیی وا دەبێت کە بە تەنها ناتوانێ بەرەنگاری ببێتەوە ، هۆزی بەهێز تاکەکانی خۆی دەپارێزێت لە هەرکوێ بن ، ئەگەر ئەندامێکی هۆز بە دەستی هۆزێکی تر بکوژرێت ئەوا هەمو هۆزەکە کۆدەبێتەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە ، ئەگەر نەیانتوانی بکوژەکە بکوژن ئەوا یەکێکی تر لە هۆزەکە دەکوژن لەجیاتی " [2]

دیارە ئەم خەسڵەتەی کۆچەرەکان گواستراوەتەوە بۆ گوندنشینان و تەنانەت خەڵکی شاریش ، زۆرجار دەبیستین و دەبینین کە

---

[1] تاريخ العرب قبل الاسلام لجواد علي

[2] دراسة في طبيعة المجتمع العراقي للدكتورعلي الوردي

دوژمنداری و ناکۆکی لەنێو خەڵکی پەیدادەبێت و شەڕی دو هۆز پەیدادەبێت دور لە دەستی یاسا و دادگا ، زۆرجار دادگاش ناتوانێ کێشەکان یەکلایی بکاتەوە .

مریاعی نەتەوەیی ئەم خەسڵەتە بەکاردێنێ بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ هەر بابەتێک کە لە بەرژەوەندیی خۆیان بێت ، ئەوان بلیمەتن لە جولاندنی هەستی ئەندامانی خۆیان و ئاراستەکردنیان بەرەو ئەو شوێنەی کە مەبەستیانە ، ئەندامانی هۆزیش گوێڕایەڵن تەنانەت ئەگەر گیانی خۆشیان ببەخشن چونکە ئەوان وا تێگەیشتون ئەگەر پشتیوانیی هۆزەکەی ئەوان نەبێت ئەوا ناتوانن بژین .

**دوەم : مریاعی پیرۆز**

گەیاندنی پەیامی ئاسمانی ئەرکێکی زۆر سەختە ، ئەوەی مێژوی ژیانی پەیامبەران بخوێنێتەوە دەزانێ کە چەند ناخۆشی و ئازاریان چەشتوە لە پێناو گەیاندنی پەیامەکانی خودا.

پەیامبەر بە تەنها ناتوانێ پەیام بگەیەنێ ئەگەر خەڵکی یارمەتیی نەدەن ، ئەوانەش کە یارمەتیی پەیامبەران دەدەن هەم ئەرکیان قورسە و هەم پاداشتی گەورە بە دەست دێنن.

بەڵام لەبیرمان نەچێ مرۆڤەکان چون یەک نین ، هەمیشە مرۆڤی هەلپەرست و بەرژەوەندیخواز هەن و لە پێناو گەیشتن بە

مەرامەکانیان  خۆیان لە پیاوە چاکەکان و پەیامە پیرۆزەکان نزیک دەخەنەوە.

ئەگەر سەرنج بدەین لە دەوروبەری پەیامبەر مرۆڤی دوڕو هەبون و لەگەڵ مسوڵمانان نوێژیان دەکرد و دەچونە جیهاد و هەمو ئەرکێکی مسولمانانەیان بەجێ دەهێنا، بەڵام دیارە کە مەرامی تایبەتیی خۆیان هەبوە ، هەبوە بۆ ئەوە شەڕی کردوە تا خەلک پێی سەرسام بن و ناوبانگ دەربکا ، یا هەر خۆی کەسێکی خوێنرێژ بوە ، هەبوە تەنها لە پێناو دەسکەوتنی ماڵ و کچی جوان چۆتە جیهاد ، وەک لە قورئاندا هاتوە:

- مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الْآخِرَةَ ۚ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ ۖ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ ۗ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٥٢﴾ ال عمران.

" هەتانە دونیای دەوێت و هەتانە دوارۆژ ............"

ئەوانەی هەر بۆ دنیا مسوڵمان بون دوای کۆچی پەیامبەر و ٤ جێنشینەکانی دوای خۆی ، کەوتنە پلان دانان بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و پاوانخوازی .

وەک ئاشکراشە برەودان بە شەڕ ئاسان نییە ، مرۆڤ ئەگەر باوەڕێکی زۆر پیرۆز و بەهێزی نەبێ ئامادە نییە خۆی بدا بە کوشت . ناردنی خەڵک بەرەو مەرگ مریاعی وریا و زیرەکی دەوێت .

شوانێکی بەستەزمان  لە دۆزەخی بیابانی گەرمی نیمچەدورگەی عەرەب لەژێر تیشکی سوتێنەری هەتاو رۆژ تا ئێوارە لە حوشتر و لمی بیابان و مەڕومالأت بەولاوە شتێکی تری بەرچاو ناکەوێ ، ژیانی ئەو خۆی دۆزەخە چونکە هەژارە و بێ بەشە لە هەمو خۆشییەکانی ژیان .

شوانی داماو ئەگەر مژدەی بەهەشت و ٧٠ پەریی جوانی بدەنێ ، یا بەڵێنی پێدانی ماڵ و کچی جوانی پێبدەن لە بەرامبەر شەڕکردن و سەرخستنی پەیامێک ، دەبێ چۆن بیربکاتەوە ؟

بێگومان لە بچوکترین دەرفەت دەگەڕێ تا لەم دۆزەخەی بیابان رزگاری بێ ، ئەگەر شەڕی کرد و نەکوژرا ئەوا ئەگەری زۆرە ببێتە خاوەنی ماڵ و کچی جوان کە دەستیان دەکەوێ لە شەڕەکە ، خۆ ئەگەر کوژراش ئەوا شەهیدە و شەوەکەی لە بەهەشت ٧٠ پەریی رازاوە چاوەڕێی دەکەن لە ناو باخ و گوڵستانی ڕازاوە.

ئەگەر دیندار بێ ئەوا پەیامەکەی پاڵنەر دەبێ بۆ بەشداری کردن لەم شەڕە پیرۆزە ، ئەگەر بێدینیش بێ دەسکەوتنی ماڵ و کچی جوان بەسە بۆ ئەوەی دەست بداتە شمشێر و بەشداربێ لە شەڕەکە ، لای ئەو گرنگ نییە کێ ڕاستە ، ئەو لایەنە ڕاستە کە داواکانی ئەو جێبەجێدەکات. ئەو باوەڕی بەو خودایە هەیە کە لەپێناوی شەڕدەکات .

بازرگانانی ئاین و نەتەوە چاک دەزانن مرۆڤ بە یەکێک لەم دو هەستە دەگیرێت ، ئەوەی باوەڕدار بێت مریاعێکی ئاینیی بۆ ئامادە دەکەن ، ئەوەی بێ باوەڕیش بێت مریاعێکی نیشتیمانپەروەر، گرنگ ئەوەیە هەستی خەڵکی بجولێنن و بەو ئاڕاستەیەی ببەن کە خاوەنی کێڵگە مەبەستیەتی .

جاری واش هەیە مریاعەکان هەم ئاینی و هەم نیشتیمانپەروەرن کە دەسکەوتێکی باشە ، چونکە زۆرێک لە خەڵکی هەم باوەڕدار و هەم نیشتیمانپەروەرن ، کەواتە ئەرکی مریاعەکان ئاسانتر دەبێت ، سەرنج بدە چەند پارت بە درێژایی مێژو پەیدابون هەم سیاسی و هەم ئاینی . ئەمرۆش لە گۆڕەپانی سیاسی نمونەی زۆر هەن کە ڕۆڵی مریاع دەگێڕن و بەناوی پیرۆزییەکان خەڵکی بەرەو قەسابخانە دەنێرن .

## سێیەم : مریاعی سەرمایەداری

وەک لە جۆری یەکەم باسمان کرد ، بنیاتنانی شارستانیەتەکان و پاوانخوازی و خۆدەوڵەمەندکردن هەر لە کۆنەوە هەبوە و ئەرکی بنیاتنان و دەوڵەمەندکردنی شارستانیەتەکانیش دیارە زیاتر کەتوتۆتە سەرشانی هەژاران . سەربازانی جەنگ و کرێکارانی کۆشک و تەلار هەمیشە لە چینی هەژاران بون .

لە جۆری یەکەم و دوەم پاڵنەری هەستی نەتەوایەتی و ئاینمان باسکرد ، بەڵام پاڵنەرێکی تر هەیە کە زۆر گرنگە ئەویش پاڵنەری

بەرژەوەندییە ، دیارە کە مەرج نییە هەمو ئەندامانی کۆمەڵگە هەستی نەتەوایەتییان هەبێت یا دیندار بن ، هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵ تەنها سامان و بەرژەوەندی دەیان جولێنێت ، بۆ ئەوەی هەمو ئەندامانی کۆمەڵگە ئاڕاستەبکرێن بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ، پێویستە هەمو چینەکانی سودمەند بن لە ئامانجەکە .

ئەگەر سەرنجی ئیسلام بدەین لە سەردەمی پەیامبەر (د.خ)، بۆ مانەوە و پاراستنی خۆی پێویستیی بە سوپا هەبوە ، چەندین جاریش توشی شەڕی گەورەبون ، دیارە کە سوپا پێویستیی بە تاکی ئازا هەیە ، جەنگیش هەم سەختە و هەم ترسناک ، ئەوانەی دەچنە جەنگ دەبێ پاڵنەریان هەبێت ، پاڵنەری سەرەکی لە سەردەمی پەیامبەر بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودا بوە زیاتر ، پاشان خۆشەویستیی خاک و هۆز و .... هتد .

ئەگەر سەرنج بدەین لە سەردەمی پەیامبەریش خەڵکێک هەبون تەنها بۆ دەسکەوت و سامان و ناوبانگ بەشداریان لە جەنگ کردوە ، وەک ئاماژەمان پێدا لە بابەتی پێشو . ئەم دیاردەیەش هەموکاتێک هەبوە ، هەر دەشمێنێت ، چوکە دیارە کە مرۆڤەکان هەمویان هەرگیز لەسەر بابەتێک کۆنابنەوە و بەرژەوەندی و پێشینەکانیان جیاوازن .

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ئەگەر سەرنج بدەین هەمان جۆرەکانی مرۆڤ بەدی دەکەین ، هەندێکمان بۆ دوارۆژ و ڕەزامەندیی خودا

نەبێت ئامادە نین گیانی خۆمان بەخت بکەین ، هەندێکیش هەن لە پێناو نیشتیمان و هۆز و تیرە نەبێت ئامادە نییە بچێتە مەیدانی شەڕ. هەندیکیش هەن تەنها بۆ دەسکەوت و سامان و ناوبانگ بەشدارە .

پاڵنەرەکان هەرچییەک بن مریاعی پێویست هەیە بۆ دابینکردنی سوپایەک لە خەڵکی بەشمەینەت و هەژار بۆ قوربانیدان ، ئەگەر سەرنجی مێژوش بدەین هەمیشە ڕوداوەکان دوبارەدەبنەوە بەڵام ناوەکان دەگۆڕێن ، وەک دەڵێن مێژو هەمیشە دوبارە دەبێتەوە بەڵام لە بەرگێکی نوێدا ، ئەم وتەیە ڕاستە بۆ ئەوانەی پەند لە مێژو وەرناگرن و هەمیشە لە بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێنەوە ، بەڵام ئەوانەی پەند لە مێژو وەردەگرن هەمیشە مێژو لە خزمەتیاندایە .

## گرنگترین جیاکەرەوەکانی مێگەل

### ١- تەمبەڵی و پشت بەستن بە مرۆڤ

قوتابییەک لای مامۆستایەک خەریکی خوێندن بو ، ساڵانێک قوتابی بو بەڵام دیارە گوزەرانی سەخت بوە و پێویست بوە کاربکات بۆ ئەوەی ژیانێکی شایستە بۆ خۆی دابین بکات ، ڕۆژێکیان چوەلای مامۆستاکەی و پێی ڕاگەیاند کە پێویستە کاربکات و ژیانی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات بۆیە چیتر ناتوانێ لەسەر خوێندن بەردەوام بێت ، مامۆستاکەی هیوای سەرکەوتنی بۆخواست و ماڵئاوایی لێکرد .

لەڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ماڵ کۆترێکی باڵشکاوی بینی ، بەدیاریەوە وەستا لەپڕ سەرنجی دا کۆترێکی تر خواردنی بۆ هێنا ، ئەم دیمەنە زۆر سەرنجی ڕاکێشا و ئەو بڕوایەی لەلا پەیدابو کە خودا کەس لەبیرناکات ، کەواتە ئەگەر کاریش نەکەم خودا هەر دەمژیێنێت ، بەپەلە گەڕایەوە لای مامۆستاکەی و ڕوداوەکەی بۆ گێڕایەوە و پێی ڕاگەیاند کە بڕیاری داوە بخوێنێت .

مامۆستاکەی پێی گوت " بۆچی دەتەوێ ببیتە کۆترێکی باڵشکاو ؟ بۆ ناتەوێ ببیت بەو کۆترەی کە خواردنی بۆ کۆترە باڵشکاوەکە هێنا ؟ ئەی نەتبیستوە پەیامبەر دەفەرموێ هەمیشە ئەو دەستەی خێردەکات لەو دەستە باشترە کە خێر وەردەگرێت ؟"

مـــێگەل بە شـــێوەیەکی گشـــتی پشـــت بە مـــرۆڤ دەبەســـتێ بۆدابینکردنی خۆراکی ڕۆژانە و پارێزگاریکردن لە مەترسییەکانی وەک ئـاژەڵی دڕنـدە و سـەرما و گەرمـا و دابینکردنـی شـوێنی حەوانەوە ، مێگەل خۆی ماندو ناکات بۆ گەڕان بە دوای خۆراک و ناشـتوانێ لە بچـوکترین مەترسـی خـۆی بپارێزێـت ، ڕەنـگە تاکەکانی مێگەل زۆر بە تواناش بن ، بەڵام فێرنەبون کە بەرگری لە خۆیان بکەن لە کاتی بونی مەترسییەکی دیاریکراو .

ئەگەر سەرنجی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدەین دەبینین لە زۆربەی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان پشت بە وڵاتـانی دەرەوە دەبەسـتن و خۆیـان خـاوەنی هـیچ نـین ، بەڵکـو بـارگرانین بەسـەر مرۆڤـایەتییەوە ، میللەتـانی ڕۆژهەڵات زۆربەی کـات ڕۆڵـی کـۆرە باڵشـکاوەکە دەبیـنن نەک کـۆترە خزمەتکـارەکە . ئەگەر سـەرنج بدەین لەڕوی ئیش و کارەوە زۆربەی تاکی ڕۆژهەڵاتـی کارمەندی دەوڵەتـن ، لەڕوی زۆریـی ژمـارەوە ڕەنـگە لە هـیچ سـوچێکی دنیـا وەک ئەم نـاوچەیە کارمەنـدی دەوڵەت بەم جۆرە نەبێت ، کەمتـرین داهێنان و خۆشگوزەرانیشی تێدا بەدی دەکرێت .ئەگەر سـەرنجێکی وردیـش بـدەین دەبینـین زۆرێـک لە کارمەنـدان تەنـانەت لەسـەر کارەکانیشیان خەریکی بەفیرۆدانی کاتن چونکە کارەکەیان ئاسانە و هیچ شتێکی گرنگی تێدا نییە .

زۆرێــــک لە کارەکـــانی دامودەزگاکـــانی دەوڵەت بـــریتین لە کۆمەڵێک کاری رۆتینیی (routine)[1] بێزارکەر و تاقەت پروکێن.

لە بنەڕەتـدا ڕۆتـین بـۆ ڕێکخسـتنی کاروبـار دانـراوە ، بەڵام لە سیستەمی ئـێمە مێژویەکـی خراپـی هەیە چـونکە دەسـەڵاتداران لە سـەردەمە جیاجیاکـان بە مەبەسـت ڕۆتینەکانیـان ئـاڵۆز کـردوە و خەڵکیان بە شتی زۆر لاوەکی و بێ سود سەرقاڵ کردوە تـا کـاتی ئەوەیـان نەمێنـێ بیـر لە شـتە گرنگەکـان بـکەنەوە ، وەک مـاف و ئازادی و ڕەخنەگرتن لە کەموکوڕییەکان .

هەر لەبەر ئەم هۆکارەشـــە کارمەنـــدەکانی دەوڵەت بە گشـــتی کارەکانیـان لەروی هـونەرییەوە زۆر سـادەن ، بەلام ئـاڵۆز و تـاقەت پروکێنن ، زۆر جار ئەرکێکـی ئەوتۆشیان تێدا نـیە بەلام لە هـیچ و خۆرایی ماندوت دەکەن ، بۆ نمونە کارمەند هەیە تەنها یەک ئیمزا و یەک مۆر دەکات ، ئەم کارمەندە چـاک دەزانـێ کـارەکەی ئەو هـیچ گرنگییەکـی نـیە ، بەڵام رۆتـین وای لێکـردوە کە وەک رۆبۆتێکی بێ گیان و بێ بەرهەم بجولێتەوە .

لە ئەنجامدا لەڕوی دەرونییەوە ئەم کارمەنـدە هەست بە پەسـتی و بێزاری دەکا چونکە دەبینێ کارەکەی زۆر سـادە و بێ بـایەخە، جـا

[1] ڕۆتـین (routine) لە بنەڕەتـدا وشـەیەکی فەرەنسـیە لە (route) هـاتوە، واتە رێگـا ، کە بریتیە لە زنجیرەیەک کار بە شێوەیەکی رێک و پێک بە دوای یەکدا دێن .

هەندێ جار ناچار دەبێ کارەکەی خۆی گرنگ پیشان بدا بە ڕاگرتنتی خەڵک و داواکردنی زانیاریی زیاتر و تەگەرە خستنەبەردەم کارەکانیان لەسەر کەمترین کەمو کوڕی، هاووڵاتیش کاتێک کاری دەکەوێتە دەزگا فەرمیەکان خەمێکی گەورە دایدەگرێ چونکە دەزانێ زۆر ماندو دەبێ لە هیچ و خۆڕایی .

**٢- بیرکردنەوەی سنوردار**

مێگەل بیرناکاتەوە یا وردتر بڵێین بیرکردنەوەی سنوردارە، بۆیە هەمیشە گوێڕایەڵە هەر بڕیارێک شوان بیدات ئەوا بەبێ کەم و زیاد جێبەجێدەکرێت ، هەر ئەندامێکیش هەوڵ بدات لە مێگەل دەرچێ ئەوا سەگەکان بە زوترین کات دەگەنە سەری و خێرا ڕەوانەی ناو مێگەلی دەکەنەوە .

مێگەل بیرناکاتەوە ، هەمیشە گوێڕایەڵی بڕیارەکانی شوانە ، ئەو میللەتانەی بیرناکەنەوە یاخود ئەرکی بیرکردنەوەیان بە کەسێکی تر سپاردوە ، ئەوا لە مێگەل نزمترن چونکە مێگەل ئەقڵی نییە و گلەیی لێناکرێت ، بەڵام مرۆڤ بەو هەمو ئەقڵ و تێفکرینە چۆن دەکرێت وەک ئاژەڵ بیربکاتەوە؟ ئایا ئێمە بیردەکەینەوە ؟

با تۆزێک بیر لە بیرکردنەوەمان بکەینەوە .

کە منداڵ بوین باوانمان تەنها فێری گوێڕایەڵییان کردین ، مامۆستاکانیش وەک توتی تەلقینیان داین و نەیانهێشت ئازادانە

بیربکەینەوە ، ئەوان تەنها بایی ئەوەیان فێرکردین کە لە کۆتایی ساڵ لە ئەزمونەکان دەرچین و بچینە قۆناغی داهاتو ، فێری بیرکردنەوە و بەدواداچون و لێکۆڵینەوەیان نەکردین . هەمو ئەوانەی لە ژیانمدا وەک مامۆستا لێم دەڕوانین بە داخەوە بە دەگمەن نەبێت کەسێکیان رۆژێک لە ڕۆژان فێریان نەکردم بیر بکەمەوە ، ئەوان تەنها گوێڕایەڵییان لێم دەویست ، بۆیە بە درێژایی تەمەنی خوێندنم کێشەم لەگەڵ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە هەبوە .

کاتێک گەورە بوین سیاسییەکانیش وەک مامۆستاکان داوای گوێڕایەڵییان لێکردین ، بەبیانوی جۆراوجۆر هەڵیان خەڵەتاندین کە وەک ئەوان بیربکەینەوە و گوێڕایەڵ بین چونکە ئەگەر لە قاڵبی بیرکردنەوەی ئەوان دەرچین دوژمنان و دەستی دەرەکی هەمیشە ئامادەن و لەناومان دەبەن ، کاتێکیش تێگەیشتین بۆمان دەرکەوت کە تاکە دوژمن ئەم تێگەیشتنە چەوتەی ئەوان بو کە وەک مۆتەکە یەخەمان بەرنادات .

بازرگانانی ئاینیش داوای گوێڕایەڵییان لێکردین و بە هەڕەشەی جۆراوجۆر لە قاڵبیان داین ، بە سزای ئێستا و ئاینده و سزای ناوگۆڕ و سزای دوای زیندوبونەوە . بەم شێوە بیرکردنەوەی کۆمەڵگەیان لە قاڵبدا و کۆمەڵگەیەکی مێگەل ئاسایان دروست کرد . هەموان داوای گوێڕایەڵییان لێکردین و کەس فێری

بیرکردنەوەی نەکردین ، لە کاتێکدا خودای گەورە لە سەدان جێگە لە قورئان داوای بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن و گومانکردن دەکات .

لە کۆمەڵگەکانی ئەم دەڤەرە گوێڕایەڵی باشە وبیرکردنەوە ترسناک ، تاکی گوێڕایەڵ خۆشەویستە و تاکی یاخی و خاوەن هەڵوێست بە چەندین ناو و ناتۆرەی ناشرین ناوزەد دەکرێ . گەورەکانمان بە بیانەی پاراستنی کۆمەڵگە و شیرازەی خێزان و ئاین لە بیرکردنەوە قەدەغەیان کردین ، سەرەنجام کۆمەڵگە و ئاین و وڵاتەکەشمان لە دەستدا . بوین بە مێگەلێکی گوێڕایەڵ و دوای چەند مریاعێک کەوتین ، ناشزانین بەرەو کوێمان دەبەن .

کۆبونەوەی خەڵکێکی زۆر بە دەوری کەسێک یا گروپێک لەژێر هەرناوێک بێت سەرەنجام مێگەل بەرهەم دێنێت ئەگەر هۆشیارییەکی چاکی لەگەڵدا نەبێت .

میللەتی ناهۆشیار توانای بڕیاردانی لاوازە ، یا بڕیار نادات یا بڕیاری هەڵە دەدات ، بۆیە هەمیشە لەناو میللەتی ناهۆشیار خەڵکێکی زیرەک هەڵدەستن بە بەرزکردنەوەی دروشمێکی پیرۆز کە زۆرترین کات (ئاینی یا نەتەوەیی) دەبێت ، ئەم خەڵکە لەژێر دروشمی پیرۆز و بریقەدار ڕۆڵی شوان دەبین و کۆمەڵگە دەکەن بە مێگەل و بەو ئاڕاستەیەی دەیانەوێت دەیبەن ، گرنگ نییە مێگەل هەرچیی بەسەربێت ، گرنگ ئەوەیە دوای بڕیاری حەکیمانەی شوان بکەوێت .

مرۆڤی ناهۆشیار ناتوانێت لۆجیکیانە بیربکاتەوە بۆیە بڕیارەکانی لە سۆزەوە سەرچاوە دەگرن لەجیاتی ئەقڵ ، بۆیە چارەنوسی خۆی دەداتە دەست کەسێک ، گروپێک ، پارتێک یا عەشیرەتێک و ئەرکی بیرکردنەوە بەوان دەسپێرێ .

ئەگەر سەرنجی مێژو بدەین زۆرترین قوربانیی شەڕەکان هەژار و ناهۆشیارەکانن ، هەمو قوربانیانیش بە درێژایی مێژو لەژێر دروشمی (ئاین یان نەتەوە ) گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی ، هەڵگیرسێنەرانی شەڕ دەبێ دروشمی نیشتیمان پەروەری یا جێبەجێکردنی فەرمانی خودا بەرزبکەنەوە تا زۆرترین کەس ئامادەبێت خوێنی خۆی بڕێژێت ، جاری اش هەیە هەردو دروشمی ئاینی و نەتەوەیی بەیەکەوە کۆدەبنەوە ، لێرەدا کارەسات گەورەتر دەبێت چونکە بە دەگمەن خەڵک هەیە یەکێک لەم دو دروشمەی لەلا پیرۆز نەبێت .

ئەگەر سەرنجی قارەمانان و هەڵگرسێنەرانی جەنگەکانیش بدەین دەبینین دوای کۆتایی هاتنی جەنگ و ماڵوێرانی تەواو بە پێچەوانەی دروشمەکانیان هەڵسوکەوت دەکەن ، دینداران خۆیان دەکەن بە پاشا و لە کۆشکی ملیۆنان دۆلاری دەژین و خەڵکیش لەبرسا سکی خۆی دەگوشێت ، نیشتیمان پەروەرانیش بەهەمان شێوە دەبن بە فیرعەون و لە کۆشکە ڕازاوەکانیان خەریکی ڕابواردنن لەکاتێکدا خەڵکی قوربانیدەر و هەژار کولانەیەک شک نابەن .

میللەتی ناهۆشیار هەمیشە لەگەڵ تەوژم دەڕوات ، واتە شەپۆڵی خەڵک بەرەو کوێی ببات ئەوێ مەنزڵگەیەتی ، بەڵام دەبێ بزانین کە چۆن مەلەکردن بە ئاڕاستەی ڕۆیشتنی ڕوبار هیچ هونەرێکی تێدا نییە ، ئاواش ڕۆیشتن لەگەڵ خەلك و گوێڕایەڵی کوێرانە بەرەو هیچ ئامانجێکی باشمان نابات ، مرۆڤە گەورەکان بە پێچەوانەی ئاڕاستەی کۆمەڵگەکەی خۆیان هەنگاو دەنێن ، هەروەک چۆن ماسییە بەهێزەکان بە پێچەوانەی تەوژمی ڕوبار مەلە دەکەن .

**٣- نەبونی خەون و ئامانج**

مێگەل خەون و دونیابینیی نییە ، ئامانجی مێگەل بریتییە لە تێرکردنی پاگەزەکانی[١] ، سەرەتا تێرکردنی ورگ و دواتریش تێرکردنی سێکس . لای ئاژەڵ ئاساییە بەم شێوەیە ژیان بکات چونکە ئەوا ئەقڵیان نییە تا بیر لە فەلسەفە و سیاسەت بکەنەوە ، بیرنەکردنەوەی ئەوان سودێکی گەورەی تێدایە بۆ ئێمە ، چونکە ئەگەر ئاژەڵان وەک ئێمە ئەقڵیان هەبوایە دەبو ئێستا هەمومان خەون بە نان و کەبابێکەوە ببینین .

ئیبن خەلدون دەڵێ:

[١] پاگەز : غریزة : Instict

"ئەگەر میللەتێـــک مـــاوەیەکی زۆر پەراوێزخـــرا و گـــوێی لـــێ نەگیـرا،ئەوا وەک ئـاژەڵی لـێ دێـت و هەمـو خەمەکـانی کـورت دەبنەوە لە تێرکردنی پاگەزەکانی "[1]

کاتێک مرۆڤ بۆماوەیەکی زۆر ژێردەستە و پەراوێزخرا ،وردە وردە لەشانۆی ژیان پاشەکشێ دەکات و قایل دەبێ بە ژیان کردن وەک ئاژەڵ، دەسبەرداری بەهاکانی وەک داهێنان و ئازادی و پێشکەوتن و مـافی مـرۆڤ دەبێـت و دەکەوێـتە حاڵەتێـک پێـی دەوتـرێ (Comfort zone)[2] ، ئەم حـاڵەتە وەک ئـالودەبونە بە مـاددە هۆشـبەرەکان ، کاتێـک مـرۆڤ لەسـەری ڕاهـات و پاگەزەکـانی تێربون ئەوا دەسبەرداری هەمو خەون و ئاواتەکانی دەبێت .

ئەگەر سـەرنجی میللەتـانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەراست بـدەین دەبینـین ئەم دیاردەیە بەڕونی بەدی دەکرێت چونکە میللەتانی ئەم ناوچەیە ژێردەسـتە بـون لە قۆنـاغێکی مێژویـی یـا ئێسـتاش ژێردەسـتەن ، عەرەب پـێش هـاتنی ئیسـلام ئـازاد بـون ، هەرچەنـدە دیـاردەی داگیرکـــاری و هەڵکوتانەســـەریەک لە نێـــوان هۆزەکـــانی نـــیمچەدورگەی عەرەب هەرلەکـــۆنەوە لەمێـــژوی عەرەب بەدی دەکـــرێ، بەلام ڕەنـــگە کـــاریگەریی ئەم جۆرەیـــان وەک هـــی

---

[1] مقدمة ابن خلدون.

[2] Comfort zone - منطقة الامان : بازنەی ئارامی، حالەتێکە لە تەمبەڵی و ژیانکردن بە کەمترین هەوڵ و کۆشش و رازیبون بە ژیانکردن وەک ئاژەڵ ، واتە تەنها زیندومانەوە و تێرکردنی پاگەزەکان.

داگیرکاریی دەرەکی نەبێ ، وەک دەشزانین هەمو وڵاتانی عەرەب لەلایەن وڵاتانی رۆژئاواوە داگیرکراون ، ئێمەی کوردیش بەداخەوە لەلایەن نەتەوەیەک داگیرکراوین کە خۆیان ژێردەستەییان چەشتوە، واتە ئێمە ٢ جار ژێردەستەین ، باسی داگیرکاریی فارس و تورکیش ناکەم کە هەریەکەیان لە قۆناغێکی مێژویی داگیریان کردوین ، بێگومان فارس و تورکیش ژێردەستەییان چەشتبو بەرلەوەی داگیرمان بکەن .

سەرەنجام ئێمەی کورد بوین بە قوربانیی کۆمەڵێك داگیرکاریی ناڕەوا و خوێناوی، کە بە داخەوەش هەموی لەژێر ناوی پیرۆز و دروشمی بریقەدار بون .

ئەگەر سەرنج بدەین مرۆڤ بەشێوەیەکی وا دروستکراوە کە سەری لە سەرەوەی هەمو ئەندامەکانە ، پاشان دڵ ، ئینجا گەدە و خوارتریش کۆئەندامی زاوزێ ، ڕەنگە ئەم دابەشکردنە پێمان بڵێت کە پێویستە سەر کۆنترۆڵی شتەکان بکات و سەنتری بڕیارەکان بێت .

دوای ئەویش دڵ ، واتە هەست و سۆزەکان ، بۆیە زۆرجار دەبینین کە بە سۆز بڕیاردەدەین ، لەبیریشمان نەچێت سۆز بەشێکی زۆر گرنگی ژیانی مرۆڤە . پاشان گەدە ، دیارە کە مرۆڤ بەبێ خواردن ناژیت ، خواردن زۆر گرنگە بەڵام گرنگتر نییە لە سۆز و

ئەقڵ ، دوای هەموشیان سێکس دێت ، واتە پێویستە سێکس لەڕوی گرنگییەوە لە دوای ئەقڵ و سۆز و خواردن بێت .

دیارە لای ئاژەڵ چونکە ئەقڵ و سۆز نییە ، گرنگترین شت لای ئەوان خواردنە و پاشانیش جوتبون . بەڵام لای مرۆڤ دەبێ بەو شێوەیە بێت کە باسمان کرد ، خۆ ئەگەر هاوکێشەکە پێچەوانە بویەوە ،ئەوا مرۆڤ دادەبەزێتە پلەی خوارتر لە ئاژەڵ .

سەرنجی ئاژەڵ بدە کاتێک دەلەوەڕێت ، تەنها دەسکەوتنی خواردن گرنگە لەلای بۆیە زۆرجار دەکەونە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ یەکتر لەسەر چڵەپوشێک یا مشتێک ئالف ، ئاژەڵ مانای پاکوخاوێنیش نازانێت ، لەوەڕگاکان پیس دەکات ، دارەکان دەشکێنێ ، بەهێزەکان بێ هێزەکان دەچەوسێننەوە ، ئەگەر سەرنج بدەین لە جیهانی مرۆڤەکانیش ئەم شتانە بەدی دەکرێن .

سەیری شەقام و سەیرانگا و شوێنە گشتییەکان بکە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، پڕن لە پاشماوە ، دیارە کە مرۆڤ وەک ئاژەڵ ژیا وەک ئاژەڵیش پاشماوە لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێ . سەرنجی خەڵکی بدە لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل ، هەمومان لە هەوڵی ئەوەین ڕێگاکە بۆ ئێمە بێت ، سەرنجی نۆرەگرتن بدە لە دامودەزگاکان ، هەمومان هەوڵی ئەوە دەدەین زوتر کارەکانمان ڕاپەڕێنین تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی خەڵکی تریش بێت .

دیـــاره كه پابەنـــدبون بە یاســـا و ڕێنماییەكـــان و دابـــونەریتە كۆمەڵایەتییەكانە مرۆڤ جیادەكەنەوە لە ئاژەڵ ئەگینا مرۆڤ و ئاژەڵ وەک یەک گیاندارن و هەمان پێكهاتەی جەستەییان هەیە . مرۆڤی ناپابەند بە یاسا و ڕێنمایی و دابونەریتەكانی كۆمەڵگە لە ئاژەڵیش نزمترە چونكە ئاژەڵ ئەقڵی سنوردارە و توانای پابەندبونی نییە بە یاسا و ڕێنمایی .

## ٤- كورت بینی

مێگەل كورت بینە ، ڕونتر بڵێین مێگەل پێویستیی بەوە نییە سەرنجی دور بدات چونكە بە تێڕوانینی ئەوان پێشەواكەیان هەمو ڕێگاكان شارەزایە و دانا و حەكیمە پێویست ناكات ئەوان ئەركی دۆزینەوەی ڕێگاكان بكێشن ، بێئاگا لەوەی كە پێشەواكەیان ناوێكی گەورە و ناوەرۆكێكی پوچە ، ئاخر مریاعی بەستەزمان لەسەر ئەوە ڕاهێنراوە كە لەدوای كەر بڕوات ، كەری بەستەزمانیش هەرچەندە بڕێک شارەزایە لە ناسینەوەی ڕێگاكان بەڵام توانای پێشبینی كردنی هیچ مەترسییەكی نییە . ئەگەر شوانێكی دڵسۆز و شارەزا مێگەلەكە لێ نەخوڕێت ئەوا بە دڵنیاییەوە كارەسات ڕودەدات .

سەرنجی كۆمەڵگەكانی ڕۆژهەڵات بدە ، چونكە كورت بینە هەمیشە لە ناو بازنەی قەیراندا دەژی و بەردەوام لەناو قەیراندا دەخولێتەوە ، كۆمەڵگەی كورت بین نازانێ چ شتێک پێداویستییە

و چ شتێکیش پاشکۆ یا کەمتر گرنگە . ئێمە پێویستمان بە دروستکردنی ئەپارتمان ڤێللاو گوندی ئینگلیزی و گوندی ئەڵمانی و باڵەخانەی گەورە نەبو ، چونکە هەزاران خێزان ئێستاش خەون بە خانوێکی سەد مەترییەوە دەبینن . ئێمە پێویستمان بە کڕینی ئۆتۆمبێلی گرانبەهاو تەلەفزیۆنی سمارت و تەلەفۆنی زیرەك و بنمیچی مەغریبی و بەردی حەلان و مەڕمەڕ نەبو ، ئێمە لە ڕاستیدا پێویستمان بە دەسکاریکردنی ناخی خۆمان هەبو . پێویستە لە سەرەتاوە خۆمان بنیات بنێینەوە و لە ڕێگەی پەروەردەی دروست چونکە بەڕاستی لەناخەوە وێرانین .

سەرنجی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدە ، کێشەکانیان هێند زۆرن لە ژماردن نایەن ، هەندێک کێشەش هەن هەمو ساڵێک لە وەرزێکی دیاریکراو دوبارە دەبنەوە بەڵام چونکە کۆمەڵگەکان کورت بینن کێشەکان هەر بەبێ چارەسەر دەمێننەوە ، بۆ نمونە کەم ئاوی کە زۆر جار دەبێتەهۆی وشکەساڵی ، سەیرە لە ناوچەیەک کە ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر باران دەبارێت ، ڕەنگە زۆرجار لافاو زیانی گەورە بە خەڵک بگەیەنێت ، جگەلەوەی ئاوی بارانەکەش هەموی بەفیڕۆ دەچێت ، بەڵام کاتێک هاوین دادێت هاواری وشکەساڵی و بێ ئاویمان لێ بەرزدەبێتەوە ! ئاشکرایە ئەگەر چەند بەنداوێک دروست بکرێت ، نە لە زستان لافاو ماڵی خەڵک وێران دەکات ، نە ئاوی بارانیش بەفیڕۆ دەچێت و نا هاوینیش بێ ئاو دەبین ، جگەلەوەی بونی بەنداو سودی ئابوریی زۆری هەیە وەک

زۆربـونی ماسـی ، بەرزکـردنەوەی داهـاتی گەشـتیاری ، زۆربـونی ناوچەی سەوزایی ، بوژانەوەی گوندەکان ، زۆربونی ئاوی ژێرزەوی و کانیاوەکان ... هتد.

ولاتـانی ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت هێنـدە کـورت بیـنن هەمـان هەڵە چەنـدین جـار دوبـارە دەکەنەوە بـێ ئەوەی وانەیەکـی لـێ فێـربن ، دوژمنان دەیان جار فێڵیان لێدەکەن ، هەرجارەو لەژێر ناونیشانێک ، بەڵام ئەوان هەمو جارێک دەکەونە داوی هەمان فێڵەوە .

ولاتـــانی ڕۆژهەلات لە ڕوبەڕوبـــونەوەی کێشـــەکان نمـــونەی دکتۆرێکی نەزانـن کە بەردەوام حەبی ژانەسـەر بە نەخۆش دەدات ، بێ ئاگا لەوەی کە ژانەسەر لە زۆربەی حاڵەتەکان نەخۆشی نییە ، بەڵکو نیشانەی نەخۆشییە . ئەگەر ڕیشەی نەخۆشی نەدۆزرێتەوە دەرمـانی پێویسـتیش دەسـت نیشـان نـاکرێ ، ئەوەش لەبیـرنەکەین دەرمانی هەڵە زیانی زۆرە و کێشەکان زیاتر دەکات .

کۆمەڵگەی دواکەتو لە چەندین لاوە دەرمانی نیشانەی کۆمەڵێک نەخۆشیی دەرخوارد دەدرێت تا وای لێهاتوە چەندین نەخۆشیی تری توش بوە کە چارەسەرکردنیان زۆر سەختە .

### ٥- خۆخۆری

تاکەکـانی مـێگەل لەنـاو خۆیانـدا زۆر ئـازان لە شـەڕکردن و یەکتـر هـاڕین و ململانێی توند دەکەن لەسـەر شـتی زۆر بـێ مانـا ، بەڵام

ئەگەر ئـاژەڵێکی نـامۆ بێتەنـاو مـێگەلەکە کەس شـەڕی لەگەڵ ناکـات یـا لانـیکەم دوری نـاخەنەوە لە لەوەڕگەکەی خۆیـان و زۆرجاریش کێشە دروست دەکات لەناو مێگەل و شەڕ بەرپادەکات بەڵام مـێگەلەکە لەجیـاتی بەرگـری کـردن هەر لەگەڵ ڕەویـنەوەی یەکەم ئەندامی مێگەلەکە هەموی دەکەوێتە ڕاکردن هەریەکی بە ئاڕاستەیەک .

سـەرنج بـدە کاتێـک شـێرێک پەلامـاری ڕەوەیەک گـای کێـوی دەدات کە سەدان گای کێویی تێدایە و هەریەکێکیـان سێ هێنـدەی شـێر قـورس و بەهێـزە ، ئەگەرچی لەناوخۆیـان کاتێـک شـەڕدەکەن زۆر ئــازا و تونــدوتیژن بەڵام کاتێــک دڕنــدەیەکی وەک شــێر پەلاماری یەکێکیان دەدات هەر هەمویان ڕادەکەن ، خۆ ئەگەر هەر دوانیـان ڕانەکەن و تۆزێـک بەرگـری بـکەن بە دڵنیـاییەوە شـێرەکە دەبەزێـنن ، ئەگەر تەنهـا ئەوەی پەلامـاری دراوە تۆزێـک بەرگـری بکـات دەتـوانێ شێرەکە ببەزێنێ چونکە گـای کێـوی زۆر بەهێـزە وقۆچەکـانی چەکێکی ترسـناکن ، بەڵام دیـارە مـانەوە و ئـازایەتی زیاتر پەیوەستە بە شێوازی ژیانکردن نەوەک هێز .

لەلایەکی تریشـەوە ئـاژەڵان بەپێی زنجیـرەی خۆراکی وا ڕێکخراون کە دەبێت هەندێکیان ببن بە خۆراکی هەنـدێکی تـر تەنانەت ئەگەر نێچیرەکان زۆر لە دڕندەکانیش بەهێزتر بن .

له جیهانی ئاژەڵ ئاساییە هێز یەکلاکەرەوەی کۆتای نەبێت بەڵام کاتێک میللەتێکی ٤٠ ملیۆنی وەک عێراق بە نمونە لە چەند سەد کەسێکی دەسەڵاتدار بترسێت ئەوەیان کارەساتە . میللەتی ناهۆشیار لەم خەسڵەتە زۆر لە مێگەل دەچێت ،کارەساتیش ئەوەیە کە لەناوخۆدا زۆر ئازان ، وەک دەڵێن " **شێری ماڵەوە و ڕێویی دەرەوەن** " .

لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەکەی خۆیان لەسەر یەک وشە ئامادەن شەڕ بەرپابکەن و خەڵک بکوژن بەڵام کاتێک بێگانەیەک داگیریان دەکات یا دیکتاتۆرێک ژیانیان لێ تاڵ دەکات هەموی وەک مەسەلەی مێگەلەکە هەریەک بە ئاڕاستەیەک هەڵدێ .

## ٦- شوێن کەوتنی کوێرانە

شوێن کەوتی کوێرانە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مێگەل ، وەک گوتمان مێگەل دوای مریاع دەکەوێت ، ئەویش دوای کەر و کەریش بە گوێرەی ئاماژەکانی شوان دەڕوات ، واتە ئەگەر شوان شارەزا نەبێت یا کەمتەرخەم بێت ئەوا چارەنوسی مێگەل دەکەوێتە دەست کەری بەستەزمان .

لەبیرمان نەچێت لای مێگەل هەر مریاع پێشەوایە ، مریاع جگەلە پێشەوایەتیکردن کارێکی تریشی هەیە کە بریتییە لە فریودانی ئەندامانی مێگەل کاتێک بەرەو قەسابخانە دەبرێن ، ئەو ئاژەڵانەی کە بەرەو قەسابخانە دەبرێن زۆرجار لە ئۆتۆمبێل دانابەزن چونکە

ئاژەڵی سەربڕاو دەبینن ، لێرەدا ڕۆڵی مریاع دێت کە دەبرێتە لای ئەو ئاژەڵانەی کە بۆ سەربڕین هاتون ، مریاع ڕاهێنراوە لەسەر ڕۆیشتن بەرەو قەسابخانە چونکە خۆی سەلامەت دەردەچێت ، بەڵام ئەوانەی لەدوای دەڕۆن نازانن کە بەرەو مەرگی خۆیان هەنگاو دەنێن .

نمونەکە وەک هەندێک لە سەرکردەکان دێتەبەرچاو کە ڕۆڵەی هەژار هاندەدەن بە دروشمی گەورە و پیرۆز بۆ ئەوەی بەرەو سەنگەر بچن وگیانی خۆیان بەخت بکەن لەپێناو خاکێک کە خۆیان خاوەنی نین .

زۆرجار بازرگانانی ئاین و سیاسەت بە وتار و دروشمە بریقەدارەکانیان خەڵکی بەرەو مەرگ دەنێرن ، ئەگەر ئەوان ڕاستگۆ بن دەبێ خۆیان لەپێشەوەی خەڵک بن ، هەمومان دەزانین هەندێجار شەڕکردن و بەرگریکردن ئەرکێکی پیرۆزە لەسەر هەموان ، بەڵام کاتێک مەرگ تەنها بۆ چینێک بێت و ژیانی خۆشیش بۆ چینێک ئەمەیان قبوڵ نەکراوە .

لەم ڕۆژانە ڤیدیۆیەکم بۆ هات لە لایەن برادەرێک لانیکەم پێش پێنج ساڵ تۆمارکراوە ، شێخێکی بەناوبانگی سعودی کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە پڕ بەدەمی هاواردەکات و دەڵێت :

**" کۆی زانایان بڕیاریان داوە شەڕکردن لە سوریا لە دژی ڕژێمی سوریا واجبە ، دەڵێ سەدان زانا کە سەربە زیاتر لە هەفتا دامەزراوەی ئاینین "**

بەڵام کەسێکی ئاقڵ لەوێ نەبو پێی بڵێت :

**" ئەگەر واجبە جەنابت بۆ پێشمان ناکەویت وەک پەیامبەر ؟ "**

ئامادەبوان وەک مێگەل هەموی خەریکی هاوارکردن و هوتاف کێشانن . کەسێکیان تێدانییە تۆزەک بیربکاتەوە و بڵێ پەیامبەر (د.خ) کەی خەڵکی ناردۆتە شەڕ وخۆی لە ماڵەوە پاڵداتەوە ! ئاخر ئەگەر واجب بێت دەبێ هەمو ئەو زانایانە لە پێشی پێشەوەی شەڕبن نەک منداڵی خەڵک بنێرنە پێشەوەی جەنگ و خۆشیان لە کوشنی دواوەی مێرسدسی ئاخیر مۆدیل دابنیشن !

## ٧- لاساییکەرەوە و یەکڕەنگ

پیاوێک لە گوندێکدا دوکانێکی ماسی فرۆشتنی هەبو ، تابلۆیەکی جوانی لەسەر دوکانەکەی هەڵواسیبو لە سەری نوسرابو (لێرە ماسی تازە دەفرۆشرێت) . دیارە لای خەڵکی گوندەکە باو نەبوە خەڵکی تابلۆ بنوسن لەسەر دوکانەکانیان بۆیە خەڵکی گوندەکە لایسان سەیر بو ، سەرەنجام چونە سەر کابرا و گوتیان تۆ تێک چویت ئەم ڕستە هەڵیت و پەڵیتە چیە نوسیوتە ! (لێرە ماسی تازە دەفرۆشرێت) بۆ مەگەر ماسی کۆنەی چەند ساڵەش

دەفرۆشرێت ! کابرا سەرسام بو ، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیویست نامۆ دەرکەوێ لەنێویان ، لە ترسی قسەی خەڵک وشەی (تازە)ی لابرد و نوسی (لێرە ماسی دەفرۆشرێت) .

دیسان کۆمەڵێک خەڵکی تر چونە سەری و گوتیان تۆ تێک چوویت ؟ لەم گوندەدا تەنها تۆ ماسی فرۆشیت ، بۆ مەگەر لە شوێنی تریش ماسی دەفرۆشرێت تا پێویست بکات وشەی(لێرە)بنوسیت لەسەر تابلۆ ؟ کاکی ماسی فرۆش دیسان تابلۆکەی گۆڕی و تەنها دو وشەی هێشتەوە (ماسی دەفرۆشرێت) ، دیسان کۆمەڵێکی تر هاتن و ڕەخنەی ئەوەیان لێگرت کە ماسی بێگومان بۆ فرۆشتنە ئەی قابیلە دەبێ بۆ چی بێت ؟

کابرا ناچار دیسان لەبەر قسەی خەڵکی تابلۆکەی گۆڕی تەنها وشەی (ماسی) هێشتەوە ، ئەمجارەیان هەمویان چونە سەر دوکانەکەی و گوتیان ، بێ عەقڵ خەڵک لە دوریی دەیان مەترەوە هەر بە بۆنە ناخۆشەکەی دەزانن ئەمە دوکانی ماسی فرۆشتنە ئیتر تابلۆی بۆ چییە ؟کابرای ماسی فرۆش زۆر بێزار بو بۆیە دوای ماوەیەک دوکانەکەی داخست لەبەر قسەی خەڵکی و وەک خەڵکی گوندەکەی بەردەوام بو .

ئەوڕۆژەی کە مردیش ، ڕێبوارێک کە بەو ناوچەیەدا تێدەپەڕی پرسیاری کرد دەربارەی مردوەکە ، خەڵکی گوندەکە گوتیان " خوا لێخۆشبو پیاوێکی بێ ئیش بو " .

کۆمەڵگە دواکەوتوەکان بەوە دەناسرێنەوە کە زۆربەیان لاسایی یەکتر دەکەنەوە و یرکرِەنگ و یەک ئاراستە و یەک جۆر بیرکردنەوەن ، کە ئەم خەسڵەتە زیاتر لە هی ئاژەڵ دەچێت نەک مرۆڤ چونکە یەکێک لە جیاکەرەوەکانی مێگەل لاساییکردنەوە و یەکرەنگییە ، هەر کە ئەندامێکیش گوتی باع ئیتر هەموی دەست دەکەن بە باعەباع.

گرنگ نییە مانای چییە ، باشە یان خراپ گرنگ ئەوەیە وەک یەک دەرکەون . لەناو مێگەل داهێنان و شتی نوێ نییە ،هەمو ڕۆژێک و مانگ و ساڵێک چون یەکن ، فەلسەفەی ژیانی مێگەل بریتییە لە خواردن و نوستن ، تا سەرەنجام بەرەو قەسابخانە دەبرێن .

ئەوانەی دەکەونە دوای قەرەباڵغی و هەرای سۆشیال میدیا و چەلەحانێی بێسودی ناو بەرنامە بێ ناوەرۆکەکان دەبێ بزانن کە بێ ئەوەی ئاگاداربن بون بە ئەندامێکی دەبەنگ لە مێگەلێکی گوێرایەڵ ، ئەوان میدیا و سۆشیال میدیا و قەرەباڵغی ئاراستەیان دەکەن نەک ئەقڵ و لۆجیک . ڕونیشە کە هەمیشە کۆمەڵ هەڵەیە و تاک ڕاست ، هەمیشە زۆرینە دەبەنگ و کەمینە هۆشیارە ، سەرنجی مێژوی مرۆڤایەتی بدە هەمیشە ئەم ڕاستییەت بۆ دەردەکەوێ کە زۆرینە هەڵەیە و کەمینە ڕاست ، بەڵام بەداخەوە لە کەلتوری وڵاتانی ڕۆژهەڵات تەواو پێچەوانەی واقیع لە هزری

تاکەکان چەسپاوە ، لای ئێمە کۆمەڵ ڕاستە و تاک هەڵە ، بۆیە زو زو ئەم دەستەواژە بێکەڵکانەی خوارەوەمان بەرگوێ دەکەوێت .

**"لەگەڵ عامێ بچۆ شامێ "**

**" مەڕی دورەپەرێز گورگ دەیخوات"**

ئەوەی شایانی باسە مێگەل هیچ سودێکی بۆخۆی نییە ، هەمو سودەکانی بۆ شوانە ، سەرباری ئەم هەمو خێروبێرەش بۆ شوان مێگەل هەر خۆی بە قەرزاری شوان دەزانێت ، چونکە بە تێڕوانینی ئەوان ئەگەر شوان نەبێت ئەوانیش نابن ، ئەوان هەمو ژیانی خۆیان متمانەی تەواویان بەوە هەیە کە شوانەکەیان دەیان پارێزێت لە هەمو مەترسییەک ، بێئاگا لەوەی کە شوان نزیکترین هاوڕێی قەسابە و هەر کاکەی شوانیشە مەڕەکان بەرەو قەسابخانە دەنێرێت .

ئەگەر سەرنجی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بدەین دەبینین لە زۆربەی لایەنەکانی ژیان پشت بە ولاتانی خۆرهەڵاتی ئاسیا و وڵاتانی رۆژئاوا دەبەستن ، خۆ ئەگەر سەرنجێک بدەینە دەوروبەری خۆمان دەبینین هەمو پێداویستیەکانمان بە دەستی ئەوانە دروست کراون کە ئێمە بە نەزانیی خۆمان بە پیس و بێ بێدین و نەزان ناویان دەبەین .

نازانم بەرهەمی وڵاتانی جیهانی سێیەم دەبێ چی بێ ؟ ئێمە لە زبڵ و پاشماوە زیاتر چ بەرهەم دێنین؟ ئاخر ئەگەر ئێستا

ڕۆژهەڵاتی ناوەراست هەموی لافاو بیبات و لەسەر نەخشە بسڕێتەوە مرۆڤایەتی چیی لە دەست دەچێت ؟ نەک هەر هیچی لە دەست ناچێت بەڵکو دەحەسێتەوە ، چونکە هەمو شەڕ و ناخۆشیەکان لەم ناوچەیەن و هەمو ئاوارەکانی جیهانیش لەم ناوچەیەوە دەچن یەخەی وڵاتانی ئەوروپی دەگرن و داوای مافی پەنابەرێتی دەکەن .

تەنانەت لەڕوی زانستیشەوە کاتێک خەڵکی ڕۆژهەڵات بەدوای خوێندن و بڕوانامەی باشدا دەگەڕێن ، ڕودەکەنە وڵاتانی دەرەوە چونکە وڵاتەکانی خۆیان خێریان تێدا نییە . بەرپرسان و دەوڵەمەندانیش بۆ بچوکترین کێشەی تەندروستی سەردانی دەرەوەی وڵات دەکەن ، تەنانەت بازرگانانی ئاینیش ، ئەوانەی شەو و ڕۆژ لە میدیاکانیان وڵاتانی ئەوروپا بە کافر و پیس ناودەبەن زۆرێکیان وێنەیان گیراوە لەژێردەستی ئەو دکتۆرە بێدین و پیسانە ڕاکشاون و چاویان لەدەستی ئەو بێدینانەیە چارەسەریان بکەن !

کۆمەڵگەی دواکەتو بە شێوەیەکی گشتی لە هەموشت فەقیرە ، لە هەموشتیش لاسایی خەڵکی دەکاتەوە ، خۆی هەرگیز بۆچونی نییە، بۆ نمونە دەبینی لە بابەتی ئاین لە سادەترین شت پرسیار لە مامۆستای ئاینی دەکەن ، ڕۆژانە لە میدیا ، لە سۆشیال میدیا لە ڕادیۆ لە مزگەفتەکان ملیۆنان کەس پرسیاری وا هێندە بێ مانا دەکەن کە مرۆ شەرم دەیگرێ باسیان بکات !

کاتێک ئەم شتانەت بەرچاو دەکەوێت بەبێ ویستی خۆت زۆرجار کۆمەڵگەت وەک مێگەل دێتەبەرچاو ، کاتێک مرۆڤەکان هەمو ڕۆژێک بە درێژایی ژیانیان هەمان شت دوبارە دەکەنەوە و هیچ هەوڵێک نادەن بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتن ، کاتێک مرۆڤەکان دۆست و دوژمنی خۆیان ناناسن و چارەنوسی خۆیان بە کەری شوان ومریاعەکەی دەسپێرن ، کاتێک مرۆڤەکان سودیان بۆ خۆیان نییە و تەنها خزمەتی خاوەن مێگەل دەکەن ، بەبێ ویستی خۆت خەڵکیت وەک مێگەل و وڵاتیشت وەک لەوەڕگایەکی گەورە دێتەبەرچاو .

## ٨- بێدەسەڵاتی

مێگەل بێدەسەڵات و ترسنۆکە ، بەهێزە بەڵام نازانێ کە بەهێزە ، واتە کێشەکە دیسان نەزانییە ! بۆیە دڕندەیەکی بە قەبارە بچوک یا چەند ئاژەڵێکی دڕندەی وەک کەمتیار هێرش دەکەنە سەر مێگەلێک کە سەدان گای کێویی تێدایە و هەریەکێکیان توانای هەیە چەند کەمتیارێک بە شاخەکانی بکوژێت ، کەچی دەبینین زۆربەی جارەکان دڕندەکان سەردەکەون .

کێشەکە تەنها ئەوەیە کە ئەندامانی مێگەل نازانن چەند بەهێزن ، ئەگەر بزانن چەند بەهێزن هیچ ڕەوە شێرێکیش ناتوانێت زیانیان پێ بگەیەنێت . دیارە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا لە جیهانی ئاژەڵ یاساکان بەم شێوەیەن و هەرەمی خۆراکی و هاوسەنگیی ژینگەیی بەم شێوەیە ڕێکخراوە .

بەڵام کارەسات ئەوەیە مرۆڤەکان وەک مێگەل ڕەفتار بکەن. ئاشکرایە کە کۆمەڵگەی دواکەوتو ترسنۆک و بێ ئیرادەیە ، بەهێزە بەڵام وەک ئەندامانی مێگەل نازانن کە بەهێزن ، بێگومان ئەوەش بێ هۆکار نیە و سالانێکی زۆر کاری لەسەرکراوە ، دیکتاتۆران هەمیشە هەوڵدەدەن خەڵکی لە نەزانیدا بهێڵنەوە چونکە هۆشیاریی تاک واتە لەناوچونی ئەوان .

کۆمەڵگەی دواکەوتو لەبەر ئەوە ترسنۆک و بێ ئیرادەیە چونکە نازانێت هێز لای کێیە ، ئەگەرنا چۆن ولاتێکی ٤٠ ملیۆنیی وەک عێراق بە دەست کەمتر لە هەزار کەس گیرۆدەی ئەم هەمو دەرد و بەڵایە بوە ؟

با بزانین هێز لەلای کێیە:

١% فەرمانڕەوایی کۆمەڵگە دەکەن .

٤% خزمەتی فەرمانڕەواکان دەکەن .

٥% بیرمەند یا هۆشیارەکانن کە ڕاستیەکان دەزانن .

٩٠% نوستو و بەنجکراون.

ململانێی سەرەکی ئەوەیە ٥% کە هۆشیارن دەیانەوێ ٩٠% ە نوستوەکە هۆشیار بکەنەوە بەڵام ٤% ە سودمەندەکان ناهێڵن هۆشیاری هەبێت چونکە بەرژەوەندیی ئەوان لەناو دەچێت.

ئەگەر سەرنجی مێژو بدەین دەبینین گۆڕانکاری لە دەسەڵات لە جیهان تا سەدەی نۆزدەش تاڕادەیەک توندوتیژ بوە ، لە سەدەی بیستەوە گۆڕانکارییەکان زیاتر بە ڕێگەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بوە بە ڕێگەی هەڵبژاردن ، دیارە لە رۆژهەڵات هێشتا ئەم جۆرە گۆڕانکارییە ڕوی نەداوە ، بە بەڵگەی ئەوەی کە بە دەگمەن سەرۆکێکی وڵات لە ڕۆژهەڵات بەدی دەکرێ دوای جێهێشتنی دەسەڵات لە ژیاندا بێت ، یا چەند سەرۆکێکی یەک وڵات لەژیاندا مابن ، لە کاتێکدا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا جاری وا هەیە پێنج سەرکردەی یەک لە دوای یەک بەیەکەوە دەبینرێن .

ئاشکرایە گۆڕانکاری یا دەبێ بە هەڵبژاردن بێ یا بە ڕاپەڕین و شۆڕشی چەکداری ، ئەوەی کورد لە ساڵی ۱۹۹۱ کردی ڕاپەڕین نەبو بەڵکو داتەپین و لاوازبونی رژێمی بەعس بو فرسەتی بە پارتە کوردییەکان دا لە شاخ دابەزن و دەست بگرن بەسەر بەشێکی عێراق,کورد هەرگیز ڕانەپەڕیوە ، چونکە ڕاپەڕین قۆناغبەندیی هەیە.

هیچ میللەتێک ڕاناپەڕێت تا هۆشیار نەبێتەوە ...

هۆشیار بونەوە بەبێ شۆڕشی هزری ڕونادات ...

شۆڕشی هزری بەبێ شۆڕش لە هزری ئاینی سەرناگرێت ...

شۆڕش لە هزری ئاینی ڕونادات تا بڕیاری گۆڕانکاری نەدەین...

گۆڕانکاریش پێداچونەوەیە بە موسەللەمات و موقەدەسات ...

گۆڕانکاریی ڕیشەیی و تاکە گۆڕانکاریش ، گۆڕانکاریی ناخە.

هەمو ئەم قۆناغانەی سەرەوە پێویستن بۆ ڕاپەڕینێکی تەندروست ، بەبێ تێپەڕین بەم قۆناغانە هەرچییەک بکەین لە ماڵوێرانی زیاتر دروێنە ناکەین . هەرچییەک بکەین هەر دوبارەکردنەوەی مێژوە بەڵام لە بەرگێکی نوێدا ، دیکتاتۆرێک لادەبەین یەکێکی تر دروست دەکەین ، لەبیرمان نەچێت دیکتاتۆران لەدایک نابن بەڵکو دروست دەکرێن ، هەر بۆیە هەمویان لە یەک دەچن .

ئێمە میللەتێکی دیکتاتۆرین ، تاک بەتاکی میللەت دیکتاتۆرە میللەتێک بچوکترین و سادەترین ئەرکەکانی جێبەجێ ناکات و داوای خۆشترین ژیانیش دەکات ، میللەتێک لە سەدەی ٢١ دەژی تا ئێستا نازانێ شار و شەقامەکانی پاک رابگرێ ، نازانێ دروست بە ڕێگادا بڕوات ، نە بەپێ ونە بە سواری میللەتێک نەزانێ زبڵ و پاشماوە لە جێی خۆی دابنێ بێگومان ناشزانێ کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنێ .

دوکاندارێک هەمو شۆستەکەی بەردەمی گرتوە ، لەبەردەم دوکانەکەشی ناهێلێ کەس ئۆتۆمبێل ڕابگرێ ، کاتێک دەچێتە سەیرانیش باشترین جێگە دەگرێت و پاشان دەیکاتە زبڵدان . کە باسی ئەرک و مافیش دەکرێت وەک پارێزەرێک دێتە مەیدان و هەموان بە کەمتەرخەم دەزانێ تەنها خۆی نەبێت . بەبێ شۆڕشی

هۆشیاری مەحاڵە بتوانین دەرچین لەم بارودۆخە نالەبارەی کە چەندین ساڵی تێی کەوتوین ، بڵاوکردنەوەی هۆشیاریش سەختە لە کۆمەڵگەیەک کە بڕیاری ئەوەی دابێت هەمیشە لەسەر هەقە .

میللەتی ناهۆشیار و مێگەل ئاسا چونکە لاواز و ڕێزلێگیراو نییە ناچار بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەرونی و زاڵبون بەسەر گرێی خۆبەکەمزانی زۆرجار پەنادەباتەبەر خۆهەڵکێشان ، سەرنج بدە مرۆڤی ئازا و هۆشیار هەمیشە خاکی و لێبوردەیە بەڵام لاواز و ترسنۆکەکان هەمیشە حەزدەکەن خۆیان گەورە دەربخەن ، وە لەبەرئەوەی میللەتە ناهۆشیارەکان هیچیان نییە شانازیی پێوە بکەن ناچارن هەگبەی ئەفسانە و چیرۆکی باوباپیران هەڵدەنەوە و بەدوای شانازیدا بگەڕێن .

میللەتە دواکەوتوەکان شانازییەکانیشیان وەک خۆیان بێنرخن ، بۆ نمونە شانازی دەکەن بە کوشتار و بردنەوە لە شەڕ و هەمو ژیانیان خەریکی گێڕانەوەی کۆمەڵە داستان و ئەفسانەیەکن کە لە ڕاستیدا هەرگیز ڕویان نەداوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی لەکۆندا کامیرا و میدیا نەبوە خەڵکیش سادە و نەزان بون بۆیە هەر چیرۆکێکی خۆشیان بەرگوێ بکەوتایە باوەڕیان پێدەکرد و پشتاوپشت بۆ نەوەکانی خۆیان دەیان گواستەوە .

سەرنج بدە ، بۆچی لەدوای پەیدابونی کامێرا و ئینتەرنێت و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا داستان و ئەفسانەکان لەناوچون ؟ بۆچی

تا ئەم سالانەی دواییش خەڵک باوەڕی وابوە کە خەڵک هەبون توانای فڕینیان هەبوە هێندە لەخوا نزیک بون ؟ من لە مامۆستای ئاینیم بیستوە کە خەڵک هەبوە فڕیوە چونکە زۆر پیاوێکی باش بوە ، یاخود خەڵک هەبوە لەژێر ناوی پیرۆز خەڵکیان خەڵەتاندوە و چارەسەریی پێوەدانی ماریان کردوە بە تفی دەمیان !

من لە نزیکەوە بنەماڵەیەک دەناسم تا چەند ساڵێکیش لەمەوبەر بڕوای تەواویان بەوە هەبو کە تفی ئەوان دەرمانە بەتایبەتی بۆ چارەسەریی پێوەدانی مار و دوپشک ، خەڵکێکی زۆریش سەردانیان دەکات و بە پیرۆزیان دەزانێت ، ئەوانیش بێشەرمانە بەناوی خودا و پیرۆزییەکان ناهۆشیاریی خەڵک دەقۆزنەوە و خۆیانی پێ دەوڵەمەند دەکەن . زۆربەی سەروەری و شانازیی میللەتانی ڕۆژهەڵات وەک بیرکردنەوەیان داتەپیو و وێرانەیە .

# بەشی دوەم

# مێگەلە فەیلەسوف

## مێگەلە فەیلەسوف

بیرمەندێک دەڵێ :

" لای چایچیەک دانیشتم باسی سیاسەت کرا، چایچیەکە وا باسی سیاسەتی دەکرد وەک ئەوەی بلیمەت ترین سیاسی بێت، باسی ئاین کرا بە هەمان شێوە باسی ئاینی کرد و ڕەخنەی لە هەمو زاناکان گرت و لێمان بو زانای ئاینی ، پاشان باسی وەرزش کرا بە هەمان شێوە ماوەیەک لەسەر ئەویش دوا و بو بە پسپۆڕی وەرزشی ، ئەو لە هەمو بابەتەکان پسپۆڕ بو بەڵام نەیدەزانی چایەکی باش ئامادە بکات ، لەکاتێکدا ڕۆژانە زیاتر لە ٥٠٠ چای دەفرۆشت "

لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی خەڵک دەربارەی هەموشت قسەدەکەن بێ ئەوەی لە هیچ لەو بابەتانە شتێکی ئەوتۆ بزانن ، هەر کەسێک چەند وشەیەک دەبیستێ دەبێتە شاعیر و ڕۆماننوس چونکە هێندە چونەتە ناو دنیای خەیاڵ لەگەڵ میدیا و سۆشیال میدیا بێ بەرنامە و پڕ لە خەیاڵ و خاڵی لە هزر ، زۆرێک لە خەڵکی خۆیان لێ بۆتە فس فس پاڵەوان و لە هەمو مەیدانێک ئەسپی خۆیان تاو دەدەن .

ئینگلیزیش لەم بارەیەوە دەڵێ :

" A Jack of all trades is a master of none "

" ئەوەی هەمو کارێک بکات لە هیچیان وەستا نییە ".

ئـێمەش تەواو وەک چـایچیەکەین، لە هەموشـت قسـە دەکەیـن لە کاتێکدا لە کارەکەی خۆشمان بەتەواوی شارەزا نین .

لە کۆنیشەوە گوتراوە :

" زۆربەی کێشەکانی ئێمە چارەسەر دەبون ئەگەر نەزانەکان وازیـان لە قسەکردن بهێنایە "

نەزانی دەردێکە هێنـدە کوشـندەیە لەگەڵ هەرچی کۆی بکەیـتەوە ئەنجامی باشت دەست ناکەوێ .

نەزانی لەگەڵ هەژاری ، تاوان بەرهەم دێنێ .

نەزانی لەگەڵ پارە ، گەندەڵی بەرهەم دێنێ .

نەزانی لەگەڵ دەسەڵات ، دیکتاتۆر بەرهەم دێنێ .

نەزانی لەگەڵ ئازادی ، بەرەڵلایی بەرهەم دێنێ .

نەزانی لەگەڵ ئاین ، ترس و تۆقاندن بەرهەم دێنێ .

نەزانـی دەردێکـی زۆر گـرانە ، چەنـد جـۆرێکی هەن کە ڕادەی ترسناکییان بەپێی جۆرەکانیـان دەگۆڕێت ، گرنگترین جۆرەکـانی نەزانی ئەمانەی خوارەوەن :

**١- نەزانیی سادە (الجهل البسيط)**

بریتییە لە تێگەیشتن و هەبونی بیرۆکە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو لەگەڵ نەبونی زانیاریی تەواو لەسەر بابەتەکە بە وردی . ئەو جۆرە نەزانییە ئاساییە و هەمومان بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەم جۆرە نەزانییەمان تێدایە ، ئەم جۆرەیان چارەسەر دەکرێت و ترسناک نییە چونکە ئاشکرایە کە هیچ کەسێک نییە لە هەمو بابەتەکان زانیاریی تەواوی هەبێت .

### ٢- نەزانیی تەواو(الجهل الكامل)

ئەم جۆرەیان بریتییە لە نەبونی زانیاریی پێویست لەسەر بابەتێکی دیاریکراو ، واتە بە کەسێک دەگوترێت کە هیچ زانیاریی نەبێت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو ، ئەم جۆرەشیان ئاساییە و ڕەنگە هەمومان ئەم جۆرە نەزانییەمان تێدابێت ، چونکە کەسێک نییە لەهەموشت بزانێت ، ئەم جۆرەشیان چارەسەر دەکرێت و سەختیش نییە ئەگەر تاک ئارەزوی فێربونی هەبێت .

### ٣- نەزانیی ئاڵۆز (الجهل المركب)

ئەوەیە کە شتێک نەزانین و خۆمان بە زانا پیشان بدەین . ئەم جۆرەیان ترسناکە ، چونکە ئەم جۆرە نەزانە دان بە نەزانیی خۆی دانانێت ، کاتێکیش کەسێک هەست بکات تەندروستە چ پێویستیی بە گوێگرتنە لە دکتۆر ؟ ڕەنگە زۆرێک لە کێشەکانمان لەگەڵ ئەم جۆرەیان بێت ، چارەسەرەیی ئەم جۆرە نەزانییەش سەختە .

زۆربەی سەرچاوەکان نەزانی بەسەر سێ جۆر دابەش دەکەن ، بەڵام بە بۆچونی من جۆریکی تریش هەیە لە نەزانی کە بەڕای من ترسناکترین جۆریانە ، بریتیە لە نەزانیی پیرۆز .

## ٤- نەزانیی پیرۆز (الجهل المقدس)

ئەو جۆرە نەزانیەیە کە سەرچاوەیەکی باوەڕیی هەیە وەک ئاین ، ئەوانەی هەموشت بە ئاین دەبەستنەوە هیچ کاتێک ئامادە نین دەسبەرداری بۆچونەکانی خۆیان بن و هەمیشە هەموکەس هەڵەیە تەنها ئەوان ڕاستن ، ئەم جۆرەیان زۆر ترسناکە و چارەسەریی زۆر سەختە چونکە نەزانییەکی پیرۆزە و دەسبەرداربون لە پیرۆزییەکانیش واتە دەرچون لە ئاین بە لێکدانەوەی ئەوان .

دیکتاتۆران و بازرگانانی ئاین کار لەسەر جۆری سێیەم و چوارەمی نەزانی دەکەن و بە بەرنامە کۆمەڵگە دەگۆڕن بۆ مێگەلێکی گوێڕایەڵ .

ئەگەر سەرنجی وڵاتانی جیهانی سێیەم بدەین سەردەمانێک داگیرکراوبون ئێستاش دوای سەربەخۆیی هێشتا ئاسەواری داگیرکارییان پێوەدیارە ، سەرۆکی وڵات و کاربەدەستە گەورەکان گرێدراوی سیاسەتی وڵاتە زلهێزەکانن ، واتە ئەو وڵاتانەی کە پێشتر داگیرکراوبون هەرچەندە بە ڕواڵەت ئازادن بەڵام لەڕاستیدا سەر بە وڵاتە داگیرکەرەکانن یا لانیکەم سیاسەتی ئەوان پەیڕەو دەکەن .

سەرۆک لە وڵاتانی جیهانی سێیەم زیاتر وەک مریاع دێنەبەرچاو ، لە باشترین دۆخیاندا دەتوانن ببن بە کەری شوان ، ئەوان هیچ بڕیارێکی چارەنوسسازیان بەدەست نییە و تەنها لەسەریانە گوێڕایەڵی فەرمانی شوانەکانیان بن ، کە دەوڵەتە زلهێزەکانن .

میللەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم وەک مێگەل ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت ، سوپا و هەمو هێزەکانیش وەک سەگی شوان هەمو کات ئامادەن بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەر مەترسییەک لەسەر مریاعەکان . لە وڵاتانی جیهانی سێیەم هێز و سوپا بۆ داپڵۆسینی دەنگی ئازادە نەک بەرگری کردن لە سنور ، چونکە سنورەکان دەمێکە لەلایەن شوانەکانەوە دیاریکراون .

" ئەو کۆمەڵگەی وابزانێ دەست نوێژ و نوێژەکان و ڕەمەزان و عەمرەکردن گوناهەکانی دەسڕنەوە ، بێباک دەبێت و سڵ لە تاوانکردن ناکاتەوە "

## دروستکردنی مێگەل

ئاشکرایە کۆمەڵگەی مرۆڤ زۆر جیاوازە لە کۆمەڵگەی ئاژەڵ ، ئەگەرچی لە هەندێک کاردانەوە و هەڵسوکەوت زیندەوەران لەیەک دەچن بەڵام لە بنەڕەتدا مرۆڤ پلەیەکی باڵای هەیە و ناکرێت وەک زیندەوەرانی تر ڕەفتار بکات یا قبوڵ بکات ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت .

هەر لە کۆنەوە چاوچنۆکان و دیکتاتۆران هەوڵیان داوە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بخەنەژێر ڕکێفی خۆیان و بەو ئاڕاستەیەی ببەن کە خۆیان دەیانەوێ ، دیارە کۆیلایەتی کۆنترین شێوازی بە مێگەلکردنی مرۆڤ بوە ، ئەگەرچی ئێستا کۆیلایەتی لە هەمو جیهان قەدەغەیە بە شێوەیەکی فەرمی بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین ئێستا زۆر شێوازی نوێی کۆیلایەتی پەیدابون کە لە شێوازە کۆنەکەی کۆیلایەتی نامرۆڤانەترن .

هەندێ جار مرۆڤ لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئامادەیە هەمو ڕێگەکان بگرێتەبەر ، تەنانەت ئەگەر ڕێگەکان نایاسایی و نامرۆڤانەش بن ، یاساکانیش زۆر جار بە پاساوی جۆراوجۆر ڕێگە بە خەڵک دەدەن کۆیلایەتی بژیێننەوە بەڵام لەژێر ناوی جیاجیای وەک بازاڕی ئازاد ، پێشخستنی وڵات ، پێشخستنی باری ئابوریی وڵات ، برەودان بە وەرزش .... هتد .

جێـیَ ئامـاژەیە ئامرازەکـانی بە کـۆیلەکردن یـا بە مێگەلکردنـی مرۆڤ زۆرن بەڵام بە تێڕوانینی مـن بریتین لە (ئـاین ، سیاسـەت ، ئـابوری) ، لە هەر نـاوچەیەک بەپێـی کەلتـور و بیرکـردنەوەی خەڵک ئەم سێکوچکەیەی سەرەوە ڕۆڵ دەگێڕن لە بەرهەمهێنـانی کۆمەڵگەیەکی دەستەمۆ و گوێڕایەڵ .

ئـاین لە بنەڕەتـدا پەیوەنـدییەکی پیـرۆزە لە نێـوان خـودا و مـرۆڤ ، هـیچ پەیـامێکی ئاسـمانی و زەمینـی فرمـان بە خـراپە ناکـات و خەڵک هان نادات لەسەر بەکۆیلەکردن و پێشێلکردنی ئازادییەکانی خەڵکـی تـر ، بەڵام بەداخەوە دەبینـین زۆر جـار ئـاین بەکـارهێنراوە و بەکاردەهێنرێـت بـۆ دروسـکردنی گـوێڕایەڵی و بێـدەنگ کردنـی دەنگی نـاڕەزایی خەڵک ، دیـارە ئەم جۆرە ئـاینە قبـوڵکراو نییە و ئـاینێکی سـاختەیە ، چـونکە خـودا کە بڕیـارە خـۆی خـاوەنی مرۆڤەکان بێت بەوە قایل نابێت مافەکانی مرۆڤیش پێشێل بکرێن.

ئەوەی ئـاین ناشرین دەکـات ئەوانەن کە خۆیـان کـردوە بە نـوێنەری خـودا لەسـەر زەوی و واژۆ و مـۆری خودایـان بە دەسـتەوە گرتـوە و ناردنی خەڵک بۆ بەهەشت و دۆزەخ بۆتە پیشەیان . ئەم نوێنەرانەی خودا هەنـدێکیان مریـاعی لایەنێکـی دیـاریکراون و هەندێکیشـیان بە نەزانیی خۆیان خەریکی بە مێگەلکردنـی کـۆمەڵگەن و بیَ ئەوەی هەستی پێبکەن خزمەتی دیکتاتۆرەکان دەکەن .

سیاسەتیش یەکێکە لە هۆکارەکانی بە مێگەلکردنی کۆمەڵگە ، دیارە کە بڕیاری سیاسیی گرنگ لە سەرەوە بەرەو خوار دێت ، سیاسییەکانی خوارەوە کە یارمەتیدەری مریاعن هەمیشە خەریکی ڕازاندنەوە و ماکیاژکردنی روخساری ناشرینی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانن ، لەم پێناوەشدا هەمو هەوڵ و کۆششێک دەخەنەگەڕ بۆ بەلاڕێدابردنی خەڵک و بە مێگەلکردنی کۆمەڵگە.

سیاسەت لە نبەڕەتدا ئامرازێکە بۆ خزمەتکردنی وڵات ، وڵاتیش واتە میللەت ، ئەگەر سیاسەت لە خزمەتی خەڵک نەبو ئەوا بێگومان لە دژیەتی . سیاسەتیش وەک هەمو بوارەکانی تر لەناو کۆمەڵگەی ناهۆشیار تەنها خزمەتی بنەماڵەی دیکتاتۆران دەکات و هەمو میللەت دەخاتە خزمەتی گروپێکی بچوک ، بەڵام بۆ ئەوەی خەڵک نارەزایی دەرنەبڕن پێویستە گەورەکان پیرۆز بکرێن .

سەرنجی میدیای وڵاتە دیکتاتۆرەکان بدە بەر لە ناوهێنانی سەرۆکەکانیان چەند نازناو و وشەی قەبە و بریقەدار بەکاردێنن ، سەرۆکی فەرماندەی شۆڕشگێڕی تێکۆشەری خودا لە پشت ، خودا بیپارێزێت ..... هتد . لە بەرامبەردا لەو وڵاتانەی کە مرۆڤ تیایدا نرخی هەیە ، ناوی سەرۆکی وڵات وەک ناوی هەر هاووڵاتیەک دەهێنرێت ، تەنیا ناوی ئەو پۆستە لەپاڵ ناوی دەرۆک دێت کە پۆستی فەرمیی خۆیەتی .

دەسەڵاتێکی زۆر گەورە هەیە کە زۆربەی بڕیارە چارەنوسسازەکانی دنیای بەدەستە ، ئەویش دەسەڵاتی ئابورییە ، ئەو کەسانەی پارەیان زۆرە هەمیشە بڕیارەکان یا بەدەستی ئەوانە یا لە بەرژەوەندیی ئەوانە، ملیاردێرە گەورەکانی جیهان کۆنترۆڵی زۆربەی جومگە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵگەکان دەکەن ، سیاسییەکانیش و جارجارە مریاعە دیندارەکانیش دەبنە هاوبەشیان لە پێناو دەسکەوتنی پاروی چەور و خۆشگوزەرانی.

زۆر جار سێکوچکەی (ئاین و سیاسەت و ئابوری) بەیەکەوە کۆدەبنەوە و ژیانێکی خۆش فەراهەم دەکەن بۆ چینێکی تایبەت کە پێکدێت لە خۆیان و نزیکەکانیان ، پاشان هەرسێکیان کار لەسەر بەمێگەلکردنی کۆمەڵگە دەکەن ، هەر یەکەیان بە چەکی تایبەتی خۆی ، بازرگانانی ئاین بە دەقە پیرۆزەکان ، بازرگانانی سیاسەت بە پیشاندانی مەترسیی دەرەکی و پلانی دوژمنان ، وەک ئەوەی ئەگەر ئەوان نەبن میللەت گورگ دەیخوات ، نەهەنگەکانی ئابوریش بە بەخشینی مژدەی خۆشگوزەرانی و قوتکردنەوەی باڵاخانەی بەرز و میدیای فریودەر بە یارمەتیی بازرگانانی ئاین و سیاسەت دەگەنە مەرامەکانیان .

فەیلەسوف و بیرمەندی گەورە (Noam Chomsky) ئاماژەی بە چەند ستراتیژیەتێک گرنگ داوە کە دەسەڵات پیادەی دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە لەمانەش :

### ١- بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی

بەلارێدابردن یەکێکە لە چەکە ترسناکەکانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان کە لەڕێی میدیاوە ئاراستەی خەڵک دەکرێت ، میدیاکانی دکتاتۆران خەڵکی خەریک دەکەن بە ڕوداو و بەرنامەی لاوەکی و بێ کەڵک و ناپێویست لە کاتێکدا کۆمەڵگە چەندین کێشەی قوڵی هەیە ، بۆ نمونە لە جێگایەک شەڕێک ڕویداوە و کۆمەڵێک خەڵک بونەتە قوربانی کەچی میدیاکانی ئەوان خەریکی پیشاندانی بەرنامەیەکن لەسەر تراژیدیای مەرگی پشیلەیەک .

ئەم کارەساتە سۆشیاڵ میدیاکانیشی گرتۆتەوە ، بۆ نمونە میدیا درۆزنەکان بە مەبەست خەڵکێک دێنن کە هیچی پێ نییە ، گەورەی دەکەن و گرنگیی پێدەدەن بۆ ئەوەی خەڵک بەلاڕیدا ببات بە قسەی بێمانا بە ناوی کۆمیدیا ، یا گۆرانی و مۆسیقای بێتام و بێکەڵک بەناوی هونەر ، یا قسەی بێمانای ڕیزکراو بەناوی شیعر و ڕۆمان .... هتد . لە کاتێکدا خەڵکی دەست ڕەنگین و بەتوانا هەن بەڵام چونکە برەو بە هۆشیاری دەدەن و دەست دەخەنە سەر برینەکانی خەڵک ، میدیاکان گرنگییان پێنادەن .

### ٢- دروستکردنی کێشە و چارەسەرکردنی

زۆر جار میدیاکانی دیکتاتۆران بە مەبەست کێشەیەک دروست دەکەن بەتایبەت لەو کاتانەی میللەت توڕەیە و لەسەر لێواری

تەقینەوەیە ، کەسێک دەهێنن و لە سیناریۆیەک چەند قسەیەکی پێدەکەن کە ببێتە مایەی نیگەرانیی بەشێکی کۆمەڵگە ، وەک هێنانە پێشەوەی کەسێکی بێدین و قسەگوتن بە پیرۆزییەکان ، ئیتر هەمو خەڵکی کاردانەوەی دەبێت و سۆشیال میدیاکان پڕدەبن لە هەواڵی ئەم سوکایەتیکردنە .

دوای ئەوەی دەسەڵاتداران کاردانەوەی خەڵک دەبینن ، دوای هەڵسەنگاندنی تێگەیشتنی خەڵک، هەڵدەستن بە دانانی بەرنامەیەکی تۆکمە ، وەک ئامادەکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی و دانیشتنی کۆمەڵێک شارەزا و پسپۆڕ و سەرقاڵکردنی هەمو میدیاکان و لە کۆتاییدا دەگەنە ئەو بڕوایەی کە ئەمە دەچێتە خانەی ئازادیی ڕادەربڕین و پێویستە ڕێز لە بۆچونی هەموان بگرین .

هەندێ جاریش لەم نێوەندەدا چەند کەسێک یا گروپێک کاردانەوەکەیان بە جۆرێکە ڕەنگە دوارۆژ ببێتە جێگەی هەڕەشە بۆ سەر تەختی دیکتاتۆران ، ئەمەش فرسەتێکی باشە بۆ دەستنیشانکردن و دەسگیرکردنی نەیارەکانی دیکتاتۆران . بۆیە لات سەیر نەبێ دیکتاتۆران خۆیان سیناریۆ دروست بکەن تەنها بۆ دەستنیشانکردنی چەند نەیارێک لەڕێگەی کاردانەوەکانیان .

### ٣- قۆناغبەندی

یەکێک لە ڕێگاکانی سەپاندنی بڕیارەکان ، بەتایبەت بڕیارە قورسەکان بریتییە لە قۆناغبەندی ، بۆ نمونە ئەگەر دەسەڵات بیەوێ بە ڕێژەی ٣٠% باج زیاد بکات لەسەر هاووڵاتیان ، ئەگەر بە یەک جار ڕای بگەیەنێت ڕەنگە نارەزایی خەڵکی لێ بکەوێتەوە ، بۆیە سەرەتا هەواڵەکە بڵاو دەکەنەوە ئەگەر خەڵک نارەزایی دەربڕی ئەوا یا دوایدەخەن یا تەنها ١٠% زیادی دەکەن ، بەڵام لە ماوەی چەندساڵێک چەند جارێکی تر زیادی دەکەن تا وای لێدێت زۆر لەو بڕەش زیاتری دەکەن بەڵام بە قۆناغ .

بۆ نمونە حکومەت هەواڵێک بڵاو دەکاتەوە لەسەر کورتهێنانی بوجە ، هەواڵەکە ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە حکومەت ناتوانێ موچە بدات ، دوای ئەوەی خەڵک ئەم هەواڵە ناخۆشە دەبیستن بێگومان نارەزایی دەردەبڕن ، دوای چەند ڕۆژێک بڕیاردەدەن کە موچە دابەش دەکەن بەڵام ٣٠% دەبڕن ، سەرموچە ڕادەگرن ، پلە بەرزکردنەوە نامێنێ ، بەڵام خەڵکی وەک بڵێی خەڵات کرابن وایە چونکە مردنیان پێ پیشان دا ، ئێستا بە گرانەتا ڕازییە .

## ٤- ماکیاژکردنی بڕیاره ناشرینەکان

زۆرجار حکومەت بڕیاردەدات کە لە بەرژەوەندیی میللەتدا نییە ، زۆرینەی بڕیارەکانی حکومەتە دیکتاتۆرەکان لە بەرژەوەندیی کەمینەی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند و لە دژی زۆرینەیەکی هەژارە ، بۆ ئەوەی ئەم بڕیارانە بە ئاسانی تێپەڕن پێویستە جوان بکرێن . بۆ نمونە بڕیاری تێکدانی ناوچەی سەوزایی و ماڵی کۆمەڵێک هەژار ماکیاژدەکرێت بەوەی کە ئەم پڕۆژەیە سودی ئابوریی باشی هەیە و خەڵکی سودمەند دەبن و دوارۆژێکی باشی دەبێت .

بەڵام دوای چەند ساڵێک دەبینی ناوچەیەکی سەوزایی لەناوبرا لە جێگەکەی چەند باڵاخانایەکی زۆر گرانبەها دروستکران کە هەژار نەک ناتوانێ تێیدا نیشتەجێ بێت ، بەڵکو داهاتی مانگێکی بایی مانەوەی سێ شەو ناکات لە هۆتێل یا خانوێکی ئەم ناوچە ستراتیژیە گرنگە ! نەک هەر ئەوەندە بەڵکو هەژاری داماو ناتوانێ بە عەرەبانەکەی یا ئۆتۆمبێلە شڕەکەی لەوێ سەوزەش بفرۆشێ ، هەر لە پرسگە ناهێڵن بچێتە ژورەوە چونکە دیمەنی جوانی ناوچەکە تێکدەدات !

## ٥- مامەڵەکردنی منداڵانە

میدیای دیکتاتۆرەکان لە شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشەکان و ڕوبەڕوبونەوەی ئاستەنگەکان وەک منداڵ مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکەن ، کۆمەڵێک بەڵێنی بریقەدار و منداڵانە دەدەن وەک ئەوەی

لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵ هەڵسوکەوت بکەن ، دیارە ئەوەی یارمەتییان دەدات لەم کارە سادەیی بیرکردنەوەی خەڵکە چونکە لە وڵاتە پێشکەوتوەکان هەرگیز چارەسەری کاتی و وەڵامی منداڵانە خاوەن مافەکان بێدەنگ ناکات ، بەڵام دیارەکە دیکتاتۆران سایکۆلۆجیەتی خەڵکیان خوێندۆتەوە بۆیە بڕیارەکانیان بە ئاسانی بەسەر خەڵکیدا تێپەڕدەبن .

**٦- پەنابردنەبەر سۆز لەبری لۆجیک**

دیکتاتۆران کاتێک دەکەونە مەترسی یا وردتر بڵێین بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەوێتە مەترسی ، دەست دەکەن بە جۆشدانی سۆزی خەڵک و کارکردنی لەسەر ڕاکێشانی سۆزی خەڵک بە گوتنەوەی دروشمی نیشتیمان پەروەری و هەڵدانەوەی لاپەڕە کۆنەکانی مێژو کە تیایدا چەند قارەمان بون و چۆن میللەتیان لە چنگی گورگ دەرهێناوە .

دیکتاتۆران خاوەنی هەمو وڵاتن ، هەژاران خاوەنی هیچ نین ، بەڵام کاتێک مەترسییەک ڕو لە وڵات دەکات دیکتاتۆران لە هەمو کەس زیاتر دەترسن چونکە دەزانن خۆشگوزەرانییان لە دەست دەچێت ، جگەلەوە ئەگەر لە دەسەڵات نەمێنن بەندیخانە یا سێدارە چاوەڕییان دەکات ، بۆیە بە هەمو توانایەکیان هەوڵ دەدەن خەڵک بکەنە قەڵغانی مانەوەی خۆیان ، هەژاری بەستەزمانیش بە وتاری حەماسی و دروشمی نیشتیمان پەروەری خوێنی دەکەوێتە کەف و

کوڵ و ئامادەیە خۆی بکاتە قوربانی خاکێک کە خۆی لەسەر کرێچییە ، لە پێناو پارتێک یا بنەماڵەیەک کە هەمو نیشتیمان موڵکی ئەوانە .

ئاشکرایە کارکردن لەسە سۆزەکانی مرۆڤ ئاسانترە لە کارکردن لەسەر لۆجیک ، ئەگەر هەژارێکی بەستەزمان بە لۆجیک بیربکاتەوە چۆن خۆی دەکاتە قوربانیی خاکێک کە تیایدا تا مردن خەون بە کولانەیەکی بچوکەوە دەبینێت لە پێناو مانەوەی کەسێک کە خانوەکەی سەدان هەزار مەترە ؟

## ٧- هێشتنەوەی خەڵک لە تاریکی

دیکتاتۆران هەمیشە حەزدەکەن خەڵکی نەزان بن چونکە تا خەڵکی نەزان بن تەمەنی ئەوان درێژتر دەبێت ، بۆیە هەمیشە کار لەسەر ئەوە دەکەن کە پرۆگرامەکانی خوێندن لە ئاستێکی نزمدا بن ، مامۆستاکان بێ ڕێز بکرێن ، قوتابخانە فەرمییەکان لەوپەڕی خراپی و قوتابخانە تایبەتەکانی خۆیان لەوپەڕی پێشکەوتوییدا بن ، نەک ئەوە بەڵکو زۆربەی منداڵی دیکتاتۆران لە دەرەوەی وڵات دەخوێنن چونکە ئەوان پلانی ئەوەیان داناوە بە هشێتنەوەی خەڵک لە تاریکی تاهەتایە چڵەوی فەرمانڕەوایەتیی خەڵک بکەن .

سەرنجی وڵاتە پێشکەوتوەکان بدە چەندین ملیۆن دۆلار تەرخان دەکەن بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و تاقیگەکان ، سەرنجی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش بدە بە دەگمەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانستی و

تاقیگە بە دی دەکەیت ، زۆر جار ئەو بوجەیەی تەنها بۆ گوڵ و قاوە و پێداویستییەکانی سەرۆکێکی دیکتاتۆر تەرخان دەکرێت بەسە بۆ دانان و بەرێوەبردنی چەند سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی زانستی و تاقیگەی پێویست .

## ٨- هاندانی خەڵک بۆ ڕازیبون بە چارەنوسیان

میدیای دیکتاتۆران کار لەسەر ئەوە دەکەن کە خەڵک بەو باوەڕە بگات کە گوزەرانی باشە و سەرەنجام ڕازی بێت بەو بارەی کە تێیدایە ، بەمەش هەوڵی باشترکردنی گوزەران نادات و داوای زیاتر ناکات ، جێی داخە زۆر جاران بازرگانانی ئاین یارمەتیی دیکتاتۆران دەدەن لە پێکانی ئەم ئامانجە .

بازرگانانی ئاین هەمیشە داوای ئارامگرتن لە خەڵک دەکەن لەسەر کەموکوڕییەکان ، دەقی پیرۆزیان ئامادەیە بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بەوەی کە دنیا هیچ نییە و هەر کۆتایی دێت و مرۆڤ پێویستە ڕازی بێت بەوەی کە هەیەتی و هەمیشە سەیری لەخۆی خواروتر بکات نەک سەروتر ، لە کاتێکدا بازرگانانی ئاین خۆیان لە زۆربەی خەڵکی خۆشتر دەژین و ئارام لەسەر هیچ شتێک ناگرن.

میللەتی ناهۆشیار بە ئاسانی دەبێتە قوربانیی دەستی بازرگانانی سیاسەت و ئاین ، کاتێک قەناعەتیشی بۆ دروست بو کە ژیان کاتییە و مردن هەموکاتێک لێیەوە نزیکە و هەژار لای خودا

گەورەترە لە دەوڵەمەند ئەوا خۆی ڕادەستی چارەنوسێک دەکات کە بارزرگانانی ئاین بۆی دەکێشن نەک خۆی .

### ٩- برەودان بە گرێی تاوان

دیکتاتۆران هەمیشە لە ڕێگەی میدیاکانیانەوە وای نیشان دەدەن کە ئەوان هەمیشە لە خزمەتی خەڵکن و خەڵک قەرزاری ئەوانە ، ئەگەر هەر کەموکوڕییەکیش هەبێت ئەوا لە خەڵکە نەک لەوان ، ئەوان هێند دڵسۆزن شەو و ڕۆژ لە خزمەتی خەڵکن و ئەگەر ئەوان نەبن میللەت هەموی گورگ دەیخوات .

دیسانەوە بازرگانانی ئاین لەبرەودان بەم تێگەیشتنە پاڵپشتی دیکتاتۆرانن ، ئەوان هەمیشە وا لە خەڵک دەگەیەنن کە بەڵاکان لە ئەنجامی خراپەی ئەوان یەخەمان دەگرن نەک خراپیی بەڕێوەبردنی وڵات ، بازرگانانی ئاین ئەو پەیامە بە گوێی خەڵکدا دەدەن کە هەموشتەکان لە ئەزەلەوە نوسراون بۆیە خۆماندوکردن کەڵکی نییە ، بەمەش خەڵکی ناچاردەبن بە چارەنوسی خۆیان ڕازی بن و گلەیی لە خۆیان بکەن و لە گریێ تاواندا بژین لە کاتێکدا سەرچاوەی کێشەکان زۆربەی کات خراپ بەڕێوەبردن و خراپ ئاڕاستەکردنە لە سەرەوە نەک تاوانی خەڵکی.

## ١٠- ناسینی خەڵک باشتر لە خۆیان

سیستەمە دیکتاتۆرییەکان چونکە هەڵقوڵاوی میللەت نین متمانەیان بە کەس نییە ، سیخوڕ لەناو دەزگا داپڵۆسێنەرەکان گرنگترین ئەرکی هەیە ، ئەوان سیخوڕ تەنانەت لەسەر دڵسۆزترین کارمەندی خۆشیان دادەنێن ، سەرنجی دەزگاکانی ئاسایش بدە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، چەند ورد و باریک هەمو زانیارییەکانت دەزانن ، ئەوان لە خۆت باشتر دەتناسن و لە تۆ زیاتر زانیارییان هەیە لەسەر خۆت و خزم و ناسیاوەکانت .

دەزگاکانی ئاسایش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات ژمارەی پێڵاوی خزمە دورەکانیشت دەزانن لە کاتێکدا تۆ تەنانەت ناشیانناسیت ! . دەزگاکانی ئاسایش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات زۆرترین بوجەیان بۆ تەرخان دەکرێت چونکە بەدەسهێنانی ئەم هەمو زانیارییە کارمەند و پێداویستی وتەکنۆلۆجیای پێشکەوتوی پێویستە .

## فەیلەسوفانی سیاسەت

میللەتانی ڕۆژهەڵات بەگشتی زۆر باسی سیاسەت دەکەن ، مەرج نییە شارەزای سیاسەت یا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بن ، گرنگ ئەوەیە ڕای خۆیان هەبێت لەسەر پێشهاتە سیاسییە چارەنوسسازەکان ، ڕەنگە کاریگەریی ئەم دیاردەیە ئەوەبێت کە ناوچەکە هەمیشە گرژی و ئاڵۆزیی سیاسیی تێدابوە و ژیان و چارەنوسی خەڵکی پەیوەست بوە بە سیاسەت ، یا وردتر بڵێین سیاسەت و بەرژەوەندیی دەوڵەتەکانی دەوروبەر و زلهێزە جیهانییەکان .

تاک لە ڕۆژهەڵات بەبێ ویستی خۆی دەبێ ئاگاداری سیاسەت و گۆڕانکارییەکان بێت ، چ گۆڕانکاریی ناوچەیی یا گۆڕانکاریی نێودەوڵەتی . خەڵکی خوی گرتوە بە گوێگرتن لە ورد و درشتی هەواڵەکان و لە زۆربەی کۆڕ و کۆبونەوە و بۆنەکان باس هەر باسی هەواڵ و سیاسەتە ، هێندە باسی سیاسەت کراوە هەرکێ دەدوێنی وەک سیاسەتمەدار دێتەبەرچاو .

ڕەنگە ئاسایی بێ کە تاڕادەیەک خەڵکی ئاگاداری هەواڵ یا سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە بن ، ئەوەی ئاسایی نییە کە خەڵکی زۆربەی کاتەکانیان بە باسکردنی هەواڵ و گۆڕانکارییە سیاسییەکان بکەن ، کە زۆر جار نە هیچی لێ تێدەگەن و نە تێڕوانینی ئەوانیش هیچ شتێک دەگۆڕێت .

لەڕاستیدا زۆرجار سەرۆکی وڵاتانیش لەم دەڤەرە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە تەنانەت لە داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆش ، چ جای سیاسەتی نێودەوڵەتی ! ئەگەر سەرنجی بارودۆخی عیراق و ناوچەکەش بدەین لە ٢٠ساڵی ڕابردو ئەم ڕاستییەمان بەڕونی بۆ دەردەکەوێت ، سەرۆک و بەرپرسان زیاتر خەریکی بازرگانی و خۆ دەوڵەمەندکردنن ، هەربۆیەشە وڵاتانی ڕۆژهەڵات زۆربەیان وێرانن لەڕوی سیاسی و ئابورییەوە ، هەروەک ابن خلدون دەڵێ :

**" ئەگەر سیاسەتمەداران دەستیان دایە بازرگانی ، سیاسەت و بازرگانی هەردوکیان وێران دەبن "** [1]

ئەوەی لە ڕاستیدا دەگوزەرێت و خەڵک لێی بێ ئاگایە ئەوەیە کە وڵاتە زلهێزەکان وەک خاوەنی کێڵگەیەکی گەورەی ئاژەڵان دێنەبەرچاو ، ئەوان ڕۆڵەکان دابەش دەکەن ، هەر ئەوان بڕیاردەدەن کێ دەبێتە شوان ، کێ دەبێتە کەری شوان ، کێ دەبێتە سەگ و کێش دەبێتە مریاع .

ئەوان ڕۆڵەکان زۆر بەوردی دابەش دەکەن و وڵاتانیش تەنها یەک بژاردەیان هەیە کە بریتییە لە گوێڕایەڵی ، خۆ ئەگەر سەرۆکی وڵاتێک یا پارتێکی دیاریکراو دژی ئەم دابەشکارییە بوەستێتەوە ئەوا تۆمەتێکی ترسناکی بۆ دروست دەکەن و دەیخەنە لیسی ڕەش و هەمو دنیای لێدەکەن بە دوژمن .

---

[1] مقدمة ابن خلدون

ســـيناريۆی سیاســـەت و دابەشـــكردنی رۆڵەكـــان زۆر بەڕونـــی لە ڕۆمـــانی (Animal Farm)[1] ڕونكـــراوەتەوە ، ئەو ڕۆمـــانەی بە تێڕوانینـــی مـــن هەمـــو تاكێـــك لە جیهـــان پێویســـتە بیخـــوێنێتەوە بەتایبەتی خەڵكی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، لەڕاستیدا پێویستە ئەم ڕۆمانە لە یەكێك لە قۆناغە گرنگەكانی خوێندن بخوێنرێت .

ئەگەر میللەتان بزانن كە چۆن وەك مێگەل مامەڵەیان پێوەدەكرێت و ژیـــان و مەرگ و چارەنوســـیان بەدەســـت كێـــیە ، ئەوا بێگومـــان بەجـــۆرێكی تـــر لە ژیـــان دەڕوانـــن . ئەو سیاســـەتمەدارانەی خەڵكـــی خۆیان دەكەن بەقوربانیـــان و ئاواتیـــان ئەوەیە كە وێنەیەكیـــان لەگەڵ بگـــرن لەڕاســـتیدا زۆرێكیـــان كەری شـــوانێكی بـــێ ویـــژدان یـــا مریاعێكی دەستی دو یا سەگی شوانێكی قۆڵبڕ و بێ بەزەیـین ، شـــوانی بـــێ ویـــژدانیش خزمەتكـــاری خـــاوەن كـــێڵگە گەورەكەیە و لەپێنـــاو دەســـكەوتنی پـــارویەك نـــان ئامـــادەیە تەواوی پیرۆزییەكـــان بخاتە ژێر پێیەكانی و هاوخوێنانی خۆی بەرەو قەسابخانە بنێرێت.

[1] Animal Farm by George Orwell

## مێگەل و ئابوری

مێگەل بەرهەمی باشی هەیە ، وەک شیر ، خوری ، گۆشت ، تەنانەت پاشەڕۆکەشی دەفرۆشرێت ، بەڵام ئەندامانی مێگەل سودمەند نابن لە داهاتەکان ، ئەوان هەمو ژیانیان لە خزمەتی شوانن ، هەمو ڕەنج و ماندوبونیان دەچێتە گیرفانی شوان ، جگەلەوەی ناوە ناوە ئەندامێکی مێگەل دەکرێتە قوربانی لە بۆنەیەکی دیاریکراو ، یا هەر بۆ خۆشی .

ئاشکرایە کە جیهانی ئاژەڵ لە خزمەت جیهانی مرۆڤە ، بەڵام نەنگییە کاتێک مرۆڤەکان قایل بن وەک مێگەل ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت . ئەگەر وڵاتێک دەوڵەمەند بێت پێویستە هەموان لە داهاتەکانی بەهرەمەند بن ، نەوەک چینێک وەک پاشا و چینێک وەک گەدا بژین ، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر دەوڵەمەندن بە هەمو سەرچاوەکانی داهات ، بەڵام چونکە سەرۆکەکانیان خەمخۆرنین دەبینین لە هەندێک وڵات جاوازیی چینایەتی یەکجار بەرزە .

هۆڵەندا ملیۆنێک مانگای هەیە کە بونەتە مایەی خێر و خۆشی بۆ وڵاتەکەیان و سەدان بەرهەمی جۆراوجۆر لە شیری ئەم مانگایانە دروست دەکەن و هەناردەی وڵاتانی جیهانی دەکەن و وڵاتەکەیان یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەری ماست و پەنیر لە جیهان .

له سودان ٤٠ مليۆن مانگا هەیە ، بەڵام دانیشتوانەکەی خەریکە له برسا دەمرن ، له بەرامبەریشدا وڵاتانی ڕۆژهەڵات ساڵانە بایی سەدان مليۆن دۆلار بەرهەمی ئاژەڵ له وڵاتە ئەوروپییەکان هاوردە دەکەن ، کێشەکە لە مانگاکاندا نییە ، بەڵکو له بیرکردنەوەی ئەو مانگایانەیە کە وڵات بەڕێوەدەبەن .

له وڵاتە دەوڵەمەندەکان بەتایبەت وڵاتانی کەنداو ، سەرۆکەکان دەوڵەمەندترین کەسایەتییەکانی جیهانن بەڵام له وڵاتەکانی خۆیان مليۆنان هەن لەژێر هێلی هەژاری دەژین . وڵاتێکی وەک سعودیە پاشا و نەوەکانیان خاوەنی ملیارەها دۆلارن کەچی مليۆنان هاووڵاتی هەن کە لەژێر هێڵی هەژاری ژیان دەگوزەرێنن .

ئەو سامانەی نەوەکانی پاشا لە کۆشک و پاپۆڕ و ئۆتۆمبێل و تابلۆی گرانبەها خەرجی دەکەن بایی ئەوە دەکات هەژاریی لە هەمو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنەبڕ بکات ، ڕەنگە لات سەیر بێت بەڵام ئەمانەی خوارەوە بەشێکی بچوکن لە شێوازی پارە خەرجکردن له شتی پڕو پوچ و بێ مانا :

محمد بن سەلمانی جێنشینی پاشای سعودیە خاوەنی ئەمانەی خوارەوەیە :

- یەختێکی ٥٠٠ مليۆن دۆلاری

- کۆشکی Chateau لە فەرەنسا بای ٣٠٠ مليۆن دۆلارە .

- تابلۆیەکی لیۆناردۆ داڤنشی بەناوی Salvator Mundi کە بای ٤٥٠ ملیۆن دۆلارە .

- خۆی و خانەوادەکەی خاوەنی کۆمپانیای Aramco ن کە بەهاکەی ٢ تریلیۆن دۆلارە .[١]

شایانی باسە سعودیە ناهێڵێ هیچ دەزگایەکی میدیایی ڕاپۆرت بکات دەربارەی هەژاری و مافەکانی مرۆڤ ، بەڵام ئەو زانیاریانەی دەست ئاژانسەکان کەوتون ئەمانەیان بڵاوکردۆتەوە ، دەزگای الجزیرة لەساڵی ٢٠١٩ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە تیایدا هاتوە کە ٢٠% ی خەڵکی سعودیە هەژارن .[٢]

ئەوەی باسمان کرد بەشێکی زۆر بچوکی سامانی بەهەدەردراوی بنەماڵەی ناوبراوە ، ئەوەش لەبیرنەکەین کە ئەوان کارەکانیان زۆر بە نهێنی دەکەن ، ڕەنگە هەر ئەو بڕە پارەی سەرەوە بەس بێت بۆ بنەبڕکردنی هەژاری لە وڵاتەکەی خۆیان ، بەڵام کاتێک میللەت بێدەنگ بێت و دوای هەمو نوێژەکان نزایان بۆ بکات دیارە شایانی ئەوەن .

" ئەگەرپێت وابێ هەژاریەکەت قەدەرە ، ئەوا دوعا دەکەیت ، ئەگەر پێت وابێ خۆت هۆکاری ئەوا بێ ئومێد دەبیت ، ئەگەر

[١] Business insider www.businessinsider.com

[٢] ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نوسەر و ڕۆژنامەنوس (هناء الخمری) ئامادەکراوە ، هناء لە سعودیە ساڵانێکی زۆر پەیامنێر بوە ، دوای ئەوەی کارەکانی قەدەغەکران و مەترسی لەسەر ژیانی دروست بو ، چو بۆ سوید و ئێستا لەوێ نیشتەجێیە .

پێشــت وابــێ هۆکــاری هەژاریــیەکەت نــادادییە ئەوا خۆپیشــاندان دەکەیت و شۆڕش بەرپادەکەیت ، کاردانەوەت چی بێت بۆ هەژاریی خۆت ، وازهێنان و بێ ئومێدی بێ یا شۆڕش ، بەندە بە تێگەیشتن و تێڕوانینی خۆت بۆ هۆکاری هەژاری" [1]

ئەمەویەکــان لەپێنــاو پاراســتنی پــایەی خۆیــان پەنایــان بــردەبەر راڤەکردنــی قورئــان بەوشــێوەیەی کە لەگەڵ عەقیــدەی جەبــری بگونجێ بۆ نمونە :

- قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَاءُ ۖ بِيَدِكَ الْخَيْرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٢٦)ال عمران.

" پێیان بڵێ: خوایە تۆ خاوەنی هەموو شتێکی، دەسەڵات دەبەخشی بەهەر کەسێک بتەوێ و دەسەڵات وەردەگریتەوە لە هەر کەسێک بتەوێ هەر کەس بتەوێ باڵادەستی دەکەی، هەرکەسێکیش بتەوێ زەلیل و ژێردەستی دەکەی، هەرچی خێر هەیە هەر بە دەست تۆیە، بێگومان تۆ دەسەڵاتداری بەسەر هەموو شتێکدا"

ئەوان ڕاڤەی ئەم ئــایەتە پیرۆزەیــان بەشــێوەیەک کــرد کە گــوایە موڵـک و دەســەڵات لەلایەن خـواوە دراوە بە بەنـی ئـومەییە و لەگەل قەدەری خواش هیچ ناکرێ ،بۆیە نابێ ڕەخنەمـان هەبێ لە کـاری خـودا و دەبـێ پێـی قایـل بـین چـونکە خێـر هەر لەوەدایە کە خـودا دەیکات .

---

[1] Why we work By Barry Schwartz

ئەم جۆرە شەرعاندنە کاربەدەستانی بێتاوان دەرخست لەو هەمو تاوانەی کە کردیان لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵات ،لەمەودواش هەرچی دەیکەن هەر قەدەری خوایە و نابێ کەس رەخنەی هەبێ .

(موعاویەی کوری ابو سوفیان)[1] ویستی مینبەرەکەی خۆی بکاتە مینبەری (عەقیدەی جەبری)[2] بەڵام هەر لە یەکەم هەوڵدانی کەسێکی هۆشیاری لێ پەیدابو و رەخنەی لێگرت ، کاتێک لەسەر مینبەر وتی:

- وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴿٢١﴾ الحجر .

" گەنجینەی هەموشت لای ئێمەیە و بەئەندازەی دیاریکراو دەیبەخشین."

"ئەوەتا خوا خۆی دەفەرموێ گەنجینەکان لای ئێمەیە و بە ئەندازەی دیاریکراو دەبەخشین،کەواتە بۆچی گلەیی لەمن دەکەن"؟

(احنف بن قیس)[3] لێی هاتە وەڵام و گوتی :

---

[1] أبو عبد الرحمن معاوية بن أبي سفيان الأموي القرشي، یەکەم خەلیفە و دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەمەوی لە ١٣٢ی کۆچی لە دیمەشق.

[2] هەلگرانی ئەم بۆچونە هەمو شتەکان بۆ خوا دەگەرێننەوە و مرۆڤ تیایدا هیچ دەسەڵاتی نییە ،واتە هەرچیی بەسەرمرۆڤدا دێت خوا لەسەری نوسیوە و مرۆڤ دەسەڵاتی گۆرینی نییە ، بۆیە پێویست ناکات خۆی ماندو بکات بۆ ئەوەی گۆرانکاری بکات. المذاهب والفرق في الإسلام للدكتور صائب عبد الحميد

[3] الأحنف بن قيس بن معاوية بن حصين التميمي ، لە ٣ ی پێش کۆچ تا ٧٣ ی کۆچی ژیاوە ، ابن سعد لە طبقات باسی کردوە .

" ئێمە هیچ گلەییمان لە خەزێنەکانی خودا نییە ، گلەییمان لەوە هەیە کە ئەوەی خوا لە گەنجینەکانی خۆی دایبەزاندوە تۆ خستۆتە گەنجینەکانی خۆت و خۆت خستە نێوان ئێمە و خودا"[1]

سەیرە ! هەست ناکەیت ئەمڕۆ زۆر لە دوێنێ دەچێت ؟ پێش ١٣ سەدە خەڵکێک ڕەخنەی لە خەلیفەی مسوڵمانان گرتوە لەسەر دابەشکردنی ماڵی مسوڵمانان بەڵام ئەمڕۆ دوای ئەم هەمو پێشکەوتنە کەسێک نەبێت ڕەخنە لە پاشاکان بگرێت لەسەر بەهەدەردانی ماڵی مسوڵمانان لە کاتێکدا ملیۆنان کەس هەن لە برسا دەمرن !

ئەوان خەڵکیان وا ڕاهێنا ئەگەر یەک نوێژی بەکۆمەڵی نەکرد تاهەتایە لەبیری نەچێت و تامردن هەست لە گرێی تاوان دەرنەچێت، بەڵام پاشا ملیۆنەها دۆلار لە کەیف و سەفا خەرج بکات ئاساییە !

ئەی باشە بۆچی گلەیی لە مێگەل بکەین کاتێک ڕیزدەگرن بۆ سەربڕین لە قەسابخانەکان ؟ مرۆڤ ئەگەر هەڵوێستی نەبێت لەگەڵ مێگەل جیاوازیی چییە ؟

لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەرنجی سەرچاوەی داهات بدەین لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەبینین بە تایبەت وڵاتانی کەنداو زیاتر پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستن ، دیارە کە دەرهێنان و گەڕان و

---

[1] ربیع الأبرار للزمخشري .

پشکنینیش خۆیان نایکەن چونکە نە خەڵکی پسپۆڕیان هەیە و نە تـاقەتی کارکردنیـان هەیە ، بـۆیە چەنـد کۆمپانیایـایەکی بیـانی دەهێنن و وردو درشتی کارەکان بەوان دەسپێرن ، ئەم کۆمپانیایانەش کارمەنـدی ئەو وڵاتـانە دێـنن کە ئامـادەن بە هەرزانتـرین کـرێ کاربکەن .

گرنگ نییە بارودۆخی کرێکاران چۆنە ، ئەوان خزمەتکارن و بۆ ئەوە دروسـکراون کە خزمـەتـی شـێخە موبارەکەکـان بـکەن ، ڕەنـگە لات سەیر بێت بەڵام ئەوان تەواو وا بیردەکەنەوە کە خودا ئەوانـی بۆ ئەوە دروستکردوە کە ببن بە سەرکردە و ڕابەری خەڵـک و پێویستە هەمو خەڵکی سەر ڕوی زەوی خزمەتی ئەوان بکەن .

دیـارە کە واعیزەکـانی دەسـەڵاتیش ئەم کارەیـان ئاسـان کـردوە بە برەودان بە هەنـدێک قسـەی هەڵبەستراو بە نـاوی فەرمـودە ، چەنـد فەرمـــودەیەک هەن کە عەرەب بە باشـــترین مـــیللەت و زمـــانی عەرەبـیش بە پیـرۆز دادەنـێن هەرچەنـدە هەمویـان بـێ بنەمـان بەڵام خەڵک چوزانێ ، خەڵکی زۆر هەن لە میللەتانی تر کە مسوڵمانن و عـەرەب نـین ، ئەم قسـانە بە ڕاسـت دەزانـن و تەواو باوەڕیـان پێـی هەیە .

من خۆم گوێم لە مامۆستای ئاینی بوە زمـانی عـەرەبی و نەتەوەی عەرەبـی بە پیـرۆز زانیـوە ، لە کاتێکـدا ئەمە تەواو پـێچەوانەی چەندین ئـایەتی قورئـانی پیرۆز و فەرمایشـتی پەیـامبەرن (د.خ) .

بـۆیه کاتێـک میللەتێـک تەقـدیس دەکرێـت ئیتـر کەس نـاتوانێ ڕەخنەی لێبگرێ چونکە موقەدەس لە سەروی ڕەخنەوەیە .

بۆیه کاری شێخە دەوڵەمەندەکان تەنها بریتی دەبێت لە پاڵدانەوە و خۆش ڕابـواردن لەسـەر حیسـابی ڕەنـج و خـوێنی خەڵکـی هەژار ، چـونکە بە تێڕوانینـی ئەوان خـودا هەمـو خەڵکـی سـەرزەویی بـۆ خزمەتی ئەوان دروست کردوە .

## مێگەل و میدیا

" میدیاکان بدەنە دەستم ، میللەتتان بۆ دەکەم بە مێگەل " [1]

میدیا چەکێکی زۆر بەهێزە ، شمشێری دوجەمسەرە ، هەم دوژمنە وهەم دۆست ، بنیاتنەر و ڕوخێنەری شارستانیەتەکانە ، شوناسی میللەتانە ، ئەمڕۆ میدیا بە دەسەڵاتی چوارەم دەناسرێ لە جیهان ، بەڵام بە تێڕوانینی من دەسەڵاتی یەکەمە ئەگەر بە هۆشیاری ئاڕاستە بکرێت . دیکتاتۆران دەزانن میدیا چەند بەهێز و هەستیارە بۆیە زۆر لە هۆشیاریی میدیایی دەترسن :

" هەرکاتێک وشەی ڕۆشنبیری دەبیستم ، دەست بۆ دەمانچەکەم دەبەم "[2]

دیارە دیکتاتۆران چاک دەزانن کە ڕۆشنبیری و هۆشیاری واتە نەمانی ئەوان ، بۆیە هێندە لە ڕۆشنبیران دەترسن .

میدیا بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتە دواکەوتوەکان پشت بە درۆکردن دەبەستێ ، ڕەنگە بڵێی خەڵک چۆن بە درۆ باوەڕدەکەن ، بەڵام درۆ ئەگەر زۆر دوبارەبویەوە بە تایبەت لە میدیاکان ئەوا دەبێتە ڕاستی وەک گۆبلز دەڵێ:

" درۆ تا گەورەبێت ، باوەڕکردنی ئاسانترە "

---

[1] جۆزێف گۆبلز ، وەزیری پڕوپاگەندەی نازییەکان لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دوەم .
[2] جۆزێف گۆبلز

هەروەها دەڵێت :

" هێند درۆ بکە تا باوەڕت پێ دەکەن "

دیــارە کە لە ســەردەمی جەنگــی جیهــانیی دوەم هۆکارەکــانی ڕاگەیاندن کەم بون ، بریتی بون لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و سینەما و شانۆ ، نازییەکان هەمو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیان خستبوە ژێر دەسەڵاتی پارتەکەی خۆیان و زۆر بە چڕی کاریان دەکرد لەسەر وروژاندنی هەستی خەڵک و بەلاڕێدابردنیان هەڵخەڵەتاندنیان بەوەی کە گەلی ئەوان باشترین و پاکترینە و گەلانی تر پیس و بێ کەڵکن .

نازییەکان لە پێناو پێکانی ئامانجەکانیان چەند ڕێگەیەکیان گرتەبەر ، گرنگترینیان ئەمانەن :

## ١- پشتگوێخستن و گرنگی پێنەدانی تەواو

یەکێک لە ڕێگاکانی هێشتنەوەی کۆمەڵگە لە تاریکی و نەزانی بریتییە لە شاردنەوە و گرنگی نەدان بە بابەتە گرنگ و هەستیارەکان ، میدیاکان زۆر جار بابەتی زۆر گرنگ و هەستیار هەن کە پەیوەستن بە ژیان و سەلامەتی و دوارۆژی خەڵکی بەڵام چونکە لە بەرژەوەندیی چینێکی دیاریکراو نییە هیچ گرنگیی پێنادەن ، بۆ نمونە لایەکی وڵات خەریکە وێران دەبێ کەچی ئەوان باسی سودەکانی فستق دەکەن . یا خەڵکی خۆپیشاندان دەکەن

کەچی ئەوان باسی چیرۆکی ڕزگارکردنی مراوییەک دەکەن لە سویسرا .

## ٢- پشگوێخستن یا گرنگیدان بە بەشێکی ڕوداو

جاری وا هەیە هەندێک ڕوداو هەن گرنگن ، میدیای دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان ناتوانن چاوپۆشی بکەن و خۆیان دوربگرن ، ناچارن هەواڵەکە بڵاوبکەنەوە بەڵام تیشکی زۆر دەخەنە سەر بەشێکی هەواڵەکە و بەشە گرنگەکەی هەواڵەکە ناگوازنەوە ، بۆ نمونە هەزارکەس خۆپیشاندان دەکەن ، بەڵام ئەوان تەنها گروپێکی زۆر بچوک نیشان دەدەن لە خۆپیشاندەران ، یا کۆمەڵێک خۆپیشاندەر پیشاندەدەن کە کاری تێکدەرانە دەکەن ، بەمەش ڕاستیی ڕوداوەکان تەواو ئاوەژو دەکەن .

## ٣- لێکدانەوە و بەلاڕێدابردن

لە سەردەمانی زو هەواڵەکان تەنها ئەو هەواڵانە بون کە لە تەلەفزیۆن یا ڕادیۆ یا ڕۆژنامە بڵاودەکرانەوە ، خەڵکی نەیدەتوانی لە ڕاستیی هەواڵەکان بکۆڵێتەوە چونکە نە کامێرای چاودێری و نە مۆبایل و نە ئینتەرنێت هەبو ، نە خەڵکیش هێندە چاوکراوە و هۆشیار بو . ئێستا لە سایەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا بە دەگمەن هەواڵ هەن خەڵکی لێیان ئاگادار نەبێت ، بۆیە میدیای ئازاد و بوێر کاری ئاسان بوە چونکە خەڵکی خۆبەخشانە هەواڵیان بۆ دەنێرێت لە بەرامبەردا میدیای دیکتاتۆرەکان کاریان قورس بوە .

هەندێک جار میدیا درۆزنەکان هەواڵێکی دیاریکراو بڵاودەکەنەوە بەڵام پەیامنێرەکان و وێنەگران و شرۆڤەکاران وا ڕاهێنراون کە هەواڵەکە بەو ئاڕاستەیە ببەن کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندایە ، بۆ نمونە تاوانێک ڕویداوە ، ئەگەر تاوانبارەکە هی خۆیان بێت ئەوا بە چەندین شێوە پاکانەی بۆ دەکەن و قوربانییەکە وەک دەستپێشخەر یا تاوانبار دەناسێنن ، بۆ نمونە پیاوکوژێک کە پێشینەی تاوانیشی هەیە تاوانێکی تریشی دێتەسەر بەڵام ئەوان باسی تاوانەکانی پێشوی ناکەن و تاوانە نوێکەشی بە جۆرێک باس دەکەن کە تاوانبار لە پێناو بەرگریکردن لەخۆی ئەم کارەی کردوە ، تا وات لێدەکەن لای خۆتەوە گومانی ئەوە بکەیت کە قوربانییەکە بەڕاستی تاوانباری بوە .

دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دوای پەیدابونی شۆڕشی سۆشیال میدیا ئێستا میدیاکان زۆر فراوانتر و کاریگەرتر و خێراتر و ترسناکتر بون . ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ میدیا نەکەین ئەوا دەکەوینە گێژاوێک کە دەرچون تیایدا مەحاڵ دەبێت . میدیای ئاڕاستەکراو دەتوانێ وڵات بنیات بنێ ، دەسەڵات بدات و وەری بگرێتەوە ، جەنگ بەرپا بکات و بیوەستێنێ ، نەوەیەک پەروەردە بکات یا پەروەردەی نەوەیەک لەبار ببات .

گەر دەتەوێت میللەتێک بناسی ڕەنگە کورتترین و ئاسانترین ڕێگە ئەوە بێت کە چاوێک بە میدیاکانیدا بخشێنیت ، جاران بۆ

شـارەزابون لە کەلتـور و ڕۆشـنبیریی میللەتـان دەبـو مێژوەکەیـان بە وردی بخـــوێنیتەوە بەڵام دیـــارە کە پێشـــکەوتنی تەکنۆلۆجیـــا هەموکارەکـانی ئاسـان کـردوە ، ئەمـڕۆ بە سـەردانێکی میـدیاکان ڕاستی و دروستیی زۆر شتت بۆ دەردەکەوێت .

ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە میـدیا لە هەمـو جیهـان لە خزمەتـی وڵات و دەسەڵات و چینێکی دیاریکراوە ، بەڵام دیارە کە ئەم چیـنە دیـاریکراو لە هەر وڵاتێـک بە جۆرێکە ، لە هەندێ وڵات میـدیا و دەســەڵات لە خزمەتــی خەڵکــن ، هاوکێشــەکە ڕێــژەییە و لەهەر جێگــایەک بە جـۆرێکە ، بەڵام بە گشـتی میـدیا و دەســەڵات لە خزمەتـی خەڵکـن ، بە تـایبەتی لەو وڵاتـانەی کە ڕێژەی گەنـدەڵی تیایانــدا نــزمە ، چــونکە ئەوان هیچیــان نیــیە بیشــارنەوە بــۆیە ڕاستییەکان پیشانی خەڵک دەدەن .

بەڵام میدیا لە وڵاتانی جیهانی سێیەم جگەلەوەی وەک چەکێک بەکاردەهێنرێــت تەنــانەت لە دژی ڕۆڵەکــانی خۆیشــیان ، وەک مـــادەی هۆشـــبەریش بەکـــاردەهێنرێ بـــۆ چاوبەســـتکردن و چەواشەکردنی خەڵک و ڕای گشتی . چونکە دەسەڵات لە وڵاتە دواکەوتوەکـان هەمـو گیـانی گەنـدەڵییە ، بـۆیە کـاری میـدیاش لەجیـاتی پیشـاندانی ڕاسـتییەکان دەبێـتە مکیـاژکردنی ڕوخسـاری ناشرینی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکان .

میدیا لە وڵاتە دواکەوتوەکان کار لەسەر بە مێگەلکردنی کۆمەڵگە دەکات لە جیاتی هۆشیارکردنەوە . بۆیە دیکتاتۆرەکان دەزگای میدیایی بایی ملیۆنان دۆلاری دادەمەزرێنن و مانگانە ملیۆنان دۆلاری لێ خەرج دەکەن ، کە بەم بڕە پارەیە دەتوانن دەیان نەخۆشخانە و کتێبخانە و سەنتەری چالاکی و گەشەپێدانی تواناکانی تاک دروست بکەن ، بەڵام ئەوان ئەنجامێکی تەواو پێچەوانەیان دەوێت ، ئەوان مێگەلیان دەوێت نەک کۆمەڵگە .

دەسەڵاتە خۆسەپێنەکان بۆ لە قاڵبدانی هۆشیاریی خەڵک و هێشتنەوەیان لە تاریکی هەمان تەکنیکەکانی گۆبلز بەکاردێنن ، دیارە تەکنیکەکانی گۆبلز هێندە کاریگەرن بون بە بیردۆز ، بیردۆزی گۆبلز لەسەر بنچینەی لەچوارجێوەگرتن (التأطیر) کاردەکات ، واتە بە شێوەیەک بژاردەکان دەخاتەبەردەستت وەک ئەوەی تۆ ئازاد بیت لە هەڵبژاردن بەڵام لەڕاستیدا هەمو بژاردەکان خراپن ، یا بەو ئاڕاستەیەن کە ئەوان دەیانەوێت .

بۆ نمونە ئەگەر لە میوانداریيەک پێیان گوتی (چا یان قاوە ) ، ئەگەری زۆر کەم هەیە داوای شەربەتی هەنار بکەین ، چونکە وەڵامەکەمان سنوردارکرا . یان دایکێک بە منداڵەکەی دەڵێت پێت باشە کاتژمێر ٩ بخەویت یا ١٠ ؟ ئەوا منداڵەکە بژاردەی تری نابێ ، بەڵام ئەگەر ڕاستەوخۆ پێی بڵێت کە دەبێت کاتژمێر ١٠

بخەویت ڕەنگە مندالّەکە وا هەست بکات کە ئازادیی لێسەنراوەتەوە و هەست بە دلّتەنگی بکات .

ڕەنگە نمونەی شەڕی فڕۆکەخانەی بەغدای سالّی ٢٠٠٣ باشترین نمونە بێت ، کاتێک هێزەکانی ئەمریکا زۆر بە چڕی گرنگییان دا بە شەڕی فڕۆکەخانەی بەغدا ، هەردو لایەنی ئەمریکی و عێراقی زۆر بە وردی چاوەڕوانی ئەنجامی ئەم شەڕە بون ، وەک ئەوەی ئەنجامی ئەم شەڕە یەکلاکەرەوە بێت ، لە ڕاستیشدا هەر ئەوە ڕویدا ، دوای ئەوەی ئەمریکا زۆر بە توندی هێرشی کرد و فڕۆکەخانەی بەغدای وێرانکرد و زۆرینەی سەربازان کوژران و بریندار بون ، وەک چاوەڕوانیش دەکرا بە کەوتنی فڕۆکەخانە هەمو هێزە عێراقییەکان ورەیان بەردا و عێراق کەوت ، لە کاتێکدا ئەم شەڕە تەنها لە یەک فڕۆکەخانە بو .

## کاریگەرییە نەرێنییەکانی میدیا

### ١- شێواندنی پێوەرەکانی جوانی

یەکێک لە کاریگەرییە خراپەکانی میدیا تێکدان و شێواندنی پێوەرە سروشتییەکانە بۆ جوانی جا چ بەنەزانی بێت چ بە بەرنامەی دارێژراو ، پێوەرەکانی جوانی لە میدیاکان بریتییە لە ئافرەتی درێژ و ناوقەد باریک و ڕازاوە بە ماکیاژ و نەشتەرگەری . بێگومان ئەم پێوەرانەش وەک هەزارانی تر هاوردەکراون چونکە تا چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە ڕۆژهەڵات ئافرەتی بەژن باریک و لاواز بە ناشرین سەیر دەکرا ، دیارە ئەوەش کارەساتە و یەکێکە لە دەرەنجامەکانی گرێی خۆبەکەمزانین ، بەڵام ڕونە کە لە فەلسەفەی مێگەل داهێنان نییە ، هەموشتەکان هاوردە دەکرێن ، زیاتریش شتی زیانبەخش هاوردە دەکرێن چونکە مێگەل جیاوازیی نێوان باش و خراپ نازانێت .

بۆیە کاتێک سەرنجی میدیاکانی وڵاتە دواکەوتوەکان دەدەیت پێشکەشکارەکان وە بوکەڵەی پلاستیکی دێنەبەرچاو لەبەر زۆریی ماکیاژ و نەشتەرگەریی جوانکاری ، کاتێکیش گوێیان بۆ شل دەکەی تەنانەت زمانی دایکی خۆشیان نازانن هێندە بەستەزمانن ، باسی ڕۆشنبیری و هۆشیاریش هەر ناکەم چونکە پێوەری دامەزران لە سیستەمێکی لەم شێوەیە دیارە چەند ڕوکەشە .

ئەوەی زۆر بەڕونی لە میدیای وڵاتانی جیهانی سێیەم بەدی دەکرێت بەتاڵیی بەرنامەکانە ، ستۆدیۆکان گرانبەها و بریقەدارن ، پێشکەشکارەکان ڕازاوەن بەڵام چونکە گرنگی تەنها بە روخسار دراوە ناوەرۆک شتێکی ئەوتۆی تێدانییە ، بۆیە زۆر جار تاقەتت نابێت بە دیار ئەم جۆرە میدیایەوە دابنیشیت .

تێکدانی پێوەرەکان زیانی زۆری هەیە بۆ پەروەردەی کۆمەڵگە بە تایبەتی بۆ منداڵان و هەرزەکاران ، چونکە میدیاکاران وەک پێشەنگ لێیان دەڕوانرێت ، کاتێکیش منداڵ و هەرزەکار پێشەنگەکانیان بەم شێوەیە دەبینن هەوڵدەدەن وەک ئەوان بن ، واتە وەک ئەوان باڵابەرز و ناوقەد باریک و ڕازاوە ، کە ئەمەش مەحاڵە چونکە میدیاکاران جگەلەوەی دەستەبژێرن دنیایەک جوانکاری و مکیاژ و فڕوفێڵیان بۆ کراوە ، کاتێکیش نەوەکانمان ناتوان بگەنە پێوەرە ساختەکانی جوانی ، توشی نائومێدی دەبن و هەمیشە خۆیان بە ناشرین دێتەبەرچاو .

بۆیە زۆر جار دەبینین ڕۆڵەکانمان هەوڵ دەدەن لاسایی میدیاکاران بکەنەوە و وەک ئەوان دەرکەون ، ڕەنگە لەم پێناوەشدا پەناببەنەبەر دەسکاریکردنی جوانیی سروشتیی خۆیان بۆ گەیشتن بە پێوەرە درۆیینەکان ، یا زۆر جار رۆڵ ببینن و بچنە دونیای خەیاڵ و کەسایەتیی خۆیان لەدەست بدەن و لە قاڵبی کەسایەتییەکی ساختە کەسایەتیی دروستی خۆیان بتوێننەوە و لە دەستی بدەن .

## ٢- دروستکردنی مێگەل

میدیاکان هەندێ جار بە نەزانی وهەندێ جاریش بە بەرنامە کاردەکەن لەسەر دروسکردنی کۆمەڵگەیەکی دەستەمۆ و گوێڕایەڵ لە ڕێگەی هێنانە پێشەوە و گەورەکردن و گرنگیدان بە چەند کەسێکی ناهۆشیار و هیچ لەبارادانەبو ، میدیاکان هەڵدەستن بە بەخشینی ناوی گەورە وناوەرۆکی وێران ، هەڵدەستن بە دانانی هەندێک بەرنامەی بێمانا و چەند نەخوێندەوارێک دەهێنن و بەناوبانگیان دەکەن ، هەندێکیان لەژێر ناونیشانی کەسایەتیی کۆمیدی و هەندێکی تر بە ناونیشانی پاڵەوانی سۆشیال میدیا و هەندێکی تر بە ڕاهێنەر و پسپۆڕ لە بواری گەشەپێدان ، هەندێکیان دەکەن بە گۆرانیبێژ و هەندێکیان بە ئەکتەر و هەندێکیش بە پێشکەشکار ، ناوی گرنگ و گەورەیان بۆ دادەتاشن بەڵام ناوەڕۆکیان وێرانە ، مەبەست لەمەش ئاڕستەکردنی کۆمەڵگەیە بەو ئاڕاستەی کە خاوەنی ئەم کەناڵە دەیەوێت کە جاری وایە بازرگانێکی چاوچنۆکە و لەپێناو پارە هەموشتێک دەکات ، جاری وا هەیە کەسێکی سەربە لایەنێکی سیاسییە و ڕیکلام بۆ پارتەکەی خۆی دەکات .

گرنگترین شت ئەوەیە کە خەڵکی سەرقاڵ بکەن بە کارەکای خۆیان و زۆرترین بینەر بۆ خۆیان کۆ بکەنەوە ، دیارە کە زۆریی بینەریش واتە زۆریی داهات لەڕێگەی ڕیکلام و زۆر شتی تریش .

بازاڕی ئازاد دەرگای زۆر واڵادەکات بەسەر خەڵکی ، ئەگەر بە وردی چاودێری هەمو بوارەکان نەکرێت ڕیگەیەکی زۆر ترسناکە بۆ ڕوخاندنی بەها جوانەکان و سەرەنجام ڕوخاندنی سیستەم و دام و دەزگا و وڵاتیش ، چونکە هەروەک ئاماژەمان پێدا میدیا چەکێکی زۆر کاریگەر و ترسناکە ، ئەگەر بە وردی چاودێریی نەکرێت وردە وردە بەها جوانەکان بنکۆڵ دەکات و بە نەمانی بەهاکانیش کۆمەڵگە دادەڕوخێت ، سەرەتا لەڕوی ڕەوش پاشانیش لەڕوی سیستەم و دام و دەزگاوە .

دەوڵەت دەتوانێ هەمو میدیاکان لە خزمەتی خۆی و کۆمەڵگە بەکاربهێنێ بە هێنانە پێشەوەی چەند کەسێکی دڵسۆز و خاوەن ئەزمون و پەروەردەکار ، ئەگەر میدیاکان ڕۆڵی باش نەگێڕن لە پەروەردەکردنی نەوەکانمان هەرگیز ناتوانین پێشبکەوین ، پێشکەوتن واتە هۆشیاری نەک بونی سوپایەک لە پێشەنگ و مۆدێلی بێ ناوەرۆک .

### ٣- بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگە

زۆرجار لایەنێکی دیاریکراو ، یا بازرگانێک هەڵدەستێت بە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی میدیایی ، کە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و سۆشیال میدیا و هەندێ جار ڕۆژنامەشی تێدایە . حکومەت لەژێر دروشمی گرنگیدان بە کەرتی تایبە و فەراهەمکردنی هەلی کار مۆڵەت دەبەخشێت بە زۆر دەزگای میدیایی ، ئەمە تا ڕادەیەک

باشە بەڵام بەبێ چاودێریی وردی لایەنی پەیوەندیدار ڕەنگە زۆر جار ئەم دەزگایانە زیانی گەورە بە کۆمەڵگە بگەیەنن .

هەندێک دەزگا هەن لە پێناو دەسکەوتنی داهات ئامادەن خزمەتی بەرژەوەندییەکانی وڵاتێکی دیاریکراو بکەن ، ڕەنگە ئەم وڵاتە دوژمنیش بێت ، دیارە لای هەندێک کەس تەنها داهات گرنگە ، گرنگ نییە خزمەتی کێ دەکات ، کێ پارەی باشێ پێبدات خزمەتی ئەو دەکات ، نابێ ئەوە لەبیربکەین کە بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی پارەی چاکی پێویستە بە تایبەت ئەگەر کەناڵی ئاسمانیی تێدابێت ، دیارە کە لە بارودۆخی ئابوریی شێواویش هەمو دەزگاکان ناتوانن خۆیان بەڕێوەببەن لەبەر کەمیی داهات ، بۆیە دو ڕێگەیان لەپێشە ، یا دەبێ دەزگاکانیان دابخەن ، یا دەبێ بیخەنە خزمەت لایەنێکی دیاریکراو .

جاری وا هەیە دەزگای میدیای دەکەوێتەژێر کاریگەریی لایەنێکی دەوڵەمەندی توندڕەو ، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەم دەزگایە دەبێتە کارگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤی توندڕەو و توندوتیژ کە لەوانەیە سبەی لە کۆمەڵگەکەی خۆی هەڵبگەڕێتەوە و ببێتە هۆی نانەوەی پشێوی و لەناوبردنی خەڵک .

جاری وا هەیە دەزگای میدیای دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کاسایەتییەکی دیاریکراو ، سەرەنجام دەبێتە مینبەرێک بۆ

بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە و لێکترازانی کۆمەڵایەتی و نانەوەی کێشە و ئاشوب لەنێو کۆمەڵگە .

جاری واش هەیە دەزگای میدیایی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی گروپێکی ڕەشبین ، کە هەمو جیهان بە ڕەش و سپی دەبینن و هیچ تروسکایی ئومێدیان لێ بەدی ناکرێت ، سەرەنجام ئومێد و هیوا لە کۆمەڵگە ناهێڵن و دەبنەهۆی بەرهەمهێنانی نەوەیەکی ڕەشبینی بێ کردەوە و توڕە و یاخی کە ئامادەیە هەمو دنیا تێکبدات ناشزانێ لە پێناوی چی .

**٤- لەباربردنی خەونەکان**

یەکێک لە کارەکانی میدیا دۆزینەوە و پیشاندانی دەست ڕەنگینی و داهێنانەکانی تاکە ، میدیا جیهانییەکان بە وردی بە دوای داهێنەر ودەست ڕەنگینەکاندا دەگەڕێن و گرنگییان پێدەدەن و هاوکارییان دەکەن تا سەرەنجام دەیانکەن بە ئەندامێکی کارا و سودبەخش بۆ کۆمەڵگە . کاتێک داهێنەران لەڕێگەی میدیاوە دەناسێنرێن ، سەرمایەداران لەپێناو قازانجی خۆیان و سودی کۆمەڵگە ، هەڵدەستن بە سەرمایەگوزاری لەم داهێنانە و سەرەنجام هەم داهێنەر بەرەوپێش دەچێت و هەم کۆمەڵگە سودمەند دەبێت و هەم سەرمایەگوزاریش قازانج دەکات .

لە وڵاتانی جیهانی سێیەم میدیاکان زیاتر کاریان ڕازاندنەوەیە ، هەر لە ڕازاندنەوەی کالای بازرگانی تا ڕازاندنەوەی مۆدێلە ناشرینەکان

و سیاسییە گەندەڵەکان و بازرگانانی ئاین و ... هتد ، ئەوەی کە نایکەن کاری خۆیانە کە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و بەرنامەی بەسود و بەرهەمی هونەریی جوان و .... هتد

لە وڵاتە دواکەوتوەکان چونکە میدیا وەک چەکێک لێی دەڕوانرێ پێویستە هەمیشە لە خزمەت خاوەنەکەی بێت ، بۆیە دەبینیت دەزگای میدیایی سەربەخۆ بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێت ، هەموی موڵکی حکومەتە و هەموان وەک قاز بە یەک ئاواز دەخوێنن ، تاک ڕەنگن وفرەییان پێوەدیار نییە ، دیکتاتۆران ڕقیان لە فرەڕەنگی و فرەدەنگی و فرەکەلتوری و فرەئاینییە ، ئەوان تەنها حەزیان لە یەکدەنگی و یەکڕەنگییە ، ئەوان حەزدەکەن کۆمەڵگە وەک مێگەل بێت تا بە ئارەزوی خۆیان بۆ کوێی بیانەوێت لێی بخوڕن .

میدیاکان لە جیهانی سێیەم زۆر گرنگی بە پێداویستییەکانی خواردن و ڕازاندنەوە دەدەن ، خەڵکیش وا ڕاهاتوە کە تەنها لە خەمی تێرکردنی حەزەکانی بێت ، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ، ئەگەر میللەتێک بۆ ماوەیەکی زۆر گرنگیی پێنەدرا ، ئیتر واز لە مەسەلە گرنگەکان دەهێنێت و ئامادەیە وەک ئاژەڵ ژیان بکات واتە ژیانی تەنها بریتی دەبێت لە تێرکردنی حەزەکانی و واز لە خەونەکان و پێداویستییە گرنگەکانی وەک پێشکەوتن و ئازادی و داواکردنی مافەکان دەهێنێ .

بەم شێوەیە میدیا کاردەکات لەسەر لەباربردنی خەونەکان و بچوککردنەوەی تواناکانی تاک و لەقاڵبدانی شێوازی ژیانکردن و بیرکردنەوەی تاک لە کۆمەڵگە ، تا وای لێدێت گەورەترین خەونی تاک بریتی دەبێت لە دەسکەوتنی کارێک کە پێی بژیت ، ڕەنگە زۆر جار تاک واز لە خوێندنیش بهێنێت لەپێناو کردکردن کاتێک دەبینێت کە خوێندەوار و نەخوێندەوار ، خوانە بڕوانامە و بێ بڕوانامە هەر هەموی خەریکی کارکردنە ، زۆر جاریش بێ بڕوانامەکان ژیانیان خۆشترە لەوانی تر چونکە کارکردن بنچینەیە نەک بلیمەتی و لێزانی ، ئەمەش وا لەتاک دەکات گرنگی بە خوێندن و خۆ ڕۆشنبیرکردن نەدات ، ئەم هەمو ڕەنج و خۆماندوکردنە لەپای چی ؟ لەپێناو کاغەزێک کە پێی دەوترێ بڕوانامە ؟ ئێ خۆ سەرەنجام هەموی لەپێناو دەسکەوتنی پارویێک نانە کە خاوەن بڕوانامە و بێ بڕوانامە وەک یەک پێی دەگەن ، ڕەنگە زۆر جاریش بێ بڕوانامەکە زوتر پێی بگات .

**٥- ونکردنی شوناس**

میدیاکان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە ناساندنی کەلتور و شوناسی میللەتان ، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کە جیهان وەک گوندێکی بچوکی لێهاتوە ، سەرنجی میدیای هەر وڵاتێک بدەیت تێبینی ڕەنگدانەوەی کەلتور و شوناسی میللەتەکە دەکەیت ، میدیاکان دەتوانن شوناس دروستبکەن و دەشتوانن وێرانی بکەن .

لەو وڵاتانەی کە مرۆڤ تیایاندا بەنرخە ، میدیاکان لە خزمەتی بەها جوانەکانی کۆمەڵگە کاردەکەن ، بەڵام لەو وڵاتانەی کە مرۆڤ تیایاندا بێنرخە ، میدیاکان لەخزمەتی چینێکی دیاریکراون.

سەرنجێکی میدیاکانی وڵاتەکەی خۆت بدە ، چەند لە کارمەندان جلی کوردییان لەبەرە ؟ چەند لەوان بە کوردییەکی خاوێن و پەتی قسەدەکەن ؟

جێگەی داخە کاتێک سەرنجی میدیاکان دەدەی تێدەگەی کە زمانێک نەماوە بە ناوی زمانی کوردی، ئەوەندە وشەی بیانی و وشەی ناڕاست و تێکەڵەی شێوەزارەکانی تێدایە خەریکە زمانەکەی خۆمان لەبیردەچێتەوە.

وڵاتێکی وەک ئەمریکا دانیشتوانەکەی زیاتر لە ٣٤٠ ملیۆنە ، هەزاران میللەتی جیجیات تێدایە کەچی یەک زمان لە میدیاکان بەکاردێت ، تا ئاستێکی زۆریش شێوەزارێکی گشتی هەیە کە لە میدیا قسەی پێدەکرێت .

٢٢ دەوڵەتی عەرەبی هەن ، یەک زمان و یەک شێوەزار لە میدیاکانیان بە دی دەکرێت.

وڵاتی چین زیاتر لە ملیارێک و ٣٠٠ ملیۆن دانیشتوانی هەیە ،یەک زمانی فەرمیی هەیە و میدیاکان و دەزگا فەرمییەکان کار

به یەک زمان و یەک دیالێکت دەکەن لەکاتێکدا سەدان زمان و دیالێکتی جیاجیا لەچین هەن .

وڵاتی هیند زیاتر لە ملیارێک و ٢٠٠ملیۆن دانیشتوانی هەیە ، سەدان ئاین و زمان و دیالێکتی جیاجیا پێکەوە دەژین ،یەک زمان و یەک دیالێکت بە فەرمی کاری پێ دەکرێت .

ئێمەی بەستەزمان کەمتر لە ٦ ملیۆنین هەواڵەکان لە میدیاکان بە ٢ شێوەزار دەخوێنرێتەوە جاری وا هەیە دەبێتە ٣ دیالێکت لە هەندێ میدیا .

ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە سادەترین شت یەک بخەین کە زمانی ئاخاوتنە ، ئاخر میللەتێک ئەگەر زمانی نەبێ واتە هیچی نیە.

ئەگەر نەشارەزایەک سەرنجی میدیاکانمان بدات نازانێ ئێمە کێین ، چونکە نە جلوبەرگ و نە شێوازی قسەکردن و نە رێنوسمان کوردییە ! کارەساتە کورد بە پانتۆڵ و بۆینباخ خۆی بە دنیا بناسێنێ . ئەوە ئەگەر هەر ئاماژەیەکی هەبێ تەنها ئەوەیە کە ئێمە خاوەنی هیچ نین تەنانەت خاوەنی جلوبەرگیش نین ، بۆیە شایانی ئەوە نین ببین بە دەوڵەت وەک هەمو خەڵکی .

زۆرجار تێبینی دەکەم خەڵکی ناحاڵی گاڵتە بە عەرەب دەکەن ، عەرەب لە بەناوبانگترین کەناڵەکانیان بە جلی خۆیان دەردەکەون و بە زمانێکی یەکگرتو قسەدەکەن و بەڕاستی دەیسەلمێنن کە

شایانی ئەوەن خاوەنی هەموشت بن . هەربۆیەشە وڵاتانی کەنداو کە هەر ٧ وڵاتیان بەقەد کورد دانیشتوانیان نییە بەڵام خاوەنی ٧ وڵاتی دەوڵەمەند و خاوەن پایەن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەمو جیهان بە چاوی ڕێزەوە لێیان دەڕوانرێ.

ئەوان دەزانن نوێنەرایەتیی خۆیان بکەن ، ئەوان دەزانن دەسبەرداربونی کەلتور و پۆشینی بەرگی بێگانە هەنگاوی یەکەمی سڕینەوەی ناسنامەیە .

ئەوان لایان نەنگی نییە عەگال لەسەربکەن کە قوفڵی پیێەکانی حوشترە ، ئەوان دەزانن پاراستنی کەلتور واتە پاراستنی ناسنامە ، بەڵام ئێمە پێمان شەرمە بەو جلە کوردیە جوانانەوە بێینە سەر شاشە کە زۆر لە بێگانەکان پێی سەرسامن !

ئیتر چۆن داوای دەوڵەت بکەین کاتێک ناسنامە و کەلتوری خۆمان فرێداوە ؟

لە کەناڵی ئاسمانی کە ملیۆنان دۆلاری تێدا خەرج دەکرێ ئێستاش ڕۆژانە چەندین هەڵەی زمانەوانی و هەڵەی تری تێدا بەدی دەکرێت ، تەنانەت وای لێهاتوە ناوی بەرنامەکانیش بە کوردی نانوسن ، ناوەکانیش زۆرێکیان بیانین ، خۆزگە هەر بیانیش بونایە ، وشەیەکی ئینگلیزی دێنن و دەیکوردێنن بە خوارکردنەوەی یا شکاندنی سەروگوێی وشەکە ، دیارە ئەمە بە پێشکەوتن و داهێنان ئەژماردەکرێت لای ئەوان ، ژێرنوسیش بە کوردی نانوسن بەڵکو بە

لاتینی دەینوسن ، لە کاتێکدا لە هیچ قوتابخانەیەک لاتینی ناخوێنرێت وکوردیش دورونزیک پەیوەندیی بە ڕێنوسی لاتینییەوە نییە ئازانم فەلسەفەی ئەم داهێنانە لە کوێ هاتوە !

خۆ ئەگەر کەسێک کوردی نەزانێت مەگەر ساحیر و فاڵچی بێت ئەگینا بەچی بزانێت ئەم کەناڵە کوردییە؟ ناوی بەرنامە ئینگلیزییە و بە لاتینی نوسراوە ، ژێرنوس لاتینییە ، بێژەر چاکەت و پانتۆڵی لەبەرە ، وەک ئەوەی کورد نە زمانی هەبێت ، نە ڕێنوس نە فەرهەنگ نە جلوبەرگ !

## مێگەل و ئەدەبیات

ئەدەب جگە لەوەی تۆمارێکی زۆر گرنگە ، جیهانێکی زۆر فراوان و چێژبەخشیشە ، بەڵام وەک مادەی هۆشبەرە ، دەتباتە نێو دنیای خەیاڵ و کاتێکی خۆش بەسەردەبەیت لەپڕێکا بەئاگادێیتەوە و لەگەڵ واقیع دەستەویەخە دەبیت . میللەتان هەر لەکۆنەوە ئاشنابون بە ئەدەب و تا سەردەمانێکی نزیکیش ئەدەب تاکە سەرچاوەی تۆماری مێژو و پاراستنی کەلتور و ڕەسەنایەتی و شانازیی میللەتان بوە .

" کۆمەلگەکانی رۆژهەڵات چونکە هیچ بەرهەمێکیان نییە ناچارن بگەڕێن بە دوای شتێک کە شانازیی پێوە بکەن . عەرەب پێش هاتنی ئیسلام تەنها هونەر کە خەریکی بون شیعر بو ، تەنها شیعریان هەبو کە شانازیی پێوە بکەن ، هەمو ژیان و سەربەرزیی و شکۆی خۆیان تێیدا دەبینیەوە ، بۆیە شیعریان یەکجار زۆر بو ، پێشبرکێی تایبەت بە شیعریان هەبو، ئەو شیعرەی یەکەم بوایە لەسەر دیواری کەعبە هەڵیان دەواسی کە ئەمە لوتکەی سەربەرزی و شەرەف بو، جگە لەوەی شاعیران لای سەرۆک خێڵ و دەولەمەندان پایەی بەرزیان هەبو ، لە بەرامبەریشدا شاعیران شیعری جوانیان دەنوسی لە ستایشی ئەوانەی کە پارە و پاروی چەوریان لەلابو ". [١]

---

[١] وعاظ السلاطين للدكتور علي الوردي

ئەگەر سەرنج بدەین کاتێ ئیسلام هات دژی شیعر وەستاوە چونکە هەمو ژیانی داگیرکردبون ، بەڵام پاشان شاعیری ئیسلامیش دەرکەوتن وەک (حسان ابن ثابت)[1] . ئەوەی تێبینی دەکرێ عەرەب پێش ئیسلام و دوای هاتنی ئیسلامیش وازیان لەو نەریتە نەهێنا و هەر بەردەوامبون لەسەر شیعر و شانازی کردن بە شیعر.

میللەتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیش مەحکومن بە کەلتوری عەرەب چونکە عەرەب لە جیاتی بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هاتن کۆمەلێک کەلتوری خۆیان بڵاوکردەوە و ناویان نا ئاین . لە ئەنجامدا گەلانی ژێردەستی عەرەبیش وەک ئەوان خویان دایە شیعر و وازیان لە هەموشت هێنا ، ئەگەر سەرنجی شاعیرە گەورەکانی کورد و فارسیش بدەین دەبینین زۆربەیان زانای ئاینی بون ، بەلام ئەوەندە سەرسام بون بە شیعر ، ئەوەندی شیعریان نوسیوە چواریەکی ئەوە خەریکی زانست نەبون .

بیرکرنەوەی دروست و هۆشیاری وڵات پێش دەخات نەک ئەدەبیات ، چونکە ئەدەب لە سۆزەوە سەرچاوە دەگرێ نەک ئەقڵ بنەمای سەرەکیشی خەیاڵە و مادەکەشی زمانە ، بۆیە بلیمەتی لە شیعر یا ڕۆمان هیچ زانستێکی تێدا نییە بەڵکو هەڵچونێک یا لافاوێکی وشەیە لە کات و شوێنی گونجاودا هەڵدەقوڵێت لەژێر کاریگەریی سۆزەکان .

[1] حسان بن ثابت الأنصاري ، هاوەڵی پەیامبەر بوە و شاعیرێکی زۆر بەتوانا بوە ، لە ٦٠ ی پێش هاتنی ئیسلام تا ٥٤ ی کۆچی ژیاوە

ئەوەی تێبینی دەکرێ ، ئێستاش شیعر زۆرترین خوێنەری هەیە بە بەراورد بە زانستە جۆراوجۆرەکان ، خوێنەری خۆشمان زۆرینەی خەریکی شیعر یا ڕۆمانن ، حەزناکەن لە دونیای خۆشی خەیاڵ بێنەدەر و دەستەویەخە بن لەگەڵ واقیعی تاڵی ژیان . خوێندنەوەی ئەدەبیات زۆر خۆش و چێژبەخشە ، بەڵام بەنجێکی کاتییە و زۆر کەم وایە ئەدەبیات گۆڕانکاریی گەورە دروست بکات .

ئەو میللەتانەی کە زۆر عاشقی ئەدەبیاتن قسەی گەورە و بریقەدار زۆر دەزانن ، بەڵام کرداری گەورەیان نیە . عەرەب و کورد زۆر ئازان لە دروستکردنی شاعیر و ڕۆماننوس بەڵام بیرمەند و فەیلەسوف و داهێنەر بە دەگمەن لەناویان دروست دەبن ، گەر دروستیش بن ناچارن وڵات جێ بهێڵن چونکە کەس نرخیان نازانێ .سەرنج بدە شاعیر و ڕۆماننوسەکان چەند ناسراون ، بەتایبەت ئەوانەی لە هۆنینەوەی خەیاڵ و دروستکردنی چیرۆکی سەرنجڕاکێش و بەنجکردنی تاکەکان دەستێکی باڵایان هەیە . کتێبەکانیان پڕفرۆشترینن و کۆڕەکانیان جمەی دێت ، و ئەوان بونەتە پێشەنگی خەڵک ، بەڵام بە دەگمەن دەبینرێ بیرمەندێک یا فەیلەسوفێک هەڵبکەوێت ، بناسرێت یا گوێی لێبگیرێت .

هەرچەندە ئەدەبیات لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێکی گەورەی ژیانی تاکی داگیرکردوە بەڵام بەگشتی لە ئاستێکی نزمدایە ، دیارە کە ئەدەبیاتیش وەک زانست و هزر بەرهەمی بیرکردنەوەن ،

تـاكی ڕۆژهەڵاتـیش كێشـە لە شـێوازی بیركـردنەوەی هەیە بـۆیە لە هەمو بوارەكان تواناكانی سنوردارن .

## مێگەل و زانست

نکـۆڵی لەوە ناکرێـت کە فێربـون مـایەی سـەرکەوتنە لە هەمـو بوارەکانی ژیان ، بەڵام ئایا فێربون چییە ؟ ئایا فێربون بریتییە لە وەرگرتنی زانست و دەرچون لە قوتابخانە و بەدەست هێنانی بڕوانامە ؟ ئەوەی لە وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست بەدی دەکرێ بەداخەوە فێربـون بـریتییە لە پڕکردنـی مێشـکی نەوەکانمـان بە زانیـاری بە مەبەستی دەرچون لە تاقیکردنەوە و بەدەستهێنانی پارچە کاغەزێک کە پێی دەوترێ بڕوانامە بۆ ئەوەی پاشان کارێکیان دەست بکەوێت کە پێی بژین .

بە دەگـمەن دەبینـرێ مامۆسـتاکان لەبـری زانیـاری زانسـت یـا شارەزایی بدەن بە ڕۆڵەکانمان ، مامۆستاکانیش ناهەق نین چونکە ئەوانیش قوربانین ، بەڵام دەبێ خەمێک لە خۆیان و لە ڕۆڵەکانی داهاتو بخۆن چونکە ئەمڕۆ سەرچاوەکانی دەسکەوتنی شارەزایی زۆرن و بەخۆڕایین . ناکرێت پەروەردەکاران هەر پشت بە بابەتەکانی ناو کتێبەکان ببەستن بەڵکو دەبێ کاربکەن لەسەر کردنەوەی ئەقڵی نەوەکانمان و فێری بیرکردنەوەی فراوان و ڕەخنەگرانەیان بکەن . شورەییە لە سەدەی بیست و یەک تاکی خاوەن بڕوانامە نەتوانێ ئازاد و ڕەخنەگرانە بیربکاتەوە .

لە کۆمەڵگەی ئێمە خەڵکی بۆ خۆیان ناخوێنن ، بەڵکو بۆ ئەوە دەخوێنن ببن بە شتێک تا پارەیەکی زۆر لە کاتێکی کەم پەیدا

بــکەن ، واتە بە کەمتــرین مــاوە دەوڵەمەنــد بــن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە لە هەرچی قوتابی پۆلی ١٢ هەیە بپرسە دەڵێ حەزدەکەم ببم بە دکتۆر یا ئەندازیار .

ئەوەی تەواو لێــی بــێ ئاگــاین و فەرامۆشــمان کــردوە حەزەکــانی نەوەکانی خۆمانە، زۆربەی زۆری منداڵ ئەگەر سەرپشکی بکەیت هەر لە منــداڵییەوە ئــارەزوی بــون بە دکتــۆر ناکــات مەگەر بە دەگمەن.ئێمە دێین بێ گوێدانە حەز و توانای منداڵەکانمان وایان ئاڕاستە دەکەین کە ئەگەر نەبن بە دکتۆر یا ئەندازیار ئەوا دۆڕاو و نەزانن و لە دوارۆژ نابن بە هیچ !

ئێمە بە دەستی خۆمــان دوارۆژی منــداڵەکانمان لەبار دەبەیــن بــێ ئەوەی هەست بکەین . ئەگەر کەسێک لە پۆلی ١٢ تێکڕا نمرەی لە سەروی ٩٠ بێ و بڵێ دەچمە کۆلێژی هونەر ، دەوروبەرەکەی بە شــێت نــاوی دەبەن و کــارێکی وای پێــدەکەن هەر شــەرم بکــا جارێکی تر باسی حەز و ئارەزوەکانی خۆی بکات . ئێمە بە بێ ئاگایی خۆمان ، دکتۆرێک دروست دەکەین کە لەناخەوە نوسەرە ، ئەندازیارێک دروست دەکەین کە لەناخەوە مامۆستایە .

ئەفسەرێکی پۆلیس دروست دەکەین هەمو ژیانی حەزی لە نواندن بوە ، هەر لەبەر ئەوەشە زۆرێک لە خەلکی ناڕازین لە کارەکانیان و ئەو کارە ناکەن کە خۆیان حەزیان لێیەتی ، بەمەش نەک ناتوانن داهێنان بکەن بەڵکو کارەکەش بە تەواوی ئەنجام نادەن .

سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانج لە هەر کارێکدا بریتی نییە لە کۆکردنەوەی زانیاری بەڵکو بریتییە لە پرۆسەی بەکارهێنانی زانیاریی سەرەتایی وەک کەرەستەی خاو و کارکردن لەسەری و دوای تێپەڕینی بە چەند قۆناغێک سەرەنجام سەرکەوتن بەرهەم دێت ، واتە سەرکەوتن بەرهەمێکە لە زانیاریی سەرەتایی بەدەست دێت بە هۆی شارەزاییەکانی مرۆڤ کە بەم قۆناغانەی خوارەوە تێپەڕ دەبێت (سەرنجی هێلکاریی ژمارە ١ بدە )

**١ - زانیاریی سەرەتایی ( بیانات - Data )** زانیاریی ئاسایین کە مانادارن بەڵام ڕێکخراو نین و وەک کەرەستەی خاو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت .

**٢ - ئاگاداری ( معلومة - Information )** یا زانیاریی پوختەکراو ، لە زانیاریی سەرەتایی دروست دەبێت دوای ڕێکخستن و کۆکردنەوە و پوختەکردنی هەندێک زانیاریی سەرەتایی .

**٣ - زانین ( المعرفة - Knowledge )**، زانین یا شارەزایی[١] بریتییە لە بەرهەمی فێربون بە درێژایی مێژو، واتە هەبونی زانیاری لەسەر شتێک ، شارەزایی بەوە دەناسرێتەوە کە لە زانیاری فراوانترە چونکە بریتییە لە بەرهەمی کۆمەڵێک زانست لە کۆمەڵێک بوار بە درێژایی مێژو. زانین یا شارەزایی دو جۆرە ، شارەزایی ئاسایی

---

[١] ڕەنگە زانین یا شارەزایی پڕبەپێست مانای (المعرفة) نەدەن ، بەڵام بەداخەوە وشەی نزیکتر یا وردتر شک نەبرد.

کە بریتیە لە زانست ، هەروەها شارەزایی زانستی ، کە پلەیەکی بەرزتری هەیە چونکە لەسەر بەڵگەی زانستی بنیات دەنرێ.

هەروەها دەتوانرێ زانین یا شارەزایی زانستی پێناسە بکرێ بە، بەرهەمی بیروبۆچون و ڕاستییەکان کە پەیدادەبن لە ئەنجامی هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکانی دەوروبەر ، ئەوەش هەمو شتە پەیوەندیدارەکان دەگرێتەوە کە لەدەوروبەری تاک هەن ، وە گرنگیی شارەزایی یارمەتیدانی تاکە بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەرەکەی و زاڵبون بەسەر هەر کێشەیەک کە ڕوبەڕوی دەبێتەوە ، هەروەها یارمەتیی تاک دەدات بۆ دەرکردنی بڕیاری ڕاست و گرتنەبەری ڕێکاری دروست ، بەمەش دەتوانێ هەڵەکانی خۆی دیاری بکات و چاکیان بکاتەوە.



هێلکاری ژمارە (١) زانیاری ، شارەزایی ، وردبینی ، دانایی ، ئەنجام
Data - بیانات - زانیاری سەرەتایی
Information - معلومة - زانیاری پەرتەکراو
Knowledge - المعرفة - زانین/ شارەزایی
Insight - البصیرة - وردبینی
Wisdom - الحكمة - دانایی
Result - النتیجة - ئەنجام

## ڕێگاکانی دەستکەوتنی شارەزایی

### ا- سود وەرگرتن لە زانیاریی بەردەست

دەتوانین سود لە تاقیکردنەوە و زانیاریەکانی بەردەست وەربگرین کاتێک دەمانەوێ شارەزایی لە بابەتێکی دیاریکراو بەدەست بهێنین، بەمەش هەم کات و هەم ماندوبونمان کەمتر دەبێتەوە .

### ب- پرسیارکردن لە شارەزاکان

بۆ ئەوەی شارەزایی لە بابەتێکی دیاریکراو وەربگرین دەتوانین داوای ڕاوێژ بکەین لە کەسانی شارەزا لەو بوارەی کە مەبەستمانە، بەمەش تا ڕادەیەکی باش ڕێگەی سەرکەوتن ڕۆشن دەبێت لەبەرچاومان ، جگە لەمەش کات و توانا و خەرجیی کەمترمان پێویست دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو.

### ج- تاقیکردنەوە

یەکێک لە ڕێگاکانی دەستکەوتنی شارەزایی لە بوارێکی دیاریکراو بریتییە لە تاقیکردنەوە ، بە تایبەتی ئەگەر بوارێکی نوێ بو و خەڵکی شارەزا نەبون لە بوارەکە تا سود لە شارەزایی ئەوان وەربگری .

## د- بەراوردی لۆجیکی

زۆر جار بۆ دەستکەوتنی شارەزایی پێویستە لەسەرمان بەراوردی لۆجیکیانە ئەنجام بدەین بە تایبەت ئەگەر بە سێ خاڵەکەی پێشو نەمانتوانی بگەینە ئەنجام ، بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێ بەرزیی باڵاخانەیەک بزانین بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئامێرێک، ڕەنگە ئاسانترین رێگە بۆ ئەم حاڵەتە پێوانەکردنی سێبەری بالاخانەکە بێت کاتێک سێبەری شتەکان تەواو بەقەد خۆیانن .

زانا کۆنەکان بەم شێوەیە بەرزیی شتەکانیان دۆزیوەتەوە ، وەک دۆزینەوەی بەرزیی هەرەمەکان . ڕەنگە زۆر جار زانیاریی زۆر کۆبکەینەوە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بەلام چونکە زانیارییەکان نەبونەتە شارەزایی سودێکی ئەوتۆیان نابێت .

قوتابخانەو زانکۆکانی ئێمە زانیاری بە قوتابی دەدەن ، ڕەنگە زۆر زیاتر لە پێویستیش زانیاری ببەخشن، بەڵام یارمەتیی تاک نادەن زانیاری بگۆڕیت بۆ شارەزایی ، لە ئەنجامدا تاکێک بەرهەم دێت کە زانیاریی زۆرە بەلام ناتوانێ سود لەم زانیاریە وەربگرێ کە چەندین ساڵە کۆی کردۆتەوە .

خالێکی دیکەش هەیە کە زۆر گرنگە ئەویش بەکارهێنانی زانیارییە . ئێمە هەمو تەمەنی خۆمان بەسەردەبەین لە کۆکردنەوەی زانیاری بەڵام بەکاریان ناهێنین ، جا یان زانیارییەکان نابنە

شارەزایی، یان دەبن بە شارەزایی بەڵام هەر خەریکی کۆکردنەوەی زیاتر و زیاترین و شارەزاییەکە ناخەینە خزمەت خۆمان و کۆمەڵگە.

کێشە لە کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر ئاڕاستەکردن و ڕێکخستنە نەک نەبونی کەرەستە ، من دڵنیام خەڵکی زۆر زیرەک و بە توانا هەن ، شارەزاشمان زۆرن بەڵام ئەگەر ئاراستە نەکرێن بەرەو خزمەتکردن و شارەزاییەکانیان نەخرێتە بواری کرداری، ئەوا هەمو ماندوبون و ڕەنجی چەندین ساڵە بە فیڕۆ دەدەین.

ڕەنگە جیاوازیی ئێمە و وڵاتە پێشکەوتوەکان هەر ئەوەبێ کە ئەوان دەزانن کەی و چۆن زانیارییەکان بکەن بە شارەزایی و سودیان لێ وەربگرن ، بەڵگەشمان ئەوەیە کە چەندین تاکی ڕۆژهەڵاتی بلیمەت هەبون کە لە وڵاتەکانی خۆیاندا هیچ بایەخیان نەبو ، بەڵام بە گەیشتنیان بە ڕۆژئاوا بون بە مایەی ئاوەدانی و پێشکەوتن و داهێنانی گرنگ .

ئەم حاڵەتە بە نزیکەیی لەهەمو قوژبنێکی جیهان هەبوە ئێستاش هەیە بەلام لەسەردەمی جیاواز ، بۆ نمونە ئەنیشتاین- چونکە یەهودی بو- لە ئەڵمانیا لەترسی کوشتن لەدەست نازییەکان هەڵهات بەرە و ئەمریکا ، لەوێ خزمەتی زۆری بە وڵاتەکە و بە مرۆڤایەتی کرد .

**٤ - دوربینی (البصيرة - Insight)** لەم قۆناغەدا شارەزایی کەڵەکەبو دەبێتە هۆی بەخشینی هێزێکی نادیار بە تاک کە

هەنـدێک بە دوربینـی و هەنـدێک بە بلیمەتـی و هەنـدێکیش بە هەستی شەشەم ناوی دەبەن ، ئەم هێزە توانای پێشبینیی دروست بە تـاک دەدات دەربـارەی هەنـدێک ڕوداو و پێشـهات لە کـارەکەی خۆی ، تاک لەم قۆناغەدا وردبینە و قوڵ بیردەکاتەوە .

**٥ - دانایی (الحكمة - Wisdom)** ئەم قۆناغە زۆر پێشکەوتوە و دوا قۆناغی پێگەیشتن و تێگەیشتنە ، تاک لەم قۆناغە بە ئاسانی دەتوانێ بڕیاری دروست بدات و ئەنجامەکان زۆر جار ڕونـن هەر لە سەرەتاوە ، تاک لەم قۆناغەدا زۆر ورد و قوڵ و ژیرانە بڕیار دەدات ، بەڵام دیارە کە ئەم قۆناغە کاری زۆر و ماندوبون و شەونخونی و کاتی زۆر دەوێت .

ئەگەر بڕیارەکانمـان لەسـەر بنەمـای زانیـاری بـدەین ئەوا ڕەنـگە ئەگەری سەرکەوتن زۆر نەبێت چونکە زۆرینەی خەڵک زانیاری و شارەزایی زۆریـان هەیە ، ڕونە کە زۆرینەی خەڵکیش سەرکەوتو و دەوڵەمەند نین ، بەڵام ئەگەر بڕیارەکانمان بە هەمـو ئەم قۆناغانەی سەرەوە تێپەڕبوبن ئەوا سەرکەوتن نیمچە مسۆگەر دەبێت .

# لۆجیکی مێگەل

شەوێک گورگەکان هاتن و مەڕێکی سپییان برد ، مەڕە سپییەکان هەمو تۆقین و مەڕە ڕەشەکان مێش میوانیان نەبو ، چونکە ئەوان وای بۆچون کە مەترسی تەنها لەسەر مەڕە سپییەکانە ، بۆ بەیانی گورگەکان مەڕێکی ڕەشیان برد ، ئەمجارەیان مەڕی ڕەش و سپی تێکڕا ئەو باوەڕەیان بۆ دروست بو کە گورگەکان زۆر دادپەروەرن .

لە جیهانی مرۆڤەکان زۆرجار هەمان لۆجیک بەدی دەکرێت ، کاتێک ئەندامێکی کۆمەڵگە کارێکی ناڕەوا دەکات دەوروبەرەکەی بێدەنگ دەبن ، تاک لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات زۆر بێباکە بەرامبەر هەڵە و کەمتەرخەمی و پێشێلکاریی یاساکان، زۆر جار کەسێک یاساشکێنی دەکات یا کارێکی نەشیاو ئەنجام دەدات خەڵکی هیچ هەڵوێستێک نانوێنن ، لانیکەم لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار ناکەنەوە .

زۆر جاربەڵایەک بەسەر چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە دێت چینەکانی تر بە خەیاڵیشیاندا نایەت ، وتەیەکی زۆر باو هەیە زۆر دەیبیستم بە داخەوە کە دەڵێ :

" ئاگرە سورە لە من دورە "

واتە ئەگەر من نەسوتام ئاساییە بە هەمو خەڵکی بسوتێن ، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی هۆشیار وزیندو خاوەن هەڵوێستە لەسەر بچوکترین شت ، ئەگەر سەرنج بدین ئاینیش زۆر گرنگی بە هەڵوێست نواندن دەدات و داوامان لێدەکات کە خەمخۆری یەکتر بین چونکە چارەنوسی هەمومان بەیەکەوە بەندە ، بۆیە خودا دەفەرموێ:

- وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَّا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنكُمْ خَاصَّةً ۖ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿٢٥﴾ الانفال.

" لە بەڵایەک بترسن کە تایبەت نییە بەوانەی کە خراپەیان کردوە بەڵکو هەموتان دەگرێتەوە "

دیارە خودا زۆر بەڕونی پێمان دەڵێت کە خۆپەرست نەبین و خەمخۆری یەکتر بین ، چونکە ئەگەر ئێمە خۆمان هەڵەکانمان ڕاست نەکەینەوە بەڵای گەورەتر بەسەر هەمواندا دێت .

تاک لە وڵاتانی جیهانی سێیەم گۆشکراوە لەسەر پابەندی و گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵات و یاساکان ، جا هەندێجار یاساکان هی دەوڵەتن و هەندێجاریش یاسای موقەدەس ، هەریەکێکیان بێت بۆ تاکێکی ئاسایی ئەستەمە بتوانێ لە چوارچێوەی یاساکان دەرچێ . بۆیە لە کۆمەڵگەی لەم شێوەیە کرداری بە مێگەلکردن ئاسانە ، تەنها پێویستیت بە دروشمێکی نەتەوەیی یان دەقێکی پیرۆزکراوە یا

هەردوکیان بەیەکەوە ، ئیتر دەتوانیت هەرچی بتەوێت ڕەوایی پێ بدەیت .

ابن خلدون دەڵێ :

" تەنگژە سیاسییەکان دەبێ بەرگێکی نەتەوەیی یا ئاینییان بەبەردابکرێ ، تا سەرکردەکان بتوانن پیاوانی خۆیان هان بدەن بۆ شەڕکردن و مردن ، بەم جۆرە جەنگاوەران وا دەزانن لە پێناو شتێکی پیرۆزدا دەمرن " [1]

[1] مقدمة ابن خلدون

## جادوی دەبەنگی

سینۆهە شەوێک بە مەستی لە تەنیشت ڕووباری نیل خەوی لێ دەکەوێت ، بۆ بەیانی خەبەری دەبێتەوە و یەکێک لە کۆیلەکانی میسر کە هەردوو گوێ و لووتی بە نیشانەی کۆیلەبون بڕدرابوون، بەسەر سەری خۆیەوە دەبینێت ، سەرەتا لێی دەترسێت بەڵام دواتر کاتێک بۆی دەردەکەوێت بێ ئازارە دەست دەکات بە قسەکردن لەگەڵیدا.

کۆیلەکە باسی ئەو زوڵم و دەستدرێژییانە دەکات کە چینی خانەدانی میسر دەرهەق بە ئەو ئەنجامیان دابو ، باس لە فەرمانڕەوایەتیی دەرەبەگی ئەو ڕۆژانەی وڵاتی میسر دەکات ،کۆیلەکە داوا لە سینۆهە دەکات بیبات بۆ سەر گۆڕی یەکێک لە خانەدانە ناسراو و ستەمکارەکانی میسر، چونکە سینۆهە خوێندەوار بو ، دەیویست بزانێت خوداکان چییان لەسەر گۆڕی ئەو ستەمکارە نوسیوە . سینۆهە لە کۆیلەکە دەپرسێت بۆچی دەتەوێ چارەنوسی ئەم کەسە بزانیت ؟ کۆیلەکە دەڵێت چەند ساڵێک لەمەوبەر من مرۆڤێکی بەختەوەر و ئازاد بوم ، هاوسەرێکی جوان و کچێکی گەنجم هەبو ، کێڵگەیەکی بچوک و پڕ بەرەکەتم هەبو کە لە تەنیش کێڵگەیەکی فراوان و بێ سنوری یەکێک لە خانەدانەکانەوە بو .

ڕۆژێک ئەو بە پێدانی بەرتیل بە کاربەدەستانی فیرعەون زەوییەکەی منی کرد بە ناوی خۆیەوە و بەبەرچاومەوە دەسدرێژیی کردە سەر هاوسەر و کچەکەم ، پاشان هەردو گوێ و لوتی بڕیم و بۆ کاری زۆرەملێ ڕوانەی کانەبەردەکانی کردم . چەندین ساڵ کاری بە هاوسەر و کچەکەم کرد و پاشانیش هەردوکیانی وەک خزمەتکار فرۆشت و ئێستا هیچ زانیارییەکم لەبارەیانەوە نییە.

ئێستا لە کانەبەرد ڕزگارم بوە و بیستومە ئەو کەسە مردوە، لەبەرئەوە دەمەوێ بزانم خودایان چییان لەسەر گۆڕەکەی نوسیوە . سینۆهە لەگەڵ کۆیلەکە بۆ شاری مردوان (گۆڕستان) دەڕوات و نوسراوی سەر گۆڕی ئەو کەسە بەم جۆرە دەخوێنێتەوە :

" ئەم پیاوە کەسێکی بەڕێز بو، هەمیشە لە ژیانیدا هاوکاریی لێقەوماوانی دەکرد و ناموسی خەڵکی لای ئەو پارێزراو بو ، ئەو زەوییەکانی خۆی بە هەژاران دەبەخشی و هەرکات کەسێک ماڵێکی لێ ون ببوایە لە سامانەکەی خۆی بۆی دەژمارد و قەرەبوی دەکردەوە ، ئەو ئێستا لای ئامونی خودای مەزنی میسرە و بە بەختەوەریی هەمیشەیی گەیشتووە "

لەم کاتەدا کۆیلەکە دەست بە گریان دەکات و دەڵێت:

"ئەو هێندە کەسێکی بەڕێز و دروستکار بوە و من نەمزانیبوو؟ درودی خودایان لەسەر بێ . ئەی خودای مەزن ئەی (ئامون) لەبەر ئەو بیرکردنەوە چەپەڵانەی سەبارەت بەم پیاوە هەمبو، لێم ببوورە "

سینۆهە لێی دەپرسێت سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی ئەم پیاوە لە تۆی کردوە بۆچی هێشتا پێت وایە کەسێکی باش و دروستکار بوە؟کۆیلەکە لە وەڵامدا ئەم ڕستە مێژووییە دەڵێت:

" کاتێک خودایان ئاوایان لەسەر گۆڕەکەی نوسیوە ، منی هەژار چۆن دەتوانم پێچەوانەکەی بڵێم "

سینۆهە پاشان لە یاداشتەکانیدا کاتێک ئاماژە بەم چیرۆکە دەکات دەنووسێت " لەوێدا بوو کە زانیم گەمژەیی و دەبەنگیی مرۆڤ کۆتایی نایەت " [١]

سەرنجێکی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بدە ، کەم وڵات هەیە چەندین جار بە هۆی سیاسەت و نەزانیی سیاسییەکانەوە توشی کارەساتی گەورە نەبوبێت ، کەچی کاتێک سەرۆکە دیکتاتۆرەکان دەیانەوێت سۆزی خەڵکی ببزوێنن بەتایبەت لەکاتی هەڵبژاردنەکان ، وتارێکی چەند خولەکی و چەند وێنەیەک و پارچە مۆسیقایەک و چەند دروشمێکی بریقەدارن بەسن بۆ ئەوەی هەمو میللەت بخەنە سەما و وەک مێگەل بەرەو سندوقەکانی دەنگدان لێیان بخوڕن .

یا کاتێک وڵات توشی شەڕێک دەبێت ، ئیتر مریاعەکان هەڵدەستن بە ڕۆیشتن بەرەو مەرگ بەڵام تەنها لە میدیاکان نەک بەڕاست ، ئیتر هەستی نەتەوایەتی بەرزدەبێتەوە و خۆبەخشان و

---

[١] سینۆهە . میکا ڤالتاری

گینافیداکان پێشبڕکێیانە لەسەر خۆ بەکوشتدان لە پێناو خاکێک کە ئەوان تیایدا تەنها پاسەوانن .

ئەگەر سەرنج بدەین مێژو هەمیشە خۆی دوبارە دەکاتەوە بەڵام لە بەرگێکی نوێدا ، ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر هەن خاوەنی هەمان بیرکردنەوەی کۆیلەکەی ئەم چیرۆکەی سەرەوەن ، کاتێک شتێک پیرۆزکرا مرۆڤی ناهۆشیار ناتوانێ ناشرینییەکانی ببینێ ، چونکە چاوی ئەو تەنها ئەوە دەبینێ کە خۆی باوەڕی پێیەتی ، بۆیە فرێدریک نیچە دەڵێ :

" هەندێجار نامانەوێ گوێمان لە ڕاستییەکان بێت ، چونکە حەزناکەین خەیاڵەکانمان تێک بشکێن " .

## شێخی باڵدار

چەند ساڵێک لەمەوبەر ، بە شایەتیی مامۆستایەکی ئاینی کە خۆم لە زاری خۆی بیستومە ، موریدی شیخێک لای کۆمەڵێک لە برادەرانی باسی گەورەیی و کەرامەتەکانی شێخەکەی خۆی دەکرد و دەیگوت :

" شێخەکەی من هێندە پیرۆزە جار جارە دەفڕێت "

دیار بو هەندێک لە برادەران باوەڕیان نەکردبو ، یەکێک لەوان کە مامۆستای ئاینییە رۆژێکیان چوبوە لای شێخەکەو لێی پرسیبو کە ئایا ڕاستە تۆ دەفڕیت ؟

جەنابی شێخ لە وەڵامدا گوتبوی ، نەبەخوا نە دەفڕم و نە قسەی واشم کردوە !

قسە گەیشتەوە موریدەکە و پێیان گوت کە شێخ نافڕێت بەڵام ئەو هەر سور بو لەسەر قسەکەی خۆی . مامۆستا ئاینیەکە پێی گوتبو ، سوێند بەخوا خۆم پرسیارم لە شێخ کردوە و گوتویەتی من نافڕم .

موریدەکە لە وەڵامدا گوتبوی ، شێخ ناماقوڵیی کردوە بەخوا هەر دەفڕێت .

بەداخەوە چیرۆکی زۆر لەوە سەیرتر هەیە لەناو کەلتوری میللەتانی ڕۆژهەڵات بەڵام چونکە بەرگێکی ئاینیان بەبەرداکراوە کەس ناتوانێ بڵێ هەڵەن ، زۆرێک لەم بەسەرهاتە سەیرانەش بونەتە بەشێک لە بیروباوەڕی خەڵکی تا وای لێهاتوە نەخۆش لەجیاتی سەردانی دکتۆر سەردانی خەڵکێکی لەخۆیان نەخۆشتر دەکەن بە هیوای چارەسەر ، یا لەجیاتی کارکردن و پلاندانان داوای نزا لە کەسێک دەکەن کە هەموگیانی تاوان و خوارو خێچییە و لەژێر ناوی خودا و پیرۆزییەکان خەریکی قۆڵبڕینی خەڵکە .

## مێگەل و خۆشبەختی

خۆشبەختیی مێگەل واتە تێرکردنی پاگەزەکانی ، واتە لەوەڕی باش و پەڕین لە وەرزی زاوزێدا ، شتێکی تر نییە کە ئەندامانی مێگەل هەوڵی بۆ بدەن و خەونی پێوە ببینن ، بۆیە ژیانیان بریتییە لە خواردن و خواردنەوە و پەڕین تا مردن ، سودیان بۆ دەوروبەر هەیە بەڵام بۆ خۆیان نا ، ئەو کۆمەڵگانەی کە هیچ گۆڕانکاری ناکەن و بەرهەمیان نییە لەگەڵ مێگەل جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە .

ئەگەر سەرنجی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدەین دەبینین بێ بەرهەمترین وڵاتانی جیهانن ، هەمو جیهان سود لە سامانەکانی وەردەگرن بەلام بۆ خۆیان سودێکی ئەوتۆیان نییە ، سەرنجی وڵاتانی کەنداو بدە ، هەمو جیهان چاویان بڕیوەتە نەوت و گازەکەیان ، هەزاران کۆمپانیای جیهانی کاردەکەن و بەرهەمەکانی بەتاڵان دەبەن لەپێناو خۆشبەختیی چەند بنەماڵەیەکی دیاریکراو کە بنەماڵەی پاشاکانن .

ڕاستە هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکە تاڕادەیەک دەوڵەمەندن و دانیشتوانەکانیان لە خۆشگوزەرانیدان ، بەڵام ئەوە مانای خۆشبەختی نییە ، چونکە کاتێک تۆ هیچ بەرهەم ناهێنیت و لەسەر ڕەنجی خەڵکی تر وەک پاشا دەژی بون ە نەبونت ڕەنگە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت ، بەتایبەت ئەگەر جیاوازیی نێوان خۆشی و خۆشبەختی نەزانیت .

" زۆرێک لە ئێمە جیاوازیی نێوان خۆشی و خۆشبەختی نازانین و زۆر جار تێکەڵیان دەکەین یان یەکسانیان دەکەین لە کاتێکدا دو شتی زۆر لەیەک جیان ، بەڵکو پێچەوانەی یەکترن .

- خۆشی تەمەنی کورتە بەڵام خۆشبەختی تەمەنی درێژە .

- خۆشی پاگەزییە (غریزی)ە بەڵام خۆشبەختی ڕۆحییە .

- خۆشی بەدەست هێنانە بەڵام خۆشبەختی بەخشینە .

- خۆشی بە ماددە بەدەست دێت بەڵام خۆشبەختی بە ماددە بەدەست نایەت .

- خۆشی هەستێکی تایبەتە بە تاک بەڵام خۆشبەختی هەستێکی کۆمەڵایەتییە .

- خۆشیی زۆر دەبێتەهۆی ئالودەبون بەڵام خۆشبەختیی زۆر ئالودەیی تێدا نییە .

- خۆشی (Dopamine) دۆپامینە و خۆشبەختی (Serotonin) سیرۆتۆنین، ئەم دو ماددەیە هەردوکیان کیمیایین و لە مێشک دروست دەبن و کاریان گواستنەوەی هەستەکانە لەنێوان خانەکانی مێشکی مرۆڤ .

دۆپامین خانەکان دەوروژێنێ ، خانەکانی مێشکیش ئەگەر زۆر جار و لە ڕادەبەدەر بوروژێنرێن ئەوا دەمرن ، بۆیە میکانیزمی بەرگری

دەگرنەبەر دژی وروژاندنی زۆر بە کەمکردنەوەی وەرگر ، واتە خانەکانی مێشک هەوڵدەدەن کەمتر وروژاندن وەربگرن نەوەک لەناوبچن ، ئەم پرۆسەیەش پێی دەوترێ (Down regulation) کە تیایدا خانەکانی مێشک کەمتر هەستیار دەبن بەرامبەر بە ماددەیەکی دیاریکراو.

زۆرێک لە ماددە کیمیاییەکانی ناو جەستەمان هەمان کار دەکەن . بۆیە کاتێک بۆ یەکەم جار خۆشییەک بۆ میشک دێت(وەک خواردنەوەی بڕێک کحول یا وەرگرتنی بڕێک ماددەی هۆشبەر) مێشک هەست بە خۆشی دەکات ، بەڵام جاری دوەم خانە وەرگرەکان میکانیزمی بەرگری دەگرنەبەر تا خانەکان بپارێزن لە لەناوچون، سەرەنجام بڕێکی کەم خۆشی بەدەست دێت ، بۆیە بۆ دەسکەوتنی هەمان خۆشی دەبێ جاری دواتر زیاتر بخۆیتەوە یا ماددەی بێهۆشکەر بەکاربێنی تا هەمان بڕ خۆشیت دەسکەوێ ، بەڵام دەستت ناکەوێ چونکە جار لەدوای جار بەرگریی مێشک رێگری دەکات و خانەکان کەمتر هەستیار دەبن چونکە میکانیزمی بەرگری بەهێزە ، تا دەگەیتە حاڵەتێک کە بڕێکی زۆر کحول یا ماددەی هۆشبەر بەکاردێنی بەڵام هیچ ڕونادات ، ئەم حاڵەتە پێی دەوترێ (Tolerance) ، واتە (کەمبونەوە یا نەمانی وەڵامدانەوە بۆ ماددەیەکی دیاریکراو ) ، جا خانەکانی مێشک دەست دەکەن بە لەناوچون ، ئەمەش پێی دەوترێ ئالودەبون (الادمان Addiction).

سیرۆتۆنین بە پێچەوانەی دۆپامین کاردەکات ، واتە قەدەغەکارە نەک وروژێنەر ، سیرۆتۆنین وەرگرەکان قەدەغە دەکات کە بوروژێنرێن و دەیانخاتە حاڵەتی تێربون (بەبێ ویستی مرۆڤ بێگومان) ، خانەکان هێواش دەکاتەوە لەجیاتی هاندان و وروژاندنیان ، بەمەش حالەتێک لە ڕازیبون یا قەناعەت دروست دەبێت کە پێی دەوترێ خۆشبەختی ، تەنها یەک شت هەیە ئەم پرۆسەیە ڕابگرێ یا دژی کاربکات ئەویش دۆپامینە ، واتە چەند زیاتر بەدوای خۆشیدا بگەڕێیت ئەوەندە زیاتر خەمبار دەبیت ، ( قومارخانە و یانەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکان ) کاریان ئەوەیە کە هەردو زاراوەی خۆشی و خۆشبەختی تێکەڵ بکەن ، تا بە ڕێکلامە بریقەدار و سەرنج ڕاکێشەکانیان پەیامی ئەوەت پێ بدەن کە کڕین یا گەڕان بە دوای خۆشی یەکسانە بە خۆشبەختی ، بەڵام تەواو پێچەوانەکەی ڕاستە . بۆیە ئێستا بڕبڕەی پشتی بازرگانیی و ئابوریی سەردەم بۆتە فرۆشتنی خۆشی نەک خۆشبەختی ، سەیر نییە کە دەبینی خۆشییەکان زۆرن بەڵام خۆشبەختییەکان دەگمەن"[١].

ئەگەر سەرنج بدەین زۆرینەی ڕێکلامە بازرگانییەکان کار لەسەر جوڵاندنی سۆزەکان دەکەن بۆ برەودان بە فرۆشتنی کاڵاکانیان کە زۆرینەیان خواردن و خواردنەوە و کەلوپەلی ڕازاندنەوە و ناپێویستن ، ئەوان دەزانن خەڵک چۆن بیردەکاتەوە بۆیە زۆر بە وردی کار

[١] The Hacking of the American Mind by Robert Lustig

لەسەر ئەوە دەکەن کە مرۆڤ وەک مێگەل بکەن بە ئامرازێک
تەنها شت بکڕێت و بیرنەکاتەوە .

## مێگەل وکارکردن

" زانست بیرۆکەی نویێ بەرهەم دێنێ ، شێوازی جۆراوجۆری تێگەیشتن بەرهەم دێنێ ، لە زانستی کۆمەڵناسیش ڕێگاکانی تێگەیشتن بریتین لە ڕێگاکانی تێگەیشتن لەخۆمان و ئەم ڕێگایانەش کاریگەریی زۆر بەهێزیان هەیە لەسەر شێوازی بیرکردنەوەمان و هیواکانمان و ڕەفتارەکانمان . ئەگەرپێت وابێ هەژارییەکەت قەدەرە ، ئەوا دوعا دەکەیت ، ئەگەر پێت وابێ خۆت هۆکاری ئەوا بێ ئومێد دەبیت ، ئەگەر پێشت وابێ هۆکاری هەژارییەکەت نادادییە ئەوا خۆپیشاندان دەکەیت و شۆڕش بەرپادەکەیت ، کاردانەوەت چی بێت بۆ هەژاریی خۆت ، وازهێنان و بێ ئومێدی بێ یا شۆڕش ، بەندە بە تێگەیشتن و تێڕوانینی خۆت بۆ هۆکاری هەژاری.

لێرەوە گرنگی ڕۆڵی بیرۆکەکانمان بۆ دەردەکەوێ ، بیرۆکەکان هەڵدەستن بە لەقاڵبدانی کەسایەتیمان . بیرۆکەکان ئەگەر تەکنۆلۆجی (ماددی) بن جیاوازن وەک لەوەی بیرۆکەی (مەعنەوی) هزری بن ، ئەگەر هەر تەکنۆلۆجیا بێ ئەوا ئاسانە ، تەکنۆلۆجیای خراپ دوای ماوەیەک لەناودەچێت و دەبڕێتەوە ، بەڵام ئەگەر بیرۆکەکان ماددی نەبن (مەعنەوی) بن ئەوا لەناوناچن ، بەتایبەت ئەگەر بە ڕاستیان بزانین ، چونکە کاتێک

باوەڕمـــان بە بیـــرۆکەیەک هەیە لەســـەر بنەمـــای ئەو بیـــرۆکەیە شێوازی بیرکردنەوە و ژیانکردن و دامەزراوەکان دادەمەزرێنین.

شۆڕشـی پیشەسـازی سیسـتەمی کـارگەی داهێنـا ، کە تیایـدا بەرامـبەر کـارکردن تەنهـا مـوچەی بە خەڵـک دەدا ، چـونکە بە (ئادەم سمیث)[1] بڕوای وابو کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی تەمبەڵە بـۆیە پێویسـتە پـارەی پـێ بـدرێت بـۆ ئەوەی کاربکـات ، کەواتە سیستەمی کارگەمان لەسەر بیرۆکەیەکی هەڵە دامەزراند، ئەویش هەڵە تێگەیشتن بو لە سروشتی مرۆڤ.

دەستەواژەی " **کارمەندی باش نەماوە ، یا کرێکاری باشم دەست ناکەوێـت** " هەڵەیە ، ڕاسـتییەکەی " **کارمەنـدی باشـت دەسـت ناکەوێت چونکە کارەکەت لە ڕێزی مرۆڤ کەم دەکاتەوە و هیچ بەهایەکی جوانی تێدا نییە" .**

ئـادەم سـیمث کە خـۆی سەرمەشـقی دامەزرانـدنی سیسـتەمی کارگەکانە لە بارەی کارمەندانی کارگە دەڵێ :

" ئەوکارمەندانەی بۆ مـاوەیەکی زۆر لەسەر هێڵی بەرهەمهێنـان لە کارگەکـان کـارێکی ئاسـان و دیـاریکراو دەکەن کە هەمیشـە دوبارەدەبێتەوە ، بواری ئەوەیان نییە کە تواناکانی خۆیان دەربخەن یا

[1] ئادەم سمیث ١٧٢٣-١٧٩٠ فەیلەسوف و زانای ڕامیاری سکۆتلەندی و دانەری زانستی ڕامیاریی کلاسیکی

داهێنان بکەن ، بۆیە سەرەنجام کەسانێکی بێ ئەقڵ و بێ کەڵکیان لێ دەردەچێت "[1]

سەرنج بدە کاری زۆرێک لە کارمەندانی دامەزراوەکانی حکومەت ، کارەکانیان زۆر ئاسان و بێ ئەرزشن ، بۆ نمونە تەنها یەک واژوە لەگەل نوسینی بەروارێک ، هەندێجار نوسینی چەند دێڕیکیشی لەگەڵە ، بۆیە گەر سەرێک لە دامەزراوەیەک بدەیت بەڕونی هەست دەکەیت کە کارمەندان بێزار و ماندون ، کارەکایان ئاسانە بەڵام ماندون ، چونکە ئەوان بەبێ ویستی خۆیان بون بە ڕۆبۆتێکی بێ گیان و بێ سود ، بێگومان هەڵەکە لە سیستەمە نەک لە خەڵک ، چونکە زۆرێک خەڵکی حەزیان لە کارکردن هەیە .

کاتێک کارێک دەکەیت کە هیچ داهێنانی تێدانییە یاخود بە دڵی خۆت نییە ناتوانی دڵی پێێ خۆش بێت ، ئەگەر سەرنجیش بدەین زۆربەی کات لەسەر کارین ، واتە ئەگەر کارەکەمان بە دڵی خۆمان نەبێ یا لانی کەم کارەکەی خۆمان خۆش نەوێت ئەوا زۆر ئەستەمە بەختەوەربین چونکە بە درێژایی رۆژ خەریکی کارین ، ئەوەش لەبیرنەکەین ئەگەر کارێک دلخۆشمان نەکات ناتوانین داهێنانی تێدا بکەین .

سیستەم لە ولاتانی ڕۆژهەلات بە مەبەست بێ یا بە نەزانی کاردەکات لەسەر دەبەنگ کردنی کۆمەڵگە بە لەقاڵبدانی

[1] Why we work By Barry Schwartz

تواناكانی تاک و قەتیسكردنی ، مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەزی لە كاری ئاسانە ، پێشكەوتن وهەوڵدان دەرچونە لە قاڵبی ئاسایی سروشتی مرۆڤ ، ئەگەر كارمەندان ڕاهاتن لەسەر كاری ئاسان ئەوا ناچالاک دەبن و توانای داهێنانیان دەمرێت .

كاتێكیش دەستخۆشی و موچە بەرزكردنەوە و وەرگرتنی پلە و پۆست لەسەر بنچینەی زیرەكی و داهێنان نەبێ بەڵكو لەسەر بنچینەی سالآنی خزمەت بێ ئەوا بێگومان پیشبڕكێ و هاندان دروست نابێت لە نێوان تاكەكان بۆ خۆماندوكردن و داهێنان و بەرەوپێشچون . بۆیە زۆر تاكی بلیمەت هەن لەناو دەزگا فەرمییەكان توناكانیان پوكاوەتەوە و تەمبەڵ بون .

## مێگەل و موقەدەسات

ساڵی ٢٠١٢ لە پەرستگایەکی دێرینی شاری مۆمبای لە هیندستان چەند باوەڕدارێک تێبینیی پێیەکانی پەیکەرێکی حەزرەتی مەسیحیان کرد کە بە بەردەوامی ئاوی پێدا دێتەخوارەوە ، لای ئەوان ئەم دیاردەیە وەک پەرجو لێک درایەوە ، دیارە بە تێڕوانینی ئەوان چونکە مەسیح پیرۆزە ، پەیکەرەکەشی پیرۆزە ، ئەم ئاوەش بەرەکەتە ، بێگومان چارەسەریشە بۆ زۆر نەخۆشی ، بۆیە زۆرێک لە ئیمانداران دەستیان کرد بە خواردنەوەی ئەم ئاوە بە ئومێدی چاکبونەوەیان لە نەخۆشیی جۆراوجۆر .

دوای ماوەیەک پیاوێکیان لێ پەیدابو بە ناوی (سانال ئێداماروکو)[١] لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا گوتی کە ئەم شتە ڕاست نییە ، باوەڕداران توڕەبون و داوایان کرد کە بچێت و بەچاوی خۆی بیبینێت . سانال لەگەڵ هاوڕێیەکی ئەندازیار چون و لە نزیکەوە لێی وردبونەوە ، بینییان سەرچاوەی ئاوەکە ئاودەستی گیراوی دراوسێکەیانە کە بە دیواری ئەواندا دێتە خوارەوە و لە ژێر پێیەکانی پەیکەری مەسیح دەردەچێت .

دوای چاکردنەوەی ئاودەستەکە ، ئاوەکە نەما ، باوەرداران زۆر توڕەبون و شکاتیان لە سانال کرد ، ئەویش لە ترسی سزا ڕوی لە

[١] Sanal Edamaruku نوسەر و بیرمەندێکی هیندییە کار لەسەر بەتاڵکردنەوەی وەهم و ئەفسانەکان دەکات .

ئەوروپا کرد بەڵکو دوای ماوەیەکی کەم بابەتەکە هێور بێتەوە و ئەمیش بگەڕێتەوە . بەڵام بابەتەکە درۆژەی کێشا و سانال بە ناچاری لە فینلەندا نیشتەجێ بو .

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ڕێژەی مەسیحیی کاسۆلیک لە هیند کەمترە لە ٢% ی دانیشتوان ، بەڵام دیارە کاریگەریی جادوی موقەدەس زۆر کاریگەرە .

کاتێک مرۆڤ ئەقڵی خۆی دەداتە دەست خەڵک و واز لە بیرکردنەوە دێنێ کارەسات ڕوودەدات ، باوەڕداران سەر بە هەر بیرو باوەڕێک بن بە داخەوە زۆر جار دەکەونە ژێر کاریگەریی هەندێک چیرۆکی هەڵبەستراو و دور لە لۆجیک و هەمو بەهاکان ، دیارە ئاین کاریگەریی زۆرە لەسەر تاک و کۆمەڵگە هەر بۆیەشە دیکتاتۆران هەمیشە هەوڵدەدەن پیاوانی ئاینی بەرەو خۆیان کێش بکەن و لەخزمەت بەرنامەکانی خۆیان بەکاریان بێنن .

بەداخەوە زۆر جار پیاوانی ئاینی یا ڕونتر بڵێین بازرگانانی ئاین ، جا بە مەبەست بێت یا بە نەزانی ، ئاین ناشرین دەکەن ، جاری وا هەیە لە پێناو بەرژەوەندییە جاری واش هە لە هیچ و خۆڕایی چونکە لەسەر گوێڕایەڵیکردنی کوێرانە ڕاهاتون هەرگیز ناتوانن بیربکەنەوە یا ڕای خۆیان هەبێت لەسەر بابەتەکان ، ڕەنگە ئەم نمونەی خوارەوە بەس بێت بۆ ڕونکردنەوە :

" بَاب الِاسْتِشْفَاء ببوله صلى الله عَلَيْهِ وَسلم

اخْرُج الْحسن بن سُفْيَان فِي مُسْنده وابو يعلى وَالْحَاكِم وَالدَّارَقُطْنِيّ وَأَبُو نعيم عَن أم أَيمن قَالَت قَامَ النَّبِي صلى الله عَلَيْهِ وَسلم من اللَّيْل إِلَى فخارة فِي جَانب الْبَيْت فَبَال فِيهَا فَقُمْت من اللَّيْل وَأَنا عَطْشَانَة فَشَرِبت مَا فِيهَا فَلَمَّا أصبح أخْبرته فَضَحِك وَقَالَ إِنَّك لن تَشْتَكِي بَطْنك بعد يَوْمك هَذَا أبدا " [1]

(مانای فەرمودەکە ئەوەیە کە ئافرەتێک لە ماڵی پەیامبەر بوە ، شەو تینوەی بوە و جامێک لەوێ بوە و لێی خواردۆتەوە ، بەیانی بە پەیامبەری گوتوە ، ئەویش پێکەنیوە و پێی گوتوە کە ئەوە میزی ئەو بوە ، بەڵام مژدەت لێ بێت تاهەتایە سکت نایەشێت )

نازانم ئەم قسانەی سەرەوە لە ناشرینکردنی پەیامبەر زیاتر چیی تێدایە ؟ پاشان هەر بە یاسا فیقهییەکانی ئیسلام ، هەمو زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی شتی پیس هەرگیز نابێتە دەرمان ، نازانم لەبەرژەوەندیی کێدایە ئاین بەم شێوەیە ناشرین بکرێ ؟ باشە بۆ دەبێ هەر چییەک لە کتێبەکاندا نوسرابو باوەڕی پێ بکەین ؟

---

[1] الخصائص الكبرى للسيوطي

# مێگەل و هۆشیاری

" لە دەوروبەری چیــای ئەنــدێز لە ئیکــوادۆر دوڵێکــی دابــڕاو و دورەدەســت هەیە پێــی دەڵــێن ( شــاری کــوێران ) نــاوچەکە تەنهــا دۆڵێک بو ڕێگاکەشی زۆر ترسناک بو ، بەڵام خەڵکی ناوچەکە لە دەست زۆرداریی دەسەڵاتدارە ئیسپانییەکان هەڵاتبون و ناچاربون پەناگەیەک پەیدابکەن بۆ نیشتەجێبون ، چەند خێزانێک توانییان بچنە ناوچەکە ، دوای ماوەیەک دانیشتوانی شارەکە زیادی کرد ، بەڵام توشی نەخۆشییەکی دەگمەن بون .

دانیشــتوانی شــارەکە هەمویــان هەســتی بینینیــان لە دەســتدا ، زۆر گەڕان بەدوای چارەســەر بەڵام بێهــودە بــو، بڕیاردیــان دا لە شــارەکە دەرچــن و بەدوای چارەســەردا بگەڕێــبن بەڵام بــومەلەرزەیەکی زۆر بەهێــز لە نــاوچەکەی دا و مــاوەی ١٥ ڕۆژ ئاســمانی نــاوچەکە تاریــک بــو بە دوکەڵــی بورکــان و ســەهۆڵە زەبەلاحەکــان تــوانەوە ، زەوی شەقی برد و لافاوێکی بەهێز هێرشی کرد و شاری کوێرانی بە تەواوەتی دابڕی لە ئاوەدانییەکانی دەوروبەر .

ڕۆژێکیــان گروپێکــی شــاخەوانی لە نــاوچەکە نزیــک بــونەوە و بڕیاریان دا بەسەر شاخەکە هەڵبگەڕێن ، یەکێک لە شاخەوانەکان خەڵکی ناوچەکە بو بەناوی ( نیونز) توانی بچێتە سەر یەکێک لە شــاخەکانی ئەو گونــدە لە پــڕ کەوتە خــوارەوە ، نزیکــی هەزار مەتــر

بەرەو خـوارەوە چـو ، هەمـو هاوڕێکـانی گەیشـتنە ئەو بـڕوایەی کە مردوە بۆیە بەجێیان هێشت .

خۆشـبەختانە دوای برینـداریەکی زۆر نیـونز لە مـردن رزگـاری بـو هانای بۆ شاری کوێران برد بۆ چارەسەری بەڵام کاتێک نزیک بـویەوە بینی خانوەکانی گوندەکە بیَ پەنجەرەن ، کاتێک گـوزەر دەکات بەناو گوندەکەدا دەبێنێت کەس تەماشای کەس ناکات بۆی دەرئەکەویَ هەموان کوێرن .

پاش ئەوەی خۆی ئاشکرا دەکات خەڵکی ئاوایی لێی کۆ دەبنەوە و پیان سەیرە مرۆڤ هەیە چاوی ببینیَ، نونیز زۆر هەوڵی دا باسی جوانیی ناوچەکە بکات بەڵام بیَ سود بو ، چونکە ئەوان نابینن تا بزانن جوانی چییە ، نونیز هەوڵی دا هۆشیاریان بکاتەوە بەڵام بێهودە بو چونکە دانیشتوانی شارەکە بە تاوانی نانەوەی ئاژاوە و شۆرش تاوانباریـان کـرد و هەوڵیـان دا چاوەکـانی دەربێـنن ، نـونیز هەوڵـی ڕاکردنی دا بەڵام گرتیان .

بڕیاریان دا چاوەکانی دەربێنن چونکە ئەوان چاوەکانی نونیزیان بە سـەرچاوەی ئاشـوب و بەڵا دەزانـی ، لە کۆتاییـد ابەڵێنـی دا کە چیتر کێشە دروست نەکات ، دانیشتوانی شارەکەش قایل بون .

ڕۆژێک نونیز کچێکی بینی سەرنجی ڕاکێشا ، بەیەکەوە دانیشتن و دڵیان چوە یەکتر ، بڕیاریان دا هاوسەرگیری بکەن بەڵام کچەکە تەنها یەک داوای هەبو ، ئەویش ئەوە بو کە دەبیَ نونیز بچێتە لای

پزیشکی شارەکە و چاوەکانی چارەسەر بکات تا چیتر ئەم قسانە نەکات .

واتە دەبو نونیز چاوەکانی لای پزیشکی شارەکە کوێبکات تا وەک ئەوان ژیان بکات و بیربکاتەوە ، سەرەتا نونیز بە داواکە ڕازی دەبێت بەڵام دەیەوێت بۆ دواجار هەندێک دیمەنی جوانی ناوچەکە ببینێت بەر لەوەی چاوەکانی دەربێنن ، بۆیە دەچیتە دەرەوە و پیاسەیەکی دورودرێژ دەکات . نازانین گەڕایەوە شاری کوێران و چاوەکانی دەرهێنا یا ناوچەکەی بەجێهشێت بە یەکجاری"[1] .

کۆمەڵگە دواکەوتوەکان وەک دانیشتوانی شاری کوێران دەژین ، ئەوان ڕای جیاوازیان قبوڵ نییە ، هەرکەسێک وەک ئەوان بیرنەکاتەوە ناوێکی لێ دەنێن وەک نەزان ، کوێر ، کافر ، بێ ڕەوشت .... هتد . هەر کۆمەلگەیەک بۆچونی جیاوازی قبوڵ نەکرد هەرگیز پێشکەوتن و خۆشبەختی بەخۆیەوە نابینێ ، چونکە لە یەکدەنگی و یەکڕەنگی هەرگیز جوڵە و پێشبڕکێ و داهێنان پەیدانابێت ، پێشکەوتن و خۆشبەختی ڕاستەوانەیە لەگەڵ فرەڕەنگی و ئازادی و یەکتر قبوڵکردن .

ڕەنگە زۆر جار تۆ نونیزی کۆمەلگەکەی خۆت بیت ، کاتێک هەست بە کەموکوڕییەک دەکەیت لە دەوروبەر و دەتەوێت پەیامێک بگەیەنی بە ئومێدی چارەسەری و گۆڕانکاری بەڵام

[1] The Country of the Blind by H. G. Wells

ناتوانی یا گوێت لێ ناگیرێت ، یا ڕەنگە پێچەوانەکەی بێت ، ڕەنگە زۆر جار گوێت لە بۆچونێکی جیاواز بێت بەڵام وەک خەڵکی شاری کوێران قبوڵی نەکەیت و خۆت بە چاوساغ و بەرامبەر بە کوێر بزانیت .

لە کۆتاییدا دەبێ لەوە تێبگەین کەسمان هەڵگری ڕاستیی ڕەها نین ، هەریەکەمان لە گۆشەنیگای خۆمانەوە لە شتەکان دەڕوانین و هەریەکەمان بەشێکی ڕاستیمان لەلایە .

## مێگەل و ئاین

ئاین پێناسەی یەکجار زۆری بۆ کراوە ، بەڵام کرۆکی هەمویان ئەوەیە کە بریتیە لە پەیوەندیەکی پیرۆز لە نێوان خودا و مرۆڤ، کە تیایدا مرۆڤ پابەند دەبێ بە چەند رێنماییەکی دیاریکراو و ئەنجامدانی چەند پەرستشێکی دیاریکراو بۆ نزیک بونەوە لە خودا و بە دەست هێنانی رەزامەندیی ئەو زاتە پیرۆزە .

## جۆرەکانی ئاین

### ١- ئاینی زەمینی یا دانراو (غنوصی)

ئەو ئاینانەن کە لە داهێنانی مرۆڤن، ڕەنگە سەرەتا وەک ئاین پێناسە نەکرابن بەڵام پاشان بەرگی پیرۆزییان بەبەرداکراوە و کراون بە ئاین، وەک ئاینی کۆنفۆشیوسی ، زەردەشتی ، شینتۆ ...هتد.

### ٢- ئاینی ئاسمانی (رسالی)

ئەو ئاینەیە کە لەلای خودا دابەزیوە بۆ سەر نێردراوەکان و پەیامبەرەکانی خودا.

ڕەنگە هەندێک خەڵک تەنانەت بەشێک لە زاناکانیش وا دابنێن کە خودا چەند ئاینێکی جیاوازی دابەزاندوە ، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها یەک ئاین هەیە کە لەلای خودا دابەزیبێت ، ئەویش ئیسلامە ،پەیامەکان پێیان دەوترێ شەریعەت، شەریعەت کۆمەڵێک یاسای

تایبەتن بە کات و شوێنێکی دیاریکراو ، بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو دابەزیوە بۆیە شەریعەتەکان جیهانی نین بەڵام ئیسلام جیهانییە .

ئەی باشە ئاینیەکانی تر بخەینە کام قالب و لای کێ هاتون؟

کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکا ، ئێمەی مسوڵمان بەهۆی نەشارەزاییمان لە ئاین وادەزانین ئیسلام تەنها تایبەتە بە کۆتا پەیامبەر و تەنها ئێمە باوەڕدارین، بەڵام خودا لە زۆر جێگا لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات  کە ئیسلام زۆر دەمێکە هەیە و هەمو پەیامبەران هەمان پەیامیان هێناوە، بەڵام جیاوازیی پەیامەکانیان لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ لە قۆناغەکانی  جیاجیاکانی پێشکەوتنی شارستانیەت پێویستیان بە ڕێنمایی جیاجیا هەبوە.

" إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ" . ال عمران ﴿١٩﴾

" ئاین لای خودا بریتیە لە ئیسلام "

- أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُوا نَعْبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَٰهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴿١٣٣﴾ البقرة.

لێرەدا خودای گەورە باسی سەردەمی پەیامبەر یەعقوب دەکات و بە مسولمان ناویان دەبات.

خوای گەورە بە گوێرەی پێشکەوتنی ئەقڵ و شارستانیەتیی مرۆڤەکان وردە وردە ئاینەکەشی بەرەو پێش بردوە و هەرجارەو پەیامەکەی تۆزێک فراوان کردوە .

واته ناتوانین پەیامی هەر پەیامبەرێک بهێنین و بمانەوێ ئێستا لە سەدەی ٢١ جێبەجێی بکەین، چونکە هەر پەیامێک تایبەت بوە بە سەرەدم و ناوچەیەکی دیاریکراو، تا مرۆڤ گەیشتە ئەو قۆناغەی پێشــکەوتن لە ئەقــل و تێفکــرین کە بتــوانێ تەواوی ئــاینەکە وەربگرێ و جێ بەجێی بکا، واتە ئیسلام ئاینێکە دەست پێدەکا بە یەکەم پەیــامبەر و لەگەڵ دوا پەیــامبەر تەواو دەبێــت و دەبێــتە ئاینێکی جیهانی و ٣ خەسلەتی سەرەکیی تێدا دروست دەبێ کە بریتین لە:

## ١- ئاینێکی جیهانی(عالمی)

### ئیسلام بە هاتنی دوا پەیامبەر بو بە ئاینێکی جیهانی :

- تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا ﴿١﴾ الفرقان.

" بەرزی و پیرۆزی بۆ ئەو زاتەی کە قورئانی دابەزاندوە تا ببێتە هۆشیارکەرەوە و بێدارکەرەوەی هەمو جیهان "

ئایا ئەو ئاینەی ئەمڕۆ ئێمە و مسوڵمانانی هەمو جیهان پەیڕەوی دەکەین جیهانییە ؟ ئەگەر جیهانییە بۆچی کەمتر لە ٢٠% ی خەڵکی سەر ڕوی زەوی مسوڵمانن ؟ دیارە یا ئاینەکە جیهانی نییە ، یا ئێمە لێی تێنەگەیشتوین .

## ٢- کۆتا پەیام (خاتمی)

ئـاینی ئیسـلام تەواو بـو بە هـاتنی کۆتـا پەیـامبەر وەک خـودا دەفەرموێ:

- الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ﴿٣﴾المائدة .

" ئەمڕۆ ئاینەکەتانم بۆ تەواو کرد و نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تـەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە ئاینتان "

لێـرەدا ئامـاژەیەکی تـر هەیە لەسـەر ئەوەی کە ئیسـلام هەر لە سـەرەتاوە تـاکە ئـاین بـوە و بە یەک جاریش دانەبەزیـوە کـاتێ خـوا دەفەرمـوێ ، ئەمـڕۆ ئاینەکەتـان تەواو بـو، واتە لە قۆناغەکـانی پێشتر تایبەت بو بە سـەردەم و میللەتـی پێشـوتر و تەواو نەبو، بەڵام ئێستا تەواوکرا.

ئایـا ئەو ئـاینەی ئێسـتا ئـێمە پێـوەی پابەنـدین تەواوکـراوە ؟ ئەگەر تەواوە ئەی بـۆچی پێویسـت بـێ جـارێکی تـر (عیسـای مەسـیح و مـحەمەدی مەهـدی) بـێن و ئـاین بە خەڵـک ڕابگەیەنـن ؟ ئەگەر دابەزینـی مەسـیح و هـاتنی مەهـدی ڕاسـت بـن مانـای وایە کۆتـا پەیامبەر ئەرکی گەیاندنی پەیامەکەی بەجێ نەگەیاندوە .

## ٣- ئاینێکی میهرەبان(رحمة)

ئاینی ئیسلام ئاینی میهرەبانی و بەزەییە، وە بۆ هەمو مرۆڤایەتی نەوەک تەنها بۆ ناوچەیەک یا نەتەوەیەک یا سەردەمێکی دیارکراو، وەک خوای گەورە دەفەرموێ:

**"وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ" ﴿١٠٧﴾الانبياء.**

" ئەی محمد (دخ) ئێمە تۆمان ڕەوانە کردووە بۆ ئەوەی ببیتە مایەی بەزەیی و میهرەبانی بۆ هەموو جیهان "

ئایا ئەوەی دەبینرێ لە مێژو و ئێستاشی لەگەڵدابێ مسوڵمانان ڕەحمەت بون بۆ خەڵک و هەمو جیهان ؟

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژو ، تێبینی دەکەین کە ئیسلام تەنها لەسەردەمی پەیامبەر (دخ) و ٤ خەلیفەکەی دوای خۆی بەڕاستی وەک خۆی پیادەکراوە ، هەر لەگەڵ یەکەم خەلیفەی ئەمەوییەکان دەست کرا بە دانانی ئیسلامێکی نوێ ، ئیسلامێک کە لەگەڵ حوکمی بنەماڵەیی و پاوانخوازی بگونجێت ، بۆ ئەمەش چەند کارێکیان کرد گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوە بون :

## یەکەم : دانانی خەلیفە بە سێبەری خودا

ئەمەویەکان بە دارشتنی فەرمودەی (السُّلْطَانُ ظِلُّ اللَّهِ فِي الْأَرْضِ) هەنگاوی یەکەمیان نا بەرەو تەقدیسکردنی خەلیفە ، بەمەش کەس نابێ لە فەرمانی دەربچێ چونکە خەلیفە سێبەری خودایە لەسەر زەوی.

با بزانین ئەم فەرمودەیە ڕاستە؟

-السلطانُ ظِلُّ اللهِ في الأرضِ.

الراوي : أنس بن مالك
المحدث : محمد جار الله الصعدي
المصدر : النوافح العطرة
ضعيف :خلاصة حكم المحدث

-السلطانُ ظلُّ اللهِ في الأرضِ.

الراوي : محمد بن سيرين
المحدث : محمد بن محمد الغزي
المصدر : إتقان ما يحسن
خلاصة حكم المحدث : مرسل

-السُّلطانُ ظلُّ اللَّهِ في الأرضِ.

المحدث : الزرقاني
المصدر : مختصر المقاصد
خلاصة حكم المحدث : ضعيف

-السلطانُ ظِلُّ اللهِ في الأرضِ.

الراوي : أنس بن مالك

المحدث : الألباني

المصدر : السلسلة الضعيفة

خلاصة حكم المحدث : منكر

- السُّلطانُ ظِلُّ اللَّهِ في الأرضِ يأوي إليْهِ كلُّ ضعيفٍ وملهوفٍ.

المحدث : ابن تيمية

المصدر : مجموع الفتاوى

خلاصة حكم المحدث : صحيح

- السُّلطانُ ظلُّ اللَّهِ في الأرضِ ، فمَن غَشَّهُ ضلَّ ، ومَن نصحَهُ اهتَدَى.

الراوي : أنس بن مالك

المحدث : الألباني

المصدر : ضعيف الجامع

خلاصة حكم المحدث : موضوع

-السلطانُ ظلُّ اللهِ في الأرضِ، فمْنْ غشَّهُ ضلَّ، و منْ نصحه اهْتَدَى.

الراوي : أنس بن مالك

المحدث : السيوطي

المصدر : الجامع الصغير

خلاصة حكم المحدث : ضعيف

-السُّلطانُ ظِلُّ اللَّهِ في الأرضِ ، فمَن أَكرَمَهُ أَكرمَهُ اللَّهُ ، ومَن أهانَهُ أهانَهُ اللَّهُ.

الراوي : أبو بكرة نفيع بن الحارث

المحدث : الألباني

المصدر : ضعيف الجامع

خلاصة حكم المحدث : ضعيف

-السلطانُ ظِلُّ اللهِ في الأرضِ، فَمَن أكرَمَه أكرَمَه اللهُ، ومَن أهانه أهانه اللهُ.

الراوي : أبو بكرة نفيع بن الحارث

المحدث : الألباني

المصدر : السلسلة الضعيفة

خلاصة حكم المحدث : ضعيف

- عن أنسٍ قال السلطانُ ظِلُّ اللهِ في الأرضِ فمن غشَّه ضلَّ ومن نصحه اهتدى.

الراوي : قتادة بن دعامة

المحدث : السخاوي

المصدر : تخريج فضيلة العادلين

خلاصة حكم المحدث :فيه عقبة قال العقيلي مجهول

ئەوا من ١٠ سەرچاوەم دانا ، تۆش دەتوانی ١٠ سەرچاوەی تر سەرنج بدەی . دەتوانم بلێم لە هەمو سەرچاوەکانی فەرمودە ئەم فەرمودەیە ڕاست نییە ، تەنها ابن تیمە بە ڕاستی دەزانی، جا نازانم ، تۆ بڵێی ابن تیمیە لە خودا و پەیامبەر زاناتر بێ ؟

## دوەم: گواستنەوەی سەنتەری ئاین

بەنی ئومەییە شەرعییەتیان لە خودا وەرگرت بە پشت بەستن بە فەرمودەی (السلطانُ ظِلُّ اللهِ في الأرضِ) لەکاتێکدا پەیامبەر کە چوە مەدینە پەیماننامەی مەدینەی نوسی و شەرعییەتی لەخەڵک وەرگرت .

بەنی ئومەییە هەمو هەوڵێکیان دا تاوەکو خەلیفە بکەن بە سەنتەری ئیسلام چونکە چاک دەیانزانی کە قورئان دەسکاری ناکرێ و خەلکێکی زۆر لەبەریان کردوە و شارەزان لێی، هەروەها فەرمودەی پەیامبەر هیچی نەنوسراوەتەوە و دەکرێ بە دڵی خۆیان دایبرێژن و ئەوەی بە دڵیان نەبێ قەدەغەی بکەن .

بەمەش بازێکی گەورەیان دا بەسەر پەیامبەر و پەیامەکەی و ڕاستەوخۆ سەنتەری ئاینیان لەخوداوە گواستەوە بۆ خەلیفە ،بەلام بۆئەوەی خەڵکی چاوبەست بکەن هەمو کارەکانیان بە بەرگێکی پیرۆز پەردەپۆش دەکرد ، لێرەوە برەودان بە فەرمودە دەستی پێکرد و فەرمودە و بەسەرهاتەکان بە دڵی سولتانەکان دارێژرانەوە.

وەک ئاشکراشە زاناکانی فەرمودە هیچیان لە سەدەی یەکەم نەبون بەڵکو لە کۆتایی سەدەی دوەم یا سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچی پەیدابون ،لەکاتیکدا دەسەڵاتی بەنی ئومەییە زیاتر لە نیو سەدە بەر لەم مێژوە کۆتایی هاتبو.

پەیدانەبونی زانایانی فەرموده لە سەردەمی بەنی ئومەییە هەلێکی باش بو بۆ برەودان بەو فەرموده دانراوانەی لەبەرژەوەندیی دەسەڵاتن .

خالێکی تریش هێنانی چیرۆک و بەسەرهات بو لە داستانە کۆنەکانی ئیسرائیلیەکان و کردنیان بە فەرموده.

داستان و بەسەرهات و کەلتوری زۆریش تێکەڵی فەرموده کراون کە دور و نزیک پەیوەندییان بە ئاینەوە نییە.

واعیزەکانی بەنی ئومەییە بە ئارەزوی خەلیفە فەمودەیان گێڕاوەتەوە چونکە وەک ئاشکرایە کە یەکەم زانای فەرموده ،کە (ئیمامی بوخاری)ە[1] ، لە سەرەتای سەدەی ٣ ی کۆچی دەستی کردوە بە کارکردن لەسەر فەرموده.

تەگەرەی بەردەمی ئەوان تەنها قورئان بوە ،بەلام بە فەرمودەی (سوڵتان سێبەری خوایە .... ) ئەم گرفتەشیان چارەسەرکردوه.

بەهۆی بێدەنگیی خەڵک و نزمیی ئاستی رۆشنبیری و ترس لە سزای سولتان و سزای خودا ، سوڵتان بەڕاستی بو بە سێبەری خودا لەسەرزەوی ، هیچ کەس بۆی نەبو رەخنە بگرێ یا بێزاری پیشان بدا ،بەمەش زەمینەسازی کرا بۆ بڵاوبونەوەی (العقیدة الجبریة)[2] ، هەڵگرانی ئەم بۆچونە هەمو شتەکان بۆ خوا دەگەڕیننەوە و مرۆڤ

---

[1] محمد بن إسماعيل البخاري ١٩٦ – ٢٥٦ ی کۆچی ژیاوە .

[2] المذاهب والفرق في الإسلام. د. صائب عبد الحميد

تیایدا هیچ دەسەڵاتی نییە ،واتە هەرچیی بەسەرمرۆڤدا دێت خوا لەسەری نوسیوە و مرۆڤ دەسەڵاتی گۆرینی نییە ، بۆیە پێویست ناکات خۆی ماندو بکات بۆ ئەوەی گۆرانکاری بکات .

ئەمەویەکان لەپێناو پاراستنی پایەی خۆیان پەنایان بردەبەر قورئان و ڕاڤەکردنی قورئانیان بەوشێوەیە کرد کە لەگەل عەقیدەی جەبری بگونجێ بۆ نمونە :

- قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَاءُ ۖ بِيَدِكَ الْخَيْرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٦﴾ال عمران.

" پێیان بڵێ: خوایە تۆ خاوەنی هەموو شتێکی، دەسەڵات دەبەخشی بەهەر کەسێک بتەوێ و دەسەڵات وەردەگریتەوە لە هەر کەسێک بتەوێ هەر کەس بتەوێ باڵادەستی دەکەی، هەرکەسێکیش بتەوێ زەلیل و ژێردەستی دەکەی، هەرچی خێر هەیە هەر بە دەست تۆیە، بێگومان تۆ دەسەڵاتداری بەسەر هەموو شتێکدا"

ئەوان ڕاڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزەیان بەشێوەیەک کرد کە گوایە موڵک و دەسەڵات لەلایەن خواوە دراوە بە بەنی ئومەییە و لەگەل قەدەری خواش هیچ ناکرێ ،بۆیە نابێ رەخنەمان هەبێ لە کاری خودا و دەبێ پێی قایل بین چونکە خێر هەر لەوەدایە کە خودا دەیکات.

ئەم جۆرە شەرعاندنە کاربەدەستانی بێتاوان دەرخست لەو هەمو تاوانەی کە کردیان لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵات ،لەمەودواش هەرچی دەیکەن هەر قەدەری خوایە و نابێ کەس رەخنەی هەبێ .

ترسناکیی ئەم جۆرە بیرکردنەوە ئەوەیە کە ئێستاش خەلکی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ هەمان بیرکردنەوە و عەقیدەیان هەیە .

(موعاویەی کوری ابو سوفیان)[1] ویستی مینبەرەکەی خۆی بکاتە مینبەری عەقیدەی جەبری بەڵام هەر لە یەکەم هەوڵدانی کەسێکی هۆشیاری لێ پەیدابو و رەخنەی لێگرت ، کاتێک لەسەر مینبەر وتی:

- وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴿٢١﴾ الحجر .

" گەنجینەی هەموشت لای ئێمەیە و بەئەندازەی دیاریکراو دەیبەخشین."

"ئەوەتا خوا خۆی دەفەرموێ گەنجینەکان لای ئێمەیە و بە ئەندازەی دیاریکراو دەبەخشین،کەواتە بۆچی گلەیی لەمن دەکەن"؟

(احنف بن قیس)[2] لێی هاتە وەڵام و گوتی :

---

[1] أبو عبد الرحمن معاوية بن أبي سفيان الأموي القرشي، یەکەم خەلیفە و دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەمەوی لە ١٣٢ی کۆچی لە دیمەشق.

[2] الأحنف بن قيس بن معاوية بن حصين التميمي ، لە ٣ ی پێش کۆچ تا ٧٣ ی کۆچی ژیاوە ، ابن سعد لە طبقات باسی کردوە .

" ئێمە هیچ گلەییمان لە خەزێنەکانی خوا نییە ، گلەییمان لەوە هەیە کە ئەوەی خوا لە گەنجینەکانی خۆی دایبەزاندوە تۆ خستۆتە گەنجینەکانی خۆت و خۆت خستە نێوان ئێمە و خودا"[1]

عەقیدەی جەبری رەگی داکوتا و لە سەردەمی عەبباسیەکانیش بڕەوی پێدرا ، واعیزەکانیش زیاتر رازاندیانەوە وەک (بن اکثم التمیمی ) کە واعیزی (خەلیفە مامون) بو،پاشانیش ابن تیمیه هات فەرمودەی (سولتان سێبەری خوایە.....) ی بە ڕاست دانا و بەستیەوە بە (الربوبیة):

"وَأَمَّا الْحَدِيثُ النَّبَوِيُّ «السُّلْطَانُ ظِلُّ اللَّهِ فِي الْأَرْضِ، يَأْوِي إلَيْهِ كُلُّ ضَعِيفٍ وَمَلْهُوفٍ» وَهَذَا صَحِيحٌ، فَإِنَّ الظِّلَّ مُفْتَقِرٌ إلَى آوٍ... فَالسُّلْطَانُ عَبْدُ اللَّهِ، مَخْلُوقٌ، مُفْتَقِرٌ إلَيْهِ... إذْ هُوَ ظِلُّ اللَّهِ؛ لَكِنَّ الظِّلَّ تَارَةً يَكُونُ كَامِلًا مَانِعًا مِنْ جَمِيعِ الْأَذَى، وَتَارَةً لَا يَمْنَعُ إلَّا بَعْضَ الْأَذَى، وَأَمَّا إذَا عُدِمَ الظِّلُّ فَسَدَ الْأَمْرُ، كَعَدَمِ سِرِّ الرُّبُوبِيَّةِ الَّتِي بِهَا قِيَامُ الْأُمَّةِ الْإِنْسَانِيَّةِ"

" سولتان سێبەری خوایە لەسەرزەوی ، هەمولاوازێک پەنای بۆ دەبات ، ئەمەش راستە .... سولتان بەندەی خوایە ، سێبەری خوایە ، جاری وا هەیە سێبەر(بە مانای دەسەلات) هەمو ناخۆشیەکان لادەبات ، جاری واش هەیە بەشیکی ،بەڵام کە سێبەر نەبو ئەوا کارەکە تێکدەچێ ، وەک نەبونی سیفەتی (الربوبیة- خودایەتی )......"[2]

---

[1] ربيع الأبرار للزمخشري

[2] ابن تيمية،مجموع الفتاوي

ابـن تیمـیه نەک هەر فەرمـودەیەکی ناراسـت و ترسـناکی بەڕاسـت دانـا ،بەلکـو ئەوەنـدە گەورەی کـرد ، کەس دوای خۆی زاتـی ئەوە نەکا قسەی تێدا بکا .

فەرمـودەی (سـولتان سـێبەری خـوایە.....)لە بنەڕەتـدا داهێنـانی (کعـب الاحبـار)[1] ە بە گـوێرەی هەنـدێک زانـا ، عـومەری کـوڕی خەتتاب چەندین جار هەڕەشەی لە کعب کردوە فەرمودە نەگێڕێتەوە ، تەنـانەت پیـی گوتـوە " واز لە گێـڕانەوەی فەرمـودە بێـنە ئەگینـا دەتنێرمە ناو مەیمونەکان"[2]

(عوف ابن مالک)[3] بە هەمان شوە هەڕەشەی لە کعب کردوە، تا لە ترسـا هەڵات بەرەو شـام ،لەوێ مـایەوە تـا مـرد،بەڵام موعـاویەی کوری ابـو سـوفیان ، کە ئەمیری شـام بـو ، داوای لێکـرد بەردەوام بـی لەسـەر گێـرانەوەی فەرمـودە و داوای لە هـاوەلانیش کـرد کە زانستی لێ وەربگرن.[4]

---

[1] سیر اعلام النبلاء ،زانایەکی یەهودی بو (٧٢ پێش کۆچ تا ٣٢ ی کۆچی ژیاوە)،لە سەردەمی خەلیفە عومەر هاتە مەدینە، لەگەل هاوەڵان دادەنیشت و باسی چیرۆکەکانی بەنی ئیسرائیلی دەکرد و دەربارەی ئیسلام شت فێردەبو ، زانایەکی باش ومسولمانێکی باش بو.

[2] الأرناؤوط لە لێکۆلینەوەی لە سیرەی الذهبي دەربارەی ئەمە دەڵێ، دروستە ج٢ ص ٦٠١

[3] عوف بن مالک بن ابی عوف الاشجعی الغطفانی،هاوەڵێکی پەیامبەر بوە،سەرکردەی سەربازی بوە و فەرمودەشی گێڕاوەتەوە.

[4] الطبراني . المعجم الكبير ج١٨ ص٧٦

پەیوەندیی کعب الاحبار بەم فەرمودەیە (دارقطنی) ئاشکرای کردوە لە (العلل).[1]

دیارە موعاویە بەرژەوەندیی لەوەدابوە کە مسوڵمانان و هاوەڵان زانست لەکەسێک وەربگرن کە جێی متمانە نییە و خەلیفەی مسوڵمانان چەندین جار هەڕەشەی لێکردوە کە واز لەگێڕانەوەی چیرۆک و فەرمودە بهێنێ.لێرەدا موعاویە بەڕونی دژی بڕیاری خەلیفەی مسوڵمانان کاردەکات ، بێگومان پلانی خۆی هەبوە ،ئەگینا هاوەڵان و زانایان چ پێویستییان بە چیرۆک و ئەفسانەی یەهودییەکان بو؟ دەکرێ ئەمە بە دەسپێکی ڕێخۆشکردن دابنرێ بۆ دزەکردنی ئەدەبیاتی ئیسرائیل و داستان و ئەفسانەکانیان بۆ ناو مسوڵمانان ، کە لە دواییدا بون بە بەشێک لە عەقیدەی مسوڵمانان و کارەساتی گەورەیان دروستکرد لە ژێرخانی هزری مسوڵمانان و شێوازی بیرکردنەوەیان.

### سێیەم: برەودان بە الناسخ والمنسوخ

لە جیهانی ئیسلامی زۆرێک لە زاناکانی کۆن و نوێ باوەڕیان بە نسخ هەیە ، چەسپاندنی ئەم بیروباوەرە ئاینی ئیسلامی تەواو شێواند ، لە ئاینێکی فراوان و کۆکەرەوەی خەڵک و مژدەدەر بو بە ئاینێکی تەسک و مایەی شەڕ و دوبەرەکی و تۆقێنەر.

---

[1] الدارقطني . العلل ج١٢ص١٣٨

زۆرێـک لەو ئایەتـانەی باسـی ئاشـتەوایی و یەکتـر قبـوڵکردنی تێدابێ بە منسوخ دانران ،لە بەرامبەریشدا،زۆرێک لەو ئایەتانەی باسـی شـەڕ دەکەن –کە لە کـاتێکی دیـاریکراو دابەزیـون بـۆ بابەتێکی دیاریکراو- کران بە ناسخ.

دەتوانین بڵێین گەورەترین شێواندنی ئاین بەهۆی داهێنانی ناسخ و منسوخ بوە ، بابزانین بابەتەکە چۆنە .

النسخ ، لەڕوی ماناوە دو مانای هەیە :

**یەکەمیـان :** لابـردن ، گۆڕانکـاری یـا بەتـاڵکردنەوەی شـتێک و دانانی شتێکی تر لە جێگای.

**دوەمیـان :** نوسینەوەی یـا لەبەرگـرتنەوەی شـتێک وەک خـۆی ، وەک کۆپی کردنی کتێبێک.

نسخ لە حوکمە شەرعییەکان بە مانای لابردنی حوکمێکی کۆن و دانانی حوکمێکی تازە دێت ، بە بەڵگەی شەرعی.

**ناسخ :** ئەو ئایەتەیە حوکمێک دەسرێتەوە ، واتە ئایەتە نوێیەکە.

**منسوخ :** ئەو ئایەتەیە کە سڕاوەتەوە ، واتە ئایەتە کۆنەکە.

نسخ بە پێی زاناکان سێ جۆری هەیە :

**١- نسخ التلاوة والحكم معا :** سڕینەوەی خوێندنەوە و حوکمەکەی.

-كَانَ فِيما أُنْزِلَ مِنَ القُرْآنِ: عَشْرُ رَضَعَاتٍ مَعْلُومَاتٍ يُحَرِّمْنَ، ثُمَّ نُسِخْنَ، بخَمْسٍ مَعْلُومَـاتٍ، فَتُوُفِّيَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، وَهُنَّ فِيما يُقْرَأُ مِنَ القُرْآنِ.

الراوي : عائشة أم المؤمنين

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" له قورئـان دابەزیبـو کە بە ١٠ شـیردان منـداڵ حەرام دەبـێ لە خوشـک و براکـانی ( خوشـک و بـرای شـیری نەک راسـتەقینە)، بەڵام دوایی ئەم ئایەتە نسخ کرا و کرا بە ٥ شیردان ، بەڵام پاشان پەیامبەر کۆچی دوایی کرد ، ئەم ئایەتانەش هەر دەخوێنرانەوە"

واتە سـەرەتا بە ١٠ شـیردان ، بەلام پاشـان کـرا بە ٥ ، بەڵام چونکە پەیـامبەر وەفـاتی کـرد و ئەوکـات قورئـان نەنوسـرابو ، پاشـان کە کۆکرایەوە ئەم دو ئایەتە نەنوسرانەوە چونکە نسخ بوە.

ئێستا ئـێمە لەبەردەم کێشـەیەکی گەورەداییـن ، چـونکە بە پێـێ ئەم فەرمـودەیە بـێ قورئـان نـاتەواوە و ٢ ئـایەت هەیە تێیـدا نەنوسـراون ، چونکە لە جۆرەکـانی تـری نسـخ ، ئـایەتە منسـوخەکانیش هەمـوی مـاون ، بۆچی ئەمانە نەمان ؟

**٢- نسـخ الحکـم دون الـتلاوة :** سـرینەوەی حـوکمەکە و مـانەوەی خوێندنەوەکەی .

- وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ۖ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ ۚ وَأَن تَصُومُوا خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٨٤﴾ البقرة.

" ئەوانەی دەشتوانن ڕۆژوبگرن ، دەتوانن فدیە بدەن ،کە نانداني فەقیرێکە ، ئەگەر زیاتر بێ باشترە ، بەڵام بەرۆژوبون باشترە ئەگەر بزانن "

دیارە ئەم ئایەتەی سەرەوە بە گوێرەی یاسای نسخ حوكمی سڕاوەتەوە بەڵام خوێندنەوەکەی ماوە.

ئەم ئایەتەی سەرەوە (منسوخ)ە ئەمەی خوارەوە جێگرەوەکەیەتی کە(ناسخ)ە .

- فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ۗ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٨٥﴾ البقرة

" هەرکەسێک گەیشتە ئەو مانگە پیرۆزە با بەرۆژو بێ ، ئەوەی نەخۆش بو یا لە سەفەر بو با پاشان بیگرێتەوە ، خوا دەیەوەی کارئاسانیتان بۆ بکات نەک ماندوتان بکات ......."

ئەوەی جێی سەرنجە دو ئایەت کە بە دوای یەکتردا دێن چۆن دەکرێ یەکێکیان ئەوی تر بسڕێتەوە ؟

چۆن دەکرێ خوا قسەیەک بکات و لە هەمان کات پەشیمان بێتەوە؟ خۆ هەردو ئایەت بەیەکەوە دابوزیون ، چۆن دەبێ خوا هێندە زو ڕای خۆی بگۆڕێت ؟ ئایا ئەمە پێچەوانەی ئەم ئایەتە نییە؟

- الر ۚ كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ ﴿١﴾ هود.

" قورئانێــک کە ئایەتەکــانی زۆر بە وردی و زانــایی دانــراون و ڕونکــراونەتەوە لە لایەن زاتێــک کە زۆر دانــا و زانــایە بە هەمــو شتێک "

قورئانێــک لەلای خــودا دابەزیبــێ کە هێنــدە ورد و زانســتی و لۆجیکی بێ ، دەکرێ لە دو ئایەتی بە دوای یەکدا گۆڕانکاری تێدا بکرێ ؟

**٣- نسـخ الـتلاوة دون الحكـم :** سـڕینەوەی خوێنـدنەوە و مـانەوەی حوکمەکەی .

- الشَّيْخُ وَالشَّيخَةُ، فارجُمُوهُما الْبَتَّةَ. فقال عمرُ: لما أُنزلتْ، أتيتُ النبيَّ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ فقلتُ: أَكْتِبْنِيها، فكأنه كره ذلك. قال: فقال عمرُ: ألا ترى أنَّ الشيخ إذا زنى وقد أحصنَ جُلِدَ ورجِمَ، وإذا لم يُحصَنْ جُلِدَ، وأنَّ الشابَّ إذا زنى وقد أحصَنَ رُجِمَ.

الراوي: عمر بن الخطاب.

المحدث: ابن جرير الطبري.

المصدر: مسند عمر.

حكم المحدث: إسناده صحيح.

" بە کورتی واتە ئەگەر کەسی خاوەن خێزان ژن یا پیاو زینا بکات بەردباران دەکرێ ، ئیمامی عومەر دەڵێ ؛ بە پەیامبەرم وت با بینوسین ، وەک بڵێی پەیامبەر پێی خۆش نەبو ......"

ئەم ئـایەتەی سـەرەوە لە قورئانـدا نیـیە بەڵام حـوکمەکەی هەیە و نەسڕاوەتەوە.[1]

ئایەتێـک لە قورئانـدا نـیە بەڵام حـوکمەکەی هەیە ! بـۆچی لە قورئاندا نییە ؟

- وَقَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ عَنْ أَبِيهِ، ثُمَّ اتَّفَقَ الْقَاسِمُ بْنُ مُحَمَّدٍ، وَعَمْرَةُ، كِلَاهُمَا عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ قَالَتْ :لَقَدْ نَزَلَتْ آيَةُ الرَّجْمِ وَالرَّضَاعَةِ، فَكَانَتَا فِي صَحِيفَةٍ تَحْتَ سَرِيرِي، فَلَمَّا مَاتَ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - تَشَاغَلْنَا بِمَوْتِهِ فَدَخَلَ دَاجِنٌ فَأَكَلَهَا؟ قَالَ أَبُو مُحَمَّدٍ :وَهَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ وَلَيْسَ هُوَ عَلَى مَا ظَنُّوا، لِأَنَّ آيَةَ الرَّجْمِ إِذْ نَزَلَتْ حُفِظَتْ، وَعُرِفَتْ، وَعَمِلَ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - إِلَّا أَنَّهُ لَمْ يَكْتُبْهَا نُسَّاخُ الْقُرْآنِ فِي الْمُصْحَفِ، وَلَا أَثْبَتُوا لَفْظَهَا فِي الْقُرْآنِ، وَقَدْ سَأَلَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ ذَلِكَ -كَمَا أَوْرَدْنَا - فَلَمْ يُجِبْهُ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - إِلَى ذَلِكَ.

فَصَحَّ نَسْخُ لَفْظِهَا وَبَقِيَتْ الصَّحِيفَةُ الَّتِي كُتِبَتْ فِيهَا -كَمَا قَالَتْ عَائِشَةُ - رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا - فَأَكَلَهَا الدَّاجِنُ، وَلَا حَاجَةَ بِأَحَدٍ إِلَيْهَا.

" دایکی ئیمانداران عائیشە ، خوا لێی ڕازی بێ فەرموی ئایەتی بەردبارانکردن و شیردا دابەزین ، لە سەر کاغەز نوسرابونەوە لە ژێر جێگای نوستنەکەم ، کاتێک پەیامبەر وەفاتی کرد ، سەرمان قاڵ بـو ، ئـاژەڵێکی مـاڵ (بزن یـا بەران) هـات و خـواردی ....، ئەم ئایەتانە دابەزین و لەبەرکران و کاریشیان پێ کرا ، بەڵام ئەوانەی قورئانیان دەنوسیەوە نەیان نوسینەوە ....."

[1] الناسخ والمنسوخ فی القران الکریم. الامام ابی بکر محمد بن مسلم بن عبیدالله بن عبدالله بن شهاب الزهری، تحقیق و دراسة مصطفی محمود الازهری.

خوێندنەوەی سڕاوەتەوە بەڵام حوکمەکەی ماوە .... "[1]

هەرچەندە لە زۆر جێگا ئەم فەرمودەیە بە ناڕاست دادەنرێ :

-لقدْ نزلَتْ آيةُ الرجمِ ورضاعةُ الكبيرِ عشرًا ولقدْ كانتْ صحيفةٌ تحتَ سريرِي فلمَّا ماتَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ وتشاغَلْنا بموتِهِ فدخلَ داجنٌ فأَكَلَها

الراوي : عائشة أم المؤمنين

المحدث : الجورقاني

المصدر : الأباطيل والمناكير

خلاصة حكم المحدث : **باطل**

- لقد نزلَتْ آيةُ الرَّجْمِ، ورَضاعةُ الكَبيرِ عَشْرًا، ولقد كانَ في صَحيفةٍ تحت سَريري، فلمَّا ماتَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ وتشاغَلْنا بموتِه، دخَلَ داجنٌ فأكَلَها.

الراوي : عائشة أم المؤمنين

المحدث : شعيب الأرناؤوط

المصدر : تخريج سنن أبي داود

خلاصة حكم المحدث : لايصح

دیارە کە ناچێتە ئەقلی مرۆڤ کە خودا ئایەت دابەزێنێ و ئاژەڵ بیخوات و کەس ئاگاداری نەبێ. ئەی بڕیار نییە خودا قورئانی خۆی بپارێزێ ؟

ئەگەر ئەم فەرمودەیە ڕاست بێ ، کەواتە خودا نەیتوانی قورئانەکەی خۆی بپارێزێ ، کە ئەمەش ڕێی تێناچێ.ئەگەر ئەم فەرمودەیەش ڕاست نییە بۆچی کاری پێ دەکەن ؟

---

[1] المحلى بالاثار لابن حزم

دیـاره کە ناسـخ و منسـوخ هەر لە سـەرەتاوە بـۆ ئەوە دانـراوە کە ئـاینێکی وا دروست بکرێ کە بە دڵـی سـوڵتانەکان بـێ ، ئەگینـا دەچێتە ئەقڵی کێ پەیامبەر قسەی خودای خۆی ڕەت بکاتەوە ؟

کەی لۆجیکە مرۆڤ قسەی خودا ڕەت بکاتەوە و قسەی خۆی لە جێگە دابنێ؟کارەسـات ئەوەیە ، کەس نـازانێ چەنـد ئـایەت نەسـخ کراوە .

هەندێک دەڵێن ٢٩٣ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢٤٧ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢١٨ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢١٤ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢١٣ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن٢١٠ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢٠٠ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ١٣٤ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٦٦ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢٢ ئایەتن.

هەندێک دەڵێن ٢٠ ئایەتن.

گرنگترین سودی ناسخ و منسوخ ئەوەیە کە ئاینی خستە خزمەتی سولتانەکان و ڕێگای دا بە کوشتن و بڕین و تاڵانکردنی وڵاتان بە ناوی خودا و پیرۆزییەکان.

لە کاتێکدا خودا فەرمویەتی :

- لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ۖ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ ۚ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا ۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾ البقرة

" ئاین بە زۆر نییە و خەلکی ئازادن لە باوەڕیان ، چاک و خراپ دیار و ڕونن .."

- وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ ۚ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا ۚ وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ ۚ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا ﴿٢٩﴾ الكهف.

" پێیان بڵێ راستی لەلای خودایە ، هەرکەس ویستی با بڕوای پێ بکا ، هەرکەسیش باوەری پێ ناکا ئازادە ..."

بەڵام فەقیهەکانی سەر بە سولتان هاتن و ئەم دو ئایەتە و هەمو ئایەتەکانی کە باسی ئاشتی وپێکەوەژیان دەکەن با منسوخیان دانان و لە جیاتی ئەوان ئایەتێکیان ناونا (ئایەتی شمشێر) . ئیتر سولتانەکان بە ئارەزوی خۆیان کەوتنە خوێن رشتن و داگیرکاری دوای ئەوەی رەزامەندیی خوایان وەرگرت لە نوێنەرانی خوا .

- فَإِذَا انسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ۚ فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥﴾ التوبة.

" کاتێک مانگە حەرامەکان کۆتاییان هات موشریکەکان بکوژن لە هەرکوێ دەستتان کەوتن ، بەڵام ئەگەر تۆبەیان کرد وازیان لێ بهێنن"

ئەم ئایەتە باسی شەڕ دەکات بەڵام لە مانگە حەرامەکان شەڕکردن گوناهێکی گەورە بوە تەنانەت پێش هاتنی ئیسلامیش، بەڵام بە مەبەستی بڕەودان بە تاڵان و داگیرکردنی وڵاتان ، سوڵتانەکان هەڵسان بە بەکارهێنانی ئەم ئایەتە بۆ ڕەوایی دان بە پاوانخوازی و خۆ دەوڵەمەندکردن ، هەروەک چۆن (صدام حسین) ئایەتی (انفال)ی بەکارهێنا بۆ قڕکردنی گەلی کوردی مسوڵمان ، ئێستاش زۆرێک لە عەرەب بە موجاهید و تێکۆشەری دەزانن ، دوای ٢٠٠ ساڵ دور نیە بیکەن بە نەوەی پەیامبەریش بەوەی پاڵەوانێتیەکانی بنوسنەوە لە چەند کتێبێکی رازاوە ،بێگومان بە یارمەتیی واعیزەکانی سوڵتان و بە نوسینی بڕێک قسەی بریقەدار و تێکەڵکراو بە ئاینێکی ساختە.

## چوارەم: پشتگوێخستنی قورئان

فەرمودە کێشەی زۆری لەسەرە لە نێوان زانایان چونکە بە وردی نازانرێ کام فەرمودە دروستە و کامەی هەڵبەستراوە . هەرچەندە

پەیامبەر فەرمانی بە هاوەڵانی کرد کە هیچ لە فەرمودەکانی ئەو نەنوسنەوە جگەلە قورئان :

- لا تَكْتُبُوا عَنِّي، ومَن كَتَبَ عَنِّي غيرَ القُرْآنِ فَلْيَمْحُهُ، وحَدِّثُوا عَنِّي، ولا حَرَجَ، ومَن كَذَبَ عَلَيَّ، قالَ هَمَّامٌ: أحْسِبُهُ قالَ، مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ.

الراوي : أبو سعيد الخدري

المحدث : مسلم

المصدر : صحيح مسلم

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" هیچ شتێک لە منەوە مەنوسنەوە ،هەرکەسێکیش شتێکی لەمنەوە وەرگرتوە و تۆماری کردوە (جگە لەقورئان) با بیسڕێتەوە ، باسم بکەن بەبێ شەرمکردن ،هەرکەسێکیش بە درۆ قسەکانی من بگێڕێتەوە ئەوا جێگەی خۆی لە دۆزەخ مسۆگەرکردوە "

هەندێک دەڵێن گوایە پەیامبەر پاشان ڕێگەی داوە فەرمودەکانی بنوسرێنەوە ،بەڵام ڕاست نییە چونکە هەر ٤ خەلیفەکانی دوای خۆیشی ڕێگەیان نەداوە بە نوسینەوەی فەرمودە ،ئەگەر پەیامبەر ڕێگەی بە شتێک دابێ چۆن خەلیفەکان ڕێگری لێ دەکەن؟ پاشان لەبەرچی فەرمودە نوسینەوە تا نزیکەی ٢ سەدە لە وەفاتی پەیامبەر دواکەوت؟

فەرمــودە بە هەمــو جۆرەکـانیەوە ئەگەر بەرزتـرین پـلەی ڕاستیشـی هەبێت هێشتا جێگەی گومـانە ، وەک زۆر زانـای گەورە ئاماژەیـان پێکردوە :

- وأما الأخبارُ التى بأيدينا الآن، فإنما نتَّبعُ فيها غالب الظنِّ، لا العلم المحقَّق .[1]

" هەمــو هەواڵ و بەســەرهاتەکانی بەردەســتمان بە گومــانەوە لێیــان دەڕوانرێ نەک وەک ڕاستی"

- وإذا انتهى الأمرُ فى معرفة الصحيح، إلى ما أخرجه الأئمة.. فهذا القسم (الذى اتفق عليه البخارى ومسلم) مقطوعٌ بصحته، والعلمُ اليقينى النظرى واقع به، خلافاً لقول مَنْ نفى ذلك، محتجاً بأنه لا يفيد إلا الظن.[2]

ابن صلاحی شارەزوریش بە هەمان شێوە فەرمـودە بە گومـان دەزانێت نەک ڕاسـتی ، تەنـانەت بەرزتـرین پلەکـانی فەرمــودەش (متفـق عليه)بە ڕاست و دروست دانانێت .

سەرنج بدە ، تاکە هاوەڵی پەیامبەر کە ناوی دێت لە نەتەوەی کورد ناوی (جابان – ابو ميمون الكردى)[3] ە ، کە چەندین ساڵ لەگەڵ پەیامبەر بوە بەڵام تەنها یەک فەرمودەی گێڕاوەتەوە .

---

[1] المختصر فى علم أصول الحديث لابن النفيس

[2] مقدمة ابن الصلاح (**معرفة أنواع علم الحديث) لابن الصلاح الشهرزورى**

[3] اسد الغابة فى معرفة الصحابة . ابن الاثير

کوڕەکەی ناوی (میمون – ابی بصیر – ابو الحکم)[1]، لە تابعینە ، لە وەڵامی پرسیاری (مالک ابن دینار)[2] ، کە بۆچی باوکت فەرمودەی لە پەیامبەر نەگێڕاوەتەوە ، لە وەڵامدا پێی گوتوە :

" باوکم شتی لە پەیامبەرەوە نەدەگێڕایەوە ، دەترسا لەوەی کەم و زیادی تێبکەوێ "

دیارە ئەم هاوەڵە بەرێزە فەرمایشتی پەیامبەری وەک خۆی بە جێ گەیاندوە کە فەرمویەتی ،( لە منەوە هیچ شێک مەنوسنەوە )

ڕونیشە کە هەمو ئەوانەی لە دەوری پەیامبەر بون بەم شێوەیە پاک نەبون چونکە لەگەڵ پەیامبەر بون مانای بون بە فریشتە نییە.

خەڵک هەیە لەدەوروبەری پەیامبەر بوە بەڵام زۆر خراپ بوە چونکە جیاوازیی زۆر هەیە لە نێوان (الصحبة) و (الصحابة)[3]

فەرمودەیەک هەیە بە داخەوە تا ئێستا نەمبیستوە یەک زانا و بانگخواز باسی بکات ، باسی ئەوە دەکات کە نابێ پەیامبەران پایەیان زۆر بەرزبکرێتەوە وبە شیوەیەک تەقدیس بکرێن ببرێنە ریزی خودا ، بێگومان نەتەوەکانی تر وایان کرد و توشی گومڕایی بون ،هەرلەبەر ئەم هۆکارەش بوە کەپەیامبەر ئەم فەرمودەیەی خوارەوە فەرموە :

---

[1] میزان الاعتدال فی نقد الرجال . الحافظ الذهبی

[2] میزان الاعتدال فی نقد الرجال . الحافظ الذهبی

[3] الصحبة والصحابة . حسن فرحان المالکی

-لا تُطروني كما أطرتِ النصارى عيسى بنَ مريمَ ، وقولوا : عبدُ اللهِ ورسولُه.

المحدث : القرطبي المفسر

المصدر : تفسير القرطبي

خلاصة حكم المحدث : صحيح

"ئەوەنــدە گەورەم مەکەن و تەقدیســم مەکەن وەک مەســیحییەکان وایان لەعیسا کرد (واتە کردیان بە خودا)، ئێوە تەنها بڵێن بەندەو نێردراوی خودا"

دیـارە پەیـامبەر چـاک زانیـویەتی رۆژێـک دادێت ئەم کارەسـاتە ڕوودەدات ، ئەوە نیە ئەمڕۆ دەبینین کە بەناوی پەیامبەر چۆن دنیا وێـران دەکەن و حەڵاڵ و حەرام بە ئـارەزوی دڵـی فـلان شێخە لەسەر داوای فلان مەلیک و فلانە سەرۆک.

بێگومــان پەیــامبەر و پێشــینەکان و هاوەڵەکــان چــاک دەیــانزانی نوسینەوەی فەرمـودە کێشـەی زۆری تێدەکەوێ هەرلەبەر ئەوەش بـو فەرمودەیــان تۆمارنەکرد،تەنــانەت ئیمــامی عــومەر چەنــدین جـار هەرەشەی لە (ئەبو هورەیرە)[1] کردوە کە فەرمودە نەگێڕێتەوە و چەند جاریش لێی داوە . هەروەک ابن سعد لە الطبقات بۆمان دەگێڕێتەوە:

---

[1] أبو هريرە عبد الرحمن بن صخر الدوسي، هاوەڵی پەیامبەرە و زۆرترین فەرمودەی گێڕاوەتەوە. شرح سنن ابی داود لعبدالمحسن العباد

" امّا ضربه لأبي هريرة لم يكن لأجل مجرّد كذبه ، بل لأجل انّ عمر كان مخالفاً لنقل الأحاديث النبويّة حتّى لو كانت صحيحة ومعتبرة ، بل كان مذهبه ومسلكه هو ما صرّح به من قوله (حسبنا كتاب الله ) "[1].

" ئیمامی عومەر تەنها لەبەر درۆكردن نەبوە كەلە ئەبوهورەیرەی داوە ،بەڵكو عومەر هەرخۆی ڕێگر بوە لە گێرانەوەی فەرمودەكانی پەیامبەر تەنانەت ئەگەر دروست و باوەرپێكراویش بوبن ، مەزهەبی ئەو بە ڕونی ئەوە بو (كتابی خودامان بەسە) "

دیارە ئیمامی عومەر چاك زانیویەتی كە قورئانی پیرۆز بەسە ، وەچاكیش زانیویەتی كە گێڕانەوەی فەرمودە مسوڵمانان دوردەخاتەوە لە دین و پەرتەوازەیان دەكات و هەر تاقمێك تاقمەكانی تر كافر دەكەن و بەش بەش و لاواز دەبن و هەرگیز لە دینەكە تێناگەن.

دیارە كە برەودان بە فەرمودە و كارپێكردنی و وەلانانی قورئانی پیرۆز ئامانجی زۆری هەبوە وەك ئامانجی سیاسی و ئابوری و ...هتد .

بەلام گرنگترین ئامانج قۆرخكردنی دەسەڵات و پاوانخوازی و دروست كردنی ئیمپراتۆریەت بوە ، هەروەك پەیامبەر دەفەرموێ :

- الخلافةُ في أمّتي ثلاثونَ سنةً ، ثم مُلكٌ بعد ذلكَ .

الراوي : سفينة مولى رسول الله
المحدث : الترمذي

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد

المصدر : سنن الترمذي

خلاصة حكم المحدث : حسن

**" جێنشینی دوای من ٣٠ ساڵە ، دوای ئەوە دەبێتە پاشایەتی "**

دیارە پەیامبەر زانیویەتی دوای ٤ جێنشینەکە ئیسلام بەرەو لاوازی دەچێ ، ئەومسوڵمانانی ئاگادارکردەوە بەلام مسوڵمانان خەریکی شتی تر بون ، وەک کافرکردنی زانایان و کوشتنی یەکتر لەسەر پاشایەتی و ماڵی دونیا .

## پێنجەم: دژایەتیکردنی بیرمەندان

لە مێژوی ئیسلام ، ئەوانەی بیردەکەنەوە بە موعتەزیلە ناسراون ، الاعتزال ، واتە وازهێنان یا دورکەوتنەوە[١] . لەمێژوی ئیسلام (معتزلة) بەوانە دەوترێ کە لەگەڵ ڕەوتی گشتی ناکۆک بون لەسەر چەند بابەتێک . شەهرستانی ناوی موعتەزیلە دەگێرێتەوە بۆ دەستەواژە بەناوبانگەکەی (حەسەنی بەصری)[٢] کە دەڵێ "واصل لێمان جیابوەوە "[٣]

(واصل ابن العطاء)[٤] دیارترین کەسایەتیی موعتەزیلەیە ،لە کۆڕی حەسەنی بەصری دادەنیشت،بەلام لەسەر چەند بابەتێک رای

---

[١] ثورة العقل للدكتور عبدالستار الراوی

[٢] الحسن بن يسار البصري ٢١ تا ١١٠ ی کۆچی ژیاوە.

[٣] الشهرستانی فی الملل والنحل

[٤] أبو حذيفة واصل بن عطاء المخزومي لە ٨٠ تا ١٣١ ی کۆچی ژیاوە . وفيات الاعيان . ابن خلكان

جیاوزی لەگەل بەصری هەبو ،ئیتر لە کۆری خوێندنی ئەو چوە دەرەوە و گروپێکیش لەگەلی دەرچون و ناویان نرا موعتەزیلە .

موعتەزیلەکان عەقلیان هەڵبژارد و کردیان بە سەنگی مەحەک نەوەک نەقڵ ، وە بڕوایان بە ئازادیی بژاردەکانی مرۆڤ هەبو ، لای ئەوان عەقڵ گرنگترین سەرمایە بو ، وە عەقلیش بێ مانا دەبو ئەگەر ئازاد نەبوایە لە بیرکردنەوە .

ئەوان بە کورتی هەستیان بەوە کردبو کە نەقڵ کەموکوریی زۆرە و ناگونجێ لەگەل پێشکەوتن و دید و بۆچونی جیا ،جگەلەوەش خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا سەدان جار باسی عەقڵ و تێفکرین و بیرکردنەوەی کردوە ، قورئانی پیرۆز داوامان لێدەکا عەقلمان بەکاربخەین نەک گوێڕایەلیی کوێرانەی نەقڵ ، چونکە عەقل گەورەترین و پیرۆزترین بەخششی خودایە بۆ مرۆڤەکان ، هەروەها نەقڵ رەنگە زۆرجار بە وردی و دروستی نەگات.

موعتەزیلەکان بە درێژایی مێژوی ئیسلام و ئەمرۆشی لەگەلدابێ ، دژایەتییان کراوە و بە گومڕا و لەدین دەرچو ئەژمارکراون ،لەکاتێکدا ئەوان شۆرشێکی گرنگیان کرد لە هزری تاکەکان.

موعتەزیلەکان تەنها ماوەیەکی کورت گرنگییان پێدرا و گوێیان لێ گیرا ( ١٩٣ تا ٢٣٤ ی کۆچی )، لەگەل هاتنەسەر حوکمی

(عبدالله المامون)[1] دەستی پێکرد و پاشان (محمد المعتصم)[2] و (هارون الواثق)[3] درێژەیان بە رێبازەکە داو زۆر گرنگییان دا بە زانست و فەلسەفە ، بەلام هەردوای ماوەیەکی کەم و بە هاتنی (المتوکل ابن المعتصم)[4] ، سەردەمی زێرینی زانست و فەلسەفە کۆتایی هات و فەلسەفە قەدەغەکرا و زانایان و فەیلەسوفان و موعتەزیلەکان زۆر ئەشکەنجە دران و کتێبەکانیان سوتێنرا و زۆرێکیان بەندکران و کوژران.[5]

متوکل بە ناوی گەڕانەوە بۆ سوننەت دژایەتیی زانایان و بیروباوەڕی موعتەزیلەی کرد بەڵام خۆی لەهەموکەس دورتر بو لە قورئان و سوننەت ، وەک زانای گەورە (جلال الدین السیوطي)[6] باسی دەکات:

" متوکل زۆربەی کات سەرقاڵ بو بە ڕابواردن و خواردنەوە ، ٤ هەزار جاریەی هەبوە و لەگەڵ هەمویان ڕایبواردوە" [7]

---

[1] التاریخ الخلفاء لسیوطی

[2] تاریخ الخلفاء للسیوطی

[3] تاریخ الخلفاء للسیوطی

[4] تاریخ الخلفاء للسیوطی

[5] اغلاق عقل المسلم . روبرت رایلی

[6] جلال الدین السیوطي ، زانا و بیرمەندی گەورەی ئیسلام و خاوەنی تەفسیری الجلالین ٨٤٩ تا ٩١١ ی کۆچی ژیاوە.

[7] تاریخ الخلفاء للسیوطی

دیارە کە دژایەتیکردنی فەلسەفە تەنها یەک مەبەستی لە پشت بوە ،ئەویش هێشتنەوەی مسولمانان بوە لەتاریکی و نەزانی.

ئەمەویەکان و عەبباسیەکان ، دوای ئەوانیش عوسمانیەکان لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆیشتن و کۆمەلگەیەکی دەستەمۆ و ترسنۆکیان دروستکرد ،لەکاتێکدا ئاین خودی خۆی شۆڕشە نەک قایلبون بە زەلیلی .

ئەوان بە بەرنامە جۆرێک لە مسوڵمانیان دروست کرد کە هەمیشە لە ترسدا بژی ، هەمیشە هەست بە تاوان بکات و خەڵکیان توشی گرێی تاوان کرد بە فەرمودەی لەم شێوەیە :

- لَنْ يُدْخِلَ أحَدًا مِنكُم عَمَلُهُ الجَنَّةَ قالوا :ولا أنْتَ؟ يا رَسولَ اللهِ، قالَ :ولا أنا، إلَّا أنْ يَتَغَمَّدَنِيَ اللَّهُ منه بفَضْلٍ ورَحْمَةٍ.

الراوي : أبو هريرة
المحدث : مسلم
المصدر : صحيح مسلم
خلاصة حكم المحدث: صحيح

" هیچ کەس بە کردەوەی خۆی ناچێتە بەهەشت ، وتیان تەنانەت تۆش ئەی پەیامبەری خودا؟ وتی ، بەڵێ منیش مەگەر خوا ڕەحمم بێ بکات "

با بزانین لە قورئان خوا چی دەفەرموێ لەم بارەیەوە :

- وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ ۖ وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ ۖ لَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ ۖ وَنُودُوا أَن تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ الاعراف.

" رق و کینەمان لە دڵیاندا دەرهێنا و لە بەهەشت چەندەها ڕوبار بەژێر درەختەکان و بەردەم کۆشکەکانیدا تێدەپەرن دەڵێن: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ڕێنمایی کردین بۆ ئەم جێگە خۆشە، ئەگەر خودا ڕێنمایی نەکردینایە هەرگیز ڕێگای ڕاستمان نەدەزانی و ئەم پاداشتەمان وەرنەدەگرت ، بەڕاستی پەیامبەرانی خودا پەیامی ڕاستیان بۆئێمە هێنا ، ئینجا دەنگێک وەلامی دانەوە : ئەوە ئەو بەهەشتەیە کە پێتان دراوە بەهۆی ئەو کردەوانە کە ئەنجامتان دەدا."

- الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ طَيِّبِينَ ۙ يَقُولُونَ سَلَامٌ عَلَيْكُمُ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٣٢﴾ النحل.

" ئەوانەی کە لە سەرەمەرگدا فریشتەکان دێن بۆ لایان لە کاتێکدا گیانیان دەکێشن، پێیان دەڵێن: سڵاوتان لێ بێت فەرمون بڕۆنە ناو ئەو بەهەشتەی بە هۆی ئەو کردەوە چاکانەی لەدونیا دەتانکرد. "

- وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٧٢﴾ الزخرف.

" ئەو بەهەشتەی کە ئێستا خاوەنداریی دەکەن وەك میراتیی شایستەی خۆتانە، بەهۆی ئەو کردەوە چاکانە پێتان دراوە کە لە دونیا دەتانکرد. "

-كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾ الطور.

" بخـۆن و بخۆنـەوە نۆشـی گیانتـان بێـت لەپاداشـتی ئەو کـردەوە چاکانەی لەدونیا دەتانکرد "

- كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ المرسلات.

" بخـۆن و بخۆنـەوە نۆشـی گیانتـان بێـت لەپاداشـتی ئەو کـردەوە چاکانەی لەدونیا دەتانکرد "

سـەرنج بـدە ،خـودا لە ٥ جێگە لە قورئـانی پیـرۆزدا دەفەرمـوێ بە کردەوەی خۆتـان دەچنە بەهەشت .بەڵام زانایـانی فەرمـودە دەڵێن نا وانیــیە ، بە قســەی پەیــامبەر کەس بە کــردەوەی خـۆی نــاچێتە بەهەشت !

وابـزانم ناشـێ پەیـامبەر بە پـێچەوانەی پەیـامەکەی قسـە بکـات ، بۆیە پێم خۆشە خۆت بریار بدەی ئایا خودا ڕاست دەکات یا زانایان؟

سـوڵتانەکان و واعیزەکانیـان زۆر فێڵـی جۆراوجۆریـان لە خەڵـک کـردوە بەنـاوی خـودا و پیرۆزییەکـان ، خەڵکـیش چـونکە سـادەن باوەڕیـان پێـدەکەن ، یەکێـک لە فێڵەکانیـان ئەوەیە کە فەقیـری نیعمەتە و خودا فەقیری خۆش دەوێت و پەیـامبەر داوای کـردوە هەر فەقیر بێت و لەگەل فەقیر بمرێ و حەشر بکرێ :

- اطَّلَعْتُ في الجَنَّةِ فَرَأَيْتُ أكْثَرَ أهْلِها الفُقَراءَ، واطَّلَعْتُ في النَّارِ فَرَأَيْتُ أكْثَرَ أهْلِها النِّساءَ.

الراوي : عمران بن الحصين

المحدث : البخاري

المصدر : صحيح البخاري

خلاصة حكم المحدث : صحيح

" بەهەشتم بینی زۆربەی خەڵکەکەی لە هەژاران بون ، دۆزەخیش زۆربەی خەلکەکەی ئافرەت "

- اليَدُ العُلْيا خَيْرٌ مِنَ اليَدِ السُّفْلَى، وابْدَأْ بمَن تَعُولُ، وخَيْرُ الصَّدَقَةِ عن ظَهْرِ غِنًى، ومَن يَسْتَعْفِفْ يُعِفَّهُ اللَّهُ، ومَن يَسْتَغْنِ يُغْنِهِ اللَّهُ.

الراوي : حكيم بن حزام

المحدث : البخاري

المصدر : صحيح البخاري

خلاصة حكم المحدث : صحيح

**" دەستی سەرەوە ( ئەودەستەی کە خێر دەکات) باشترە لە دەستی خوارەوە (ئەو دەستەی کە خێر وەردەگرێ)"**

ئەو دو فەرمودەی سەرەوە تەواو دژی یەکن ، یەکەمیان فەقیری بە باش دەزانێ و دوەمیان دەوڵەمەندی . نازانم ئەگەر ئەوانە هەردوکی قسەی پەیامبەر بن چۆن دەکرێ شتی وا ڕوبدات ؟ بە کامیان باوەڕ دەکەی خۆت ئازادی ، بەڵام ناشێ هەردوکیان ڕاست بن.

من بڕیار لەسەر ڕاستی و ناڕاستیی هیچ فەرمودەیەک نادەم ، بەڵام هەمومان دەزانین کە هەژاری دەردێکی گرانە و هیچکات هیچکەس حەزناکات هەژار بێ .

هەمومان دەزانین زۆرێک لەوانەی خۆیان دەکوژن یا توشی کێشە دەبن هۆکارەکەی هەژارییە.زۆرینەی ئەو ئافرەتە پاکانەی توشی خراپە دەبن لەبەر هەژاری توشی دەبن .ئەمانە و سەدان و هەزاران کێشەی کۆمەڵایەتی بە هۆی هەژارییەوە بەرپا دەبن . نازانم هەژاریی کوێی باشە؟

بەڵام دیارە بە هەژاری هێشتنەوەی خەڵک کاری لەسەرکراوە و بەرنامەی تۆکمەی بۆ دارێژراوە.

خالێکی تر کە کاری لەسەرکراوە بۆ ترساندنی خەڵک و خەریک کردنیان بە دوعا و وازهێنان لە داواکردنی ماف و دروست بونی گیانی شۆڕشگێڕی بریتی بوە لە داهێنانی چەند دەستەواژەیەکی وەک (سزای ناو گۆڕ ، نیشانەکانی هاتنی رۆژی دوایی ، دابەزینی حەزرەتی مەسیح لە ئاسمان و هاتنی محمدی مهدی).

ئەمانە و زۆر شتی تریش وایان لە مسوڵمانان کردوە هەمیشە لە ترسدا بژین و هەر خەریکی دوعا و نوێژکردن بن ، بۆ ئەوەی نەپەرژێنە سەر داواکردنی مافەکانیان و رەخنەگرتن لە سوڵتانە گەندەڵەکان.

ئەگەر سەرنجی پەیامی ئیسلام بدەین دەبینین بریتییە لە شۆڕشێکی هەمەلایەن،پەیامبەر کاتێک ویستی ئیسلام بلاوبکاتەوە چاک دەیزانی کە ئەو خەریکە شۆڕشێکی زۆر گەورە بەرپا دەکات کە رەنگە سەری تیابچێ ،بەڵام ئەو سور بو لەسەر بڵاوکردنەوەی

پەیامەکە،چونکە ئەو بەراستی لەپەیامەکە گەیشتبو، ئەو لەپێناو گەیاندنی پەیامەکە توشی گەورەترین ئازار بو لەلایەن نزیکترین خزمەکانی خۆیەوە،لە شەو و رۆژێکدا ناوبانگی لەنێو کۆمەلگادا گۆڕا،لەپیاوێکی بەرێز و دەست پاک و بەڕەوشت بو بە ساحیر، شێت ، درۆزن ، و چەندین ناو و ناتۆرەی ناشرینتری درایە پاڵ،هەمو ئەمانە لەپای چی ؟ چونکە ئەو شۆرشی بەرپاکرد،هەمیشە شۆڕشیش زیان بەوانە دەگەیەنێ کە حال و گوزەرانیان خۆشە ،هەمیشە ئەوانەی دەولەمەندن و جێگەیان گەرمە ئاواتی ئەوە دەخوازن کە دنیا هەروابێ و نەگۆڕێ ،ئەوانە لەقورئاندا ناوبراون بە (المترفون – ئەوانەی لە خۆشگوزەرانیدان) .دیارە کە خۆشیی ژیان شتێکە لەناخی هەمومان‌دا هەیە بەڵام کاتێک ئەو خۆشییە لەسەر مافی خەلکی تر بو ئەوا بە تاوان ئەژمار دەکرێ.

کاتێک کەسێک دەوڵەمەندە و خاوەن کارێکی جێگیرە حەزناکا بارودۆخ بگۆڕێ نەوەک پارەوە چەورەکەی لەدەست بدات، خۆ ڕەنگە بە باشتربونی بارودۆخ کارەکەی باشتریش بێت.

شۆڕش پێویستیی بە کاری سەخت و قوربانیدان و ماندوبون و شەونخونی هەیە، پەیامبەرانیش هەمو ئەو کارانەیان کردوە.

ئەگەر شۆڕش و پەیامبەری هەر قسەکردن و وتاردان بوایە ئەوا قورەیشیەکانی خزمی پەیامبەر باشترین پۆست و خۆشترین ژیانیان بۆ فەراهەم دەکرد. ئەوان لە گۆرانکاری دەترسان، ئەوان

لەدادپەروەری دەترسـان،ئەوان لەوە دەترسـان پلەوپۆسـت و پـاروی چەوریان لە دەست بچێ، مێژوش هەمیشە خۆی دوبارە دەکاتەوە بەڵام لە بەرگێکی نوێ.

بـڕوانە ئەمـڕۆ خەڵکـی لەوپەڕی نەهـامەتی و ناخۆشـیدا ژیـان دەگـوزەرێنێ بەڵام ئەوانەی خۆیـان بە جێنشـینی پەیـامبەران دەزانـن وەک ئەوەی نە بای بێت و نە باران،بێدەنگ دانیشتون و چاوەڕێی ئەوەن بە دوعا خودا گوزەرانی خەلکی خۆش بکات!

ئەوانەی خۆیان بە جێنشینی پەیامبەر و نوێنەری خوا دەزانن لەسەر زەوی، ئامادەنین لەپێناو مـافی هەزاران بێنە دەنگ ، بەڵام ئەگەر کەسێک سوکایەتی بە یەکێک لە خەلیفەکان یا هاوەڵان بکات ، هەزاران خەڵـک بە پێشـڕەویی بازرگانـانی ئـاین دەڕژێـنە سـەر شـەقامەکان و سـەدان بـانگخواز و مامۆستای ئـاینی هاواریـان لـێ هەڵدەستێ کە چۆن دەبێ لە نـاو وڵاتـی مسـولمانان سـوکایەتی بە سومبولەکانی مسوڵمانان بکرێ !

لەکاتێکدا خەلـیفەیەک یـا هاوەڵێـک ١٤سـەدەیە کـۆچی دوایـی کـردوە تـۆ ئامـادەی شـەڕی لەسـەربکەی بەڵام ئامادەنیت لەپێنـاو گوزەرانی سەش ملیۆن کەس بێیتە دەنگ !؟

ئایـا ئەم ئـاینەی ئـێمە پەیـڕەوی دەکەیـن هەمـان ئـاینە کە خـودا ناردویەتی ؟

## مرۆڤ گەورەترە یا ئاین ؟

تەمەنی زەوی نزیکەی ٢ ملیار ساڵە و تەنها ٣٠٠ ملیۆن ساڵە ژیان لەسەری دروست بوە[1] . بەپێی زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکانیش مرۆڤی هۆشمەند(Homo Sapiens) تەنها ٣١٥ هەزار ساڵە پەیدابوە [2]. بەپێی سەرچاوە مێژویی و ئاینیەکانیش هاتنی یەکەم پەیامبەر لە ١٠ هەزار ساڵ تێپەڕناکات ، لێرەوە دەتوانین بڵێین جیهان پێویستیی بە ئامادەکاریی زۆر هەبوە بۆ مرۆڤ ، یا ڕونتر بڵێین جیهان بە شێوەیەکی ورد بۆ مرۆڤ ئامادەکراوە دەیان هەزار ساڵ بەرلەوەی لەدایک بێت ، وەک چۆن دایک و باوک ئامادەکاری بۆ منداڵەکەیان دەکەن بەرلەوەی لەدایک بێت . دیارە خودا هەمو گەردونی بۆ مرۆڤ دروست کردوە ، کە ئەمە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی مرۆڤ و هەمو ئەوانەی لە خزمەتی مرۆڤن دەبن بە ئامراز ، ئامراز بۆ خزمەتی مرۆڤ بێگومان ، وەک لای هەموانیش ئاشکرایە کە ئاین بۆ خزمەتی مرۆڤ هاتوە ، واتە مرۆڤ سەرمایەیە و ئاینیش ئامرازێکە بۆ خۆشبەختیی مرۆڤ ، واتە ئاین ئامرازە و مرۆڤ ئامانج ، خەڵکی تەواو هەڵە لە هاوکێشەکە تێگەیشتون ، زۆرێک لە خەڵک وا تێگەیشتون خوا ئاینی ناردوە تا خەڵک خزمەتی بکات و هەمو ژیانی خەریکی پاراستنی بێت بۆیە ئەوان بون بە پاسەوانی ئاین و نوێنەری خودا ،

[1] معالم تاريخ الانسانية . هربرت جورج ويلز ، المجلد الاول

[2] مختصر تاريخ العالم . جيريمي بلاك

نوێنەر و پاسەوانانی خودا دەیانەوێ بەزۆر ئاین بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن بەڵام تەواو بێئاگان لەوەی کە ئاین بۆ تاکە و کۆمەڵگە مەرج نییە هەموی ئایندار بێت ، گریمان کۆمەڵگە هەموی ئایندار بو خۆ ناکرێ هەموان لەسەر هەمان ئاین بن . پاشانیش خودا خۆی فەرمویەتی " **ناچارکردن ئایندا نییە** " .[1]

هەروەها فەرمویەتی " **هەرکەسێک ویستی با باوەڕبهێنێت و هەرکەسێک ویستی با ڕەتی بکاتەوە** " .[2]

پاداشت و سزا لەلای خودایە و لەرۆژی دوایی یەکلایی دەکرێتەوە .

کۆمەڵگە پێویستی بە بەهاکانی مرۆڤایەتی هەیە ، چونکە هەمومان لە بازنەی مرۆڤایەتی چون یەکین ، بەڵام مەرج نییە هەمو تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەمان بازنەی ئاین بن . واتە بەها کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ هەمو ئاینزاکان کۆمان دەکاتەوە و برایەتی لە نێوانماندا دروست دەکات لە کاتێکدا هەمومان مەرج نییە لەسەر هەمان ئاین بین ، جگەلەمەش ، ئێمە ئەگەر ئاینێکی دیاریکراو بەزۆر بەسەر کۆمەڵگە بسەپێنین سەرەڕای ئەوەی مافی ئاینزاکانی تر پێشێل دەکەین ، بە دەستی خۆمان کۆمەڵگەیەکی درۆزن و دوڕو بەرهەم دێنین ، کۆمەڵگەیەک کە بە ڕواڵەت باوەڕدارە و بە کردەوەش دڕندە .

---

[1] قورئانی پیرۆز ، سورەتی البقرة ، ئایەتی ٢٥٦
[2] قورئانی پیرۆز ، سورەتی الکهف ، ئایەتی ٢٩

ناپرسن بۆچی درۆ و دووڕوویی هێنده زۆره له کۆمەڵگه باوەڕدارەکان ؟ تاک له کۆمەڵگەی لەم شێوەیه ناچاره دووڕوو بێت ، ڕوویەک بۆ ڕەزامەندیی کۆمەڵگه و ڕوویەکیش بۆ ڕەزامەندیی خۆی و حەزەکانی ، بۆیه خۆشەویستی له تاریکیدا دەکرێت و ڕق و شەڕ و کوشتنیش لەبەرچاوی خەڵک و شانازیشی پێوەدەکرێت . نابێ ئەو ڕاستییه نادیده بگیرێ که مرۆڤ پابەنده به کەلتوری کۆمەڵگه و ناتوانێ دژی بەهاکان بوەستێتەوه هەرچەنده باوەڕیشی پێیان نەبێت چونکه کەس حەزناکات به چاوی نامۆ و دەرچو له بەها باوەکانی کۆمەڵگه لێی بڕوانرێ ، دیاره که ئەم دیاردەیه له کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات به زەقی بەرچاو دەکەوێت بەڵام ڕەنگه له کۆمەڵگه ڕۆژئاواییەکان کەمتر بێت ، بۆیه تاکی ڕۆژئاوایی دەتوانێ ئازادتر و ڕاستگۆتر بژی ، بەڵام تاکی ڕۆژهەڵاتی دەبێ بچێته ژێرباری کۆمەڵێک کەلتور ئەگەرچی باوەڕیشی پێیان نییه ، سەرەنجام تاکێکی دووڕوو و درۆزن پەروەرده دەکەین ، ڕاستیی ئەم قسانەش کاتێک دەردەکەوێت که تاکی ڕۆژهەڵاتی دەچێته وڵاتێکی ڕۆژئاوایی ، ئەوانەی له ئەوروپا ژیاون ئەم ڕاستییه چاک دەزانن ، تاکی ڕۆژهەڵاتی چونکه هەمیشه له زیندانی ترس و شەرمی بەهاکاندا بوه کاتێک له ئەوروپا ئازاد دەبێت کەسایەتیی ڕاستەقینەی دەردەکەوێت ، ئەو کەسایەتیەی که ساڵانێک بو حەشاری دابو له ترسی بەها و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگەکەی . بۆیه گەر دەتەوێ ڕاستیی کەسایەتیی کەسێکت

بۆ دەربکەوێ ئـازادیی ڕەهـای پێبـدە ، چـونکە لەژێـر کـۆت و زنجیری بەها کۆمەڵایەتی و پیرۆزییەکان هەمومان وەک فریشتە خۆمان نمایش دەکەین .

لە لایەکی ترەوە نوێنەرانی خودا لەسەر ئاین جەنگ بەرپا دەکەن و خوێن دەڕێژن و ماڵوێرانی بڵاودەکەنەوە ، بۆ خوداش بون بە دادوەر و جەللاد ئەوەی لە فرمانی خودا لابدات هەر خۆیان دادگایی دەکەن و هەرخۆشیان سزاکەی بەسەردا جێبەجێ دەکەن ، لە کاتێکدا خودا لەسەر هیچ گوناهێک لە دنیا سزای مرۆڤ نادات ، مرۆڤیشی تەواو ئازاد کردوە لە هەمو کۆت و بەندەکان ، سزاکان لە رۆژی دواییین نەک لە ژیانی دونیا .

ئەگەر ئـێمە بەم شـێوەیە لە ئـاین بـڕوانین هەرگیـز دڵـی کەس نارەنجێنین و کەس بۆ دۆزەخ نانێرین لەجیاتی خودا . دەبێ ئەوەش بزانین کە ژیان مافی هەموانە بەڵام ئاین بژاردەیە ، خودا ژیانی بە هەمومان بەخشیوە و ئازادیشی کردوین لە هەڵبژاردنی شێوازی ژیان و باوەڕهێنان بە پیرۆزییەکان .

دەبێ لەوە تێبگەین کە دینداری بۆ تاکە و بەهاکان بۆ کۆمەڵگە ، مـرۆڤ ئەگەر ئاینیشـی نەبێـت ناچـارە پابەنـد بێـت بە بەهـا کۆمەڵایەتییەکـان تـاوەکو بتـوانێ بە ئاسـودەیی بـژی ، مـرۆڤ ئەگەر بەتەنهـا لەنـاو دارسـتانێک بـژی بەهـای کـۆمەڵایەتیی بـۆ چییە؟ مرۆڤ کاتێک لەناو کۆمەڵگەیەک دەژییێت پێویستە پابەند

بێـت به بەهاکـانی ، بەڵام پێویسـت نیـیه پابەنـد بێـت به ئـاینی کـۆمەڵگەکە ، چـونکە ڕەنـگە کـۆمەڵگەکە کۆمەڵێـک ئـاینی جیاوازی تێدابێت ، یا هەر ئاینی تێدانەبێت ، لات سەیر نەبێت ئەگەر کەسـێک هەڵسـوکەوتەکانی نـامۆ بـن یـا دوربـن له بەهـا و ئەتەکێتەکانی کۆمەڵگەکەی پێی دەگوترێ (لەناو کودی ژیاوە ) دیـارە ژیـان لەنـاو کـودی واتە بەتەنهـا پێویسـتیی به بەهـا کۆمەڵایەتییەکـان نیـیه ، دەشـێ مـرۆڤ به تەنها بـژی ، ئاسـاییه ئاینی هەبێت چونکە ئـاین شتێکی تـایبەتە و پەیوەستە به تـاک ، بەڵام پێویسـتیی به بەهـای کـۆمەڵایەتی نیـیه چـونکە کـۆمەڵگه بەهاکانمان بەسەردا دەسەپێنێ .

# کەرەکەی بوریدان

ئەگەر کەرێکی برسی و تینو لەنێوان سەتڵێک ئاو و سەتڵێک کا دابنرێ ئەوا ڕەنگە لەبرسا و لە تینوێتیا بمرێت چونکە ئەقڵی نییە و ناتوانێ بەراوردی لۆجیکی بکات لەنێوان بژاردەکان و بڕیارێکی دروست بدات ، ئەم نمونەیە فەیلەسوف و بیرمەندی فەڕەنسی (جان بوریدان)[1]دایهێناوە بۆیە هەر بەناوی خۆی بڵاوبۆتەوە ، هەرچەندە بوریدان بە هێنانەوەی ئەم نمونەیە دەیویست جیاوازیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ ڕون بکاتەوە لەڕوی ئازادیی لە هەڵبژاردن . لەبەرامبەردا (سپینۆزا)[2] ڕای وایە کە ئەگەر مرۆڤێکیش لەنێوان ئەم دو بژاردەیە دابنرێ وەک کەرەکە لە برسا و لە تینوێتیا دەخنکێ چونکە بڕیاردان لەنێوان دو بژاردەی دژیەک یان لێکچو ئاسان نییە .

(باری شوارتز)[3] لەم بارەیەوە دەڵێ " هەرچەند بژاردەکان زۆرتر بن ، بواری هەڵبژاردن و بڕیاردانی دروست کەمتر دەبێتەوە " [4]. واتە مرۆڤ هەرچەند بژاردەی کەمتر بێت هەم توانای بڕیاردانی دروستی زیاتر دەبێت و هەم لەڕوی دەرونییەوە هەست بە ئارامییەکی زیاتر دەکات .

---

[1]جان بوریدان : فەیلەسوف و بیرمەندی فەڕەنسی لە سەدەی ١٤ ژیاوە .

[2]باروخ سپینۆزا : فەیلەسوفی ناوداری هۆڵەندی ١٦٣٢-١٦٧٧ ، یەکێکە لە بەناوبانگترین فەیلەسوفەکانی سەدەی ١٧.

[3]باری شوارتز: دەرونناسێکی ئەمریکییە لەساڵی ١٩٤٦ لەدایکبوە.

[٤] Paradox of choice by Barry schwartz

ڕەنگە زۆریی بژاردەکان یەکێک بێت لە هۆکارەکانی نائارامیمان ، بۆیە سەرنج بدە کاتێک دەچینە کۆگایەکی گەورەی جلوبەگ ، هێندەی مۆدیل و ڕەنگ و شێوازی جۆراوجۆری جلوبەرگی تێدایە توشی سەرسوڕمان دەبین و ناتوانین بڕیارێکی دروست بدەین ، تەنانەت ناتوانین ئەو جلەش بکڕین کە پێشتر بڕیارمان لەسەردابو ، بۆیە زۆرجار شتێک دەکڕین و بە دڵیشمان نییە ، یا دەیکڕین و پاشان دەیگەڕێنیەوە ، یا بە دەستی بەتاڵ لە بازار دەگەڕێینەوە سەرەڕای بونی دەیان و سەدان جۆر و بابەت ، بەڵام دیارە کە زۆریی بژاردەکان دەبێتەهۆی نەگەیشتن بە بڕیاری دروست .

بۆ ئەوەی دڵنیابین لە دروستیی بژاردەکانمان پێویستە بیر لە گرنگیی بژاردەکان بکەینەوە ، بۆ ئەوەش پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان پێداویستی و جوانکاری ، ئۆتۆمبێل پێداویستییە بەڵام جاری وا هەیە پارەی شەش ئۆتۆمبێل بە یەک ئۆتۆمبێل دەدەین کە دەبێتە جوانکاری . خانو پێداویستییە بەڵام خەڵک هەیە پارەی دە خانو لە یەک خانو خەرج دەکات ، دیسان ئەوەش جوانکارییە. لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان پێداویستییەکان گرنگترن لە جوانکارییەکان بۆیە کەمتر خانو و ئۆتۆمبێلی گرانبەها بەدی دەکرێن بەڵام لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکان چونکە خەڵکی روخسارپەرست و ڕوکەشن گەورەیی و ڕێزی مرۆڤەکان بە گەورەیی خانو و بەهای ئۆتۆمبێل و جوانیی ژمارەی تەلەفۆن پێوانە دەکەن.

تا جیاوازی نەکەین لەنێوان پێداویستی و جوانکاری ناتوانین بڕیاری دروست بدەین و هەمیشە ڕوبەڕوی هەڵوێستی کەرەکەی بوریدان دەبینەوە و سەرەنجام ناتوانین بڕیاربدەین یا بڕیارێکی هەڵە دەدەین ، وابزانم واقیعی تاڵی ژیانیشمان باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەم قسانەی سەرەوە.

## کارمەند یا کۆیلە ؟

ماوەیەکی کەم دوای پەیدابونی داعش و داگیرکردنی شاری موسڵ پەیوەندیم پێوەکرا لەلایەن کۆمپانیایەکی دامەزراندنی کارمەند بۆ کۆمپانیا بیانییەکان ، بە پۆستی وەرگێڕی زمان و یاریدەدەری بەرپرسی بەڕێوەبردن و دارایی لە بەنداوی موسڵ دامەزرام کە چەند خولەکێک لە مۆڵگەکانی داعش دور بو . سەرەتا پێیان نەگوتم کە هێندە نزیکە لە مەترسی و پێیان گوتم شەو دەگەڕێینەوە هەولێر ، هیچیان وانەبو ، دوای ئەوەی کۆمەڵێک ڕۆتینی بێزارکەر و پڕ هەڵەیان پێ ئەنجامداین کە لەئەنجامی بێ ئەزمونیی کارمەندانەوە بو ، دەبو بچینە دهۆک ، لەوێوە بۆ بەیانی بەرەو بەنداوی موسڵ بەڕێکەوتین ، بیانییەکان لەناو ئۆتۆمبێلێ بەرز و گوللەنەبڕ ، ئێمەش لەناو پاسێکی کۆنی بێ ساردکەرەوە !

دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لەسەرکار کۆمپانیای دامەزرێنەر پەیوەندییان پێوەکردین و دەبو کۆمەڵێک بەڵگەنامە بنێرین ، کە دەکرا پێشتر داوای بکەن چونکە لەم جێگە دورەدەست و ترسناکە بەڵگەنامە لەکوێ بهێنین؟

مەبەستم لەباسکردنی تەگەرەکان ڕونکردنەوەی بابەتی مامەڵەکردنی کۆمپانیاکانە لەگەڵ کارمەند ، ئەوان کۆیلەیان دەویست نەک کارمەند ، دوای ئەوەی چەند جارێک داوای

بەڵگەنامەی زیاتر و پڕکردنەوەی فۆرمی زیاتریان کرد ئیمەیلێکم نوسی و تیایدا باسی کەموکوڕیی کارەکەی ئەوانم کرد ، جێگری بەڕێوەبەر تەلەفۆنی کرد کە کچێکی عەرەب بو ، زۆر بێباکانە گوتی " **نابێت بەم شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێمە بکەیت چونکە تۆ کارمەندی ئێمەیت !** "

منیش گوتم " **هەڵە و کەموکوڕیی کارمەندی خۆتان لەسەر من ئەژمار مەکەن ، ئەوە نەشارەزایی کارمەندانی ئێوە بو توشی کۆمەڵێک کێشەی کردین ، جگەلەوەی سەرەتا ئێمەتان هەڵخەڵەتاند و ئەوەی باسکرا زۆری پێچەوانە دەرچو** ".

خانم تورە بو گوتی " **چۆن بەم شێوەیە قسە لەگەڵ من دەکەی ؟ ئێمە هەزاران کارمەندمان هەیە تا ئێستا کەس بەم شێوەیە قسەی لەگەڵمان نەکردوە !** "

گوتم " **خانم هەزاران کۆیلەتان هەبوە نەک کارمەند ، من هەر ئێستا نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەم دەنێرم ، تێگەیشتی !** "

دوای ئەوەی تێگەیشت کە ناتوانێ لەگەڵ من بەم شێوەیە قسەبکات یەکسەر گوتی " **نا ئێمە حەزدەکەین لەهەڵمان بەردەوام بیت و کارمان لەگەڵ بکەیت** "

زۆر بێباکانە گوتم " **نە کارمەندی ئێوەم و نە پابەندیشم ، تەلەفۆنەکەم داخست** "

دوای ماوەیەکی کەم دەستم لەکارکێشایەوە .

زۆرجار خزمان و برادەران گلەیی ئەوەم لێدەکەن کە لەسەر هیچ کارێک ماوەیەکی زۆر بەردەوام نابم ، ئەوان زۆر ڕاستن ، من ناتوانم هەڵە ببینم و بێدەنگ بم ، من حەزناکەم کەسێک بەڕێوەبەرم بێ کە خۆم شتی فێربکەم ، کە بەداخەوە زۆرجار ڕویداوە لەگەڵم . لێشتان نەشارمەوە ئەستەمە کەسێک هەبێت هێندەی من زو دەست لەکار هەڵبگرێ ، هەندێجار لەسەر سادەترین هۆکارەکان ، ڕەنگە هەڵەش بم ، بەڵام هەست دەکەم لەم دەڤەرە کارمەند ڕێزی ناگیرێت و بەشی زۆری خەتاکەش هی کارمەندانە کە وەک کۆیلە قبوڵی هەمو نادادی و ستەمێک دەکەن و وەک مێگەل تێیان دەخوڕن و ئەوانیش گوێڕایەڵ و بێدەنگ . کە خۆت بڕیارت داوە وەک مەڕ بژیت ، چۆن گلەیی لە گورگ دەکەیت و بە دڕندە ناوی دەبەیت ؟

کورد دەڵێ " **هەق دەسەنرێ ، نادرێ** "

ئەگەر بەهیوای گەورەکانت هەقت پێبدەن و تۆش لێی پاڵدەیتەوە ، ئەوا مژدەت لێبێ تاهەتایە لێی پاڵدەکەویت و هەر خەون بە مافەکانتەوە دەبینیت ، لەخۆڕایی نییە کە ماف لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات وەک خەڵات و بەخشش لێی دەڕوانرێ !

## کوا پەنیرەکەم ؟

دو مشک و دو پیاو پارچە پەنیرێکیان دۆزییەوە ، زۆر پێی دڵخۆش بون تا ئەو ڕادەی ڕۆژانە بە سەیرکردنی پەنیرەکە دڵخۆش دەبون ، دو پیاوەکە مەڵی خۆیان بردە نزیکی پەنیرەکە و ئومێدی ئەوەیان هەبو کە ئەگەر لێی نزیک بن لە دەستیان ناچێت و هەمیشە دڵخۆشیش دەبن بە بینینی ، ڕۆژێکیان لەپڕ پەنیرەکە نەما ، هەمو سەرسام بون ، زۆر دڵتەنگ بون بەم کارەساتە ، مشکەکان هەر زو کەوتنە گەڕان ، دو پیاوەکە دەستەوەستان بەدیار جێگەی پەنیرەکەوە دەیانڕوانی ، سەرەنجام یەکێکیان بڕیاری دا بچێت بەدوای پەنیرەکەدا بگەڕێت ، پەنیری دۆزییەوە ، سەرنجی دا مشکەکانیش لەوێن ، دیارە ئەوان ژیرتر بون [١] .

لەوانەیە پەنیری تۆ بریتی بێت لە کارێکی باش ، هاوسەرێکی دڵسۆز ، یا پۆست و ناوبانگ ، بەڵام هیچکام لەمانە تاسەر نین و دەگۆڕێن ، ئەگەر ئامادە نەبین بۆ گۆڕانکاری بێگومان توشی بێئومێدی و شکست دەبین . چەندە زوتر ئامادەی گۆڕانکاری بین هێندە زوتر و کاریگەرتر دەتوانین خۆمان بگونجێنین لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم .

کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕن لە ڕوداو و کارەسات و جەنگ و ناسەقامگیری ، بۆیە هەمیشە شتەکان لە گۆڕاندان ،

---

[١] Who Moved My Cheese by Dr Spencer Johnson

ئەگەر تواناى پێشبینی کردن و خۆگونجاندنمان نەبێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکان ئەوا بێگومان ناتوانین بەسەر گرفت و کێشەکاندا زاڵ بین . کاتێک لە کارەکەمان شکست دێنین یا ڕوبەڕوی گرفتێک دەبینەوە لە بری گلەیی کردن لە بەختی ڕەش و نزای خەڵکی خراپ و چاوی پیس وا باشترە چاوێک بەخۆماندا بخشێنینەوە و ئاگاداری پەنیرەکە بین ، لەبیرمان نەچێت هەمیشە لەوێ نامێنێت ، ئەگەر لەوێش بمێنێت ڕەنگە بۆگەن بکات دوای ماوەیەک ، مرۆڤی ئازا و زیرەک پشت بە پلان و کارکردن دەبەستێ نەک ئۆباڵ خستنەسەر دەوروبەر بۆ شکست و بێئومێدییەکان .

## پێشکەوتن یا دواکەوتن ؟

سەرنجی پەنجا ساڵ لەمەوبەر بدە ، ئایا جیهان پێشکەوتوتر بو یا دواکەوتوتر ؟ لەدایکبوانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردو ئەمڕۆ سەدا چەندیان پسپۆڕن لە کۆمپیوتەر؟ بۆچی ئەوان زۆر ئاشنا نین بە تەکنۆلۆجیا ؟ خۆ هەر لەگەڵ ئێمە دەژین و بەشدارن لە هەمو پێشکەوتنەکان ! سەرنجی گەنجێکی لەدایکبوی ساڵی ٢٠٠٠ بدە ، تەکنۆلۆجیا لای ئەو چەند سانایە و بەکارهێنانی ئامرە ئالۆزەکان بەلایەوە چەند ئاسانە لەکاتێکدا ڕادەی هۆشیاریی ئەم گەنجە زۆر نزمترە لەهی کەسێکی لەدایکبوی پەنجاکانی سەدەی ڕابردو .

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە ساڵی ١٩٨٢ ئەنجامدراوە لەلایەن ( R. Buckminster Fuller)[١] ، شارەزایی مرۆڤ تا ساڵی ١٩٠٠ ، هەر ١٠٠ ساڵ جارێک دوهێند دەبێت ، بەڵام لەساڵی ١٩٤٥ بەرەوژور بو بە ٢٥ ساڵ جارێک ، لەساڵی ١٩٨٢ بو بە یەک ساڵ ، بەڕای زۆرێک لە پسپۆڕانی سەردەمیش ئێستا هەر ١٢ کاتژمێر جارێک شارەزاییەکان دوهێند دەبن .

خێراییەکی ترسناکە بەڕاستی ، هەر بەم پێوەرە ئێستا ئەگەر ئێستا داناترین بیرمەندی سەدەی ١٥ بێتەوە سەر شانۆی ژیان دەبێت لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێبکاتەوە چونکە شارەزاییەکانی ئەو ئێستا بەڕادەیەک کۆنن ڕەنگە تەنها بەکەڵکی مۆزەخانەکان بێت .

---

[١] R. Buckminster Fuller ئەندازیار و فەیلەسوفی ئەمریکی ١٨٩٥-١٩٨٣.

وەک ئاشکرایە تەنها خودا بێ کەموکورِییە لە گەردون ، مرۆڤ ورده ورده پێش دەکەوێ و نزیک دەبێتەوە لە کاملْبون ، هەرچەندە رِەنگە هەرگیز نەگات بەم قۆناغە بەڵام ئاماژەکان بەم ئارِاستەیەن ، باپیری من ١٠ خوشک و برای مردون لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ ، خۆی ٧ منداڵی مردوە لە چارەکی یەکەم تا ناوەرِاستی سەدەی ٢٠ ، بێگومان دوای پێشکەوتنی زانست و دۆزینەوەی هەندێک کوتانی زۆر سادە ئێستا کەس بەم نەخۆشییانە نامرێ ، چونکە هەمو ئەوانەی لەو سەردەمە مردون بە نەخۆشیی زۆر سادەی وەک کۆکە یا تالێهاتن مردون .

دایکی من کە نەوەی سێهەمە تەنها یەک منداڵی مردوە لە سێیەکی کۆتایی سەدەی ٢٠ ، من و خوشک و براکانم -کە نەوەی چوارەمین لەو باپیرەمەوە- هیچ منداڵیکمان نەمردوە . ئەگەر سەرنج بدەین مرۆڤ توانیویەتی داهێنانی زۆر گەورەبکات بەڵام هێشتا زۆری ماوە ، هەرچەندە هەندێک زانا و لێکۆڵەر پێشبینیی ئەوە دەکەن کە مرۆڤ لە بون بە خودا نزیک دەبێتەوە و رِۆژێک دادێت پێی بگات ، بەڵام بەبۆچونی من ئەوە خەونە چونکە مرۆڤ بۆ ئەوە دەروست نەکراوە کە ببێتە خودا .

وەک ئاماژەمان پێدا مرۆڤ نزیک دەبێتەوە لە کاملْبون و دەست گرتن بەسەر هێزە جۆراوجۆرەکانی سروشت وەک کەمکردنەوەی رِێژەی مردن و چارەسەریی نەخۆشیی جۆراوجۆر و کەمکردنەوەی

پیسبونی ژینگە و پێشبینی کردنی لافاو و بومەلەرزە ....هتد بەڵام مرۆڤ هەرگیز نابێتە خودا هەرچەندە بۆچونی لەم جۆرە هەن :

**" مرۆڤەکـان دەبـنە خـودا ، نەخۆشـی نامێنێـت ، مرۆڤـایەتی و پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان لەنـاو دەچـن ، مرۆڤـی نیوەڕۆبـۆت پەیدادەبن ، دەسکاریکردنی جینەکانی مـرۆڤ و وەدەست خستنی وەچەی بـێ کەموکـوڕی بە گـوێرەی ئـارەزوی مـرۆڤ ، داتـا جێگەی ئاین دەگرێتەوە ، کۆتایی هاتنی مرۆڤایەتی .. "[1]**

ئەو بیرۆکانەی سەرەوە خەونی زاناکـانن ، ئەوان بە پشت بەسـتن بەم پێشـــکەوتنە خێـــرا و کـــاریگەرەی کە ئێســـتا هەیە پێشـــبینیی داهـاتویەکی لەم جـۆرە دەکەن ، هەرچەنـدە بە تێڕوانینـی زۆربەمـان ڕەنــگە خەون و خەیــاڵ بــن . لەلایەکــی تــرەوە ئەگەر ســەرنجی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــدەین بــابەتە پــێچەوانەیە ، لێــرە خەڵکــی هەوڵدەدەن بەرەوە دواوە بگەڕێنەوە ، ئەوەتا چەندین خەڵک و تەنانەت زانـــا و بـــانگخوازیش ئـــاوات بە ڕابـــردو دەخـــوازن ، ئەوان وەک بەهەشـتێکی پـڕ لە فریشـتە وێنـای سـەردەمانی زو دەکەن بـۆیە هەمیشــە حەزدەکەن بــۆ ئەو ســەردەمانە بگەڕێــنەوە لە کاتێکــدا ئاڕاستەی ژیـان بەرەو پێشـەوەیە ، جگەلەوەی هـیچ سـەردەمێک لە سەردەمەکانی تـر جیاواز نەبـوە ، ئەوە مرۆڤەکـانن جیـاوازی دروست دەکەن .

[1] Homo Deus – A Brief History of Tomorrow by Yuval Noah Harari

سەردەمی پەیامبەران لە ئێستا باشتر نەبوە ، ئەوەتا پەیامبەر هەن تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەی خۆیشی مسوڵمان نەبون ، سەردەمی ئەوانیش مرۆڤی بەدرەوشت و پیاوکوژ و خراپ هەبون ، ئەوەتا لە سەردەمی کۆتا پەیامبەر(د.خ) دەوروبەری خۆی پڕبون لە مرۆڤی دوڕو ، بێباوەڕ ، دوژمنی دادپەروەری ..... هتد.

هیچ کاتێک فەرشی سور بۆ کەس ڕاناخرێت و دنیا نابێتە شامی شەریف تەنانەت بۆ نێردراوانی خوداش ، ئەوە مرۆڤەکانن دەبێ هەوڵبدەن بەرەوپێش بچن و گرنگی بە زانست بدەن و زەوی ئاوەدان بکەنەوە ، بەڵام ئەگەر ئێمە ڕومان هەر بەرەو دواوە بێت چۆن پێش بکەوین ؟ ئاخر پێشکەوتن بەرەو دواوە دواکەوتنە ، جگەلەوەی ڕابردو تەنها پەنجەرەیەکی بچوکە ، دەشێ جارجارە سەرنجی بدەین تا هەڵەکانی پێشو دوبارە نەکەینەوە و سوپاسگوزار بین بۆ ئێستامان ، ڕابردو وەک ئاوێنە بچوکەکەی ئۆتۆمبێل وایە ، ڕاستە جارجارە دەبێ سەیری بکەین بەڵام چاومان هەر دەبێ لەپێش خۆمان بێت چونکە ئەگەر هەر سەیری دواوە بکەین ئەوا توشی کارەسات دەبین.

## واعیز و مێگەل

ڕۆژانە لەنـاو ئۆتۆمبێـل ، لەسـەرکار ، لە مـاڵ و تەنـانەت لە میوانداری و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانیش زۆرترین شت کە بەرگوێمان بکەوێت ئامۆژگاری و وتارە ، وتارەکانیش لە دو جۆر دەرناچن ، ئـاینی و نیشـتیمانی . لەوەتەی مێـژو هەیە هەمیشـە چینێکـی بەرژەوەندیخواز و ستەمکار هەوڵی داوە خەڵک بخاتە خزمەت خۆی ، بەمێگەلکـردن مێژویەکـی زۆر دوری هەیە ، شـێوازەکان زۆرن و بەگوێرەی کات و شوێن و کەلتورەکان دەگۆڕێن ، بەڵام ئامـانج و ئەنجام ناگۆڕێن ، ئامـانج دەستەمۆکردنی خەڵک و ئەنجامیش بە مێگەلبـونی خەڵک و چەوساندنەوەو ڕەتاندنی زۆرینـەیە لەپێنـاو خۆشگوزەرانیی کەمینەیەکی داپڵۆسێنەر .

سـەرنجی مێـژو بـدە ، هەمیشـە دو دروشـم هەن بـۆ بەمێگەلکردنـی خەڵکـی کە بـریتین لە ئـاینپەروەری و نیشـتیمانپەروەری ، ئـاین و نیشـتیمان ئەو دو دەسـتەواژەیەن کە بە درێژایـی مێـژو زۆرتـرین بازرگانییان پێوەکراوە و زۆرترین خوێنیـان ڕشتوە و هەمـو بەڵاکـانی جیهان لەژێر ئەم دو دروشمە بەسەر مرۆڤایەتیدا هـاتون . لە بنەڕەتدا هەم ئاین وهەم نیشـتیمان خۆشەویسـتن و زۆربەمـان ئامـادەین گیـانی خۆمـان بیکەیـنە قوربـانی لەپێناویـان ، بەڵام ئایـا هەڵگرانـی ئەم دروشمانە ڕاستگۆن ؟ ئایا بەڕاستی ئاین و نیشتیمان هی هەمـوانە؟ ئەگەر وایە بۆچی ئاین تەنها هەندێک واعیز دەوڵەمەند دەکات و

زۆرینەی خەڵکیش هەژار ، ئەی بۆچی سەراپای خێروبێری نیشتیمان بۆ چەند کەسێکە و زۆرینەی خەڵکیش ڕەنجدەر و هەژار؟

بازرگانانی ئاین و نیشتیمان دەمێکە ڕێککەوتون لەسەر بەمێگەلکردنی کۆمەڵگە لەخزمەت چینێکی دەسەڵاتدار کە چینی سەرەوەن ، هەمو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی مێژوش ململانێ بوە لەنێوان چینی دەسەڵاتداری دەوڵەمەند و گەلە هەژارەکان .

سەرنجی مێژوی دور بدە ، کاهینەکان و پاشاکان هەمیشە کۆک بون لەسەر چەوساندنەوەی میللەت بەناوی پیرۆزییەکان ، لەم پێناوەشدا واعیزەکان هەمیشە بە وتارە بەجۆش و ئاگرینەکانیان خەڵکیان پڕکردوە لەباوەڕ و ڕازیبون بەوەی کە خودا بۆی نوسیون ، دیارە کە خەڵکیش بەشێوەیەکی گشتی باوەڕیان وەیە کە بەڵێ دیارە بەشی ئەوان لە ژیان هەر ئەوەیە کە بۆیان نوسراوە .

وتار یا ئامۆژگاری ، چ ئاینی بێت یا نیشتیمانی ئەگەر یەک ئاماژەی هەبێت ئەوەیە کە وتاربێژ قسەکەرە بەناوی خودا و پیرۆزییەکان و گوێگریش شاگردێکی دەستەمۆ و گوێڕایەڵ ، واتە ئەوەی ئامادەیە گوێ کە وتار بگرێ دەبێ پێشەکی دان بەوەدابنێت کە ئەو بچوکە و وتاربێژ گەورە ، ئەو گوناهبار و وتاربێژ فریشتە و فریادڕەس ، ئەو نەزانە و وتاربێژ عەللامەی قوتب .

ئەگەر ڕاستگۆبین ، تا پەیدابونی چاپخانەو و پاشانیش قوتابخانە و زانکۆکان و دواتریش میدیاکان ، پیاوانی ئاینی و بیرمەندانی

سیاسـەت پێشـەنگ و مامۆسـتای خەڵـک بـون ، چـونکە ئەوان تاکەسەرچاوەی زانیاری و مەعریفەت بون ، هەر لە مێژوی نزیکی خۆمان لە لادێکان مامۆستای ئاینی تاکە سەرچاوەی زانست بو ، قوتابیـانیش ئەوانە بـون کە لە خـزمەت مامۆسـتا و لە حـوجرەی مزگەفتەکان دەیانخوێند ، بەڵام دوای پەیدابونی قوتابخانە و زانکۆ ڕۆڵی مامۆستای ئاینی کەمتر بویەوە ، دوای پەیدابونی میدیا و سۆشیال میدیاش ئەمڕۆ دەسکەوتنی زانیاری لەهەموشت ئاسانترە ، واتە چیتـر نە پیـاوانی ئـاینی و نە سیاسـەتمەداران سـەنتەر نـین لە زانسـت . هەرچەنـدە زانسـت بریتـی نیـیە لە کۆکردنەوەی زانیـاری چونکە ئەگەر مەعریفە هەر کۆکردنەوەی زانیاری بێت ئەوا ئەمـڕۆ دەیـان ئـامێر پەیـدابون کە دەتـوانن ملیۆنـان پەرتـوک هەڵبگـرن بەڵام هـیچ مەعریفەیـان نیـیە ، ڕۆبـۆت پڕدەکرێت لە زانیـاری بەڵام ئایـا مەعریفەی هەیە ؟

وتـار و ئامۆژگـاری پێدانی بڕێکـی کەم زانیـارییە لەگەڵ بڕێکـی زۆر لە هەسـت و سـۆز و ترسـاندن و بەڵێنـی پاداشـتی زۆر گەورە ، بازرگانـانی ئـاین بە پێدانی بەهەشت و سزای دۆزەخ و بازرگانـانی سیاسـەتیش بە مـژدەی ژیـانی خـۆش و هەڕەشـەی لەنـاوچون کـار لەسـەر هەسـت و سـۆزی خەڵـک دەکەن و کـاردەکەن لەسـەر بە مێگەلکردنیان .

وتار یا ئامۆژگاری لۆجیکی تێدا نییە و هیچ سودی نییە چونکە کارکردنە لەسەر هەست و سۆز و سەنتەری لۆجیک ناجولێنێ ، هەست و سۆزیش دەوروژێنرێن و دوای کەمێک دادەمرکێنەوە ، بۆیە دەبینین لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات زۆرترین وتار و کەمترین پابەندی بەدی دەکرێت .

هیچ جێگایەک هێندەی سعودیە وتار و نوێژ و ئامۆژگاریی تێدانییە کەچی ئازادیی تاک لە خراپترین باردایە ، لە بەرامبەردا لە نەرویج بۆ نمونە کە نە وتار و نە واعیز و دوعای تێدایە وڵاتەکەیان لەڕیزی پێشەوەی وڵاتانە بۆ ئازادیی تاک و مافی مرۆڤ .دەسەڵاتدارانی سعودیە لەسەر وتارێک ڕۆژنامەنوس (جمال خاشکچی)[1]یان بە دڕندانەترین شێوە لەناو قونسوڵخانەکەی خۆیان کوشت لە کاتێکدا ناوبراو لە بە هەمو جیهاندا بە ئازادی دەگەڕا و ئازادانە ڕەخنەی دەگرت کەسێک لە گوڵ کاڵتری پێنەگوت. بەخۆڕایی نییە کاتێک پەیامبەر و هاوەڵانی لە شاری مەککە و لە زێدی باوانی خۆیان جێگەیان نەبۆوە پەنایان بردەبەر پاشایەکی مەسیحی کە پاشای حەبەشە بو ، پاشای حەبەشە سەرەڕای جیاوازیی ئاین و نەتەوە و جوگرافیا ، مسوڵمانانی لەباوەشگرت و دالدەی دان ، ئەمڕۆش چەند لە دوێنێ دەچێ ! ئەوەتا هەمو ئەوانەی لە وڵاتە بەناو مسوڵمانەکان جێگەیان نابێتەوە ڕودەکەنە

[1] جمال خاشکجی ١٩٥٨-٢٠١٨ ڕۆژنامەنوسی بە ڕەگەز سعودی ، کە لە ٢٠١٨ لە ناو بالەخانەی قونسولی سعودیە تیرۆرکرا.

ئەوروپا ، مەککە و حەبەشەکان هەمیشە دوبارە دەبنەوە بەڵام لە ناو و بەرگی جیاوازدا.

ژنە ئەکتەرێکی سوری کە ئاوارە بوە بە هۆی شەڕی سوریا ئەم نامەی خوارەوەی بۆ سەرۆکی ئەلمانیا نوسیوە:

**" خانمەکەم مێرکل ،**

**ڕاستە مەککە و دوبەی و مەسقەت و عوممان نزیکترن لە بەرلین و کۆپنهاگن.بەڵێ ئەو عەرەبانە ئامادەبون یارمەتیمان بدەن زۆریش مکوربون لەسەر یارمەتیدانمان وە زۆرێک لەوان سەردانیان کردن لە خێوەتگەکانی پەنابەران و زۆربەیان تەمەنیان ٦٠ ساڵ و بەرەو سەر بو لەگەل هەندێک لە گەنجان و هەندێکیش نوێنەریان ناردبو ...**

**بەڵام ئێمە رەتمان کردەوە چونکە ئێمە خەلکی سوریەین ، مەرجەکانی ئەوانیش چی بون بۆ یارمەتیدانمان ؟؟؟؟**

**ئەوان مەرجیان ئەوەبو کە خوشک و کچەکانمان بکەن بە جاریە و خزمەتکار و کۆیلە، یا زەواجی مسیار ، هەندێک لە نەوەکانی موتعەش داوایان کردین بۆ زەواجی موتعە ... هتد.**

**لەبەر ئەوەبو خانمەکەم کە ئێمە دەریا و نقوم بون و مردن و سواربونی بارهەڵگرە داخراوەکانمان لا باشتر بو ، بەڵکو بگەینە ولاتەکەی ئێوە کە تیایدا مرۆڤ وەک مرۆڤ سەیر دەکرێ بێ گوێدانە ئاین یا نەتەوەکەی ..**

**ولاتەکەی ئێوە لە روی پێشەوە ماسکی ئاین و برایەتی و لە ڕوی دواوەشی ماسکی شەیتانی نەبەستوە ، تەنانەت شەیتانیش کردەوە و بیرکردنەوەی ئەوان رەت دەکاتەوە کە دورن لە مرۆڤایەتی و ئاین ..**

**بۆیە خانمەکەم ئێمە ژیانمان خستە مەترسی تاوەکو وەک مرۆڤ و لەگەل مرۆڤ بژین نەک دڕندە..**

**سوپاست دەکەین خانمەکەم و سوپاسی گەلەکەشت دەکەین کە داوای کەفیل و ڤیزا و کارتی سەردانیکردن و حیجزی هۆتێلی ٥ ئەستێرەی و زۆر شتی تریشیان لێ نەکردین ..**

**سوپاس خانمەکەم**

**می سکاف "**

بەداخەوە دەنگم بەو خانمە نەگەیشت پێی بڵێم :

خانمەکەم ، ئەوانەی باسیان دەکەی باشترین و پاکترین پیاویان لە شارەکەیان وەدەرنا و بەردبارانیان کرد و هەزاران قسەی ناشرین و تۆمەتی نابەجێیان بۆ دروست کرد ، لە کاتێکدا خزم و کەسی خۆیشیان بو ، ئەو جانەوەرانە داڵدەی تۆ دەدەن ؟ ئەوان کەسێکیان داڵدە نەدا کە خودا ناردبوی ، چۆن تۆ داڵدە دەدەن ؟

خانمەکەم دیارە بێئاگای لەوەی کە دنیا ناگۆڕێ ، ئەوەی دەگۆڕێ تەنها ناوەکانن.

ئەوان بە گوفتـــار و ڕواڵەت فریشـــتە و بە کـــردەوەش دڕنـــدەترین جانەوەرن ، ئەوکات و ئێستا و تاهەتایەش هەروادەبن.

ئەوان هەر ئەو خزم و کەسە دڵڕەقانە بون کە پەیامبەری خودایان شاربەدەر و ئاوارەکرد ، لە کاتێکدا مەسیحیەکانی حەبەشە داڵدەیان دان . ئایا هەمان سیناریۆ و هەمان ڕوداو نییە ئەمڕۆکەش ؟

وا لەبەر چاومان مسوڵمانی بێتاوان دەکوژرێن و دەربەدەر دەکرێن ، خزمە دڵڕەقەکانی پەیامبەر وەک ١٤ سەدە بەر لە ئەمڕۆ هەمان هەڵوێستی باو و باپیرانیان هەیە ، بۆیە مسوڵمانان ناچارن ڕو لە حەبەشەی مۆدێرن بکەن کە ئەوروپای ئەمڕۆیە.

جا ئەگەر ئاوارەکانیش ببن بە مەسیحی واعیزە ملیۆنێرەکانی سوڵتانەکان دونیایان بەسەردا وێران دەکەن بە وتاری ئاگرین و گەف و گوڕی خەشم و قینی خودا . ئەوەی کارەساتە خەڵکی تێناگەن بە داخەوە ، ئێستاش زۆر مسوڵمانی سادە و ساویلکە هەن سعودیە بە خاکێکی پیرۆز و خەڵکەکەی بە فریشتە دەزانن و لە بەرامبەریشدا ئەوروپا بە جەنگەڵ و خەلکەکەشی بە ئاژەڵ ناوزەد دەکەن.بەڵام مێژوی دور و نزیک پێچەوانەکەیمان پێ دەڵێن ، نازانم کەی فێردەبین وانەیەک لە مێژو فێربین؟

باسی ئەو بانگخوازانەش ناکەم کە لە ئەوروپا دەژین ، لەسەر پارەی سۆشیال ، ئەو پارەیەی کە باجی زۆرێک لە کۆمپانیاکانی عەرەق و یانە شەوانەکان و بانکە نائیسلامییەکانە (بە پێوەری

ئیسلامی سیاسی ) ، ئەو بانگخوازانە وەری دەگرن و بە حەڵاڵی دەزانن کاتێک لەوێن ، بەڵام ئەوانەی لە رۆژهەڵات دەژین بە حەرامی دادەنێن .

سەیر لەوەدایە لە ئەوروپا دەژین و بە ئەوروپاش دەڵێن (وڵاتی کوفر) ، لە کاتێکدا لە وڵاتە نازدارەکانی خۆیان لە ترسی سەرۆکە بەناو مسوڵمانەکان هەڵاتون ! ئەو پارەیەش کە وەردی دەگرن پێشتر بە حەرامیان دەزانی بەڵام ئێستا حەڵاڵە ! کاتێک مرۆڤ نەزانێ بیربکاتەوە ، بیرکردنەوە و گوفتار و کردارەکانی نالۆجیکی دەبن بەڵام هەستیان پێ ناکا .

چۆن وڵاتی کوفر دالدەی مسوڵمانێک دەدات کە لە وڵاتیك هەڵاتوە و ئاوارە بوە کە هەموی مسولمانن و سەرۆکەکەیشیان وەک فریشتە وێنادەکرێ ؟ دیارە دەبێ پێوەرەکان بەو شێوەیە نەبن کە ئێمە بیریان لێ دەکەینەوە. ئەی باشە چۆن ئاسایی بێ بە پارەی سوشیاڵ بژین کە دەزانین سەرچاوەی ئەم داهاتە زۆرێک لە بازرگانیی حەرامی تێدایە ؟

بێگومان ئەوەی بزانێ دروست بیربکاتەوە توشێ ئەم کێشانە نابێ ، چونکە بە پێوەری ڕاستەقینە ، نە ئەوروپا وڵاتی کوفرە و نە پارەی سۆشیال حەرامە .

ولات ئــاینی نیــیه ، وڵات پێکهــاتوه له چه‌نــد ده‌زگــایه‌کی خزمه‌تگوزاری و به‌رێوه‌بردن ، ده‌زگا ئاینی له کێ بو ؟ تاکه‌کان ئاینیان هه‌یه ، ده‌زگاکانیش یاسایان هه‌یه.

## ڕوکەش پەرستی

جارێکیان ژنێک توتییەکی کڕی ، بەڵام قسەی نەکرد ، رۆژی دواتر گەڕایەوە لای توتی فرۆش و پێی گوت:

- توتییەکە قسە ناکات .

- توتی فرۆش گوتی : ئاوێنەت بۆ دانا ؟

- ژنەکە : نەخێر.

- پیاوەکە : ئاوێنەی بۆ دانێ.

- ژنەکە رۆژی دواتر: هەر قسەی نەکرد !

- پیاوەکە : جۆلانەت بۆ دانا؟

- ژنەکە : نەخێر.

- پیاوەکە : ئاخر بەبێ جۆلانە توتی قسە ناکات.

- ژنەکە رۆژی دواتر : هەر قسەی نەکرد.

- پیاوەکە : پلیکانەت بۆ دانا؟

- ژنەکە : نەخێر

- پیاوەکە : پلیکانەشی دەوێ .

- ژنەکە دیسان گەرایەوە .

- توتییەکە قسەی کرد .

- پیاوەکە : چیی گوت ؟

- ژنەکە : " **توتییەکە گوتی شتێکم بدێ بیخۆم لەبرسا مردم** "

مێگەل پێویستیی بە ڕابەر و ڕێنیشاندەر هەیە چونکە تاکەکانی توانای جیاکردنەوەی باش و خراپیان نییە ، بۆ نمونە هەندێ جۆری گژوگیا ژەهراوین بەڵام چونکە ڕەنگیان جوان و سەرنج ڕاکێشە زۆرجار مێگەل تێریان لێ دەخوات و سەرەنجام کۆمەڵێکیان لێ دەمرێت .

تاکەکانی مێگەل چونکە مەعریفەیان نییە تەنها ڕوکەش دەبینن ، بۆ ئەوان ئاساییە کە ڕوکەش پەرست بن و باش و خراپ لەیەک جیانەکەنەوە ، بەڵام کاتێک مرۆڤەکان ئەم خەسڵەتەیان تێدا پەیدادەبێت کارەسات ڕوەدات ، تاکی ناهۆشیار تەنها ڕوکەش دەبینێ چونکە ناتوانێ یا نایەوێ قوڵ بیربکاتەوە ، تاکی ناهۆشیار جیاوازیی نێوان پێداویستی و ئێکسسوار[1] نازانێ ، بۆیە هەمیشە دەبێتە قوربانیی بەرگی جوان و بریقەدار و دروشمی سواو و جوانیی دەسکرد و کاڵای بریقەداری بێکەڵک ، ئەگەر سەرنجیش بدەین خاوەن کارە گەورەکان ئەم هەلەیان قۆستۆتەوە بۆ برەودان بە بازاڕی

[1] ئێکسسوار : كماليات : Accessories

خۆیان ، سەرنج بدە سالأنە بایی زیاتر لە ١٤ بلیۆن دۆلار تەنها لە ماکیاژ خەرج دەکرێ ، دیارە کە مرۆڤەکان حەزیان لە جوانیی دەسکردە بەبێ گوێدانە جوانیی ناخ .

لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرجار نرخی ژمارە مۆبایلی جوان و تابلۆی ئۆتۆمبێل ملیۆنێک دۆلار تێپەڕدەکات ، لە کاتێکدا ژمارەی مۆبایل خۆی نرخەکەی لە ٥ دۆلار تێپەڕناکات.

سەرنجی هەمو پێداویستی و کاڵاکانی دەوروبەری خۆت بدە و بەراوردیان بکە لەگەل کالاکانی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر ، هەر لە بچوکترین پێداویستیی ناوماڵ تا خانو و ئۆتۆمبێل و شتی تر ، تێبینیی بکە کاڵاکانی ئەمڕۆ زۆربەیان جوانن بەڵام تەمەنیان کورتە ، لەکاتێکدا کالاکانی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر ڕەنگە زۆر جوان نەبن بەڵام زۆر باشن ، زۆرێک لە ئێمە ئێستاش ئۆتۆمبێل یا کەرەستەی ناوماڵی ٣٠ ساڵ پێش ئێستای هەیە و بەچاکیش کاردەکەن .

ساڵی ٢٠١٩ لە شاری نەجەف لە خوارووی عێراق وەک ڕیزگرتن لە هەوڵ و ماندوبونی کارمەندانی شارەوانی بڕیاردرا پەیکەرێک بۆ کارمەندێک بکەن کە تەمەنی ٧٣ ساڵە بەناوی (ابو حیدر)، تا ئێرە هەواڵەکە دڵخۆشکەرە ، بەڵام ئەگەر بزانی تێچوی پەیکەرەکە١٥٠ ملیۆن دینارە ڕەنگە تێڕوانینت بگۆڕێت ، چونکە ئەم کارمەندە بەستەزمانە موچەکەی تەنها ٢٠٠ هەزار دینارە !

ڕەنگە بەوە قایل بێ تا ماوە ڕۆژانە لەشوێنی پەیکەرەکە بوەستێ بەڵام نیوەی ئەو پارەیەی پێبدەن کە لە دروستکردنی پەیکەرەکە خەرجکراوە و بەتاڵان براوە .

کارەسات ئەوەنییە پارە بەتاڵان براوە ، کارەسات ئەوەیە دروستکردنی پەیکەرەکە بە کارێکی باش لەقەڵەم دەدرێ لەلایەن تاکی ناهۆشیار و ڕوکەش پەرست .

لەلای ڕوکەش پەرستان مزگەوت گرنگترە لە خودا ، بۆیە مزگەوتەکان زۆر گرانبەهان بەڵام کە دەچیتە ناویان ئەوەی بیری لێ نەکەیتەوە خودایە !

لای ڕوکەش پەرستان پیاوی ئاینی گرنگترە لە ئاین ، سیاسی گرنگترە لە سیاسەت و جلوبەرگ گرنگترە لە مرۆڤ و بڕوانامە گەورەترە لە خودی مرۆڤ ...

لای ڕوکەش پەرستان هەمو پێوانەکان شێواون ، بۆیە هەلپەرستان ئەە هەلەیان قۆستۆتەوە و هەر خەریکی ڕازاندنەوەی توێکڵی شتەکانن چونکە دەزانن کەس لە ناوەڕۆک ناپرسێ.

## یاخی یان توڕە ؟

مـــێگەل دەســـڵەمێتەوە کاتێـــک دەترســـێت ، پەرتەوازە و شـــێواو هەرتاکێک لەخەمی سەلامەتیی خۆیەتی و بەلایەکدا ڕادەکات ، بێگومـــان ئەم کـــاردانەوەیە لە ئـــاژەڵ تەواو سروشـــتییە و تەنـــانەت لەمرۆڤیشدا بەدی دەکرێت ، زیندەوەران وا ئافرێنراون پەرچەکرداریان هەبێت و کاردانەوەی خێرا و لەناکاویان هەبێت بەبێ ویستی خۆیـان بـۆ ئەوەی لە مەترسـی و لەنـاوچون پـارێزراوبن ، ئەوەی مـێگەل لە مـرۆڤ جیادەکـاتەوە ئەوەیە کە مـێگەل هەڵوێسـت وەرناگرێـت ، توڕەدەبێت بەڵام یاخی نابێت .

بەرانێکـی تـوڕە شـەڕدەکا تـامردن لەگەڵ بەرانێکـی تـر ، زۆرجـار ڕویـداوە تاکەکـانی مـێگەل مرۆڤیشـیان کوشـتوە ، ئەوان لەکـاتی تـوڕەیی ترسـناکن ، مـرۆڤیش هەروایە بێگومـان ، لەکـاتی تـوڕەیی هەمومان ترسناکین چونکە ئەقڵ لەکاردەکەوێت و سۆز زاڵ دەبێت. بەڵام جیاوازیی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵ ئەویەە کە مرۆڤ یاخی دەبێ نەک توڕە ، بێگومان باسی مرۆڤی هۆشیاردەکەم چونکە ناهۆشیار توڕەدەبێت و کاردانەوەشی وەک هی ئاژەڵ بگرە زۆرجار خراپتریش دەبێت .

توڕەیی و یاخیبون جیاوازییان زۆرە ، ڕەنگە لێک بچن بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنجیان بدەین جیاوازیی زۆر گەورەیان هەیە لەوانەش :

- تاکی توڕە کاردانەوەی نالۆجیکیی هەیە و هەڵدەچێت و ڕەنگە قسە و کرداری نەشیاویش بکات لە کاتێکدا تاکی یاخی بە هێمنی ڕوبەڕوی کێشەکان دەبێتەوە و هەوڵدەدا چارەسەریان بکات بەبێ کاردانەوەی توندوتیژ .

- تاکی توڕە توانای کۆنترۆڵکردنی خۆی نییە بۆیە زۆرجار کارەسات بەرپادەکات ، تاکی یاخی هێمنە و کاری نەشیاو ناکات

- تاکی توڕە ناتوانێ بەئاسانی هەستەکانی خۆی دەرببڕێ چونکە ڕاستگۆ نییە لەگەڵ خۆی ، ئەو هەمو بابەتەکان وەک هێرش و مەترسی بۆ سەرخۆی دەزانێت بۆیە دەترسێ لەوەی دەربڕینی هەستەکانی وەک چەکێک لەدژی خۆی بەکاربهێنرێ ، بەڵام تاکی یاخی بە ڕونی هەستەکانی خۆی دەردەبڕێ چونکە تەنگژەکان لای ئەو بریتین لە ئەزمونکردن ، ئەزمونکردنیش ڕیگایەکی چاکە بۆ فێربون .

- تاکی توڕە کاردانەوەکانی بێسود و کاتین بۆ نمونە گەورەترین هەڵوێستی بەرامبەر نادادی و پرسە گرنگەکان بریتی دەبێت لە کۆمەڵێک قسەی بێ سەروبەر یا کۆمێنێکی ناشرین ، بەڵام تاکی یاخی بەرنامەی هەیە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی چەوتی و ناشرینییەکان.

- هەڵسوکەوت لەگەڵ تاکی توڕە سەختە ، چونکە ئەو هەموکاتێک گوفتار و کردارەکانی خۆی لا دروستە و خەڵکی

تـریش هەمـوی هەڵە ، بەڵام تـاکی یـاخی بە ئاسـانی لە خەڵـک تێدەگات و هەڵسوکەوت لەگەڵیدا ئاسانە ، چونکە ئەو بۆچونەکانی خۆی بەڕاست نازانێ .

ئەگەر سـەرنجی تاکەکـانی ڕۆژهەڵات بـدەین دەبینـین زۆربەی سیماکانی مرۆڤی توڕەی تێدایە نەک یـاخی ، لێرەوە بۆمـان ڕون دەبێتەوە کە بۆچی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕن لە تـوڕەیی و ڕق و قسـەی ناشـرین ، ئـاخر تـاکی تـوڕە تـاکە ڕێـگەی بەتاڵکردنەوەی ناخی بریتییە لە هەڵچون و جنێودان و دوژمنـداری ، لات سەیر نەبێت کاتێک دەبیستی لەسەر قسەیەک یا بابەتێکی زۆر لاوەکی و بێ بـایەخ تـاکە توڕەکـان دەسـتیان دەچێـتە خـوێنی یەکتر .

شۆفێرێکی تاکسی گوتی:

**" لەگەڵ چەند شۆفێرێکی تر بێزاربوین لە گرانیی سوتەمەنی و هەنـدێک کێشـەی تـر ، بڕیارمانـدا بچـین خۆپیشـاندان بکەیـن ، شۆفێرەکان گوتیان فەرمو بابڕۆین ، لە ئاوێنەکە سەرنجم دا چوار پێنجێکیان بە دوامەوەن ، کاتێک گەیشتمە بەردەم پارێزگا دابەزیم و هاوارم کرد سەرنجم دا کەسم لەگەڵ نییە ، ناچار چومەژورەوە و کارمەندان پرسیاریان کرد کە بۆچی هاتوم ، لە وەڵامدا گوتم ئێمە بڕیاربو ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر کێشەکانمان بەڵام تەنیا مامەوە ، پاشـان کارمەنـدێک هـات و چایەکی گەرم و ئـاوێکی ساردیان**

**دامێ و چەند قسەیەکی خۆشیان لەگەڵ کردم و بەڕێیان کردم ، بەڕاستی سەرم سوڕما ، نازانم ئەم کارەم بۆچی کرد و چۆن وا بە دەست بەتاڵی هاتمەدەر "**

دیارە ئەم شۆفێرە بەرێزە نەیزانیوە کە تەنها خۆی یاخی بوە و ئەوانی تر چەند کەسێکی توڕە و بێ هەڵوێست بون .

سەرنجی مێژەی مرۆڤایەتی بدە ، پەیامبەران ، پیاوچاکان ، فەیلەسوف و زاناکان ، هەمویان مرۆڤی یاخی بون ، داوای گۆڕانکاری و چاکسازییان کرد بەڵام هیچیان توڕەنەبون ، ئەوان شۆڕشیان بەرپاکرد و جیهانیان گۆڕی بە یاخیبون و دانایی نەک توڕەیی و کاردانەوەی بێکەڵک .

توڕەیی کەف و کوڵێکە و سارد دەبێتەوە ، جگە لە زیان سودێکی نییە ،وەک نمونەی شوفێرەکانی بەسەرهاتەکەی سەرەوە ، بەڵام یاخیبون تۆوی نەمامێک دەڕوێنێ کە ڕۆژێک بەردەگرێت و دەبێتە مایەی خێر و خۆشی .

## مرۆی گەورە و مرۆی بچوک

هەمومان لە قۆناغێکی ژیانماندا کەسانێکمان بینیوە کە بەڕاستی کاریگەر بون ، بەهێز و پڕ لە هیوا ، خاوەن پلان و چارەسەری بۆ کێشەکان ، ئەو جۆرە کەسانە وا دێنە بەرچاو کە بۆ هەمو کێشەیەک لانیکەم چارەسەرێکیان لایە ، دەتوانن دەرفەت دروست بکەن ، پێشەوایەتیی خەڵک دەکەن و لە دوای خەڵک ناڕۆن ، خاوەنی بڕیار و بنیاتنەر و داڕێژەری ئایندە و چارەنوسی خۆیانن ، ئەم جۆرەیان لە کۆمەڵگەی تەندروست دەتوانن پێشەوایەتیی خەڵک بکەن و ببن بە دەمڕاستی خەڵک و سود بە خۆیان و دەوروبەرەکەشیان بگەیەنن ، بەڵام لە کۆمەڵگەی دواکەوتو کەس گرنگییان پێنادات و کاریگەرییان کەمە ، بۆیە ناچاردەبن گۆشەگیربن یا کۆچ بکەن بەرەو جێگایەک کە بتوانن تواناکانیان بەکاربێنن بۆ سودی گشتی .

نمونەی لەم جۆرە زۆرن کە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کۆچیان کردوە بەرەو ئەوروپا و ئەمریکا ، ئاخر تۆوی پاک لە خاکی پیس ناڕوێ ، چەندین ئەقڵی بلیمەت و پرۆفیسۆر و زانای پایەبەرزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وڵاتە وێرانەکانی خۆیان لەبەر برسێتی یا کوشتن یا بێدادیی کۆمەڵایەتی و رێزنەگرتنی مرۆڤ بەرەو هەندەران کۆچیان کردوە و لەوێ خزمەت دەکەن لە کاتێکدا

وڵاتەکانی خۆیان زۆر پێویستیی پێیان هەیە بەڵام کەس قەدریان نازانێت .

لە لایەکی ترەوە کەسانێکمان بینیوە کە نەک کاریگەر نەبون بەڵکو بارگرانی بون بەسەر ژیان و کۆمەڵگە ، بێ هێز و بێ ئومێد ، بۆ هەر کارێك کێشەیەکیان هەیە ، نەک دەرفەت دروست ناکەن بەڵکو ناتوانن دەرفەتەکانیش ببینن ،گەر دەرفەتیشیان پێبدەی ناتوانن سودی لێ ببینن ، ئەم جۆرەیان خاوەنی بڕیار و کەسایەتیی خۆیان نین و هەمیشە لە دوای خەڵک دەڕۆن و ئایندە و چارەنوسیان بە دەست خەڵکی ترەوەیە.

ئەم جۆرە لە کەسایەتی لە وڵاتی پێشکەوتو ناتوانن ببنە کەسانی کاریگەر ، بەڵام لە وڵاتە دواکەوتوەکان دەبنە سەرکردە و دەمڕاست و خاوەنکار ، چونکە لە خاکی پیس هەمیشە تۆوی پیس باش چەکەرە دەکات ، بۆ یە دەبینین وڵاتانی ڕۆژهەڵات گرفتارن بەدەست ئەم جۆرە لە بەرپرس و کاربەدەست و سادەترین مافەکانی مرۆڤ لەم دەڤەرە خەونی خەڵکە .

خەڵکی لە بەراوردی ئەم دو جۆرە لە کەسایەتی هەوڵدەدەن بیرۆکەیەک ، باوەڕێک یا نەخشەرێگایەک بدۆزنەوە و جێبەجێی بکەن تا ببن بە جۆری یەکەم نەک دوەم . بەڵام ئەوە کارێکی شێتانەیە چونکە خەڵکی پەروەردە و باوەڕ و ژینگەی تەواو جیاوازیان هەیە ، بۆیە زۆر سەختە باوەڕێک یا ڕێگایەک هەبێ

هەمو خەڵکی کۆبکاتەوە و کێشەی هەمو خەڵکی چارەسەر بکات ،گەشەپێدان یا هاندان ناتوانێ چارەسەریی ئەم بابەتە بکات.

یەک شت هەیە کە زۆر جێی سەرنجە ، کەسانی سەرکەوتو کۆنترۆلی خۆیان دەکەن ، ئەوان باوەڕیان وایە کە بڕیارەکانی ناخیان کۆنترۆڵی دەرەوە و دەوروبەر دەکەن و هەر خۆیان بەرپرسن لە دەرەنجامی بڕیارەکانیان ، بەڵام کەسانی ناسەرکەوتو سەرچاوەی بڕیارەکانیان لە ناخەوە نییە ، بەڵکو دەوروبەر کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتیان دەکات . ڕونتر بڵێین کەسانی ناسەرکەوتو زیاتر وەک تاکێک لە مێگەلێکی گوێڕایەڵ هەڵسوکەوت دەکەن .

دروست بونی هەر جۆرێک لەم کەسایەتییانە هەر لە منداڵییەوە دەست پێ دەکات ، وەک ئاشکرایە منداڵ لە هەمو شتێک پشت بە باوان و دەوروبەر دەبەستێ چونکە خۆی ناتوانێ بچوکترین پێداویستیی خۆی دابین بکات، بۆیە ناتوانێ خاوەن بڕیار بێ ، ئەوەش شتێکی ئاساییە ، بەڵام کە وردە وردە گەشەدەکات دەبێ فێربکرێت کە خۆی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات و لە هەندێ شت خۆی خاوەنی بڕیار بێت ، تا دەگاتە ئەو تەمەنەی کە پێویستیی بە باوانی نامێنێ .

ئەگەر منداڵ فێری هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی نەکرێت کە گەورەش بو هەروەک منداڵ ڕەفتاردەکات و پشت بە دەوروبەر دەبەستێ ،

سەرەنجام کەسایەتییەکی لاواز و ترسنۆک و شەرمنی لێ دەردەچێت و دەبێتە بارگرانی بەسەر دەوروبەر و کۆمەڵگە .

ئەم جۆرە کەسایەتییە بە ئاسانی لەنێو کۆمەڵگە دەناسرێنەوە چونکە وەک تاکەکانی مێگەل دێنەبەرچاو، هەمیشە خەڵک و لایەنی تر تاوانبار دەکەن لەسەر کەموکوڕییەکانی خۆیان ، بۆیە زۆرجار دەبینین گلەیی لە سیستەم و حکومەت و دەزگاکان دەکەن لەسەر سادەترین بابەت لەبری ئەوەی گلەیی لە خۆیان بکەن ، شکستی خۆیان دەخەنە ئەستۆی خەڵک و بارودۆخ و سیاسەت و حکومەت و .... هتد ، تاکەکەس کە دەبێ گلەیی لێبکرێ خۆیانن بەڵام ئەوان هەستی پێناکەن ، چونکە ئەوان وا فێربون پشت بە خەڵک ببەستن و بەبێ ماندوبون بژین.

ئەم جۆرە لە کەسایەتی لە لایەکی ترەوە سامانێکی باشن بۆ سەرمایەداران ، چونکە لەپێناو پارویەک نان هەمو کارێک دەکەن ، باشترین دەسکەوتی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و گەندەڵەکانیشن ، چونکە وەک زیندەوەری مشەخۆرن لە کوێ خانەخوێ هەبێ لەوێ ژیان دەکەن ، گرنگ نییە چۆن دەژین بۆیە بە مێگەلکردنی ئەم جۆرە تاکە ئاسانە و هەوڵ و ماندوبونێکی ئەوتۆی ناوێت .

## ئاوازی ئازادی

ئاژەڵە ئازا و ئازادەکان ماڵی نابن ، ئەوان حەزیان بە ئازادییە ، ئەوان یاخین نەک تورە ، ئەوان ئامادەنین لەپێناو دەسکەوتنی خۆراکی رۆژ ببن بە خزمەتکاری مرۆڤەکان ، باڵندە جوان و دەنگخۆشەکان کاتێک ئازادن ئاوازی زۆر جوان و دڵرفێن دەچڕن ، هەربۆیە مرۆڤە بێویژدانەکان دەیانگرن و لە قەفەسێکدا بەندیان دەکەن تا هەمیشە گوێیان لە ئاوازە دڵرفێنەکان بێت ، ئێمە باڵندەکان لە قەفەس بەند دەکەین تا بخوێنن ،بۆئەوەی خۆمان ئاسودە بین ، بێ ئاگا لەوەی کە خوێندنی ئەوان گریان و ناڵەی جودابییە، بانگی ئازادییە ، سکالایە بۆ لای خودا لەدەست دڕندەیی مرۆڤ .

ئێمە بە خوێندنی باڵندەکان کە گریان و ناڵەی جودابییە دڵخۆش دەبین ، لە کاتێکدا ئەگەر هەمان ئەو باڵندانە ئازاد بن رۆژانە دێنە ماڵەکانمان و ئاوازی جوانتر و خۆشتر دەخوێنن ، بەلام ئێمە هێندە خۆپەرستین دەبێ هەموشت هەر هی خۆمان بێ ، دیکتاتۆریەت لە خوێنماندایە ، هەر ئەو باڵندە و کۆترانەی ئێمە بەندیان دەکەین لە ولاتانی تر چونکە ئازادن و مەترسیی گرتن و بەندکردنیان لەسەر نییە ، خۆشترین ئاواز دەخوێنن و دێنە سەرشان و سەردەستی خەڵکی.

من چەند جارێک باڵندەم هەبوە بەڵام ئازادم کردون ، چونکە بەراستی بینینی ئەوان لە قەفەس ئازاری داوم . کە باڵندە لە قەفەس دەبینم خۆم دێتە بەرچاو لە زیندانییەکی تەنگ و تاریک.

وا نەزانی مرۆڤیش جیاوازە لە باڵندە، ئێمەش بە هەمان شێوە ئەگەر بەند بین ناتوانین خۆمان بین ، ناتوانین قسەی دڵی خۆمان بکەین ، ناتوانین دروست بیربکەینەوە ، بەڵام جیاوازیی ئێمە و باڵندەکان ئەوەیە کۆت و زنجیری ئێمە ماددی نین بەلکو مەعنەوین ، ئێمە کۆت و زنجیرەکانمان لە ناخماندان،لە هزرماندان ، تاوەکو ئەم کۆت و زنجیرانەش نەشکێنین دەبێ هەمیشە لە بازنەیەکی داخراو بسورێینەوە (بازنەیەک کە بەقەد قەفەسێکە).

مرۆڤ ئەگەر ئازاد نەبێ نەک هەر مێشکی باش کارناکات بەلکو جەستەشی بە چاکی کارناکات ،دەبێتە بونەوەرێکی بێ بەرهەمو ترسنۆک و نەزان و بارگرانی بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ، مرۆڤ گەر نەتوانێ ئازا و ئازاد بیربکاتەوە ئەوا بەئاسانی دەبێتە نێچیری شوان و مریاعە بێویژدانەکان و بەکۆیلە دەکرێت و هێندەت زانی لەبری کۆمەڵگەیەکی هۆشیار مێگەلێکی گوێڕایەڵ و دەستەمۆ بەرهەم دێت و دەکەوێتە خزمەتی چەند بێویژدانێک مامەڵەی پێوەدەکرێت .

ڕەنگە باشترین نمونە بۆ کۆمەڵگەی ئازاد و مێگەل ئاسا بەراوردی نێوان هەردو وڵاتی کۆریای باکور و باشور بێ.وەک ئاشکرایە

هەردو کۆریا یەک وڵات بون بەلام بەهۆی ناکۆکی و شەری ناوخۆوە دابەش بون ،کۆریای باشور پەنای بردە بەر ئەمریکا چونکە کۆریای باکور بەهێز بون ،لەئەنجامی پشتگیریکردنی ئەمریکا لەکۆریای باشور ،لە دوای سالی ١٩٥٠بەرەو ژور کۆریا بەرەو پێش دەروا .

کۆریای باشور چونکە ئازادە ئێستا خاوەنی هەزاران کارگەیە و هەموشتێک خۆی دروستی دەکا.پازدەهەمین وڵاتە لەروی دەوڵەمەندی و تەکنۆلۆجیا ، ئامێرەکانیان ڕکابەری باشترین ئامێرەکانی جیهانن ،ئۆتۆمبێلەکانیان بازاری جیهانیان داگیرکردوە و ڕکابەری باشترین براندەکانی جیهانن ، چەندین مانگی دەسکردیان هەیە.

لە بەرامبەردا کۆریای باکور چونکە ئازادییان نییە و سەرۆکەکەیان دکتاتۆرە ،یەکێکەلە هەژارترین و خراپترین ولاتانی جیهان ، سەدان هەزار کەس لەناو کامپ و سەربازگە دەژین و رۆژانە هەزاران دەمرن لەبەر برسیەتی و نەخۆشی، هیچ تەکنۆلۆجیایەکیان نییە ،تەنانەت ئۆتۆمبێلی سەرۆکەکەشیان بە قاچاخ لە وڵاتانی تر بۆی کڕاوە.

لەوێ هاووڵاتی ئینتەرنێتی نییە ، کەناڵی تەلەفزیۆنی و سەتەلایت نییە تەنها چەند کەناڵێکی سەر بە حکومەت هەیە ،خەڵکی تەنانەت مۆبایلیشیان نییە ، کار گەیشتۆتە ڕادەیەک کە

سەرتاشینیش دەبێ بە دڵی سەرۆک بێت و ئەوەی لە مۆدیلە دیاریکراوەکان لابدات توندترین سزا دەدرێت.

لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردوە کە خەڵکی کۆریای باکور ،تەمەنیان کورتترە ، تەندروستییان خراپە ، باڵاشیان کورتترە بە بەراورد لەگەڵ دانیشتوانی کۆریای باشور ، جگە لەوەی تەواو دابڕاون لەدونیا و زۆر نەزان و سادەن و بیرکردنەوەیان سنوردارە ،چونکە هەمویان بەندکراون.

مرۆڤ ئەگەر سنوری بۆ کێشرا هەرگیز ئاسودە ناژی ، چونکە هەموکات حەزدەکا ئەم سنورە بشکێنێ ، ئازادی گەورەترین دیارییە خوا بە مرۆڤی داوە ، ئەگەر ئازادی نەبێ ژیان نابێ .بۆ نمونە کەسێک هەیە ٧٠ سالی تەمەنی تەنها لەگوندێک یا شارێک ژیاوە ،بەلام ئەگەر پێی بوترایە کە نابێ لەم گوندە یا لەم شارە دەربچی چۆن دەژیا ؟ هەمو ژیانی بەو ئاواتەوە دەژیا کە لەم سنورە بچیتەدەر تا هەست بە ئازادی بکا،ئەوکات هەمو خەون و ئاواتەکانی دەبون بە دەرچون لە چوارچێوە تەسکەکەی خۆی و هەمو جیهانی دەرەوە لای جوانتر دەبو لەوەی خۆی.

لەڕاستیشدا ئەو بە ویستی خۆی ، خۆی بەندکردبو لە چوارچێوەیەکی تەسک بەلام ئاسودەش ژیا چونکە کەس سنوری بۆ نەکێشابو.مرۆڤ و زۆربەی بونەوەران ، بونەوەری کۆمەڵایەتین

، حەز بە تێکەڵی و ئاوەدانی دەکەن ، بەڕای تۆ لەبەرچی تاوانباران بە بەندکردن سزادراون ؟

بەندکردن واتە دابڕینی مرۆڤ لە کۆمەڵگە و بێبەشکردنی لەو هەستە خۆشە کۆمەڵایەتیەی کە لە ناو کۆمەڵگە هەیە، بەندکردن تەسک کردنەوەی بازنەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە ، سەرنج بدە توندترین سزا ، بەندیخانەی تاکەکەسییە ، واتە دابڕینی مرۆڤ لە هەمو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لێرەوە گرنگیی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ دەردەکەوێ ، بۆمان دەردەکەوەی کە چەند گرنگین بۆ یەکتر ، هەر بۆیەشە نابێ شتەکان هەمیشە بەلای خۆماندا کێش بکەین و دیکتاتۆرانە مامەلە بکەین چونکە مرۆڤەکانی دەوروبەریشمان وەک ئێمەن ، ئەوانیش حەزیان بە خۆشیی ژیان و ئاسودەییە ، نابێ ئەوەش لەبیرکەین کە بەبێ ئازادی کەس خاوەنی ماف نییە ، بەڵام ئازادیش سنوری هەیە ، ئازادیی تۆ لەو شوێنە کۆتایی دێت کە ئازادیی کەسێکی تر لێیەوە دەست پێدەکات .

## هۆز و یاسا

دەگێڕنەوە ڕێبوارێکی دەوارنشین لای بیریك ئاو خەریکی ئاودانی وشترەکەی بو ، ڕێبوارێکیش بەوێدا تێپەڕی و دوای سڵاو پرسیاری باری وشترەکەی لێکرد :

- بارەکەت چیە کاکی ڕێبوار ؟

+ لایەکی پێداویستییەکانی خۆمە و لایەکەی تریش لمی تێدایە .

- لم ! بۆچی ؟

+ بۆ ئەوەی بارەکە هاوسەنگ بێت و وشترەکە بە ڕێکی بڕوات.

- جا باشتر نابێ ئەگەر پێداویستییەکانی خۆت بکەیتە دوبەش و بەسەر هەردولا دابەشی بکەیت و لمەکەش بەتاڵ بکەیت ، ئەوکات باری وشترەکەت سوکتر دەبێت .

+ وەڵا خۆ بیرۆکەیەکی جوانە ، هەر ئێستا وای لێدەکەم ... دوای چەند چرکەیەک هەڵی دایەوە و گوتی ، بەڵام کاکی ڕێبوار تۆ پێت نەگوتم ، جەنابت سەرۆک هۆزی یا واعیز ؟

- قوربان هیچیان نیم ، وەک تۆ پیاوێکی سادەم .

+ خوا لەناوت ببا ، ئەی بۆچی فەرمانم بەسەردا دەکەی ؟ بەخوا بەگوێت ناکەم .

ئەم چیرۆکە بە شێوەیەکی زۆر ورد شێوازی بیرکردنەوەی تاکی ڕۆژهەڵاتیمان بۆ وێنادەکات ، تاکی ڕۆژهەڵاتی بەوە ڕاهاتوە کە فەرمان وەربگرێ بەڵام تەنها لە سەرۆک هۆزەکەی خۆی یا پیاوی ئاینی ، لەم دوە بترازێ فەرمان لەکەس وەرناگرێ . تاکەکان لەناو هۆزدا وەک مەڕ و سەرۆکەکان وەک شوان و پارێزەری مێگەل ڕۆڵ دەگێڕن .

ئەگەر سەرنج بدەین سێبەری هەژمونی سەرۆک هۆز و پیاوانی ئاینی هێشتا بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتدا ماوە ، تاک لەناو هۆزەکەی خۆی بەتەنها هیچ بەهایەکی نییە و بۆ هەر کارێکی گرنگ دەبێ فەرمان لە سەرۆک هۆز و پیاوی ئاینی وەربگرێ ، لەبەرامبەر ئەم پابەندبونەش پشتیوانیی هۆزەکەی بەدەست دێنێ لەکاتی بونی هەر کێشەیەک ، ئەوان زیاتر پشت بە دەسەڵاتی هۆز دەبەستن لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان نەک یاسا . زۆرجاریش لێرەو لەوێ دەبینین و دەبیستین کە کێشەی زۆر گەورە لە نێوان هۆزەکان ڕودەدات و حکومەتیش ناتوانێ بچێتە نێوانیان و بە یاسا چارەسەریی کێشەکان بکات ، سەرەنجام چەند سەرۆک هۆز یا چەند پیاوێکی ئاینی کێشەکە چارەسەردەکەن و یاساش هیچ ئەرزشێکی نابێ .

لەهەر وڵاتێک هۆز و عەشیرەت و پیاوانی ئاینی چارەسەریی کێشەکانیان کرد لە دەرەوەی یاسا ، ئەم وڵاتە هەرگیز خێر و

خۆشی بەخۆیەوە نابینێ ، ئەگەر سەرنجی وڵاتە پێشکەوتوەکانیش بدەین ئەم ڕاستییەمان زۆر بەزەقی بەرچاو دەکەوێ ، لەو وڵاتانەی کە یاسا سەروەرە هەمو تاکەکان لەبەردەم یاسا یەکسانن و هەرکەسێک تاوان بکات سزاکەی وەردەگرێت گرنگ نییە لە کام هۆزە و کێ پشتیوانیی لێدەکات. من خەڵک دەناسم خەڵکی کوشتوە بە پشتیوانیی هۆز و سوڵحی بەدەر لە یاسا ئازادکراوە و دوبارە و سێبارە خەڵکی کوشتوە ، دوای جاری سێهەمیش هەر دەسگیرنەکراوە !

زۆرجار دەبیستین کە سولح لەنێوان خەڵکی کارێکی باشە و خودا و پەیامبەر فەرمانیان پێکردوە ، بۆیە زۆرێک لە پیاوانی ئاینی کار پیشەیان بۆتە پێکهێنانی خەڵک و ناوبژیوانی لەسەر ناهەق لەژێر ناوی خودا و پیرۆزییەکان ، ئەوان ئەگەر یەک تۆسقاڵ لە ئاین و مرۆڤایەتی تێبگەن نابێ هەرگیز کاری وابکەن ، چونکە هەوڵدان بۆ ئازادکردنی پیاوکوژ لەژێر هەر ناونیشانێک بێت بەشدارییە لە کوشتن و هەمو ئەوانەی هەوڵدەدەن ئەم کارەبکەن تاوانبارن .

لەڕاستیدا ئەو کارەی ئەوان دەیکەن تەواو پێچەوانەی فەرمانی خودایە ، چونکە سزای کوشتن ، کوشتنە ، ئەگەر خاوەن ماف خۆی لێی خۆشبێت ئاساییە ، ئەوکاتیش یاسا بڕیاردەدات نەک خەڵکێکی بێئاگا یا بەرژەوەندی پەرست لەپێناو دەسکەوتنی بڕێک پارە یا ناوبانگ یا پۆستێکی دیاریکراو .

زۆرجار تێبینی دەکرێ کەسانی خاوەن پایەی کۆمەلایەتی یا ئاینی هەوڵدەدەن ناوبژیوانی بکەن لەنێوان لایەنە ناکۆکەکان بۆ ئەوەی ناوبانگ دەربکەن بە کەسێکی ئاشتیخواز و چاکەکار و وەک سومبولی ئاشتیی کۆمەڵایەتی پەنجەیان بۆ درێژدەکرێت ، لەکاتێکدا ئەو جۆرە کەسانە تاوانبارترین تاکەکانی نێو کۆمەڵگەن و پێویستە بە توندترین شێوە سزا بدرێن .

بەداخەوە جاری واش هەیە لەژێرناوی مافی مرۆڤ هەندێک ڕێکخراو هەڵدەستن بە داکۆکیکردن لە تاوانباران و دژی سزای لەسێدارەدان دەوەستنەوە ، سەیرە ! تاوانبارێک چەند کەسێکی بێتاوان بکوژێت و کۆمەڵێکیش برینداربکات کەچی ڕێکخراوێک بەرگریی لێبکات ! ئەی باشە پرسیار ناکەن ئەگەر ئێوە هێندە مرۆدۆستن لەکوێ بون کاتێک ئەم تاوانبارە ئەو هەمو خەڵکەی کوشت ؟ ئەی کوا مافی کەسوکاری قوربانییەکان ؟ باشە ئێوە داکۆکی لە تاوانبارێک دەکەن کە دوای چەند ساڵێک ئازاد دەکرێت و دوبارە دەست دەداتەوە تاوانکاری ، چونکە دڵنیایە کە سزا نادرێت .

## ژیان و مردن

ئێوارەیەکی بەهار بو ، بەلای گۆڕستاندا تێپەڕیم ، بیری ئازیزە کۆچکردوەکانم کرد ، لەپڕ خۆم لەسەر شەقامەکەی ناو گۆڕستان بینیەوە .گۆرستانیکی چۆڵ و ئارام ، سەوزایی گژوگیا و دار و دەوەن و کزەبای فێنکی بەهاری و خۆرەتاوی لاوازی دەمەوخۆرئاوا دیمەنێکی زۆر جوانیان بە گۆڕستانەکە بەخشیبو ، لای من گۆڕستان زیاتر ژیانی تێدابو لە شەقامی جەنجاڵی پڕ لە ژاوەژاو ی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل و پیادەی سەرقاڵ و تورە. گۆڕستان هەمیشە لای من جێگەی ژیان و ئاسودەیی بوە ، نازانم ئەم هەستەم لە کوێ بۆ پەیدابوە بەڵام گۆڕستان ئارامم دەکاتەوە، ڕەنگە هی ئەوە بێ کە نزیکەی ٢٠ ساڵ دراوسێی گۆڕستان بوم .

ئۆتۆمبێلەکەم ڕاگرت و بەپیاسە بەرەو گۆڕی ئازیزانم هەنگاوم نا ، سەرنجی کێلی قەبرەکانم دا ، هەر کە بەرواری لەدایکبون و مردنەکەم بەرچاو دەکەوت مێشکم هەر زو تەمەنی حیساب دەکرد و پێی دەگوتم هێندەساڵ ژیاوە ، تەمەنی یەک هەفتە تا ١٠٠ ساڵم بەدیکرد ، هەر بەدەم ڕێوە بیرم لە تەمەنی خۆم دەکردەوە ، ئاخۆ دەبێ چەندی لێ مابێ ؟ بە هەمو پێوانەکان نیوە زیاتری تێپەڕیوە.

لەم خەیاڵانەدابوم شتێکی سەیرم بە مێشکداهات ، ئەرێ خۆ ئێمە هەمومان دو بەروارمان هەیە ، بەرواری لەدایکبون و بەرواری مردن ، ژیانیش ئەوەیە کە لەنێوان ئەم دو بەروارەدا دەگوزەرێ. ئەوەی

لەسەر کێلی گۆڕەکان بەدیم کرد خەتێکی ئاسۆیی کورتی بچوک بو کە دو بەروارەکەی لەیەک جیا دەکردەوە. بەڵام خۆ ئەم بۆشاییە بچوکەی تەمەن لەسەر کێلی هەمو گۆڕەکان هەمان درێژیی هەبو ، واتە ئەوەی یەک هەفتە ژیاوە و ئەوەی سەد ساڵ ژیاوە وەک یەک بون !

کەوتمە بیرکردنەوەیەکی قوڵ ، تۆ بڵێی درێژیی و کورتیی ژیان بە چی پێوانە بکرێ ؟ ئەگەر بە ژمارەی ساڵەکانی تەمەنە ئەوا ڕاست نییە چونکە هەرچەند بژین کاتێک مردین لەناکاو ون دەبین و دەسڕێینەوە . بەسەرهاتی ئەو لادێیەم هاتەوەیاد کە لەسەر کێلی گۆڕی مردوەکانیان تەمەنێکی زۆر کورتیان دەنوسی ، بونمونە ڕۆژێک ، هەفتەیەک یا ساڵێک لە کاتێکدا خەڵکی لادێکە وەک خەڵکی تر تەمەنێکی باشیان بەرێدەکرد بەرلەوەی بمرن ، دیارە لای ئەوان تەنها ئەو ساتانەیان ئەژمارکردوە کە تاکەکان لەخۆشیدا ژیاون .

من وای دەبینم تەنها ئەو ساتانە زیندوین کە لەپێناوی خەڵک دەژین نەک خۆمان ، چونکە هەرچیی بۆ خۆمانی بکەین بەجێی دێلێن و دوای مردنمان کۆتایی دێت ، بەڵام ئەوەی بۆ خەڵکی دەیکەین دەمێنێ چونکە هەمو ئەوانەی چاکەیان لەگەل دەکەین بەر لە ئێمە نامرن . زۆرێک لە خەڵکی نزیکەی سەدەیەک دەژین بەڵام کاتێک دەمرن وەک ئەوەی نەژیابن هەرزو لەیاد دەکرێن

چونکە هیچ شتێکیان نەکردوە جێگەی سەرنج بێ ، ژیانیان هەر بریتی بوە لە خواردن و کارکردن و خەوتن .

لە بەرامبەریشدا خەڵکانێک هەن تەمەنیان زۆر کورتە بەڵام بە مردنیان جیهان توشی خەمناکی دەبێت و دەچنە نێو لاپەڕەکانی مێژو و تاهەتایە بە زیندویی دەمێننەوە.

لەڕاستیدا من تەمەنی مرۆڤ بە بەرهەمەکانی پێوانە دەکەم ، واتە چەند بەرهەممان هەبێت هەرهێندە ژیاوین ، ئەگەر هەموڕۆژێکمان وەک دوێنێ بێت و هەوڵ نەدەین شتێکی نوێ فێربین ئەوا هەلی زۆر گرنگ و چارەنوسساز لەدەست دەدەین بەڵام کەی دەزانین ؟ لەکۆتایی تەمەن کە ئاوڕێک لە ڕابردوی خۆمان دەدەینەوە تێدەگەین کە زۆرمان لەکیس چوە ، تێدەگەین کە لەڕاستیدا تەنها یەک ڕۆژ ژیاوین ، چونکە هەمو ڕۆژەکانمان وەک یەک بون .

بۆشایی نێوان دو بەروارەکەی سەر کێلی گۆڕەکانمان تەنها خەتێکی بچوکە بەڵام هەمو نهێنیی ژیانمان لەو هێڵە بچوکەدایە کە هیچکات بیرمان لێی نەکردۆتەوە . ڕەنگە کورتیی و بچوکیی ئەم بۆشاییە پەیامێکی بەهێزبێت بۆ مرۆڤەکان و پێمان بڵێت :

" ئاگاداربە بۆشاییەکەی ژیانت بە جوانی پڕبکەوە چونکە ماوەیەکی زۆرت لەبەردەستدا نییە ، ئەگەر ساتەکانی ژیانت بەرهەمدار نەبن ئەوا تەنها یەک ڕۆژ ژیاویت "

## قسەکردن و بێدەنگی

زۆرجار بەرگوێمان دەکەوێ کە بێدەنگی باشترە لە قسەکردن ، یان ئەگەر قسەکردن زیو بێ ئەوا بێدەنگی زێڕە ، ئایا هەر بەڕاستی بێدەنگی باشترە لە قسەکردن ؟ بە تێڕوانینی من بێدەنگی تەنها لەو حاڵەتە لە قسەکردن باشترە کاتێک لە قسەکان بەهایەکیان نەبێت ، قسەکردن ئەگەر بەهایەکی نەبێ ئەوا لەگەڵ دەنگەدەنگی مێگەل جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە ، مەرج نییە هەمو ئاخاوتنێک قسە بێت ، جاری وا هەیە قسەکردن تەنها ژاوەژاوە و لە گوێ و مێشک ماندوکردن بەولاوە هیچ سودێکی تری نییە .

قسەکردن و بێدەنگی هەردوکیان گرنگ و پێویستن بەڵام دەبێ بزانین قسەکردن چییە و چۆنە و کەی قسەبکەین و کەی بێدەنگ بین ، مرۆڤ بەوە لە زیندەوەرانی تر جیادەکرێتەوە کە توانای ئاخاوتن و بەرهەمهێنانی بیرۆکە و چارەسەریی هەیە بۆ کێشەکان ، هەر ئاخاوتنێک بیرۆکە یا چارەسەریی کێشەیەکی دیاریکراوی تێدانەبێت بە ژاوەژاو لە قەڵەم دەدرێت و بێدەنگی باشترە .

ئەگەر سەرنجی گفتوگۆی ڕۆژانە خەڵکی بدەی ، تێبینی دەکەی کە زۆرینەی بێسودە ، ئەوەش تا ڕادەیەک ئاساییە چونکە گفتوگۆکان مەرج نییە هەموکاتێک بەرهەمدار بن ، بەڵام کارەساتە کاتێک دەبینی میدیاکان و بەناو پێشەنگەکان لەجیاتی گفتوگۆ ژاوەژاو دەکەن ، ئەرکی میدیا و پێشەنگەکان ئەوەیە

ئاستی هۆشیاریی خەڵک بەرزبکەنەوە نەک دابەزنە ئاستی نزمترین تاکەکانی کۆمەڵگە ، چونکە وەک ئاشکرایە زۆرینە مێگەلە و پێشەنگەکانیش کەمینەن .

ئەگەر سەرنجی میدیاکانی جیهان بدەین و بەراوردیان بکەین لەگەڵ میدیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوا جیاوازیی زۆر سەرسەڕهێنەر بەدی دەکەین و زۆرجار ڕەنگە توشی نائومێدیمان بکەن ، میدیاکارەکانی ئەوان هێندە بلیمەتن لە هونەری گفتوگۆ کاریگەری دروست دەکەن لەسەر بڕیارەکانی حکومەت و ڕای گشتی دروست دەکەن و ئاستی هۆشیاریی خەڵک بەرزدەکەنەوە ، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە بە میدیا دەگوترێ دەسەڵاتی چوارەم .

میدیا و سۆشیال میدیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بەرنامە کاردەکەن لەسەر بەمێگەلکردنی خەڵک و دەستەمۆکردنیان لەپێناو دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکان ( لە بابەتی مێگەل و میدیا بە درێژی باسکراوە ) .تاکەکانی میللەتی هۆشیار گفتوگۆی بابەتەکان دەکەن و بۆچونە جیاوازەکانیان دەخەنە بەر نەشتەری ڕەخنە لەپێناو گەیشتن بە چارەسەرێک ، خۆ ئەگەر بەیەکیش نەگەیشتن ئەوا هەریەکەیان بۆچونێکی تر فێردەبێت ، ئەوە کاتێک ڕوودەدات کە بەنیازی گفتوگۆ قسەبکەین نەک مشتومڕ ، چونکە دیارە کە لە مشتومڕ هەردولا هەوڵدەدەن بۆچونی خۆیان بسەپێنن و بەرامبەرەکەیان بەدرۆبخەنەوە ، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە باڵی کێشاوە

بەسەر زۆرینەی تاکەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەربۆیەشە کەس لە کەس تێناگات ، گفتوگۆکان توندن ، تادەگاتە دەمەقاڵێ و شەڕ و جنێودانیش .

ئەم یەکتر قبوڵ نەکردنە هەمووی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە هەمیشە خۆمان بە هەڵگری ڕاستیی ڕەها دەزانین و ئامادەنین سازش بکەین لەسەریان ، لە کاتێکدا ڕاستیی ڕەها لای کەس نییە و ئەوەی هەیە بۆچونی من و تۆیە لەسەر مەسەلەکان . ڕەنگە بەشێکی پەیوەندیی بەوە هەبێت کە زۆرێک لە خەڵکی بە نەزاییی خۆیان بۆچونەکانیان لەسەر بناغەیەکی پیرۆز بنیات ناوە کە هەرگیز ناکرێ گفتوگۆی تێدابکرێت چونکە پیرۆزن ، بەڵام گرفتە گەورەکە نزمیی ئاستی هۆشیارییە ، چونکە تاکی هۆشیار بۆچونەکانی ناسەپێنی ، بەرگی پیرۆزیشیان بەبەردا ناکات .

ئەگەر فێرنەبین بۆچونی جیاواز قبوڵ بکەین ، ئەستەمە بتوانین گفتوگۆی بنیاتنەر و بەرهەمدار بکەین و هەردەبێ لەبازنەیەکی داخراو خول بخۆینەوە کە بازنەی بۆچونە پیرۆزەکانمانن .

## ئەرێ ئێمە چاوساغین یا نابینا ؟

دانیشتوانی گوندێک لە هیندی کۆن بێزاربون بەدەست کۆمەڵێک نابینا کە هەمیشە مشتومڕیان بو لەسەر شێوەی فیل ، بڕیاریان دا فیلێک بهێنن و کۆتایی بەم کێشەیە بێنن ، نابیناکان دەستیان کرد بە پشکنینی فیلەکە بە دەستەکانیان ، دوای تەواوبون پرسیاری شێوەی فیلیان لێکرا ، یەکەمیان کە دەستی لە سکی فیلەکە دابو پێی وابو کە فیل وەک دیوارێکی پتەوە ، ئەوەی دوەم دەستی لە سەری فیلەکە دابو بە بڕوای ئەو فیل وەک مەنجەڵێکی گەورەبو ، ئەوەی سێیەم دەستی لە قاچی فیلەکە دابو پێی وابو فیل گامێشێکی گەورەیە ، چوارەمیان کە دەستی لە لوتی فیلەکە دابو دەیگوت فیل ئەژدیهایە ، پێنجەمیان کە دەستی لە عاجەکانی دابو دەیگوت فیل ڕمێکی گەورە و بەهێزە ، شەشەمیشیان کە دەستی لە گوێی دابو پێێ وابو کە فیل وەک گەڵای دارە ، یا مافورێکی ئەفسوناوییە کە لەوانەیە بشفڕێت .

سەرەنجام کێشەکە چارەسەر نەبو چونکە نابیناکان سوربون لەسەر بۆچونەکانیان و کەسیان گوێێ لەوی ترسیان نەدەگرت ، بۆیە هانایان بردەبەر پیاوێکی بیرمەند تا کێشەکەیان بۆ چارەسەربکات ، پیاوە داناکە گوتی ، فیل هیچ یەکێک لەو شتانە نییە کە ئێوە باسی دەکەن ، لەڕاستیدا هەمو ئەوانە پێکەوە دەبن بە فیل ، نابیناکان تێنەگەیشتن چونکە نابینا لە هەستەکانی خۆی بترازێ

بە ئاسانی متمانەی بۆ پەیدانابێت . پیاوە داناکە گوتی ئێوە هەریەکەتان تەنها بەشێکی بچوکی فیلەکەتان لە خەیاڵدا هەیە ، وێنەکە لەوە گەورەترە کە ئێوە لە خەیاڵی خۆتان کێشاوتانە .

ئایا ئێمەش وەک ئەو کۆمەڵە نابینایە نین ؟ کاتێک هەریەک لە ئێمە بەتوندی دەست دەگرێ بە بۆچونەکانی خۆی و ئامادەنییە گوێ لەکەس بگرێ لەگەل نابینا جیاوازیی چییە ؟ ئەم چیرۆکە پێمان دەڵێ کە مرۆڤەکان چونکە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەرنجی شتەکان دەدەن هەمیشە بۆچونی جیاوازیان دەبێت لەسەریان. تەنها ئەو کەسە دەتوانێ لە بابەتەکە تێبگات کە لە هەمو گۆشەنیگا جیاوازەکانەوە لە وێنەکە بڕوانێ ، تەنها ئەوانە دەگەن بە ڕاستیی بابەتەکان کە قبوڵی هەمو بۆچونە جیاوازەکان دەکەن ، ڕاستی ڕێژەییە ، وەک ئاوێنەکەی شکاوە و هەر بەشێکی لای کەسێکە ، ئەگەر هەمو پارچەکانی کۆنەکرێنەوە ئەستەمە وێنەکە بە تەواوی ببینرێ.

تاک لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات ڕانەهاتوە لەسەر قبوڵکردنی ڕای جیاواز بۆیە زۆربەی کات دانیشتن و کۆبونەکوەکان بە مشتومڕ یا بێ ئەنجام کۆتاییان دێت ، ئەوان گفتوگۆکردن بە شەڕی دەستەویەخە تێگەیشتون و لای ئەوان گرنگ ئەوەیە سەربکەوی بەسەر لایەنی بەرامبەر ، گرنگ نییە ڕاستی چییە و چۆنە ، دیارە بەشێکی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ نزمی ئاستی

هۆشیاری و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ بونیادی هزریی تاکەکان ، تاک لە ڕۆژهەڵات زۆرێک لە بۆچونەکانی لەسەر موقەدەسات بنیات دەنێت وەک ئاشکراشە موقەدەس قسەی تێداناکرێت و هەمیشە ڕاستە ، بۆیە تاک بە ئاسانی دەسبەرداری بۆچونەکانی نابێت و ناتوانێ بۆچونی تر قبوڵ بکات .

# سەرچاوەکان


## کوردی :

- خەونی پێشکەوتن و شەڕی چەمکەکان . شەماڵ محمد
- سینۆهە . میکا ڤالتاری

## عەرەبی :

- القران الكريم
- جمهرة أشعار العرب لأبو زيد القرشي
- مهزلة العقل البشرى للدكتور على الوردى
- جابر بن حيان للدكتور زكي نجيب محمود
- مجموع الفتاوى لابن تيمية
- الموسوعة الموجزة في التاريخ الإسلامي لمجموعة من المؤلفين.
- شذرات الذهب في أخبار من ذهب لابن العماد
- الصواعق المرسلة لابن القيم الجوزية
- إغاثة اللهفان لابن القيم الجوزية
- المنقذ من الضلال لابو حامد الغزالى
- فيض الباري لمحمد أنور شاه بن معظم شاه الكشميري
- قصة الحضارة لويل ديورانت
- سير أعلام النبلاء للحافظ الذهبي
- درء تعارض العقل والنقل لابن تيمية
- تاريخ دمشق لابن عساكر
- تاريخ العرب قبل الاسلام لجواد على
- دراسة فى طبيعة المجتمع العراقى للدكتورعلى الوردى
- مقدمة ابن خلدون
- ربيع الأبرار للزمخشري
- وعاظ السلاطين للدكتور على الوردى
- الخصائص الكبرى للسيوطي
- المذاهب والفرق في الإسلام للدكتور صائب عبد الحميد
- المعجم الكبير للطبراني ج١٨ ص٧٦
- الدارقطني العلل ج١٢ص١٣٨

- الناسخ والمنسوخ في القران الكريم للامام ابى بكر محمد بن مسلم
- المحلى بالاثار لابن حزم
- المختصر فى علم أصول الحديث لابن النفيس
- مقدمة ابن الصلاح (معرفة أنواع علم الحديث) لابن الصلاح الشهرزورى
- اسد الغابة فى معرفة الصحابة لابن الاثير
- ميزان الاعتدال فى نقد الرجال للحافظ الذهبى
- الصحبة والصحابة لحسن فرحان المالكى
- شرح سنن ابى داود لعبدالمحسن العباد
- ثورة العقل للدكتور عبدالستار الراوى
- الملل والنحل للشهرستانى
- تاريخ الخلفاء للسيوطى
- اغلاق عقل المسلم لروبرت رايلى
- معالم تاريخ الانسانية لهربرت جورج ويلز ، المجلد الاول
- مختصر تاريخ العالم لجيريمى بلاک

**English:**

- Sapiens: A Brief History of Humankind by Yuval Noah Harari
- Gargantua and Pantagruel , Book iv by Francois Rabelais
- Dictionary of the Occult by Julian, Franklyn, Kessinger Publishing, ٢٠٠٣
- Animal Farm by George Orwell
- Why we work by Barry Schwartz
- The Hacking of the American Mind by Robert Lustig
- The Country of the Blind by H. G. Wells
- Paradox of choice by Barry Schwartz
- Homo Deus – A Brief History of Tomorrow by Yuval Noah Harari
- Who Moved My Cheese by Dr Spencer Johnson

## پێرست

بەشی یەکەم : فەلسەفەی مێگەل ......................... ١
مێگەل چییە ................................................. ٣
ئەقڵیەتی مێگەل ............................................. ٨
هۆکارەکانی دروستبونی مێگەل ............................ ١٠
پیشەنگەکانی مێگەل...................................... ٣٢
شوان ........................................................ ٣٢
سەگ ......................................................... ٣٦
کەر ........................................................... ٣٩
مریاع ......................................................... ٣٩
گرنگترین جیاکەرەوەکانی مێگەل.......................... ٥٢
بەشی دوەم : مێگەلەفەیلەسوف.......................... ٨١
دروستکردنی مێگەل ......................................... ٨٨
فەیلەسوفانی سیاسەت ..................................... ١٠١
مێگەل و ئابوری ............................................ ١٠٤
مێگەل و میدیا ............................................... ١١٢
مێگەل و ئەدەبیات .......................................... ١٣١
مێگەل و زانست ............................................ ١٣٥
لۆجیکی مێگەل .............................................. ١٤٤
جادوی دەبەنگی ............................................ ١٤٧
شێخی باڵدار .................................................. ١٥١
مێگەل و خۆشبەختی ....................................... ١٥٣
مێگەل و کارکردن .......................................... ١٥٨
مێگەل و موقەدەسات ...................................... ١٦٢

مێگەل و هۆشیاری ........................ ١٦٥
مێگەل و ئاین..................................... ١٦٩
مرۆڤ گەورەترە یا ئاین ..................... ٢٠٨
کەرەکەی بوریدان ............................ ٢١٣
کارمەند یا کۆیلە ............................. ٢١٦
کوا پەنیرەکەم ................................ ٢١٩
پێشکەوتن یا دواکەوتن ..................... ٢٢١
واعیز و مێگەل ............................... ٢٢٥
ڕوکەش پەرستی ............................. ٢٣٤
یاخی یا تورە ................................... ٢٣٨
مرۆی گەورە و مرۆی بچوک................. ٢٤٢
ئاوازی ئازادی ................................. ٢٤٦
هۆز و یاسا........................................ ٢٥١
ژیان و مردن ................................... ٢٥٥
قسەکردن و بێدەنگی ........................ ٢٥٨
ئەرێ ئێمە چاوساغین یا نابینا ؟............ ٢٦١
سەرچاوەکان .................................... ٢٦٤
پێرست ............................................ ٢٦٦